# خەونی نووسین

## هەشت نووسەری هاوچەرخ سەبارەت بە نووسین دەدوێن

جۆرج پلیمپتن ، گابریل گارسیا مارکیز
ودی ئالن، پی.دی.جێمز
تاهر بن جەللون ، ئیسماعیل کاداری
ڤی.ئێس.نایپۆل ،خۆزێ ساراماگۆ

**لە فارسییەوە: دڵشاد خۆشناو**

**پێداچوونەوەی : ڕەووف بێگەرد**



# خەونی نووسین

سەرچاوە
رویای نوشتن
هشت نویسنده معاصر از نوشتن می گویند
ترجمە: مژده دقیقی
انتشارات موسسه فرهنگی- هنری جهان کتاب
چاپ اول

ناوی کتێب: خەونی نووسین.
وەرگێڕانی لە فارسیەوە: دڵشاد خۆشناو.
بابەت: وتووێژ
هەڵەچنی: وەرگێڕ
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: خودی وەرگێڕ
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخ: ٣٥٠٠ دینار
ژمارەی سپاردن: ١٣١١ی ٢٠٠٨
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی: یەکەم ساڵی ٢٠٠٨
کوردستان -سلێمانی
www.serdam.net
www.serdam.info

# خەونی نووسین

## هەشت نووسەری هاوچەرخ سەبارەت بە نووسین دەدوێن

جۆرج پلیمپتن، گابریل گارسیا مارکیز
ودی ئالن، پی.دی.جێمز
تاهر بن جەللون، ئیسماعیل کاداری
ڤی.ئێس.نایپۆل، خۆزێ ساراماگۆ

لە فارسیەوە: دڵشاد خۆشناو

پێداچوونەوەی: ڕەووف بێگەرد

سلێمانی ٢٠٠٨

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە ( ٤٤٨ )

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

-

## پێشەکیەکی پێویست

ئەم چەند گوتوبێژەی لەبەردەستدایە، حەوت چاوپێکەوتن و رێپۆرتاژێکە لەبارەی وۆرکشۆپێکی مارکیز سەبارەت بە رۆژنامەنووسی و نووسین. گوتوبێژەکان لەگەڵ حەوت نووسەری ناوداری جیهانە کە لە بواری ئەدەبیات و لە ساڵانی جیاوازدا خەڵاتی جۆراوجۆری ئەدەبیان بەدەستهێناوە لەبەرانبەر شاکارەکانیاندا.

هەموو ئەم گوتوبێژانە جگە لە وتووێژی یەکەم، لە لایەن چەندین رۆژنامەنووسەوە بە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی ئەنجام دراون، لە ژمارە و مێژووی جیاوازدا لە گۆڤاری بەناوبانگی ئەدەبی(پاریس ریڤیو) لە نیۆیۆرك چاپ و بڵاوكراونەتەوە.

دیارە ئەم کارە، کارێکی زۆر پیرۆز و مەزنە، لە لایەن کەسانێکی زۆر شارەزا و لێهاتووەوە ئەنجام دراوە بە شێوەیەکی پیشەیی و زانستی، رۆژنامەنووسانێك کارەکەیان ئەنجام داوە کە پێشتر بە چاوێکی رەخنەیی بەرهەمی نووسەرەکانیان خوێندۆتەوە، ئامادەکاری ئەم کتێبە جگە لە کۆکردنەوەی ئەم گوتوبێژانە گوتوبێژێکیشی لەگەڵ سەرنووسەری ئەو گۆڤارە ئەدەبیە سەبارەت بە نووسین و ئەنجامدانی ئەو گوتوبێژە ناوازانە ئەنجام داوە.

ئەم کتێبە لە لایەن خاتوو مژدە دەقیقی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی و لە دوو توێی ٢٥٤ لاپەڕەدا لە لایەن دەزگای (جهان کتاب) لە ساڵی ٢٠٠١ لە تاران چاپ و بڵاوكراوەتەوە.

**وەرگێڕی کوردی**

# پێڕست


جۆرج پلیمپتن ١١

گابریل گارسیا مارکیز ٤١

ودی ئالن ٨٣


پی دی جێمز ١١٥

تاهر بن جەللون ١٤٩

ئیسماعیل کاداریێ ١٨١

ڤی ئێس نایپۆل ٢١٣

خۆزێ ساراماگۆ



جۆرج پلیمپتن

## وتووێژ لەگەڵ وتووێژکەر

## جۆرج پلیمپتن، سەرنووسەری پاریس ریڤیو

ئامارێك لەوبارەیەوە نییە، بەڵام جۆرج پلیمپتن، سەرنووسەری پاریس ریڤیو، ڕەنگە بەناوبانگترین سەرنووسەری ئەو بڵاوکراوە ئەدەبیانە بێت کە بە زمانی ئینگلیزی دەردەچن، کەم سەرنووسەر هەیە هێندەی پلیمپتن هەوڵیان دابێت بۆ بەرەوپێشبردنی خۆیان و برەودان بە بڵاوکراوەی ئەدەبی، پاریس ریڤیو و پلیمپتن نەك تەنیا لە ناوبانگەوە گرێدراوی یەکترن، بەڵکو پێکەوەش لە باڵەخانەیەکی باکوری خۆرهەڵاتی منهتن دەژین، ئەو پێکەوە ژیانە نیشاندەری مەرزی نادیاری نێوان کار و هونەرە، و زیرەکی و بێ دیسپلین بوونی زۆرێك لە بنیاتنەرانی چالاکیەکانی ئەدەبی نابازرگانییە. بە گشتی ژیانی جۆرج پلیمپتن لە بەرگری لە ئەدەبیات و کلتوری گشتیدا چڕ بۆتەوە.

تەنانەت لەبارەی چالاکییە کەمتر ئەدەبییەکانی خۆی "کە ناوبانگەکەی زیاتر قەرزاری ئەوانە (ریکلام) کۆرگێڕان، وەرزشی پیشەیی" وا دێتە بەرچاو کە ئامانجی سەرەکی ئەو، حەزی زۆری خۆی بووبێت لە تۆمارکردنی ئەزمون لەسەر کاغەز. بزاوت بنەمای کەسایەتی پلیمپتنە، ڕەنگە بۆ ئەو (سەرنووسەری جێبەجێکار) ناونیشانێکی گونجاو بێت بۆ ئەو پێکهاتە دوانەیەی ئەدەبی. پاریس ریڤیو چلوپێنج ساڵ بەشێوەیەکی بەردەوام چیرۆکی جیدی و شیعر و، بابەتی هونەری هاوچەرخ و چاوپێکەوتنی هونەری ئەدەبی چاپ و بڵاوکردۆتەوە، کۆمەڵێکی کەم تا زۆریشی لە ئەدیبانی ئەم سەدەیە ناساندوە، ناوهێنانیان گرنگییەکی وای نییە، هەمووشتێك تەواو بەڵگەییە. هەموو

ژمارەکان لەبەردەستدا هەن، جگە لە چەند ژمارەیەکی ناسراو نەبێت.

ڕەنگە پێرستی کۆمەڵە بابەتەکەی ئەو گۆڤارە، دووهێندەی قەوارەی دەفتەر تەلەفۆنەکەی پلیمپتن بێت، ژیانی ئەدەبی ئەو ئاوێتەی نووسەران و شاعیرانێکە کە بەرهەمەکانیانی بڵاوکردۆتەوە، لەو کاتەی کە یەکەمین ژمارەی ئەو گۆڤارە لە ساڵی (١٩٥٣) لەکەشوهەوای ئەو کاتەی پاریس بڵاوکرایەوە.. هەمان ئەو سەردەمەی کە بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار، هونەرمەندان و خۆشبژییەکانی ئەمریکاییان کردبووە خانەدانی تازە پێگەیشتوو.. پلیمپتن و هاوڕێکانی لە ئەنجوومەنی سەرنووسەرایەتی ئەو، کە پێکهاتبوو لە ئەدەبناسان و هونەرمەندان، پتر لە (دوو سەد چاوپێکەوتن، پێنج سەد چیرۆك، و هەزار و پێنج سەد شیعر)یان لە ١٣٧ ژمارەدا چاپ و بڵاوکردۆتەوە، کە بۆ وەرزنامەیەکی کلتوری بەهیچ شێوەیەك کەم نییە.

جۆرج ئیمس پلیمپتن[١] لە ساڵی ١٩٢٧ لە نیویۆرك لە دایك بووە، نزیکەی سی کتێبی نووسیوە و پێداچۆتەوە، ڕابردووی ئەویش لە پێرستی ئارەزووەکانی لاوێك دەچێت: کوارتربیك دیترویت لاینز[٢]، یاریزانی تیپی تۆپی سەبەتەی بوستن سلتیکز[٣]، وێنەگری پۆستەری ناوەڕاستی گۆڤاری پلەی بۆی، یاریزانی ئاکرۆباتی سێرك برایانی کلاید بیتی- کول[٤]، ژەنیاری ئامێرە لێدەرەکان لە ئۆرکێسترای فیلارمونیکی نیۆیۆرك. کتێبەکانی بریتین لە: چەتری کەروێشك[٥] ١٩٥٦، لە دەرەوەی یانەی من[٦] ١٩٦١، شێری کاغەزی[٧] ١٩٦٦، داهۆڵ [٨] ١٩٦٨، یارییە ئاگرینەکان [٩] ١٩٨٤، داوی کراوە[١٠] ١٩٨٥، بەسەرهاتی سەیری سید فینچ[١١] ١٩٨٧، هۆکاری ئێکس، باشترینەکانی پلیمپتن[١٢] ١٩٩٠، و کتێبی وەرزش نۆرتن[١٣] ١٩٩٢، ئەو بە شێوەی بەردەوام بۆ سپرتز یلوستریتد[١٤]، جنتلمنز کوارترلی[١٥]، سمارت مەگەزین[١٦]، ئێسکوایر[١٧]، و بڵاوکراوەکانی تر دەنووسێت.

جۆرج پلیمپتن لە ئاداری ١٩٩٦ چوە پاریس بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسی رەخنەی پیشانگای کتێبی فەرەنسا، ئەم چاوپێکەوتنە پێش ئەو سەفەرەی لە ڕێگەی تەلەفۆن و فاکس و ئیمێل و پۆستەوە بە ئەنجام گەیشتوە لەگەڵ دیڤید ئیلفیلد[١٨]، سەرنووسەری گۆڤاری فرانك[١٩].

**ئیلفیلد**

**لۆژیکی دێتە بەرچاو کە لە دیدار لەگەڵ جۆرج پلیمپتندا بە پرسیارێك دەست پێبکەین لەبارەی هونەری چاوپێکەوتنەوە. دەکرێ بڵێین پاریس ریڤیو و بەرێزتان لەسەروی ئەوەوە، بنیاتنەری ژانری(چاوپێکەوتنی ئەدەبی)ن، لەکارنامەی ئێوەدا پتر لە دووسەد چاوپێکەوتنی گرنگ هەیە لەبارەی هونەری نووسین لەگەڵ زۆرێك لە گرنگترین نووسەران و شاعیران، چ شتێك ئێوەیان بۆ ئەو ژانرە پەلکێش کرد و لە ڕوانگەی ئێوەوە چاوپێکەوتنی باش چ تایبەتمەندیەکی هەیە؟**

پلیمپتن

بیرۆکەی سەرەکی پاریس ریڤیو ئەوە بوو کە کارکردن لەسەر نووسینی داهێنەرانە-چیرۆك، بەشێك لە ڕۆمان، و شیعر- چڕ بکاتەوە، ئەگەر ڕەخنەیەکیش هەبێت، لە ڕووی گرنگییەوە دوای خودی کتێبەکە دابنرێت. ئەم کارە جۆرێك بوو لە نوێگەری، چوونکە تا ڕادەیەك تەواوی گۆڤارە ئەدەبییەکانی ئەو سەردەمە، واتە دەیەی ۱۹۵۰، بە گشتی تەنیا گۆڤاری ڕەخنە بوون (پارتیزان ریڤیو)[۲۰]، (هادسن ریڤیو)[۲۱]... ڕەنگە هەر ژمارەیەك تەنیا یەك چیرۆکیان هەبووبێت، کارە زۆرەکە ڕەخنەگرەکان ئەنجامیان دەدا... بۆ نموونە، بابەتێك لەبارەی (ب) ئێمە بڕیارماندا لەبارەی بابەتەکانی جگە لە چیرۆك واز لە (ئەلف) بێنین و یەکسەر بچینە لای (ب) و چاوپێکەوتنی لەگەڵدا بکەین.

ئەو (ب) یە لە ژمارەی یەکەمدا بە ڕێکەوت ئەی.ئێم.فارستر بوو کە لە کۆلێژەکەی من لە کامبریج، واتە لە کینگز کالج، مامۆستا بوو.

ئەو کاتە فارستر بەگەورەترین نووسەری زیندووی جیهان دەژمێردرا – (هواردز ئند)[٢٢]، (ڕابوردنێك بە هینددا)[٢٣]، پیاوێکی کامڵ و کەمڕوو بوو، بەسەر و سەکووتێکی نارێکەوە، بەڵام بە تەواوی ئارەزووەوە ئامادە بوو یارمەتیمان بدات، لە کۆلێژەکانی وەکو کینگز کالج، پەیوەندی نێوان، مامۆستا و خوێندکار زۆر پتەوتر و دۆستانەیە.

ئەمە یەکەمین چاوپێکەوتن بوو لە چاوپێکەوتنە زۆرەکان، ئەوکاتە، چاوپێکەوتن دووکەس ئەنجامیان دەدا، یەکێك پرسیاری دەکرد و ئەوەی تر بە پەلە وەڵامەکانی دەنووسیەوە، چوونکە ڕێکۆردەر و شتی لەمجۆرە نەبوو، بە پێچەوانەوە یەکەمین چاوپێکەوتنی ئەدەبی بوو، هەڵبەتە لە سەردەمی دیکنزیش چاوپێکەوتن هەبوو، بەڵام بە ڕای من، ئەو چاوپێکەوتنە شتێکی داهێنا، (هیو هیفنر)[٢٤] هەمیشە دەیگوت چاوپێکەوتنەکانی (پلەی بۆی)ی بۆیە دەسپێکرد چوونکە چاوپێکەوتنەکانی پاریس ریڤیوی خوێندبوەوە. سەرەنجی دەدەی؟

**ئیلفیلد**

**لەوکاتە بەدواوە، بڵاوکراوە ئەدەبییەکانی ئەمریکاش ئەو ئەزمونەیان دووبارە کردەوە، ڕەخنەگرەکان دوور بخەنەوە. وەکو سەرنووسەر، کام چاوپێکەوتن بەشێوەیەکی دیاریکراو گرنگیەکی تایبەتی بۆتان هەبوو؟ ئەنجامی کام چاوپێکەوتن بۆ بەرێزتان سەرنجڕاکێش بوو و تۆیان هەژاند؟**

پلیمپتن

بەڵێ، پێموایە ئەو چاوپێکەوتنە بوو لە (١٩٥٥) یان (١٩٥٦) لەگەڵ (ئێرنست هێمنگوای) سازماندا. ئەوە تاکە چاوپێکەوتنێك بوو کە هێمنگوای لە هەموو ژیانیدا ڕێگەی پێدابوو، هەڵبەتە جگە لەو چاوپێکەوتنەی کە لەگەڵ

دەستەیەك لە خوێندکارانی زانکۆ سازیدابوو لە (کیچیم ئایداهو)[٢٥] ، هەڵبەتە چاوپێکەوتنی (جین ستاین) لەگەڵ (ولیام فاکنەر)یش لەو چەند چاوپێکەوتنە کەموێنە و نایابانەیە. بەڕای من سەرنجڕاکێشترین چاوپێکەوتنەکان لەلایەنێکەوە ئەوانەن کە مرۆڤ دەهەژێنن، بۆ نموونە قسەکانی (ژرژ سیمنون) لەو بارەی کە چۆن بەو شێوە هەڵچوونە و سەرسوڕمانەوە نووسیویەتی و دواتر ناچار بووە بە ڕێنمایی پزیشك بە ناچاری پشوو بدات. (دانالد هال)[٢٦]، یەکەمین سەرنووسەری بەشی شیعری ئێمە، ڕستێك چاوپێکەوتنی بێوێنەی ئەنجام دا، لەوانە لەگەڵ (ئەزرا پاوند، تی.ئێس.ئلیۆت، ڕابێرت فراست). هەر چاوپێکەوتنێك چێژی خۆی هەیە. لەو چاوپێکەوتنانە، نهێنی سەرنجڕاکێش ئاشکرا دەکران، ئەوە خۆش بوو کە دوای دوو چاوپێکەوتنی یەکەم (ئەی.ئێم.فارستر و فرانسوا موریاك[٢٧] کە کەسەکانی یەکەم بوون) نووسەرەکان باش تێگەیشتن کە لەم گۆڤارەدا هێدی هێدی جۆرێك کۆڕ دروست دەبێت، بەئەندام بوون لەم کۆڕە تایبەتەدا، لەماوەی سالاّندا، کەم تا زۆر گرنگی پەیدا کرد، هەر ناوێکت بوێت لەو کۆمەڵەدا هەیە، مەگەر بەڕێزان (سلینجر و پینچوون[٢٨] و سولژنتیسین) نەبن.

## ئیلفیلد

**ئەگەر تۆ بتوانیبایە لەگەڵ ئەو نووسەرە سەرسەختانە چاوپێکەوتن بکەیت، یەکەمین پرسیارت چی دەبوو؟**

## پلیمپتن

دەمپرسی کە بۆ ئەو هەموو ساڵە بێدەنگ بوون و لەبەرچی پاریس ریڤیویان بۆ شکاندنی ئەو بێدەنگییە هەڵبژارد، وەڵامی ئەوان بۆ بەشی دووەمی پرسیارەکەم ڕەنگە شتێکی باش بوایە بۆ ریکلامی گۆڤارەکەمان!

## ئیلفیلد

### کام چاوپێکەوتن خۆت سازت داوە؟

پلیمپتن

ژمارەیان زۆرە، چاوپێکەوتنەکانی مایا ئەنجیلو، (جان بارت، ئەی.ئێل.دکترۆف، دورتی پارکەر، ئێس.جی.پرێلمان[٢٩]، بیل ستاریرون، جیمز تربر، کورت وانگات و تام ولف)م بیرماوە. لە ژمارەی تایبەتی تەنز کە بەم دواییە بڵاوبویەوە، واتە یەکەمین جار کە بەشێوەیەکی چڕ لەبارەی یەك بابەتەوە کارمان کرد، لەگەڵ (گارسین کیلور[٣٠]و کالڤین تریلین[٣١]) چاوپێکەوتنم کرد.

## ئیلفیلد

### دەڵێن چاوپێکەوتن بە هەڵەچنی و پێداچوونەوە دیاردەکەوێت، تۆش لەگەڵ ئەو بیروڕایەیت؟ چ هۆکارێك دەبێتە هۆی سەکەوتنی چاوپێکەوتنی ئەدەبی؟

پلیمپتن

بێ پێچوپەنا، من پێموایە بابەتەکە خۆی. لە دوایین ژمارەدا ئێمە چاوپێکەوتنێکمان لەگەڵ (جۆرج ستاینەر[٣٢]) چاپکرد. نزیکەی (٥٠) لاپەڕەیە، زۆرباشە، پێموانییە پێویستی بە پێداچوونەوە هەبووبێت. ئەو زۆر بەئاسانی قسەی خۆی کرد، هەر واش قسەکانی کەوتنە سەر کاغەز. هەندێ چاوپێکەوتنیش هەن کە مرۆڤ وا دەزانێت زۆرباش دەردەچن، زۆریش درێژن، بەڵام کاتێ دێنە سەر کاغەز، دەبینی لە سەرەتاوە تا کۆتایی تێکەڵ و پێکەڵە، ئەو قوڵبوونەوەی کە چاوەڕێت دەکرد وا نییە. لەو کاتانەدا، پێداچوونەوە و ڕاستکردنەوە پێویستە و دەبێ چاوپێکەوتنەکە سەرلەنوێ ڕێك بخەیتەوە، چاوپێکەوتنی باش نەك تەنیا خاڵێك لەبارەی کەسایەتی نووسەر ئاشکرا دەکات، بەڵکو یەك دوو سەرسوڕمان و ڕەنگە بیرۆکەیەکیشی تێدا بێت.

## ئیلفیلد

**ئەوە ئیتر لەو بیرۆکانەیە کە بەکەڵکی ڕۆمان دێت، چاوپێکەوتنێك کە بیرۆکە و سکێچی هەبێت، تکایە بۆم ڕوون بکەوە مەبەستتان چییە. بۆ نموونە چاوپێکەوتن لەگەڵ جۆرج پلیمپتن دەتوانێت چ جۆرە سکێچێکی هەبێت؟**

## پلیمپتن

مەبەستم لایەنی هەژاندنە، سکێچ بەمانای ئاماژەپێکردن و کینایە. ـ بۆ نموونە ئێرنست هێمنگوای، کە لە ژیانیدا دوو جار پتر چاوپێکەوتنی کرد، بە درێژایی چاوپێکەوتنەکە کەم کەم بێ تاقەت دەبوو، چوونکە قسەکردن لەبارەی کاری نووسین چێژی بێ نەدەبەخشی، لە بەشێکی چاوپێکەوتنەکە هەستم کرد کە ئێستا دەتەقێتەوە.

هەڵبەتە ئەو بەشە لە چاوپێکەوتنەکەدا نییە، کاتێ کە باسی بەردەوامی ئەو باڵندانەم دەکرد کە لە نووسینەکانیدا هەن بۆ نموونە، ئەو باڵندە سپییەی کە لە بەلەمێکەوە هەڵدەفرێت کە(کلنل کانتول) تێیدا خەریکی دەستبازی و ئەویندارییە لەگەڵ(پرنسس)ـ هێندە هەڵچوو وامزانی دەیەوێت لێم بدات، گوتی: "حەتمەن پێتوایە تۆ دەتتوانی باشتری بنووسی" بەڕاستی وەڵامێکی سەرسوڕهێنەر بوو، ئەویش لەلایەن کەسێك کە براوەی نۆبڵ بوو بە کەسێك بڵێت کە تازە تەنیا کتێبێکی منداڵانم نووسیبوو بە ناوی (چەتری کەروێشك)!

## ئیلفیلد

**ئێوە لە ساڵی (١٩٥٣) چوونە پاریس و سەرنووسەری پاریس ریڤیوتان بە ئەستۆوە گرت، بەشێکی زۆری باسکردنەکانی هەڵبژاردەی پاریس ریڤیو[٣٣]، کە خۆتان پێیداچوونەوە لە ١٩٩٠دا، تۆمار کراوە.**

**ئێستا، لە تێرامانێك بە رابردوو، چ شتێك بە ئامانجی ژیان دەزانیت لە پاریس و بڵاوکردنەوەی ئەو گۆڤارە لەوێ؟ لەگەڵ ئەوەشدا پێم بڵێ ئەو کاتە پاریس بۆ تۆ و کۆچبەرە ئەدەبییەکانی تر چ مانایەکی هەبوو؟**

پلیمپتن

من لە کمبریج دەمخوێند،(پیتر ماتیسن[٣٤])، کە یەکێکە لە هاورێ کۆنەکانم و لە هەشت ساڵییەوە دەیناسم، ئەوکاتە لە پاریس رۆمانی یەکەمی[٣٥] خۆی دەنووسی، ئەو و رۆمانووسێکی تر بە ناوی(هارولد هیومز[٣٦]) دەیانەویست گۆڤارێك دەربکەن بەناوی(پاریس نیوزپۆست[٣٧])، کە بە قسەی (جان کیاردی[٣٨])، کۆپی دەستی هەشتەمی نیۆیۆرکەر بوو. بریار بوو ئەو گۆڤارە بابەتی پشوودان و شوێنە گەشتیارییەکانی تێدابێت، بە گشتی بەکەڵکی گەشتیارەکان دەهات. ئەوکات (تری ساوترن[٣٩])یش لە پاریس بوو. ئەو کورتە چیرۆکێکی بۆ ئەو گۆڤارە نووسی لە ژێر ناونیشانی (هەتاو و ئەستێرەی لەبارچوو[٤٠]). پیتەر هێندە ئەو چیرۆکەی پێ خۆش بوو، کە رێگای بەخۆی دا بیرۆکەی دەرکردنی ئەو کۆپییە دەستی هەشتەمەی نیۆیۆرکەر لابەرێت و گۆڤارێکی ئەدەبی دەربکات، نامەیەکیان بۆ کیمبریج بۆ من نووسی و تکایان لێ کردم کە بچمە پاریس بۆ ئەوەی قسە بکەین، ئەو کاتە نەمدەزانی دوای تەواوبوونی خوێندنم لە کامبیریج دەمەوێت چ کارێك بکەم، هەندێ جار بیرم دەکردەوە کە بچمەوە ئەمریکا، لە جیهانی تەلەفزیۆن کە ئەوکاتە تازە خەریك بوو پێ بگرێت، بکەومە چالاکی، بە کورتی کەم و زۆر وەکو گاڵتەیەك چوومە پاریس، وەکو ئەوان، حەزم چووە سەر ئەو شتانەی کە لە پاریس بوون.

**ئیلفیلد**

**بۆ لەوێ چی هەبوو؟**

## پلیمپتن

پاریس ئەوکاتە زۆر هەژێنەر بوو، یەکەم زۆر هەرزان بوو، دەکرا هەفتەی بە (١٥) دۆلار بژی، بۆیە پڕبوو لە شێوەکاران، شاعیران و نووسەران، کۆنە سەربازەکانی کە بە گوێرەی دەستوری ئەمریکا لە (سۆربۆن) دەیانخوێند، لە ئەنجامدا زەمینەیەکی گونجاو هەبوو بۆ گەشەکردنی چەند بڵاوکراوەیەکی ئەدەبی بۆ نموونە گۆڤاری(مرلین[٤١]) کە (ئالێکس تراکی[٤٢]) و(ئاسترین وینهاوس[٤٣]) بڵاویان دەکردەوە سەرپەرشتیان دەکرد.

گۆڤارێکیش هەبوو بەناوی (پۆینتز[٤٤]) کە (سندباد ویل[٤٥]) کوڕی (پەگی گوگنهایم[٤٦]) دەریدەکرد. لە هەموو شوێنێك کەسانێکت دەبینی کە خەریکی کتێبێك بوون. (جێمی بالدوین) لە پاریس بوو. (بیل ستایرون) یش هات. (جیمز جۆنز) کەمێك درەنگتر هات. هەڵبەتە کاتێك کە خەرجەکان زۆر بەرزبوونەوە، هەموو ئەو شتانە کەم کەم گۆڕانکارییان بەسەر داهات. نازانم ئێستا لەوێ ژیان چۆن بەڕێوە دەچێت.

## ئیلفیلد

**پاریس شارێکە مرۆڤ لە درێژایی ژیانیدا بەردەوام بۆی دەگەڕێتەوە، بە گشتی چێژەکەی لەوەدایە کە بەجێی دێڵی و ڕۆژێك دەگەڕێیتەوە تا دیسان بەجێی بێڵی، بێگومان شوێنی وا هەیە کە حەز بکەیت دووبارە سەردانیان بکەیتەوە؟**

## پلیمپتن

بەردەوام دەچمەوە گەڕەکی (سانت سولپیس[٤٧]) کە دەسپێکردنی گۆڤارەکە لەوێ بوو، هەڵبەتە دەچمە کافتریای (تورنون[٤٨]). ئەو دەڤەرە بۆم زۆر نووستالژیکە، بەڵام هەزار شوێنی تریش هەیە.

**ئیلفیلد**

**قسەوباسی ئەدەبی زۆر هەیە لەبارەی ئەوەی نەوە جیاوازەکانی کۆچبەرانی پاریس وەکو بولبول فەرەنسی قسە دەکەن، فەرەنسی تۆ چۆنە؟**

پلیمپتن

ڕاستت بوێت، زۆر خراپ.

**ئیلفیلد**

**لەو سالانەی کە (پاریس ریڤیو)تان لە پاریس چاپ دەکرد فەرەنسیشت دەخوێند؟**

پلیمپتن

کاتێ کە زۆر بچووك بووم، دوو ساڵ لە فەرەنسا ژیام، ئەوکاتە تەنیا بە فەرەنسی قسەم دەکرد. باوکم پارێزەر بوو و گوێزرابوەوە کۆمپانیایەکی ئەمریکی لە پاریس. لە کامبریج، زۆر بە سەرسوڕمانەوە هەستم کرد کە شتێکی وام لەو زمانە بیر نەماوە، ناچار بووم لە سفرەوە دەست پێ بکەمەوە.

ماوەیەك لەگەڵ کچێکی فەرەنسی دەژیام، کە ڕەنگە شێوازێکی گونجاو بێت بۆ فێربوونی ئەو زمانە، بەڵام پاشان یەکێك لە هاوڕێ کچەکانم لە ئەمریکاوە هات و فێربوونی زمانی فەرەنسیم وەستا!

**ئیلفیلد**

**بەم شێوەیە لە ساڵی (١٩٦٥) گۆڤارەکەت گوێزایەوە نیۆیۆرك؟**

پلیمپتن

بەڵێ شتێکی لەم جۆرە، ئیتر زۆر گران بۆم دەوەستا، ئێمە گۆڤارەکەمان لە هۆڵەندا چاپ دەکرد و خەرجی چاپەکە گران ببوو. زۆربەی بەشداربووانمان لە

ئەمریکا بوون، هەربۆیە دوای ماوەیەك ئیتر دەری نەدەهێنا گۆڤارەکە لە پاریس دەربکەین.

**ئیلفیلد**

**بەڵام بێ دڵەڕاوکێ، دوای تێپەڕبوونی دوانزدە ساڵ، بڕیاردان لەبارەی بەجێهێشتنی پاریس کارێکی ئاسان نەبوو. هەڵبەتە کە پاریس لەگەڵ خوێنتان تێکەڵ ببوو، بەشێك لە ناسنامەی گۆڤارەکەتان بوو، لەو بارەیەوە بەداخ بوویت یان پێت ناخۆش بوو یان هەستت بەوە دەکرد کە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە بگەڕێتەوە نیشتمان؟**

پلیمپتن

ئیتر کاتی ئەوە هاتبوو کە بگەڕێمەوە نیشتمان، جێهێشتنی پاریس بەردەوام غەمناکە، من تەنیا دوو ساڵ لە پاریس ژیام، زۆر زوتر لە گۆڤارەکە گەڕامەوە ئەمریکا، بەڵام بەردەوام سەرنووسەرێکمان لە پاریس بوو، (باب سیلورز[٤٩])، کە ئێستا سەرنووسەری (نیۆیۆرك ریڤیو ئۆف بوکز[٥٠])ە، ماوەیەك سەرنووسەری ئێمە بوو لە پاریس.

**ئیلفیلد**

**ناوبانگی پاریس ریڤیو تا چەند بە هۆی ئەوەوە بوو کە پاریس سەرمەشقی نووسەرە کۆچبەرەکان بوو؟ بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە پاریس ریڤیو لە ڕاستیدا هیچ پەیوەندییەکی بە پاریس نەماوە، ئەو تێڕوانینە تا چ ئەندازەیەك بێ بنەمایە؟**

پلیمپتن

بەڵێ، نازانم چۆن وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە، هەڵبەتە کە ئەو ناوە بەڕاستی

ناوێکی بێ ناوەڕۆکە، نە ئێمە ئیتر لە پاریسین و نە ئەو گۆڤارەش ئیتر گۆڤاری ڕەخنەیە، بەڵام بێگومان ژمارەکانی سەرەتای کاری پڕبوو لە ئاماژە بە پاریس و فەرەنسا و ئەوروپا، بە گشتی هۆی ئەوە بوو کە ژمارەیەکی زۆر شاعیر و نووسەری ئەمریکی لە پاریس دەژیان و لەبارەی ئەو شارەوە دەیاننووسی. ئەمڕۆ ئێمە هەر بابەتێکمان بەدەست بگات کە ڕەنگ و بۆنی پاریس و ئەوروپایی لێ بێت چاپی دەکەین. تا بتوانین و لە دەستمان بێت، هەوڵ دەدەین ئەو گۆڤارە ڕەنگ و بۆنی جیهانی هەبێت، تەنیا بۆ ئەوەی کە پەیوەندیمان لە لەگەڵ بابەتەکان لە دەست نەدەین.

## ئیلفیلد

**لە دیدی گۆڤاری فرانك، پاریس ئیتر بەشێوەیەکی دیار بۆ نووسەرە ئەمریکیەکان جێگەی سەرنج نییە، یان بە تایبەتی بە هۆی ئەمریکییەکانی سەرنجڕاکێش نییە، بەڵکو زیاتر چوارڕیانێکی کلتوری و ئەدەبیاتی جیهانییە و پێکهاتەکانی نووسەرانی ئەوروپایی ڕۆژهەڵات و ئەمریکای لاتین و ئاسیا و ئەفریقان.**

**پاریس جێژوانی هەموومانە، تا ئەوەی کە پەیوەندی بە هەر سەرنووسەرێکەوە هەیە، هەر ئەوەیە کە هەژێنەرە، ئەمڕۆ لە نیۆیۆرك بۆ بڵاوکردنەوەی چیرۆك و شیعر چ پێوانەیەکتان هەیە؟ ئەگەر پەیامی پاریس ریڤیو بگاتە مەبەست، ئەوکاتە کەیە؟**

## پلیمپتن

پێموانییە پێوانەیەك هەبێت جگە لە باشترین و چۆنیەتی. من هیچ ژانرە چیرۆکێکی تایبەت بەباشتر نازانم لە ژانری تر. هەڵسەنگێنەرانمان ساڵانە ئەو بیست هەزار دەقانە دەخوێننەوە کە بە دەستمان دەگات. پێموانییە ئەوان بیر لە

پەسەندکردنی من بکەنەوە، بەڵکو تەنیا دەیانەوێت بزانن کە ئەو بابەتانە خەیاڵیان دەبزوێنن و نیشانی دەدەن نووسەرەکەی وەستایانە کاری خۆی ئەنجامداوە، هیچ شتێك هێندەی بوونی بابەتێکی مامناوەندی و مانەوەی لە فایلی ژمارەی داهاتوو ئازارم نادات، هەربەم شێوەیەش، شتێکی هێزبەخشتر لە ئەگەری چاپی بابەتێکی سەرنجراکێش، و جێی باس و تاك نییە، جا چ چەند شیعرێك بێت، یان چاوپێکەوتن، یان چیرۆکێك هەڵبەتە پاراستنی پێوانەیەکی بەرز کارێکی سەختە (تلّپی کرچ و کاڵ زیاتر لەوەی کە دەمانەوێت دەکەونە ناو گۆڤارەکە)، بەڵام هەوڵ دەدەین کە هەر ژمارەیەك بابەتێکی سەرنجراکێشمان هەبێت. (پەیام)ی پاریس ریڤیو کەم تا زۆر چەمکێکی دەم پڕکەرە، بەڵام من پێموایە کاتێك کۆتایی دێت کە ئیتر توانامان نەبێت، پارەمان نەبێت بۆ بەردەوامی کار، لەفایلی ژمارەی دواتر بابەتێکمان نەبێت کە ببێتە هۆی ئەوەی هەراوهۆریا بەرپا بکەین.

**ئیلفیلد**

**دەزانم ئەو قسەیەی من بە ڕای ئێوە، نادیارە، بەڵام ئێمە بەدوای دەقێکین کە جۆرێك هەست بە پێویستی بکەین، دەقێك کە دەیخوێنیتەوە هەست بکەیت کە نووسینی پێویست بووە، هەڵبەتە چۆنیەتی و باشتربوونی، پەیوەندی بە سەلیقەی کەسەوە هەیە، بەڵام ئەگەر لە کاری سەلیقەدا سەرنووسەر دەستێوەردانی نەبێت، بڵاوکراوەیەکیش نابێت.**

پلیمپتن

ڕەنگە واباشتر بێت کە لە وەڵامی ئەو پرسیارە بڵێین کە چ شتێك چاپ ناکەین، زۆر بەکەمی بیرەوەری سەردەمی منداڵی بۆ چاپ پەسەند دەکەین، ڕەنگە هەر پەسەندی نەکەین، کەمتر چیرۆکێك لەبارەی گرفتەکانی ناو خێزان و کێشەکانی

پەیوەست بە خێزان چاپ دەکەین. هەوڵ دەدین لە کەش و هەوای چیرۆکی ژنانی کابان بێینە دەرەوە.

**ئیلفیلد**

**ئێوە ئێستا دەستتان کردووە بە تەرخان کردنی ژمارەکانی گۆڤارەکەتان بۆ بابەتی تایبەت، بۆ نموونە چۆن بوو بڕیارتاندا ژمارەیەك تەرخان بکەن بۆ تەنز؟ دەقەکانی ئەو ژمارەیەت چۆن ڕێکخست؟**

**پلیمپتن**

ئێمە هەمیشە بەدوای ڕێگایەك بووین کە کەمێك تام و چێژی زیاتر ببەخشێتە پێکهاتەی گۆڤارەکە- چونکە دەقەکان بە گشتی زۆر سارد و بێ گیانن. لە ماوەی ئەو ساڵانەدا، دوو خەڵاتمان بۆ تەنز هەبوو کە هەردوکیان پەیوەستن بە خولێکی حەوت ساڵە.

ساڵی ڕابردوو، ئەو ئارەزووەی ئەنجومەنی سەرنووسەران لە ژمارەیەکدا هاتەجێ و هەموو بابەتەکانی تایبەت بوو بەتەنز و هونەری تەنزنووسین، و ئەوەش بزانە کە یەکەمین جار بوو بەشێوەیەکی چڕ لەسەر یەك بابەت کار بکرێت، ئەو ژمارە (چاوپێکەوتن لەگەڵ گارسین کیلور، کالوین تریلین و ودی ئالن) زۆر بووە جێگای باس و گفتوگۆ و جەنجاڵ لە ناوەندی ئەدەبیاتدا، بەتایبەتیش ئەو قسەیەی (هارولد بلوم[٥١]) کە لە ناو نووسەرانی ژن، تەنیا (جین ئاستن) شایانی ئەوەیە پێی بگوترێت تەنزنووس. لە بەرنامەماندا هەیە دیسان چەند ژمارەیەك بۆ یەك بابەت تەرخان بکەین، لە راستیدا ژمارەی ئێستامان تایبەتە بە فیلمنامەنووسی- چاوپێکەوتن لەگەڵ(جۆن گرگوری دان[٥٢])،(ریچار پرایس[٥٣]، بیلی وایلدر)، کۆمەڵە بیرۆکەیەکی چڕوپڕ لەبارەی ڕێزلێنانی (تری ساوترن) کە بەم دواییە کۆچی دوایی کردو چالاکییەکەی لە زەمینەی فیلمنامەنووسی بوو کە بریتی بوون لە (دکتۆر سترنج[٥٤]

لۆڤ) (دڵدار[٥٥]) (ئیزی رایدر[٥٦]).

ئیلفیلد

**دەڵێن بڵاوکراوە ئەدەبییەکان بە گشتی لە ژێر کاریگەری کەسایەتی و (بەرزبوونەوەی شێتایەتی)ی سەرنووسەرەکانیانن، مۆڵەتمان بدە کەمێك لە بارەی خۆتانەوە قسە بکەین. زۆر لە خوێنەران، جۆرج پلیمپتن بە لەبەرچاوگرتنی پێرستە درێژەکەی لە زەمینەی جۆراوجۆری چالاکیەکانی و هەمەجۆری کتێبەکانی، لە نێوان ئەدەبدۆستانی ئەمریکا زۆر نوێگەر و بەربڵاوبژێر دەزانن، چۆنە ئەو ئەزموونانە نەکراونەتە چیرۆك، یان بە شێوەیەکی تر دەکرێت بڵێم بۆ رۆمانت نەنووسیوە؟ یان رەنگە نووسیبێتت؟**

پلیمپتن

بەڵێ ئەگەر راستت بوێت، من رۆمانێکم نووسیووە بەناونیشانی (بەسەرهاتی سەرسورهێنەری سید فینچ)، ئەو رۆمانە لە بارەی تۆپ لێدەرێکی (بیس بال)ە کە پەیرەوی ئاینیی بودایە و دەتوانێت تۆپ بەخێرایی (١٦٨) میل لە ساتێکدا فڕێ بدات. ئەم چیرۆکە، لە راستیدا گاڵتەیەکی مانگی نیسان بوو و لە گۆڤاری سپۆرتز ئیلوستریتد. من تا رادەی رۆمان بەرفراوانم کرد، نووسینی ئەو کتێبە بۆ من زۆر چێژی هەبوو، بەڵام- بە گشتی بۆ نووسین بەردەوام دەست و دڵم کەمێك دەلەرزێت وەکو سەرنووسەر زیاتر باوەرم بەخۆم هەیە تا وەکو نووسەر.

ئیلفیلد

**ئێوە بە هۆی کاری ئەزمونی جۆراوجۆر لە زەمینەی جۆراوجۆری وەرزش و کلتور ناوبانگتان هەیە، دەکرێ ئاماژە بە هەندێ کار بدەیت کە هێشتا ئەنجامت نەداون و کەسیش ئاگاداری نییە؟**

پلیمپتن

لە ئێستادا ئەو بیرۆکەیە لە مێشکمدا دێنم و دەبەم کە ئایا ببمە گۆرانیبێژی ئۆپێرای مترۆپولیتن یان نا، ئەو کاتەی لە ئۆرکێسترای فیلارمونیکی نیۆیۆرک مۆسیقام دەژەنی تا لە بارەی ئەو ئەزموونەوە بنووسم. ژەنیاری تری ئەنگل[٥٧] بووم. لە زەمینەی وەرزشیش هەرشتێك بڵێیت کردومە.

**ئیلفیلد**

**ئەوە لە کوێوە سەرچاوەی گرتوە، مەبەستم ئەو ڕۆحیەتە نائارامەیە؟**

پلیمپتن

دەبێ زۆر بەشەرمەزارییەوە بڵێم، کە ئەو مەسەلەیە ڕەنگە جۆرێك نۆستالیژی بێت. چوونکە ئارەزووم ئەوەبوو بتوانم هەموو ئەو کارانە بکەم کە خەونم پێوە دەبینین. چیمس برتر کاتێك گوتویەتی کە نەوەد وحەوت لەسەدی پیاوانی ئەمریکی خەونی ئەوە دەبینن کە ببنە ئەندامی تیپی نیۆیۆرك یانکیز[٥٨]. چەند شەوێك لەمەوبەر، لەگەڵ پیاوێك نانی ئێوارەمان دەخوارد کە ئێستاش وا دەزانێت ڕۆژێ لە ڕۆژان هەر دەبێتە ئەندامی تیپی نیۆیۆرك یانکیز، ئەو پیاوە ئێستا تەمەنی ٧٨ ساڵە. بەم شێوەیە بەشداری لە زەمینەی جیاوازی ڕۆژنامەنووسی تا ڕادەیەك ئەو خەونانەی هێنامەدی کە لە مێشکمدا هەبوون، بەڵام پێموایە هۆی سەرەکی ئەوە بێت کە بتوانم لەو زەمینەدا بنووسم، چونکە لە ڕۆژنامەنووسی هاوبەشیی[٥٩]، دیدگای زۆر داهێنەرانە و سەرنجڕاکێش دەست دەخەیت لە هەر زەمینەیەك کە بتەوێت بە دوایدا بگەڕێیت.

من زۆر کەوتبومە ژێر کاریگەری پۆل گالیکۆ[٦٠] لە نیۆیۆرك دەیلی نیوز[٦١] کە لە دەیەی (١٩٣٠) خەریکی ڕۆژنامەنووسی هاوبەشیی بوو.

ئەو لە مەسەلەی پێشبڕکێی جاك دیمپسی[٦٢] بەشەڕهات و لێدانێکی باشیشی خوارد، هەر وەکو خۆی زۆرباش گوتویەتی، ئەو ڕۆژە بۆ بەیانیەکەی ئیتر شتێکی وام نەبوو کە بینووسم، ئیتر شتێکی وای لەبیر نەمابوو.

**ئیلفیلد**

**کەوایە بەنیازی ببیتە گۆرانبێژی ئۆپێرا- ڕۆڵێکی تایبەتیش هەیە کە بتەوێت بیگێڕیت؟**

پلیمپتن

ڕاستت بوێت، لە ئۆپێرای(بوهیم) دیمەنێکی زۆر کورت هەیە، دوو سەرباز، کە دەچنە سەردانی بەڕێوەبەری گومرگ، لە ڕێگادا دێنە ناو دیمەنەکە یەکێك لەوان بۆ ئەوەی تر گۆرانی دەڵێت و بە گۆرانی قسەی لەگەڵ دەکات: (لەو سەبەتەدا چیت هەیە؟) سەربازەکەی تر بە گۆرانی وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ (هیچ) ڕەنگە منیش ئەو سەربازەی دوەم بم.

**ئیلفیلد**

**ئەوە ئیتر شوێنەکەی لە ژمارەی تەنزدایە! ئێوە بە (والتر میتی[٦٣]) پەلەپیتکەتان داوە لە ناخی هەریەك لە ئێمە. یێکت لە نامەکانیدا بۆ (جۆرج دیتویت[٦٤]) دەنووسێت:"هونەرمەند بوون، واتە شکەست خواردن بە جۆرێك کە هیچ کەسی تر جوامێریی ئەوەی نییە. ئەو شکەستە جیهانی ئەوە، هەڵاتن لێی یەکسانە بە پیشە و کار، بەڕێوەبردنی ماڵ و هەوڵی ژیان (سەرکەوتن لە ڕوانگەی ئێوەوە چ مانایەکی هەیە؟ وەکو نووسەر یان هونەرمەند، کاری سەرنووسەری و بڵاوکردنەوە لەمپەر بووە لەسەر ڕێگاتان یان هاوکاری کردوون)؟**

## پلیمپتن

من قوڵبونەوەم لەو جۆرە شرۆڤانەدا نییە. بە گشتی بەو هۆیەی کە زۆر بیروڕام ئەگۆڕم، زۆربەی کات، حەزم لێیە وابزانم (سەرکەوتن)ی من - چەندەی ئەو چەمکە ڕێژەییە-پەیوەستە بە گۆڤار و منیش لەگەڵ نووسەرانی بابەتەکان و سەرنووسەرەکانی تر، لە سەرکەوتنی ئەو هاوبەشم "هەڵبەتە ئەگەر بتوانین گۆڤارێکی ئەدەبی بە(سەرکەوتوو) بزانین" هەندێ جار بیر لە نووسین دەکەمەوە. ساڵی ڕابردوو لە فڕۆکەخانەی دالس فۆرت ورت[٦٥]، سواری پاسێکی ناوخۆیی ببوم و دەچووم کە سواری فڕۆکە بم و بچمە تایلەر یان شوێنێکی ئاوها. پیاوێك کە کڵاوی گاوانی لەسەر بوو، هەروا تەماشای منی دەکرد، تا ئەوەی کە گوتی: (ئێستا تێگەیشتم تۆ کێیی، تۆ نووسەری ئەو کتێبەی کە من لە هەموو ژیانمدا تەنیا ئەو کتێبەم خوێندەوە!) مەبەستی شێری کاغەزیی بوو، بە کورتی تا چەند ڕۆژێك هەستم بە سەرکەوتن دەکرد! هەندێ جار لە خۆم دەپرسم کە ئایا ژیانم دەگەیشتە کوێ ئەگەر ئەو پێشنیارەی ماتسینم پەسەند نەکردبایە، لە زانکۆی کیمبریج نەچوبامایە پاریس و ئەو گۆڤارەمان دەرنەکردبایە کە ئەو و هیوو دەیانویست، ماتیسن چەندین جار بە ئاشکرا گوتویەتی کە ژیانی منی لەناوبرد. گومانم هەیە.

کاری پاریس ریڤیو لە بەیانی تا ئێوارە نەبوو، دەتوانم بڵێم نیوەی وەختی دەگرتم لە هەفتەدا هەربۆیە بواری نووسینم هەبوو، ڕەنگە هێندە نەبوو کە خۆم دەمویست، بەڵام خراپ نەبوو، هێشتاش بوار ماوە.

## ئیلفیلد

**ئێوە لە زەمینەکانی هونەر، مۆسیقا و وەرزش چالاکیتان هەبووە. تەنانەت سەرپەرشتیاری مەراسیمەکانی ئاگربازی شاری نیۆیۆرکیت! نێوانتان لەگەڵ سیاسەت چۆنە؟ بۆ تا ئێستا بەشداریتان لە هەڵبژاردندا نەکردوە؟**

پلیمپتن

(پێدەکەنێ) بەڵێ، ڕاستت بوێت، من لە مەڵبەندی هەڵبژاردنی بابی کندی کارم دەکرد و شتم دەنووسی. لە ڕاستیدا کە ئەویان تیرۆر کرد، من لە ناندینی هوتێل لە لۆس ئەنجلۆس بووم.

**ئیلفیلد**

**لەبارەی ئەو ئەزموونەوە شتت نووسیوە؟**

پلیمپتن

من و جین ستاین پێداچوونەوەمان بۆ کتێبێك کرد بە ناونیشانی گەشتێکی ئەمریکایی: ژیان و سەردەمی رابرت ئێف کندی[٦٦]. ئەو کتێبە ژیاننامەیەکی سەرزارەکییە، بیرەوەری ئەو شەوە تایبەتەیش لەو کتێبەدا هەیە.

**ئیلفیلد**

**بەڵام مەبەستی من گێڕانی ڕۆڵی چالاکترە لە زەمینەی قسە کردن لە سیاسەتی ئەمریکا، ئەو کارە بە بەشێك لە پەیمان دەژمێردرێت یان خەون و خەیاڵە؟**

پلیمپتن

قەدەر دەیسەلمێنێت خەون و خەیاڵ نییە، بەڵام من کەسێکی خاوەن پەیمانم، ئامادەم هەر ئێستاکە بۆ بەرگری کردن لە کەسانی وەکو جسی هلمز[٦٧]، کە بڕیارە ئەمساڵ لە هەڵبژاردنەکان بەشداری بکات ، بچمە هەموو شوێنێکی ئەم شارە، لەم شارەدا نیوەڕۆخوانێك لەسەر شەرەفی ڕکابەرە ڕەشپێستەکەی ئەو، جەنابی گانت[٦٨]، ڕێکدەخرێت، دەمەوێت بەشداربم لەو نیوەڕۆخوانەدا و قسەکان ببیستم. من یەکێکم لە دژەکانی بیوکنن[٦٩] و ئامادەم بچمە هەر ڕێکخراوێکەوە بۆ ئەوەی دژی بوەستم، ئەو دەڵێت کە یەکەمین هەنگاوی دوای بوون بە سەرۆك کۆمار،

ئەوەیە کە ڕێکخراوی نیشتمانی پاراستنی هونەر[٧٠] لادەبات و منیش لایەنگرێکی سەرسەختی ئەو ڕێکخراوەم.

ئیپلفیلد

**ئێستاکە خۆتان ئاماژەتان کرد، خراپ نییە کە بچینە سەر مەسەلەی هەستیاری پارە و هونەر، مانەوە و پارەی بڵاوکراوەی ئەدەبی، ناسنامەی پاریس ریڤیو هەژاری و دەوڵەمەندیشی بینیوە، کامیان ڕاسترە؟ هەژار لەگەڵ هاوڕێیانی دەوڵەمەند؟**

پلیمپتن

پارە بەردەوام کێشە بووە، بێگومان لە بڵاوکراوەیەکی ئەدەبیدا لەوە باشتر نابێت، لە(١٩٥٣) کە یەکەمین ژمارەی گۆڤار چاپ بوو، هەر زیان بووە، ئێمە پاداشت دەدەینە نووسەرانمان و ژمارەی لاپەڕەکانی ئەمڕۆکە دەگاتە پتر لە سێ سەد لاپەڕە لە هەر ژمارەیەکدا، لە ڕاستیدا لە توانای خۆمان زیاترە، بۆ ئەوەی بەردەوام بین، دەبێ کاتی زۆرمان لەو بەرنامانە خەرج بکەین کە پێیان دەگوترێت دابینکردنی متمانە، وەکو داواکاری هاوڕێیان، دروستکردنی هەراج، بەڕێوەبردنی مەراسیمی خێرخوازی ساڵانە کە خۆمان ناومان ناوە (هەڵپەڕین) بەرنامەی چاپی پۆستەر، داوای کۆمەك و ئەو جۆرە شتانە، تا ئێستا هەندێ دەزگای بڵاوکردنەوە هەبوون کە دەکرا لە کاتی پێویست داوایان لێ بکەین و پشتیان پێوە ببەستین، هەموویان خەڵکانی زۆر باشن، لەبارەی خۆمەوە دەبێ بڵێم کە تائێستا هیچ مووچەیەکم لە گۆڤارەکە وەرنەگرتووە، هۆی سەرەکیشی ئەوەیە کە باوەڕم وایە، زۆر گرنگی هەیە کە ئەو دەزگا بڵاوکەرەوانە بزانن کە یارمەتی ئابوری ئەوان بە شێوەیەکی تەواو بۆ گۆڤارەکە خۆیەتی. حەز دەکەم وا بیربکەمەوە ئەو پارەی کە

له سه‌رچاوه‌ی نادیاره‌وه به‌ده‌ستم هێناوه، ئه‌گه‌ر ئه‌وه نه‌بوایه خۆم تووشی ئه‌وه نه‌ده‌کرد، مووچه‌یه‌که که له پاریس ریڤیو وه‌رمگرتووه، به تایبه‌تی له کاری ریکلام، بۆ نموونه ریکلام بۆ گه‌نمه‌شامی بۆندار کراو، هێڵه‌کانی که‌شتیوانی، چای چینی جۆراوجۆر، کالاکانی پێشبڕکێ ته‌له‌فزیۆنیه‌کان و چه‌ندانی تریش.

## ئیلفیلد

**له ئه‌مریکا، بڵاوکراوه ئه‌ده‌بی و سه‌رنووسه‌ره‌کانیان زۆربه‌یان په‌یوه‌ستن به گروپه‌کانی زمان و ئه‌ده‌بیاتی ئینگلیزی. نووسه‌ران و شاعیران بۆ به‌ڕێوه‌بردنی ژیانی ئاساییان پێویستیان به‌وه هه‌یه که خوله‌کانی نووسین بڵێنه‌وه.**

**ئه‌و خولانه بۆ ئه‌ده‌بیات سودبه‌خشه؟ ئێوه ئه‌و خوله‌ی نووسه‌ریی داهێنه‌ر وه‌کو شوێنێك بۆ گه‌شه‌و پێگه‌یشتنی نووسه‌ره لاوه‌کان به پێویست ده‌زانن و پشتیوانی لێ ده‌که‌ن؟**

## پلیمپتن

به‌ڵێ، به‌ڕای من ئه‌و جۆره خولانه هه‌لێك بۆ نووسه‌ران دروست ده‌کات که نووسینه‌کانیان شرۆڤه بکرێت، ئه‌و هه‌له ده‌ره‌خسێنێت که به مامۆستایان نیشان بده‌ن که له کوێ هه‌ڵه ده‌که‌ن... ڕێگایه‌که بۆ هه‌ڵسه‌نگاندنی کار، وای بۆ ده‌چم، ئه‌گه‌ر وا نه‌بێت، مرۆڤ له بۆشاییدا ده‌نووسێت و به‌رهه‌مه‌که‌ی ده‌نێرێته لای بڵاوکه‌ره‌وه، کاتێ که ئه‌و به‌رهه‌مه به وه‌ره‌قه‌یه‌کی (په‌سه‌ند نییه) ده‌گه‌ڕێته‌وه. هه‌ر نازانێت له کوێدا هه‌ڵه‌ی کردووه، به بڕوای من، نیشاندانی ئه‌گه‌ری هه‌ڵه‌کان ده‌توانێت سوودمه‌ند بێت، به‌کورتی، ئه‌و خوله‌ی نووسین هیچ گرفتێکی نییه. هه‌ڵبه‌ته په‌یوه‌ندی به مامۆستاکانیشه‌وه هه‌یه.

**ئیلفیلد**

**لە ئەورووپا، و بەتایبەتی لە فەڕەنسا، کلتور و ژیانی فیکری پێشکەوتنی نیشتمانی بەرزیان هەیەن بەلەبەرچاوگرتنی ئەو بیست هەزار دەستنووسەی کە سالآنە دەگاتە پاریس ریڤیو، ئایا دەتوانی لە بارەی واقیعیەتی چیرۆکنووسی لە ئەمریکای ئەمڕۆ ڕای خۆت بلێیت؟ هیچ مەیلێك لە ناوەڕۆك یان شێواز دەبینیت کە نیشانەی واقیعیەتی زۆرتر لەبارەی ژیانی هاوچەرخ لە ئەدەبیاتی سەدەی نۆزدەیەمی ئێمە بێت؟**

پلیمپتن

لە دروستی کورتە چیرۆك هێندە دڵنیا نیم، لەوانەیە بەو هۆیەوەی کە زۆر لە نووسەران کە لە زانکۆ دێنە دەرەوە دەچنە ناو زەمینەی جۆراوجۆری بەرنامە سادەکانی پشوو تەرفیهی. و هەروەها لەوانەیە چونکە بلآوکەرەوەکان لەو فۆرمە بێزارن و گوشار دەخەنە سەر نووسەرەکانیان کە ڕۆمانی گەورە بنووسن و پێیان وایە لەتوانایاندا هەیە.

هێشتا جێگای سوپاسە کە من ناتوانم ناوەڕۆك یان شێوازێك کە (نیشانەی ئەو ڕاستیە گشتیە بێت) دیاری بکەم. چ بگات بە ئەدەبیاتی سەدەی نۆزدەم.

**ئیلفیلد**

**کەوایە دەتوانیت ناوی چەند نووسەرێك دیاری بکەیت کە بەڕاستی سەرنجڕاکێشن، نووسەرانێك کە خوێنەرانی جیهان دەبێ کەم کەم پتر سەرنجیان لێ بدەن؟**

پلیمپتن

چەند ناوێکم لەبیرە: جفری یوجندیس[٧١]، ئیتان کانین[٧٢]، چارلز و دئامبرازیو[٧٣]، هلن شولمەن[٧٤]، سۆزان پاوەر[٧٥]، ریك مودی[٧٦]، ئالن گارگانۆس[٧٧]، بن ئۆکری[٧٨]،

سۆزان مینوت[٧٩]، چارلی سمیست، تی. سی. بویل[٨٠]، ریك باس[٨١]، پل ئاستێره[٨٢].

**ئیلفیلد**

**لەگەڵ ئەوەی کە ژمارەی نووسەرە ئەمریکییەکانی کە نووسینەکانیان بۆ زمانەکانی تر وەردەگێڕدرێن، زۆرتر ئەو نووسەرانەن کە نووسینەکانیان دەکرێنە ئینگلیزی، لەگەڵ ئەوەشدا کلتوری ئەمریکایی هێشتا لە دەرەوەی سنووری ئەمریکا هێندە ناسراو نییە، پێوانەی دادوەری زۆرتر لەبارەی زۆربەی بەرهەمە کلتورییەکانە کە بەرهەمهێنانی زۆر دەنێردرێنە دەرەوە، زۆر دوورە لەوەی کە نیشاندەری دەستکەوتە ئەدەبی و هونەریە سەرنجڕاکێشەکانی ئەو وڵاتە بن. یەکێك لە نیشانەکان ئەوەیە کە ئێمە لە پێشانگای کتێب لە فەرەنسادا ژورێکی هاوبەشی گۆڤارە ئەمریکییەکانمان هەبوو، تا ژمارەیەکی زۆری گۆڤاری بچوك نیشان بدەین، کە لە دەرەوەی ئەمریکا کەس نەیبینیبوون.**

پلیمپتن

دڵنیا نیم کە ئەو بڵاوکراوانە وێنەی باشیان لە وڵاتە یەکگرتووەکان نیشان دابێت! زۆربەی ئەو گۆڤارە بەناو ئەدەبیانە کاتی زۆریان بۆ ئەوە تەرخان دەکەن داخی دڵی خۆیان بەو وڵاتە دابڕێژن. زۆر خۆشحاڵم کە تۆ کارێکی وا دەکەیت، زۆریش لەگەڵتم، بەڵام بەدوور دەزانم کە وێنەی ئەو وڵاتە بەم شێوەیە باشتر بێت، ئەو کارە متمانە بە مادەی یەکەمی تەواوکەری دەستور[٨٣] دەبەخشێت!

**ئیلفیلد**

**ئەوەش بۆ خۆی خراپ نییە، لە ئەورووپای ئەمڕۆدا، هەرچەندە کە دەربڕینی کلتوری هان دەدرێت، ئەگەری ئەوەی کە بتوانی دەزگایەکی بڵاوکردنەوە یا بڵاوکراوەیەکی بچووك دروست بکەیت زۆر کەمە. هەموو کارەکان دیسپلینی**

**توندیان هەیە، بە باجی زۆر و جێبەجێکردنی قورسەوە، خەرجی ژیانیش هەر مەپرسە، هەموو ئەوانە دەبنە هۆی ئەوەی کە خەڵك خۆیان لە دەسپێکردنی پرۆژەی نوێ و ترسناك لەلایەن ئابوورییەوە بدزنەوە.**

پلیمپتن

کەواتە لە بارەی ترافیکا[٨٤] و ئەو هەموو خەڵکە لە پراگ چی دەڵێیت؟

**ئیلفیلد**

**بە کۆچکردنی چل هەزار ئەمریکی بۆ پراگ، ئەویش لە ماوەی چەند ساڵ، بەخێرایی بازارێك بۆ ئەو جۆرە بڵاوکراوانە ڕەخسا. جان ئارداگ[٨٥] نووسەری بەناوبانگی ئینگلیزی کە لەبارەی فەرەنساوە کتێب دەنووسێت ئەم زوانە لە منی پرسی کە ئایا پراگ لە دەیەی نەوەت جێگەی پاریسی گرتۆتەوە لە دەیەی پەنجا وەکو مەڵبەندی کۆبوونەوەی نووسەرە کۆچبەرە ئەمریکیەکان، دڵنیا نیم کە شوێنیکی تر هێندە گرنگی هەبێت، زیاتر واپێدەچێت کە ئەنتەرنێت شوێنی هەمووشتێکی گرتبێتەوە. بۆ ئێوە وەکو پاریس ریڤیو شوێن چ مانایەکی هەیە؟ دەتوانن لە شوێنێکی تر بن جگە لە نیۆیۆرك؟**

پلیمپتن

نیۆیۆرك مەڵبەندی پەیوەندییەکانە، هەمووشتێك لێرەیە مەحاڵە تا کۆتایی شەقام کە بڕۆیت ڕووبەڕووی نووسەرێك، کرێکارێك، شاعیرێك، شێوەکارێك نەبیتەوە بەبیرم دانایەت کە بچمە پراگ، ئەگەر تەمەنم بیست ساڵ بوایە، ڕەنگە چوبام.

**ئیلفیلد**

**لەبارەی ئەنتەرنێتەوە ڕاتان چییە؟ پاریس ریڤیو چەند لاپەڕەیەکی لەسەر ماڵپەڕی کۆمپانیا ویجر[٨٦] باب ستاین[٨٧] هەیە بەڕای ئێوە، ئەنتەرنێت و جیهانی تۆڕەکان کەم کەم سود بە نووسەران و ئەدەبیات بە گشتی دەگەیەنێت؟**

پلیمپتن

بەڕای من زۆر زۆر باشە کە دەتوانیت چەند کتێبێك بێنیتە سەر مانیتۆرەکەتان. کە ڕەنگە وەدەستهێنانیان کارێکی سەخت بێت، بە تایبەتیش ئەگەر کتێبخانەت لەبەردەستدا نەبێت، بەڕاستی جێگای ئۆمیدەوارییە کە هەندێك کۆمپانیای وەکو ویجر هەن کە پاریس ریڤیو دەخەنە سەر تۆڕی ئەنتەرنێت. وەك دەڵێن مانگانە نزیکەی سی هەزار کەس ئەولاپەڕانە دەبینێت. سی هەزار کەس لەباری ئاساییدا هەر نەیاندەزانی پاریس ریڤیو چییە، ئێستا شوێنێك دەدۆزنەوە کە نووسەرەکانیان وەك دەڵێن( لەبەر خاتری سەلیقەی گشتی دانووستان ناکەن) ئەو نووسەرانە لە گۆدهاوس، کیپینگ[٨٨] یان ڕیدبوك[٨٩] یان ریدرز دایجست[٩٠] نانووسن، خراپ نییە تەماشایەکی ئەو بابەتانە بکەین.

ئیلفیلد

**لە بارەی بیل گیتزەوە قسەیەکت نییە؟ بەڕای ئێوە قارەمانە؟ بلیمەتە؟**

پلیمپتن

پێم ناخۆش نییە بۆ ماڵی کۆمپیوتەری - هەواییەکەی لە سیاتل بانگهێشتم بکات، پێموایە لەوێ دوگمەیەك دابگریت وابزانم هەمووشتێك لە غەیبەوە دیار دەخات. یەکەمین شت پاریس ریڤیو وەدیار دەخەم، هەموو ژمارەکانمان لە ئەنتەرنێت بەرنامەی بۆ نووسراوە، بەڵام لە نووسینگەی گۆڤار مۆدێم[٩١] مان نییە کە بیبینین چۆن دەرچووە - زۆرگرانە-

ئیلفیلد

**بەم دواییە گۆڕانکارییەکی ڕواڵەتی گرنگترین بڵاوکراوەمان بینی، لەبارەی نیۆیۆرکی نوێ بیروڕات نییە؟**

## پلیمپتن

من لە لایەنگرانی نیۆیۆرکی نوێم، دایکم لە تەمەنی **٩٢** ساڵی هاوبەشیی نیۆیۆرکەرەکەی خۆی ڕاگرت، تەنیا ئەوکاتە ئامادەبوو نوێی بکاتەوە کە من پێم گوت بۆ ئەو گۆڤارە بابەت دەنووسم. هەندێك لە نووسەران بەهۆی سیاسەتەکەی وازیان لەو گۆڤارە هێناوە، دەستخۆشی بە زۆریان دەڵێم- لەوانە گاریسن کیلور، جۆرج تراو[٩٢]، یان فریزر[٩٣]- بەڵام ئەوان کارەکانیان زۆر ناسك و تا ڕادەیەك بیانووگیر نیشاندا.

بەدوور دەزانرێت کە بە هۆی نووسینی بابەت لەم گۆڤارەدا تاوانبار کرابن. بۆچوونی گشتی زیاتر ئەوەیە کە لە ڕوانگەی ئەوانەوە هەر گۆڕانکاریەك وەکو هەڵگەڕانەوەیە. هەمیشە لەو باوەڕەدا بووم کە یەکێ لە باشییەکانی هەر گۆڤارێك ئەوەیە کە یەکە یەکەی ژمارەکانی چاوەڕوان نەکراو هەڵبژاردەتر بن. لە ڕاستیدا، ئارەزوومانە پاریس ریڤیویش هەروابێت، و هیوادارم نیۆیۆرکەر لە کۆتاییدا هەر ئەو ڕێگایە بگرێتەبەر، هەڵبەتە هەمووکەس ڕای لەگەڵ ڕای من نییە. هەمیشە حەزم لەو قسەیەی گاریسن کلیۆر بوو نیۆیۆرکەرێ کە ئەو لە تافی لاویدا کاتێ کە لە ڕۆژئاوای ئەمریکا دەژیا، بە باشە باسی کردووە و بەردەوام دەستخۆشی لێ کردووە، وەکو (کەشتی زەریاگەڕ بووە کە لە مینەسوتاوە کەوتبێتە ڕێ)، بەڵام ئەمڕۆکە سەرنووسەرەکانی ئاگایان لێ نییە کە لە نێوان دوو زەریادا چی هەیە، (کەشتیەکی زەریاگەڕە کە لە دوورگەی ستاین بەڕێ کەوتووە). چوونکە خۆتان دەزانن کە مینەسوتا[٩٤] چەند لە نیۆیۆرك دورە و ستاین[٩٥] یش چەند لە نیۆیۆرك نزیکە، لێم پرسی کە پێی خۆشە کە واستەی بۆ بکەم لای تینا براون[٩٦] کە سەرنووسەریەتی بەشی ڕۆژئاوای ناوەڕاستی بە ئەستۆ بگرێت، حەزی نەکرد.

### ئیلفیلد

**له باره‌ی گۆڤاری گرانتا[٩٧] ڕاتان چییه‌؟ ئه‌و گۆڤاره له لایه‌ن دابه‌شکردن و تیراژه‌وه، شۆڕشێکی له بڵاوکراوه ئه‌ده‌بییه‌کان به‌رپا کردووه، ئه‌و بڵاوکراوه یان بڵاوکراوه‌کانی تر به ڕکابه‌ری خۆت ده‌زانێت؟ له گۆڤاره بچووکه‌کان کامه‌ت پێ باشه‌؟**

### پلیمپتن

گۆڤاری بچووك؟ تکات لێ ده‌که‌م بڵێ گۆڤاری ئه‌ده‌بی، به‌رده‌وام ڕقم له چه‌مکی (گۆڤاری بچووك)ه، چوونکه ماناکه‌ی ئه‌وه ده‌گه‌یه‌نێت که ئێمه له‌کار بچووککردنه‌وه‌داین، من گرانتم دوای ڕۆیشتنی بیل بافورد[٩٨] ئیتر نه‌بینییه‌وه، به‌ڵام پێموایه هێشتاش و به‌رده‌وام به پێوانه به‌رزه‌کانی ئه‌و وه‌فادار بێت، هه‌وڵ ده‌ده‌م ئه‌و بیره له سه‌رم ده‌رهاوێم که ئه‌و ژانره‌ی بڵاوکراوه‌کان ڕکابه‌ری یه‌کترن، به‌ڵام گومانم هه‌یه وابێت.

کاتێ که چیرۆکێك یان شیعرێك له گۆڤاره‌کانی تر ده‌بینم، خۆزگه ده‌خوازم که ئێمه ئه‌و بابه‌ته‌مان گیر که‌وتبوایه، ئه‌وکاته زۆر به‌داخه‌وه‌م.

### ئیلفیلد

**دوا پرسیارم ئه‌وه‌یه که، خوێنه‌ران به گشتی، چ شتێك له باره‌ی پاریس ریڤیوه نازانن که تۆ ده‌ته‌وێت بیزانن؟ به‌ڕاستی له‌و ڕاستیه‌ی که ڕابردووی بڵاوبوونه‌وه‌ی ئه‌و بڵاوکراوه‌یه له بڵاوکراوه ئه‌ده‌بیه‌کانی تر زیاتره، چ شتێك پاریس ریڤیو له‌گه‌ڵ دوانزه هه‌زار تیراژ له سێ یان چوار هه‌زار بڵاوکراوه‌ی هاوشێوه‌ی خۆی له ئه‌مریکا جیاده‌کاته‌وه‌؟**

**پلیمپتن**

بەڵێ، بەڕای من یەکەم دەبێ هیوادار بین کە خەڵك ئاگای لێیە کە پاریس ریڤیو هەیە و بوونی هەیە، دوای ئەوە، دەبێ ئارەزوو بکەین کە دانەیەکی دەست بخەن و ببینن، بزانن کە هێشتاش هەر دەستەیەکی کەموێنەی داهێنەر لە زەمینەی کاری داهێنەرانە بوونیان هەیە، کە لە هەر ژمارەیەکدا بێ جیاوازی، چوار یان پێنج کورتە چیرۆك، لانی کەم چل تا پەنجا شیعر، هەمیشە چەند چاوپێکەوتنێك لە بارەی هونەری نووسین، کۆمەڵێك بیرۆکەی هونەری دەدۆزنەوە. بە مانایەکی تر، دەرگایەك بەرەو بابەتی نوێ و ڕەسەن و نوێگەرانە لە زمینەی داهێناندا بەڕوویاندا دەکرێتەوە، هیوادارم بە بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتانەی کە بە زەحمەت چاپ کراون، بەڵام شایانی چاپکردنن، خەڵك تێبگەن کە لەو گۆڤارەدا (گەنج)ێکی ڕێکوپێك هەیە، دە دۆلار دەهێنێت!

**ئیلفیلد**

**سەربازی ژمارە دوو، لەو سەبەتە چیت هەیە؟**

**پلیمپتن**

هیچ!

**پەراوێزەکان**

١ George Ames Plimpton.
٢ Detroit Lionsتیپی فتبۆڵێنی ئەمریکایی
٣ Boston Celtics.
٤ Clyde Beaty-Cole Brothers Circus.
٥ Rabbits Umbrella.
٦ Out Of My League.

٧ Paper Lion.
٨ The Bogey Man.
٩ Fireworks.
١٠ Open net.
١١ The Curious Case Of  Sid Finch.
١٢ The Best Of  Plimpton.
١٣ The Norton Book Of Sports.
١٤ Sports Illustrated.
١٥ Gentlemens Quarterly.
١٦ Smart Magazine.
١٧ Esquire.
١٨ David Applefield.
١٩ Frank.
٢٠ The Partizan Review
٢١ Hudson Review
٢٢ Haward`s End
٢٣ Passage to India.
٢٤ Hugh Hefner
٢٥ Ketchem, Idaho.
٢٦ Danald Hall.

٢٧ Francois Mauriac.
٢٨Thomas Pynchon.
٢٩ Sidney Joseph Perelman.

٣٠Garrison Keillor.
٣١ Calvin Trillin.
٣٢ Gerorge Steiner.
٣٣ The Paris Review Anthology(W.W.Norton, ١٩٩٠)
٣٤ Peter Mathiessen.

٣٥ Race Rock
٣٦ Harold Humes.

[٣٧] The Paris News Post.

[٣٨] John Ciardi.

[٣٩] Terry Southern.
[٤٠] The Sun and the Stillborn Star.
[٤١]Merlin.
[٤٢] Alex Trocchi.
[٤٣] Awstryn Weinhouse.
[٤٤] Points.
[٤٥] Sindbad Veil.
[٤٦] Peggy Gunggenheim.
[٤٧] Saint Sulpice.
[٤٨] Tournon.
[٤٩] Bob Silvers.
[٥٠] The NweYork Review of Books.
[٥١]Harold Bloom
[٥٢] John Gregory Donne.
[٥٣] Richard price
[٥٤] Dr.Strangelove.
[٥٥] The Loved One.
[٥٦] Easy Rider.
[٥٧] triangle.
[٥٨] NewYork Yankees.
[٥٩] paticipatory journalism.
[٦٠] Paul Gallico.
[٦١] NweYork Daily News.
[٦٢] Jack Dempsey.
[٦٣] Walter Mitty.
[٦٤] George Dethuit.
[٦٥] Dalles-Fort Worth
[٦٦] An American Journey:The Life and Times of Robert F.Kenedy.

[٦٧] Jessy Helms.
[٦٨] Ghant.
[٦٩] Pstrick Joseph Buchanan.
[٧٠] National Endowment for the arts.
[٧١] Jeffrey Eugenides.
[٧٢] Ethan Canin.
[٧٣] Charles d'Ambrosio
[٧٤] Helen Schulman.
[٧٥] Susan Power.
[٧٦] Rick Moody.
[٧٧] Alan Gurganus.
[٧٨] Ben Okri.
[٧٩] Susan Minot.
[٨٠] T.C.Boyle.
[٨١] Rick Bass.
[٨٢] Paul Aster.
[٨٣] First Amendment.
[٨٤] Trafika.
[٨٥] John Ardagh.
[٨٦] Voyager.
[٨٧] Bob Stein.
[٨٨] Good Housekeeping.
[٨٩] Redbook.
[٩٠] Reader's Digest.
[٩١] Modem.
[٩٢] George Trow.
[٩٣] Ian Frazier.
[٩٤] Minnesota.
[٩٥] Staten Island.
[٩٦] Tina Brown.
[٩٧] Granta.
[٩٨] Bill Buford.



گابریل گارسیا مارکیز

# سێ ڕۆژ لەگەڵ گابۆ- دا

**سیلڤانا پاترنووسترۆ**[1]

گابریل گارسیا مارکیز، نووسەری سەد ساڵ تەنیایی، براوەی خەڵاتی نۆبڵ و ڕۆژنامەنووسی جاران، کە نیگەرانی باروودۆخی ڕۆژنامەنووسییە لە ئەمریکای لاتین. لە بەهاری ١٩٩٥ ئامۆژگایەکی دامەزراند کە خۆی ناوی ناوە(خوێندنگای بێ دیوار) بونیادی ڕۆژنامەگەری نوێی ئیبرۆ- ئەمریکی. ئامانجی ئەو دامەزراوە، زیندووکردنەوەی ڕۆژنامەنووسییە لە ڕێگای وۆرکشۆپی گەڕۆك. ئەو لەو باوەڕەدایە کە ئەوەی لەو زەمینەوە دەگوترێتەوە و دەکرێتە پراکتیك پێویستە بەزوترین کات نوێگەری تێدا بکرێت، گلەیی لەوە هەیە کە ڕۆژنامەنووسانی ئەمڕۆ زۆرتر گرنگی بە هەواڵی گەرم و مەسەلەی ناسنامەی ڕۆژنامەنووسی دەدەن، نەك مەسەلەی داهێنان و ئاکار. ئەو دەڵێت: (ئەوان شانازی بەوەوە دەکەن کە بەڵگەیەکی نهێنی

سەرەوژێر بخوێننەوە، بەڵام نووسینەکانیان پڕە لە هەڵەی ڕێزمانی و ڕێنووسی و قوڵبوونەوەی نییە.)

گارسیا مارکیز لە نووسینێکدا بەبۆنەی کردنەوەی ئەو دەزگایە نووسی: (ئەوان لەسەر ئەو بنەمایە کار ناکەن کە باشترین هەواڵ ئەو هەواڵە نییە کە زوتر چاپ دەبێت، بەڵکو ئەو هەواڵەیە کە دەربڕینی باشترە.)

گارسیا مارکیز دژی شێوازی ڕەفتاری زانکۆکان و بڵاوکەرەوە و ڕۆژنامەکانی ئەمریکای لاتینە کە بەرانبەر ئەو پیشەیە دەیکەن، بەڕای ئەو باشترین پیشەی جیهانە.

ئەو دژی ئەو مەسەلەیە کە دەڵێن(ڕۆژنامەنووس هونەرمەند نییە) ئەگەر بە خول فێری ئەو کارە بکرێت، ئەو لەو باوەڕەدایە کە ڕۆژنامەنووسی نووسین (فۆرمێکی ئەدەبییە) لەگەڵ ئەوەشدا پێی خۆشە کە خاوەنی ڕۆژنامەکان ڕازی بکات کەمتر لە زەمینەی تەکنەلۆژیدا سەرمایەگوزاری بکەن، زیاتر خەریکی پەروەردەکردنی کادێر بن.

بونیادی گارسیا مارکیز، بارەگاکەی لە بارانکا[٢]ی کۆلۆمبیایە، بە هاوکاری یۆنسکۆ، لە کەمتر لە دوو ساڵدا بیست و هەشت وۆرکشۆپی بەڕێوەبردووە کە (٣٢٠) ڕۆژنامەنووس لە (١١) وڵاتدا بەشداریان تێیدا کردووە.

بابەتی ئەو وۆرکشۆپانە جۆراوجۆر بووە، لە گوتنەوەی تەکنیکی ریوایی ڕاپۆرتی ڕۆژنامە و گۆڤار، ڕادیۆیی، تەلەفزیۆنی بگرە تا باسەکان لەبارەی ئەخلاق و ئازادی چاپەمەنی، ڕاپۆرت نووسین لە هەلومەرجی ترسناك، ململانێی تەکنەلۆژی نوێ بۆ ئەو پیشەیە، لەو وۆرك شۆپانەدا، پسپۆرانی ناسراو وانە دەڵێنەوە و گوێگرەکانیان نەوەی نوێتری ڕۆژنامەنووسانن، واباشترە تەمەنیان لە ژێر سی ساڵەوە بێت و ڕابردووی کاریان لە سێ ساڵ کەمتر نەبێت. هەر چەندە کە بارەگای ئەو دەزگایە لە کۆلۆمبیایە، بەڵام ئەو وۆرکشۆپانە لە ئەکوادۆر، فەنزوێلا، مەکسیکۆ و

ئیسپانیاش بەڕێوەدەچن. تەوەری مەنهەجی ئەو دەزگایە وۆرکشۆپێکی سێ ڕۆژی گارسیا مارکیزە لەبارەی نووسینی ڕاپۆرتەوە.

وەکو هەواڵنێری ئازادی کە بەزمانی ئینگلیزی لەبارەی ئەمریکای لاتینەوە دەنووسێت، داوام کرد کە لەو وۆرکشۆپەدا بەشداری بکەم و لە پێنجەمین وۆرکشۆپی ئەو ناوم هاتەوە، هێندە تامەزرۆی دیداری مارکیز بووم، کە بەردەوام بۆ هەر کارێك درەنگ ئامادە دەبووم، یەکەمین کەس بووم کە لە مەڵبەندی فەرهەنگی ئیسپانیا لە کارتاخینا ئامادەبووم، ئاپارتمانێکی دوو نهۆمیی نۆژەن کراو و جوان ڕازاوە بە گوڵی بگویناى سور و فوارەیەکی ئاوی لە ناوەڕاستدا هەبوو کە تایبەت بوو بە وڵاتی ئیسپانیا. ژینگەیەکی لەوە گونجاوتر نەبوو، کارتاخیناماڵی گارسیا مارکیزە، زۆربەی کەسایەتی چیرۆکەکانی بەو شەقامە سەنگفەرش و باریکەی مەڵبەندی کۆچبەرنشینی ئەو شارەدا تێپەڕیون. چەند شەقامێك لەوبەرتری مەڵبەندی کلتووری، لە گۆرەپانی کڵێسا، فلورنتینو ئارسا[3]، تێگەیشت کە فرمینا داسا[4] ئیتر وەکو خوێندکار بەڕیوە ناڕوات، سییروا ماریا تودوس لۆسئەنجلۆس[5]، ئەو کچۆڵەیە دوانزەساڵەی کە دوای مردنیش قژی هەر دەهاتەوە، لە دێری سانتا کلارا لەو نزیکانە دەژیا. ماڵی مارکیز دراوسێی چەند دیوارێکە کە کارتاخینایان لە هێرشی دزانی دەریایی ئینگلیز دەپاراست.

ئەو ماڵە هێندە نزیکە بەو دێرەی کە ئێستا بۆتە هوتێلێکی پێنج ئەستێرە، بەشێوەیەك کە میوانانی هوتێل بە ئاسانی ناوماڵی نووسەر دەبینن. یەکێکیان پێی وتم: (شتێکی ناخۆش بوو، دەمتوانی هەموو ڕۆژێك لە کاتی نانخواردنی بەیانیدا مارکیز ببینم، لە کۆتاییدا پەردەکانم دادانەوە).

**دووشەممە هەشتی نیسانی ١٩٩٦**

**نۆی بەیانی**

من یەکێکم لەو دوانزە ڕۆژنامەنووسەی کە بەدەوری مێزە سپییە هێلکەییە گەورەکە دانیشتوون، وەکو فەقێ بەئەدەبەکانی حوجرە ئاینییەکان کە چاوەڕوانی دەسپێکردنی دەرس بکەن، گابریل گارسیا مارکیز دەرگا دەکاتەوە و دێتە ژوورەوە. بەچاوێکی شەیتانییەوە تەماشامان دەکات، وەك بڵێی دەیزانی کە چۆن هەڵچووین. گارسیا مارکیز کە هەموویان بە ناوی گابۆ دەیناسن، سەراپا سپی پۆشیوە، لێرە لە کەناری کارایبی وڵاتی کۆلۆمبیا، پیاوەکان زۆربەیان سەراپا سپی دەپۆشن، تەنانەت پێڵاوەکانشیان هەر سپییە، (بەیانی باش)مان لێ دەکات، بۆ ساتێك ئێمەش لە جێگای خۆمان هەڵدەستین و هەموو پێکەوە لە وەڵامدا پێی بڵێین (بەیانی باش مامۆستا).

لە ژوورەکەدا دوو شوێنی بەتاڵ هەبوو، یەکیان ڕوو بەپەنجەرە و ئەوەی تریش پشت بە دەرگا، گابۆ داوا لە سیزار ڕۆمیرۆی[٦] ڕۆژنامەنووسی مەکسیکی دەکات کە شوێنەکەی خۆی بداتێ، ڕۆمیرۆ لە تەنیشت منەوە دانیشتبوو.

گابۆ دەڵێ: (من فیلمی وسترنم زۆر دیوە. هیچ کات پشت بە دەرگا دانانیشم، لەگەڵ ئەوەشدا، دڵنیام کە لە تۆ زیاتر دوژمنم هەیە.)

سزار ڕۆمیرۆ دەڵێ: (بەسەرچاو، دۆن گابریل)

لە هەمان کات کە گابۆ دێتە ئەوبەرەی مێز، وتووێژی برادەرێکی کوباییم دێتەوە بیر کە تازە لە خوێندنگای فیلم دەرچووبوو، ئەو خوێندگا فیلمەی کە مارکیز

دایمەزراندوە و هەندێ جاریش دەرسی تێدا دەڵێتەوە. خوان کارلۆس دەیگوت: (زۆر خۆشت بۆ دەگوزەرێت. ئەو لە پۆلدا زیاتر سەرنج دەداتە ژنەکان تا پیاوەکان. دەڵی ژنەکان شانسی بۆ دێنن). سەیرێکی مرۆڤەکانی دەوری مێزەکە دەکەم لەو دوانزە کەسە تەنیا من و ئاندریا ڤارلا ٧ ژنین.

گابۆ لەلای چەپی منەوە دادەنیشێت، من تووڕەم و دەستەکانم ئارەقە دەکەن، بە پانتۆڵەکەم وشکیان دەکەمەوە، دەستەکانم بە سنگمەوە دەنووسێنم، ئەو قاچەکانی دەخاتە سەریەك، سەرم دادەخەم و چاو لە زەوی دەکەم، پێڵاوی نوك تیژ و بۆیەکراوی سپیە، سەرم بەرز دەکەمەوە، قایشی کاتژمێرەکەشی هەر سپیە، تەماشایەکی کراسەکەی دەکەم، لەو کراسانەیە کە پیاوەکانی ئەمریکای لاتین زۆر پێیان جوانە، دەیخەنەوە سەر پانتۆڵ، تا سەر ڕان دادەپۆشێت، چوار گیرفان و هەندێ جار نەخشی پێوەیە، ئەم کراسانە بەردەوام دەمخاتەوە بیری باپیرەکانمان، ئەندامانی شورا و موڵکدارەکان - ئەو پیاوانەی کە بەگشتی بۆنی عەتریان لێ دێت، هەندێ جاریش بۆنی شلەی قاپوقاچاغ شتن. کراسەکەی سادەیە، نە بۆنێك نە هیچ شتێکی تر، قوماشەکەی هێندە نەرم و ناسکە تا ڕاددەیەك بەشێکی لەشی تێدا دیارە، پانتۆڵە کرێشە خەتخەتەکەی، لەگەڵ کراسەکەی دژایەتیەکی پێکەنیناوی دوور لە زەین دروست دەکەن.

جانتایەکی چەرمی ڕەش لەسەر مێزەکە دادەنێت، لەو جانتایانەیە کە پیاوان لە دەیەی حەفتاکان بەدەستیانەوە دەگرت، لە کاتێکدا کە چاویلکەی لە چاو کردووە، لیستی ناوی بەشداربووان لە فایلە ڕەشەکەی دەردێنێت، وتارەکانیشمان هەر لەو فایلە دایە، ئەو وتارانەی کە ویستبومان بیدەین بەو خولە، ڕاپۆرتێك بۆ گابۆ کە لەو سێ ڕۆژەدا ڕەخنەی لێ بگرێت و پێیدا بچێتەوە. تەنیا دەنگی بکێشی هەوا دێت،

هیچ کەس تەماشای ئەو ناکات. لەگەڵ ئەوەشدا هەموومان ڕۆژنامەنووسی ماقووڵ و لە شوێنی سەخت و دژوارتر لێرەش بووین. روبین ڤالنسیا [٨] بە تەنیایی لە کالی بۆ ئورا[٩] سەفەری کردووە، توندوتیژترین هەرێمی کۆلۆمبیا کە قاچاخچیەکانی مادە هۆشبەرەکان و پارتیزان و گروپە میلیشیاکان تێیدا خەریکی کوشتن و برینی یەکترن. ویلسون داسا [١٠] بیست ڕۆژ لە مەڵبەندی شاری میدین[١١] لەگەڵ دابەشکەرانی مادە هۆشبەرەکان و لەشفرۆشەکان و ئەندامانی دەستە شەڕانگێزەکان ژیاوە.

سزار رۆمیرۆ ڕاپۆرتی ئامادەکردووە لە ڕاپەڕینی زاپتیست لە چیاپاس. ئەدگار تیلز[١٢] لەبارەی مەسەلەی پەیوەندی سەرۆك سامپر و باندەکانی مادە هۆشبەرەکان لێکۆڵینەوەی دەکرد.

بەڵام لەساڵی **١٩٨٢** کە گابۆ خەڵاتی نۆبڵی وەرگرت، لە نووسەری ڕۆمانی سەد ساڵ تەنیاییەوە بوو بەکەسێکی ناسراو کەسایەتییەکی سیاسی گرنگ. لە ئەمریکای لاتین، بەتایبەتی لە کۆڵۆمبیا و مەکسیك کە زۆربەی کاتەکانی لەوێ بەسەر دەبات، تەنانەت سەرۆك کۆمارەکانیش هێندەی ئەو متمانەیان نییە، لێرەدا ڕۆڵی ئەو تەنیا دەتوانی لەگەڵ ڕۆڵی ئەستێرەکانی فتبۆڵ و شاجوانەکان بەراورد بکەین، خەڵك لە شەقام پێشی دەگرن و واژۆیان لێ دەوێت. تەنانەت کەسانێك کە کتێبەکانیشیان نەخوێندۆتەوە، سەرۆك کۆمارەکان، وەزیرەکان، سیاسەتمەدارەکان، خاوەنی ڕۆژنامەکان، سەرۆکی پارتیزانان، هەموویان ڕاوێژی پێ دەکەن، نامەی بۆ دەنووسن، ئامادەییان دەوێت، هەرشتێك لە هەر بارەیەکەوە بڵێت، دەبێتە مانشێتی ڕۆژنامەکان، ساڵی ڕابردوو گروپێکی پارتیزان لە کۆڵۆمبیا، برای یەکێك لە سەرۆك کۆمارە کۆنەکانیان ڕفاندبوو، داواکاریان ئەوەبوو کە گارسیا مارکیز پۆستی سەرۆك کۆماری وەربگرێت، لە داواکارییەکەیاندا نووسیبویان: (ئەی مرۆڤی

مه‌زن، لێت ده‌پارێینه‌وه وڵاتی باوك ڕزگار بکه.)

بۆ ئێمه‌ی کۆلۆمبیایی، بانگکردنی گارسیا مارکیز به‌ناوی خۆی گابۆ، وه‌کو ئه‌وه‌یه که سه‌رکه‌وتن له خۆمان نزیکتر بکه‌ینه‌وه. وه‌کو خێزانه سه‌ربه‌رزه‌کان متمانه‌ی ئه‌و بکه‌ینه هی خۆمان، له هه‌رێمێکی لێوانلێو له توندوتیژی و هه‌ژاری وقاچاخی ماده هۆشبه‌ره‌کان و گه‌نده‌ڵی، ئه‌و کوڕێکه که مایه‌ی سه‌ربه‌رزی بنه‌ماڵه‌یه- ته‌نانه‌ت بۆ ئه‌وانه‌شی که دۆستایه‌تیه‌که‌ی له‌گه‌ڵ فیدل کاسترۆ په‌سه‌ند ناکه‌ن. له بارانکییا هه‌موو باوه‌ڕیان پێی هه‌یه، بارانکییا شاری زێدی منه، مارکیز له ده‌یه‌ی (١٩٥٠) له‌وێدا کاری کردووه و هه‌ر له‌وێ بوو که هاوسه‌ره‌که‌ی- هاوسه‌ری تاهه‌تایم- ده‌بینێت. له‌وێ ئیتر گابۆش نییه (گابیتۆ)یه- بچوککردنه‌وه‌ی خۆشه‌ویستانه‌یه که دایك و باوکان و هاوسه‌ران و دۆستان، ئازیزانیان پێ بانگ ده‌که‌ن و به‌کاری دێنن.

له‌مه‌راسیمی هه‌ڵبژاردنی شاجوانی ئێمه، ناوه‌که‌ی هێنده‌ی ناوی پاپا باس ده‌کرێت، وه‌ڵامی به‌شداران ئیتر هه‌موو دووباره‌یه: کام نووسه‌رت خۆش ده‌وێت؟ مارکیز، پشتیوانی له کێ ده‌که‌یت؟ باوکم، پاپا و گارسیا مارکیز، حه‌زده‌که‌یت کێ ببینیت؟ پاپا و مارکیز، ئه‌گه‌ر ئه‌و پرسیاره له ڕۆژنامه‌نووسێکی ئه‌مریکای لاتینیش بپرسیت ڕه‌نگه هه‌مان وه‌ڵامی هه‌بێت- به‌بێ ناوی پاپا، بۆ ئێمه‌ی ڕۆژنامه‌نووسی تازه پێگه‌یشتوی ئه‌مریکای لاتین، ئه‌و نموونه‌یه‌که، حه‌ز ده‌که‌ین بڵێین به‌رله‌وه‌ی بووبێته ڕۆماننووس، ڕۆژنامه‌نووس بووه، خۆشی ده‌ڵێت هیچ کات وازی له پیشه‌ی ڕۆژنامه‌نووسی نه‌هێناوه.

گابۆ ناوه‌کانمان له‌سه‌ر لیسته‌که ده‌خوێنێته‌وه شتێکی خۆش- به‌گه‌رمی و خۆشه‌ویستییه‌وه- بۆ هه‌ریه‌کمان زیاد ده‌کات. ڕوبین والتسیا و چه‌ند که‌سێکی

تر بە ناوی مامۆستا بانگی دەکەن، کە بەڕای من لەرادەبەدەر ڕێزدارییە، من لە کاتی قسەکردنم لەبارەی ئەوەوە چەندجار بە گابۆ ناوم برد، بەلاّم بەکارهێنانی ئەو ناوە لەبەردەم خۆی کەمێك جەسورانەیە، لەگەڵ ئەندریا، کە پێشتریش لە وۆرك شۆپەکانیدا بەشداری کردبوو، لە هەموومان نێوانی خۆشترە بەناوی ئاندریتا بانگی دەکات، و بەگاڵتەوە دەڵێت: (زۆربەی کاتت لێرە بەسەر دەبەیت نەك شوێنی کارەکەت، دەمەوێت تەلەفۆن بۆ سەرۆکەکەت بکەم و بڵێم پێخەفەکانیشت بنێرێت بۆ ئێرە). ئاندریا شەرمنە و بەو گاڵتەیەی گابۆ سور هەڵدەگەرێت.

بەتوندی دەرگاکە دەبێتەوە، پیاوێکی گەنج، بە هەناسەبرکێوە کراسێکی شینی لە بەردایە و بەسنگیەوە نووساوە و ڕۆژنامەیەکی لەبن باڵدایە، گەرما و نارێکی مەڵبەندی شاری کارتاخینای لەگەڵ خۆی هێنایە ژوور.

(بەیارمەتیت) داوای لێبوردن دەکات و بەپەلە لە تەنیشت سیزار ڕۆمیرۆ دادەنیشێت.

- تۆ کێی؟

- تادیۆ مارتینز[١٣].

تادیۆ توورەیە و گابۆ ئەوە دەزانێت.

لەسەر لیستەکە دەخوێنێتەوە: (تادیۆ مارتینز، بلاّوکراوەی کارتاخینا. هاوکارانت لێرە- بهێڵە ببینم- لە کاراکاس، بوگوتا، کالی، مدیین، سن خوزە، مکسیکۆ، نیۆیۆرك و میامی هاتوون، بەلاّم تۆ کە هی ئێرەیت، دوایین کەسی کە دێیت.)

هەموو دڵمان بۆی دەسوتێت، بەلاّم گابۆ سەری دەلەقێنێ و پێدەکەنێ.

**دەی بەیانی**

گابۆ باسی کتێبه‌که‌ی ده‌کات له‌باره‌ی سیمۆن بۆلیڤاره‌وه- ئه‌و که‌سه‌ی که له‌یه‌ککاتدا جۆرج واشنگتۆن، تۆماس جفرسن، بنجامین فرانکلین و هه‌موو باووباپیرانمان دامه‌زرێنه‌ری ئێمه‌یه- ئه‌و که‌سه‌ی که پێنج وڵاتی له ژێر ده‌ستی ئیسپانییه‌کان ڕزگار کرد، و خه‌ونی ئه‌مریکای لاتینی یه‌کگرتویی له مێشکدا هه‌بوو.

وڵاتێك له‌و سه‌ره‌وه له کالیفۆرنیا تا ئه‌و خواره له تیرادل فۆگۆ[١٤] (ڕێبه‌ری ئازادیخواز) له وێنه‌کانیدا له‌سه‌ر دیواره‌کانی فه‌رمانگه میرییه‌کان هه‌میشه ئه‌و جلوبه‌رگه سه‌ربازیه بریقه‌داره‌ی له‌به‌ردایه، ئاماده‌یه بۆ شه‌ڕ یان سواربوونی ئه‌سپه سپییه‌که‌ی.

گابۆ ده‌ڵێت: (له ژیاننامه‌کانی بولیڤار هه‌رگیز نه‌گوتراوه که ئه‌و گۆرانی ده‌گوت یان گرفتاری مه‌زاج خراپی بوو.) ده‌ڵێت به‌ڕای ئه‌و خه‌ڵکی جیهان دوو به‌شن (ئه‌وانه‌ی مه‌زاجیان باش کارده‌کات و ئه‌وانه‌شی که کارناکات، مه‌سه‌له‌ی سه‌رچاوه‌ی که‌سایه‌تی ئه‌و زۆر جیاوازه، به‌ڵام مێژوونووسان ئه‌و شتانه ناڵێن، چونکه وا ده‌زانن گرنگی نییه.) نارەزایی گابۆ له وێنه‌ی ده‌ستکردی مێژوونووسان بوو له قاره‌مانه‌که‌ی، ئامانجی ئه‌و بۆ نووسینی (ژه‌نه‌ڕاڵ له سیقه‌دانی خۆیدا) ئاشکرا ده‌کات. له‌سه‌ر ڕووپه‌ڕه‌کانی ئه‌و کتێبه، چیرۆکی که‌سایه‌تیه‌ك نه‌خشێنراوه که کاریگه‌رییه‌کی گرنگی له‌سه‌ر بیرکردنه‌وه‌ی ئه‌و به‌جێهێشتووه. ده‌ڵێ ئه‌و کتێبه‌ی به شێوه‌ی ڕاپۆرت نووسیوه:

(ڕاپۆرت، چیرۆکی ته‌واوه، نۆژه‌ن کردنه‌وه‌ی ته‌واوی ڕووداوه‌کانه، ته‌واوی ورده‌کاری زۆر ورد و گرنگی هه‌یه و بنه‌ما و متمانه و توانای چیرۆك، له (ژه‌نه‌ڕاڵ له‌سیقه‌دانی خۆیدا) هه‌ر ڕاستیه‌کی سه‌لمێنراو، هه‌ر چه‌نده ساده‌ش بێت، ده‌توانێت هه‌موو به‌رهه‌مه‌که به‌هێز بکات، بۆ نموونه من له‌باره‌ی ده‌یه‌می مانگی پێنجی

(١٨٣٠) ئەو شەوەی کە سیمۆن بۆلیڤار لە گواداس[١٥] نووست، گوتومە کە ئەو شەوە مانگ تەواو پڕبوو،- هەمان پڕبوونی مانگ لە سوود وەرگرتن لەو چیرۆکە زۆر ئاسانە. دەمەویست بزانم ئەو شەوە مانگ تەواو پڕ بووە یان نا، هەر بۆ ئەوە تەلەفۆنم بۆ ئەکادیمیای زانستەکان کرد لە مەکسیکۆ و ئەوانیش لێکۆڵینەوەیان کرد، دیارکەوت کە بەڵێ وابوو، ئەگەر نەبوایە منیش مانگی تەواو پڕم لادەبرد، هەر بەو ئاسانییە. ئەو مانگە لەو بەشە وردەیە کە کەس سەرنجی پێنادات، بەڵام ئەگەر لە بابەتێك یان ڕاپۆرتێك شتێکی ناڕاست هەبێت، لەوکاتەدا هەموو شتەکانی تریش ڕاست نین. ئەگەر لە چیرۆك ڕاستییەکی سەلمێنراو هەبێت لەو شێوەی- کە ئەو شەوە لە گواداس مانگ تەواو پڕ بوو- ئەوکاتە خوێنەر هەموو شتەکانی تریش باوەڕ دەکات).

کەسێك لەبارەی تەکنیکەکانی ریوایی لە ڕاپۆرت پرسیار دەکات. گابۆ لە وەڵامدا دەڵێت کە شێوازی (گی تالیس[١٦]، نورمەن میلیر[١٧] و ترومن کاپوت[١٨])ی پێ باشەو کە هەموو ڕۆژنامەنووسیی نوێیان دەسپێکردووە.

(تاکە لایەنی ئەدەبی ڕۆژنامەنووسی نوێ، شێوازە ئەدەبیەکەیەتی، داهێنانی ئەدەبی تا کاتێك ڕێگەپێدراوە کە باوەڕ بکرێت و لەگەڵ ڕاستییە سەلمێنراوەکاندا یەك بگرێتەوە.)

کە ئەوە دەڵێت، پارچەیەکم بیر دەکەوێتەوە کە لەبارەی کاراکاس لە سەردەمی وشکەساڵی زۆر نووسیویەتی، پیاوێك وا ڕاهاتبوو بە ئاوی قۆخ ریش بتاشێ، ڕاستیەك کە حەتمەن باوەڕپێکراو و دەکرێ بسەلمێندرێت. بەڵام بۆنی داهێنانی ئەدەبی دەدات، دەڵێن، گابۆ داهێنەرترە لەوەی کە ڕۆژنامەنووسێکی باش بێت. هەرچییەك بێت، ئەو هەمان ئەو نووسەرەیە کە لە ڕۆمانەکانیدا زۆر بەجیدی

ڕمدیوسی جوانی بە ئاسمانەکاندا هەڵفڕاند و بۆنی سانتیاگۆ ناسر[١٩]، دوای مەرگی تەواوی ئەو، لەسەرانسەری وڵاتدا بڵاوکردەوە.

وەك بڵێی بیری من دەخوێنێتەوە، دەڵێت: (بەشە سەیرەکانی ڕۆمانەکانم هەموویان ڕاستن یان سەرچاوە و بنەمای ڕاستیان هەیە، ژیانی ڕاستەقینە هەمیشە زۆر خۆشتر و سەرنجڕاکێشترە لەوەی کە دەتوانین دایبهێنین) دەڵێ، بەرزبوونەوەی ڕمدیوسی جوانی لە بینینی ژنێك ئیلهامی وەرگرتووە کە بەدەستی کراوەوە بەرەو خۆر چەرچەفی سپی و پاکی لەسەر تەنافەکە هەڵدەخست.(بۆ جولان لە نێوان مەسەلەی جادویی و مەسەلەی سەرسورمان دەبێ ببیتە ڕۆژنامەنووس.)

لەبارەی چیرۆکی ونبوی دەریا[٢٠] دەڵێ، لە ڕاستیدا ئەوکاتەی کە لە بوگوتا ڕاپۆرتێری بڵاوکراوەی ئێل ئسپکتادور[٢١] بوە، ئەوەی وەکو پەراوێز نووسیوە، بڕیاربوو ڕاپۆرتێك لەسەر مەلەوانێك بنووسێت کە لە دەریا ون بووە، بەڵام حەزی لەو شتە نەبوە. (هەموو ڕۆژنامەکان لە بارەیەوە نووسیبوویان)، بەڵام پاشان ڕازی بوو. ئەو کاتانە، لە ساڵەکانی دەیەی (٥٠- وەکو ئەوکاتەی کە ڕۆمانەکانی دیکنز لە ڕۆژنامەکانی لەندەن چاپ دەبوون- پەراوێز نووسین ئامێرێکی ڕەواجداری بازاڕدۆزینەوە بوو. ئەرکی گابۆ ئەوەبوو کە لەگەڵ ئەو مەلەوانە چاوپێکەوتن بکات و بەسەرهاتەکە لە چەند بەشدا چاپ بکات، دوای ئەوەی کە دووبەشی یەکەم چاپ بوو، سەرنووسەری ڕۆژنامە دۆن گیێرمو کانۆ[٢٢] (کە باندەکانی مادە بێهۆشکەرەکان لە ساڵی ١٩٨٦ تیرۆریان کرد) چووە لای.

ـ گوێ بگرە گابریلیتۆ، ئەو شتانەی کە دەینووسی چیرۆکە یا ڕاستە؟

پێم گوت: (ڕۆمانە و ڕاستیشە)

دوای لێی پرسیم: (پێتوایە چەند بەشی ترمان پێ بدەی؟)

گوتم: (دووبەش)

ـ ئەو قسەیە مەکە، فرۆشمان بۆتە سێ هێندە. دەبێ سەدبەش بدەی.

گابۆ دەڵێت: (من چواردەبەشم نووسیوە.)

ـ دەزانی ئەو مەلەوانە چواردە ڕۆژ لە دەریا ون ببوو، بۆیە بڕیارمدا چواردە بەش بنووسم، هەر بەشەو بۆ ڕۆژێك کە لە دەریادا ونبوە.

دووبارە چومەوە لای مەلەوانەکە و هەوڵمدا وردەکاری زۆرتری ڕۆژەکانی لێ دەرکێشم. سەرەتا دەمپرسی کە هەر ڕۆژ چی کردووە، دواتر دەمپرسی کە هەر سات چی کردووە؟ دواتر هەر خولەك، دەمپرسی کۆسەکان چ کات دەهاتن کەی خواردنی دەخوارد؟

**نیوەڕۆ**

نزیکەی کاتی نانخواردنی نیوەڕۆیە، گابۆ سەری سعات ٩ی بەیانی دەستی بەقسەکردن کرد و تائێستاش قسەکانی تەواو نەبووە. زیاتر قسە دەکات تا دەرس بڵێتەوە، چیرۆك دەگێڕێتەوە. سێ سەعات زیاترە کە ئێمە دوانزە کەس لێرە دانیشتوین، شتێکی وا ناڵێین. نانی بەیانیم نەخواردوە، بەڵام هەست بەبرسییەتی ناکەم، ئەو قاوە ناخواتەوە، بەڵام زۆربەمان دەیخۆینەوە.

قاوە لەگەڵ چیرۆکەکانی ئەو زۆر خۆشە.

دەڵێت: (چیرۆکخوانەکان بەم تایبەتمەندیانە لە دایك دەبن، ناکرێت کەسێك بکرێت بە چیرۆکخوان. چیرۆکخوانیی، وەکو گۆرانیبێژیی، شتێکی خودییە. فێر ناکرێت، تەکنیکەکە بەڵێ، دەکرێت ئەو فێربکرێت یان فێربێت، بەڵام توانینی چیرۆکخوانی شتێکە کەسەکە زگماك لەگەڵ خۆیدا لەدایك دەبێت.

بە ئاسانی دەتوانرێت چیرۆکخوانی خراپ لە چیرۆکخوانی باش جیابکرێتەوە، لە

که‌سێك بپرسه دوایین فیلمی که بیینوه بۆت بگێڕێته‌وه.)

(خراپی کاره‌که له‌وه‌دایه که بزانیت چیرۆکخوانی باش نیت و جه‌ساره‌تیشت هه‌بێت پێش بکه‌ویت و خه‌ریکی کارێکی تر بیت.) سزار رۆمیرۆ دواتر ده‌ڵێت له هه‌موو قسه‌کانی گابۆ ئه‌و قسه‌یه‌ی منی زۆر ئازاردا، نموونه‌یه‌ك دێنێته‌وه، که‌مێك دوای ئه‌وه‌ی که خه‌لاتی نۆبڵی به‌ده‌ستهێنا، کاتێ له مه‌درید له هوتێله‌که‌ی ده‌هاته ده‌ره‌وه، ڕۆژنامه‌نووسێکی گه‌نج خۆی گه‌یاندێ و داوای چاوپێکه‌وتنی لێ کرد. گابۆ، که حه‌زی له چاوپێکه‌وتن نییه، ئه‌و کچه‌ی بانگهێشت کرد که ئه‌و رۆژه له‌گه‌ڵ خۆی و خانمه‌که‌ی بێت. (ئه‌و به‌درێژایی ڕۆژ له‌گه‌ڵ ئێمه بوو، شتمان کڕی، هاوسه‌رکه‌م مامه‌ڵه‌ی کرد له‌سه‌ر نرخی شته‌کان، نانی نیوه‌ڕۆمان خوارد، پیاسه‌مان کرد، له‌گه‌ڵمان هات بۆ هه‌موو شوێنێك.) کاتێ گه‌ڕانه‌وه هوتێل و گابۆ ویستی خواحافیزی بکات، ئه‌و خانمه دیسان داوای چاوپێکه‌وتنی کرد. گابۆ ده‌ڵێت: (پێم گوت، ده‌بێ کاره‌که‌ت بگۆڕیت، ئه‌و چیرۆکێکی ته‌واوی له به‌رده‌ست بوو، ڕاپۆرتی ته‌واوی له‌به‌رده‌ستدا هه‌بوو.) له درێژه‌ی قسه‌کانیدا باسی جیاوازی نێوان چاوپێکه‌وتن و ڕاپۆرت ده‌کات. (ئه‌و هه‌ڵه‌یه‌ی که ڕۆژنامه‌نووسان به‌رده‌وام تێی ده‌که‌ون.) له ڕۆژنامه‌نووسی نووسراودا، چاوپێکه‌وتن به‌رده‌وام دیالۆگێکه له نێوان ڕۆژنامه‌نووس و که‌سێ که قسه‌یه‌ك یان بیرێکی هه‌یه له‌باره‌ی شتێکه‌وه. ڕاپۆرت، نۆژه‌ن کردنه‌وه‌ی توێژینه‌وه‌و ڕاستی ڕوداوه‌که‌یه. (ڕێکۆرده‌ر هۆکارێکی ناپاکییه، چونکه مرۆڤ له داو ده‌که‌وێت و وا باوه‌ڕ ده‌کات ڕێکۆرده‌ر بیر ده‌کاته‌وه. له ئه‌نجامدا، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی که دوگمه‌کانی داده‌گرین، چالاکی مێشکمان ڕاده‌گرین، ڕێکۆرده‌ر توتییه‌کی دیجتیاڵییه، گوێی هه‌یه، به‌لام دڵی نییه، ورده‌کارییه‌کان تۆمار ناکات، هه‌ربۆیه ئه‌رکی ئێمه ئه‌وه‌یه که ئه‌ودیوی قسه‌کان ببینن، ئه‌و شته

تێبگەین کە ناگوترێت و پاشان چیرۆکێکی تەواو بنووسین) تەماشای ئەو کۆمەڵە کاغەزە دەکات کە لەبەردەمییەتی- هەمان ئەو وتارانەی ئێمە- و دەڵێ: (نووسین جۆرێکە لە هیپنۆتیزم ئەگەر سەرکەوتوو بێت، نووسەر خوێنەری هیپنۆتیزم کردووە لە هەر شوێنێك نووسەر هەڵەیەك بکات، خوێنەر لە خەوەکە ڕادەپەڕێت و لەو هیپنۆتیزمە دەردەچێت و واز لە خوێندنەوە دێنێت. ئەگەر دارشتنەکە لەنگ بێت، خوێنەر وازتان لێ دێنێت، دەبێ بە نووسینی وردەکاری ناسك، بەتەك تەکی وشەکان خوێنەر لەو هیپنۆتیزمەدا بهێڵینەوە، ئەوە کارێکە کە بەردەوام لە ئەنجامیدا خوێنەر لە قسەو ڕیتم ژەهراوی دەکەیت). تۆزێك دەوەستێت و پاشان بە دەست لە کاغەزەکان دەدات.

(دەبێ بڵێم کە وتارەکانتانم خوێندەوە و تەواوی ئەو ماوەیە بەخەبەربووم.) هەناسەم تەنگ دەبێت. هەندێك پێدەکەنن و ئەوانی تر بە نارەحەتی لەسەر کورسیەکانیان دەجوڵێنەوە.

## یەکی دوای نیوەڕۆ

(بزانین ئەمڕۆ لە ڕۆژنامەکان چ شتێك دەبینین) گابۆ دادێتەوە بۆ ئەوەی ڕۆژنامەکەی تادیۆ مارتینز هەڵگرێت لەسەر مێزەکە، دەپرسێت: (هەواڵێك پەیدادەبێت کە بەدوایدا بچین و ڕاپۆرتی لەسەر بکەین؟) لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامە تەماشا دەکات، بە نارەزاییەوە سەری دەلەقێنێ، دەڵێ (باوەڕ ناکەم. لەگەڵ ئەوەی ئەم ڕۆژنامەیە هی ئەم شارەیە، تەنانەت یەك هەواڵیشی لەسەر کارتاخینا تێدا نییە، تادیۆ بە سەرۆکەکەت بڵێ ڕۆژنامەی ناوخۆ دەبێ هەواڵی ناوخۆی تێدا بێت، تایبەت بێت بە لاپەڕەی یەکەم).

ڕۆژنامەکە هەڵدەداتەوە، لە ژێر لێواندا بۆڵەبۆڵی دێت: (لێرەدا هیچ نییە، با ببینین، لێرە شتێکی لێیە، تەباخی غاز بۆ فرۆشتن، تەباخی نوێ، بەکارنەهێنراو. دەبێ بفرۆشرێت پەیوەندی بە گلوریا بیدویا[٢٣] وە بکەن، تەلەفۆن... ڕەنگە هەواڵێك بێت. بۆ ئەو خەریکە تەباخەکەی دەفرۆشێت، بۆ ئەو تەباخە بەکارنەهێنراوە؟ لەو ڕیکلامە چیمان دەست دەکەوێت لەبارەی ئەو ژنەوە؟ ڕەنگە سەرنجڕاکێش بێت). تۆزێك دەوەستێت، چاوەڕوانە ئێمە تووشی هەڵچوون بین، بەڵام وەك بڵێی هیچ کەس حەز ناکات بزانێت کە ژنێك بۆ تەباخە بەکارنەهاتووەکەی دەفرۆشێت، بە تایبەتیش کە دەتوانین بەردەوام گوێمان لە قسەی گابۆ بێت.

گابۆ لە هەموو شوێنێك هەواڵ دەبینێت. لەماوەی سێ ڕۆژی دواتر، بەردەوام دەڵێت: (ئەوەش ڕاپۆرتێك. هەست دەکەم گابۆ لێوانلێوە لە نووستالۆژی. دڵی بۆ پیشەی ڕۆژنامەنووسی تەنگ بووە). دەڵێت: (ڕۆژنامەنووسی پیشە نییە، گرێیە.)

بەرێکەوت نییە کە کتێبی تازەی، ڕاپۆرتی مرۆڤ ڕفاندنێك، بەرهەمێکی ناچیرۆکە، ئەم کتێبە- لەماوەی ئەو سێ ساڵەی کە درێژەی کێشا بۆ نووسین- ئەو بوارەی بۆ ڕەخساند تا دووبارە ببێتەوە هەواڵنێر. چیرۆکی نۆ ڕفاندنەکەی پابلۆ سکوبار[٢٤]، ڕێبەری تۆڕی ترسناکی مادە هۆشبەرەکانی میدیین، لە نێوان ساڵەکانی ١٩٨٩ تا ١٩٩١ داڕشتبوو. ئەو دەیەویست بەهەر شێوەیەك بێت نەهێڵێت کۆلۆمبیا لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان پەیمانی گێڕانەوە و تەسلیم کردنەوەی تاوانباران مۆر بکات. ئسکۆبار بە پەیڕەوی لە دروشمەکەی خۆی کە (قەبرێك لە کۆلەمبیا باشترە لە ژورێکی زیندان لە ئەمریکا). بە دانانەوەی بۆمب لە ئاپارتمانەکان و کوشتنی پاڵێوراوانی سەرۆکایەتی کۆمار، وەزیران، قازییەکان، بەرێوەبەرانی پۆلیس و دوایین جار ڕفاندنی ٩ کەس کە هەشتیان ڕۆژنامەنووس

بوون، حکومەتەکەی خستە ژێر گوشارەوە.

گابۆ بەڕوونی و بە شێوەیەکی ترسهێنەر شەش مانگ یەخسیریی دەنووسێتەوە- بێسەبری و دڵەڕاوکێ تۆمار دەکات، نەك تەنیا لەلای ڕفێنراوەکان و ئەندامانی خێزانەکەیان، بەڵکو لەلایەن ڕفێنەرەکانیشەوە، ئەندامانی باندی ئسکوبار و بەرپرسانی حکومەت کە سەرگەرمی دانیشتنن. هەڵبەتە بەشێوەیەك گارسیا مارکیز هەندێ سەرچاوەی لەبەردەستدا هەیە، کە ئارەزووی هەر ڕۆژنامەنووسێکە، ئەو توانیویەتی لەگەڵ خێزانەکان و بەرپرسانی حکومەت، لەوانە سێ سەرۆك کۆماری پێشتر دیدار و گفتوگۆ بکات. لەگەڵ ئەو گەنجانەی کە پاسەوان بوون، قسەی کردووە ئەوانەی کە نەشئەی کۆکاین و مادە هۆشبەرەکانن، بە تفەنگەکانی ئامادەی دەستیانەوە مۆسیقای گانز ئاند ڕۆزز[٢٥] یان گوێدەگرت و فیلمی (چەکی مەرگبار[٢٦]) یان چەندین جار تەماشا دەکردەوە- ئەوانەی کە بۆ باندەکان مرۆڤ دەکوژن بۆ ئەوەی یەخچاڵ و بەفرگر بۆ دایکیان بکڕن، کاتێ گابۆ دەستی بە نووسینی ئەو کتێبە کرد، پابلۆ سکوبار مردبوو- هێزەکانی پۆلیس لەساڵی (١٩٩٣) بە گوللە کوشتیان، بەڵام گابۆ پەیوەندی لەگەڵ شەریکەکانی ئەو سوڵتانەی مادە بێهۆشکەرەکان هەبوو، برایانی ئوك[٢٧] ئامادە بوون لە زیندان لەگەڵ گابۆ دابنیشن، پارێزەرانی سکوبار نامە دەستنووسەکانیان نیشاندا. (یەکە یەکەی وردەکاری ئەو کتێبە ڕاستە، ئەو ڕاستیانە، تا ئەو شوێنەی سەلماندنەکەی لە توانای مرۆڤ بووە، سەلمێنراوە. ئەگەر پابلۆ سکوبار نەیتوانیوە ئەو دەقە بخوێنێتەوە، هۆیەکەی ئەوە بوو کە مردبوو، دەزانم ڕازی دەبوو کە لەگەڵم دانیشێت).

گابۆ دەتوانێت لەگەڵ هەمووکەس دابنیشێت، هەر کەسێك بێت، هەربۆیە دڵی بۆ ئەو ڕۆژانە تەنگ دەبێت کە دەیتوانی دەفتەرە بچووکەکەی هەڵگرێت و

بەدوای ئەوەدا بچێت، بۆ نموونە تەباخی بەکارنەهێنراو بۆ نەبەستراوە. (ئێستا ئیدی نووسینی دەقی ڕاپۆرت بۆم زەحمەتە، حەزم دەکرد کە بابەتێك بنووسم لەبارەی لادێیەك کە هەموو نانی شارەکەیان ژەهراوی ببوو، بەڵام دەمزانی ئەگەر بچمە ئەوێ، هەواڵەکان تێکەڵ دەبن و خۆم دەبمە سەرچاوەی هەواڵ) ئاماژە بەو ڕوداوە دەکات کە چەند ساڵێك لەمەوبەر لە دەوروبەری بوگوتا رویدا، هەموو خەڵکی شار ژەهراوی ببوون.

نووسینی ڕاپۆرتی مرۆڤ ڕفاندنێك، جگە لەوەی کە بواری بۆ ڕەخساند کە بگەڕێتەوە بۆ ڕۆژنامەنووسی، ئامانجێکی تریشی پێکا، گابۆ دەڵێت: (دەمەویست بزانم هێشتاش دەتوانم وەکو ڕۆژنامەنووسان بنووسم؟ زەحمەتترین کتێب بوو کە تا ئێستا نووسیبێتم، نووسینی چیرۆك زۆر ئاسانترە، لەوکارەدا زیرەکم و ئەزمونم هەیە، دەستەڵاتم بەسەر هەموو شتەکاندا دەشکێت، بەسەر هەموو شتێکدا زاڵم، بەڵام ئەو کتێبە وەك بڵێی بۆ ڕۆژنامە نووسراوە، من ئەو کتێبەم بەبێ وەسپی ئەدەبی نووسیوە، مەشقێکی بەسود بوو، چونکە بۆم گرنگە کە خۆم دووبارە بکەمەوە، دوای نووسینی سەد ساڵ تەنیایی، ململانێی نووسینی (پاییزی باوکسالار)م خۆم بەسەر خۆمم داسەپاند، دەمتوانی سێ سەد دانە سەدساڵ تەنیایی بنووسم. ڕێگاکەیم دەزانی، بەم شێوەیە بڕیارمدا پایزی باوکسالار بەشێوازێکی تەواو جیاواز بنووسم. پاییزی باوکسالار لە کاتی بڵاوبونەوەی سەرکەوتوو نەبوو، ئەگەر سەد ساڵ تەنیاییەکی ترم نووسیبوایە لەو زیاتر پێشوازی لێ دەکرا. خەندەیەك دەکات و دەڵێت کە یەکێ لە خۆشترین ساتەکانی تەمەنم ئەو ساتە بووکە لە وڵاتە یەکگرتووەکان چاپێکی سەد ساڵ تەنیایی بینیوە کە لە پەراوێزی کتێبەکە بە خۆڵەمێشی نووسرابوو: لە نووسەری (خۆشەویستی سەردەمی کۆلێرا)وە. دەڵێ:

(ئەو ڕستەیە واتای سەرکەوتنی سەد ساڵ تەنیایی دەگەیاند).

(وەکو نووسەر، دەبێ جگە لە خۆمان، بەرگری لەو نووسەرانەش بکەین کە خۆشمان دەوێن. لەوانەیە زۆر بەئاسانی بکەوینە داو و دەست بەلاسایی کردنەوەیان بکەین، بۆ نموونە بە گشتی دەڵێن کە من لاسایی فاکنەرم کردۆتەوە، بەڵام لەسەفەرێکدا کە لەگەڵ مرسیدس و کوڕە بچوکەکەم چوینە باشوری ئەمریکا، ئەو کاتە کە سەروسامانمان تەنیا بیست دۆلار بوو- هەستم کرد زیاتر لە ڕاستیەکەدا نزیك دەبمەوە، تا لە نووسینەکانی ئەو، ئەویش ئەوەبوو کە باشوری ئەمریکا زۆر لە ئاراکاتاکا[٢٨] دەچوو).
ئاراکاتاکا هەمان شارە بچوکەکەی هەرێمی کارائیبی کۆلۆمبیایە کە گابۆ تێیدا لە دایك بووە، نزیکەی دوو سەد میل لە زێدی باپیرەم دورە.

لەوکاتەی کە گابۆ هاتۆتە ژورێ، لە تەنیشت من دانیشت و دەستی بەقسەکردن کرد، هەستم کرد کە ئەیناسم. ئەو چەندین جار گوتویەتی ئەو چیرۆکانە دەنووسێتەوە کە داپیرەی بۆی گێڕاوەنەتەوە. کاتێ کە گوێ بۆ قسەکانی گابۆ شل دەکەم، وەك بڵێی باپیرەم قسەدەکات- خۆزگە باپیرەی منیش دەیتوانی بنووسێت! گابۆ پشت بە کورسیەکەوە دەدات، دەست بە سمێڵە سپییەکەی دادێنێت و ئاگادارمان دەکاتەوە: (ئەگەر لەکاتی نووسیندا بیستنی دەنگی تەلەفۆن خۆشحاڵمان بکات، یان پچڕانی کارەبا دڵخۆشتان بکات، دیارە لەو کارەدا سەرکەوتوو نابین، بەڵام ئەگەر سەرکەوتوو بین لە نووسین، تەلەفۆنیش لێبدا، وەڵامی نادەینەوە، کارەبا بپچڕێت تورە دەبین.) نمونەکەی ئەو بۆ پچڕانی کارەبا بۆ هەندێك کەس ڕەنگە دووربێت لە مێشك، بەڵام ئێمەی ڕۆژنامەنووسانی ئەمریکای لاتین، بەردەوام نیگەرانی پچڕانی کارەبا و لە ناوچوونی نووسراوی سەر کۆمپیوتەرەکەمانین. گابۆ کە یەك جار دەقێکی تەواوی بەم شێوەیە لە دەست داوە، ئێستا خۆی ماتۆڕێکی دروست کردنی کارەبای داناوە.

بەدەنگی بەرزەوە دەست دەکات بە خوێندنەوەی بەشێکی وتارەکانمان، ڕاستکردنەوەیەکی زمانەوانی کورت پێشنیار دەکات. هەندێك لە ڕستەکان زۆر درێژن، گابۆ لە کاتی خوێندنەوەیاندا وا نیشان دەدات کە هەناسەی تەنگ بووە. دەڵێت: (دەبێ (کۆما)ی هەناسەوەرگرتن بەکاربهێنین، ئەگەرنا هیپنۆتیزمەکەمان ڕاست دەرناچێت، لەبیرتان نەچێت لە هەر شوێنێك هەڵەیەك هەبێت، خوێنەر بەئاگا دێت و هەڵدێت، یەکێك لەو شتانەی کە خوێنەر لەو هیپنۆتیزمە دەردەکات، هەناسەتەنگییە.)

تەواوی ئەو بەیانییە گوێمان بۆ قسەکانی گابۆ شل کردوە کە دەرسەکانی لە قاڵبی چیرۆك دەڵێتەوە. تێگەیشتین کە کاری ئێمە ئەوەیە کە دانیشین و چێژ لە قسەکانی وەرگرین- وەك بڵێی یەك سعات لە هەناسەدانی خێرا بین، یان لە کافتریایەکی نزیك خەریکی خواردنەوە بین. (دەزانم ناتوانین فێری ڕۆژنامەنووسیتان بکەین، دەبێ لەگەڵیا بژین، بەڵام دەتوانم هەندێك لە ئەزموونەکانم بگوێزمەوە بۆ ئێوە، هیچ تیۆرێك نییە، ڕاستی تیۆری نییە، ڕاستی دەگێڕدرێتەوە. دەبێ هەر لە گێڕانەوە فێر بین.)

**دوای نانخواردنی نیوەڕۆ**

**ژوورەکە هێندە ڕوناکی کەم بوو، ساتێك دواتر چاوەکانمان ڕاهاتن، ڕوبەری ژوورەکە وابزانم ٢*٣ بوو، یەك پەنجەرەی هەبوو ئەویش بە تەختە گرتبوویان. دوو پیاو لەسەر دۆشەگێکی یەك نەفەری لەسەر زەوی دانیشتبوون، وەکو پیاوانیماڵی یەکەم ماسکیان بە ڕووەوە بوو، تەماشای تەلەفزیۆنیان دەکرد، هەموو شتێك دڵگیر و هەژێنەر بوو، لە گۆشەیەك لە لای چەپی دەرگا، لەسەر تەختێکی**

**باریك بە شیشی ئاسنینەوە، ژنێك لە جۆری خەیاڵ دانیشتبوو، بە قژە هەڵبزرکاوە سپییەکەیەوە، چاوی ئەبڵەق و پێستی بە ئێسکەکانی دەموچاویەوە نووسابوو، هیچ نەجولاّیەوە کە وا نیشان بدات ئاگادارە ئەوانە هاتنە ژووری، نە چاوی داخست، نە هەناسەی دا، هیچ، تەنانەت مردوش هێندە بێ هەست نایەتە بەرچاو، ماروجا کە ئەوی ناسی، ناچاربوو هەوڵ بدات تا زاڵ بێت بەسەر ئەبڵەق بوونیدا.**

گابۆ خەریکە بەشێك لە (راپۆرتی مرۆڤ ڕفاندنێك) دەخوێنێتەوە. حەز دەکەم خۆم بدەمە دەست وشەکانی، بەلاّم ناتوانم چاو لە پێلاّوە سپییەکانی هەڵگرم، چاوەکانم دادەخەم و خۆم بەنوکی پێلاّوەکەی دەسپێرم.

شەو، بێدەنگییەکی ڕەها و توند بوو، تەنیا دەنگی کەڵەشێرێکی شێت ئەو بێدەنگییە دەشڵەقێنێت کە کاتی بانگدانیشی نییە، هەرکاتێك حەزی دەکرد بانگی دەدا. دەنگی سەگوەڕی ئەو دەوروبەرە دەبیسترا کە دەنگی یەکێکیان لە دەنگی سەگی پەروەردەکراو دەچوو بۆ پاسەوانی، زۆر نزیك بوو. ماروجا تەندروستی باش نەبوو، خۆی کۆکردەوە لەسەر دۆشەگەکە، چاوەکانی داخست و تا چەند ڕۆژێك نەیکردنەوە، مەگەر ناچار بوایە، هەوڵی دەدا چۆڵی دروست بکات، بۆ چڕکردنەوە مێشکی پێویستی پێی هەبوو. نەك ئەوەی کە هەشت سەعات دوای یەك خەوتبێت، نیو سەعات گورگەخەوی دەکرد و دووبارە چاوی لەو ڕاستیەدا دەکردەوە، هەمان ئازار لە بۆسەدا بوو بۆی، بەردەوام دەترسا، هەستی فیزیکی و بەردەوامبوونی شتێکی ناخۆش، پێچان ئامادەی تەقینەوە دەبووە ئازارێکی زۆر لە گەدەیدا. ماروجا، لە هەوڵدان بۆ بەدەستخستنی بیرەوری باش، فیلمی تەواوی ژیانی دێنێتەوە بەرچاوی خۆی، بەلاّم بیرەوەری ناخۆش بەردەوام خۆی تێ هەڵدەقورتێنێت.

گابۆ هەموو بەشەکە دەخوێنێتەوە هەست بە بێچارەیی مارینا مونتوێا ٢٩

دەکەم، ئەو کاتەی کە بلوز و تراکسودی پەمەیی و گۆرەوییە پیاوانە قاوەییەکەی دەپۆشی، ماڵئاوایی لە دوو هاوژوورەکانی دەکرد. دەگوێزرێمەوە ژورێکی بچوك کە تێیدا پاسەوانەکان بە مارینا دەڵێن کە بڕیارە ئازاد بکرێت، بەڵام هەموو دەزانن کە ئەو پێڵاوە پاژنە بەرزانە بەرەو مردنی دەبەن.

ـ تێڕوانینێك هەیە؟ شتێك هەیە دەبێ بیگۆڕم؟

هیچ کەسێك تەنانەت یەك وشەش ناڵێت.

بەشانازییەوە دەڵێت: (ئەوە دەرەنجامی سێ ساڵ توێژینەوەیە. لێکۆڵینەوەیەکی گرنگ بوو، هەر ڕاستیەك کە دەکرا بسەلمێنرێت سەلمێنرا، من ڕێزێکی زۆرم هەیە بۆ بەردەستی لێکۆڵینەوەکەم لەو کتێبەدا). گابۆ خەریکە قسەدەکات، بەڵام سەرم هێشتا قورسە. هێشتا لە هیپنۆتیزمەکە بەئاگا نەهاتووم. هەست دەکەم دەبوورێمەوە، هێشتا لاشەی مارینا بەو جلە پەمەییەوە دەبینم کە بەسەر گیایەکەی ناوەڕاستی تەنیا شەقامی فرۆکەخانەی (بۆگۆتا) کەوتووە، هەر ئەو شەقامەی کە بەردەوام بەوێدا ڕەت دەبم کە دەچمە سەردانی باوك و دایکم.

دەڵێ: (ئامۆژگاری من ئەوەیە سەرەتا، دەسپێکردن و کۆتاییەکەی بنووسین، بە ڕوداوێکی پێکەنیناوی دەستپێبکەیت و بە کۆتایی پڕ دەنگدانەوە تەواوی بکەیت، دوایی نێوانەکانیان پڕبکەیتەوە. دەبێ لە دەوری چیرۆکەکەتان وەکو مێگەل پەرژین بکەیت، ئەگەرنا لێکۆڵینەوەکە تەواو نابێت و کۆتایی نابێت، ڕەنگە بۆ هەر لایەك پەلکێشت بکات، دەبێ چیرۆکە کۆ بکەیتەوە، دەبێ فێربن کە چۆن بازنەی زانیارەکان دابخەن، وردەکاری کلیلی کارە، لە گێڕانەوەدا دەبێ بەلایەنێکەوە بنووسێیت، ئەگەرنا نقوم دەبیت، تەنانەت سێرڤانتس ولاخێکی ون کرد، ئێمە دەبێ ئاگامان لێ بێت و تابتوانین کەمتر ولاخ ون بکەین).

یەکێك لە گرفتە گەورەکانی نووسین، نیگەرانی لە ڕادەبەدەرە، ئەوە خەونی نووسەرە کە بتوانێت هەر بەو شێوەیەی قسەدەکات بنووسێت، بەڵام ئەوکارە پراکتیکی نییە، کاتێ کە هەوڵ دەدەین، دەبینین چەند زەحمەتە. لە مەکسیکۆ ڕاهاتبووم کە پەنجەرەکان بکەمەوە تا دەنگی باڵندە و باران ببیستم، و ئەو دەنگانە بهێنمە ناو ئەو دەقەی کەکارم لەسەر دەکرد، نەك لەوە زیاتر. ئەوە شێتایەتی ڕۆماننووسە، تەنیا لە شوێنێکی تایبەت و بەشێوەی تایبەت دەتوانێت بنووسێت. من ئێستا دەتوانم لە هەموو شوێنێکدا بنووسم، وەکو ئەوکاتەی کە پەیامنێر بووم. کۆمپیوتەرەکەم لە هەر ژورێکی ئوتێل دەخەمە سەر کارەبا، بەڵام ڕاهاتوم بەنووسینی لاپەڕەی درێژ، هەمووشتێك لە کۆمپیوتەرەکەم دەپارێزم و دواتر یەکسەر دەیگوێزمەوە سەر سیدیەك هەر بەشێك بۆخۆی دۆسێیەکی هەیە.

باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە ڕاهاتوە بە نووسین لەسەر لاپەڕەی کۆمپیوتەرێك کە وەکو لاپەڕەی کاغەزە، بەڵام دروستکردنی ئەو کۆمپیوتەرانە ئیتر وەستاوە، دەڵێت: (هەر چەند دانەم لەوانە دەستبکەوێت دەیکڕم. یانزە دانەم هەیە. بە بڕوای من هەر شتێك کە کارمان ئاسانتر دەکات دەبێ بیکڕین. کۆمپیوتەر پێویستیەکی زۆر زۆر باشە. دەتوانم ئەوە بسەلمێنم نووسینی کۆمپیوتەریم بە (خۆشەویستی سەردەمی کۆلێرا) دەستپێکرد، لە یەك لاپەڕە لە ڕۆژدا گەیشتمە دە لاپەڕە لە ڕۆژێکدا، و لە هەر حەوت ساڵ یەك کتێب گەیشتمە هەر سێ ساڵ یەك کتێب، بەم شێوەیە نووسین بەردەوام سەختە. دەسپێکردنی نووسین لەسەر لاپەڕەی سپی بەردەوام دڵەڕاوکێ دروست دەکات، هەمیشە نیگەرانی ئەوەی کە چۆن دەردەچێت. بۆرخیس گوتەنی: کام دەست لەپشت ئەو دەستەیە کە داشەکانی شەترەنج دەجولێنێت؟)

پێمان دەڵێت کە دەزانێت خراپترین سات بۆ نووسەر یان ڕۆژنامەنووس ئەو

ساته‌یه که ڕووبه‌ڕووی لاپه‌ڕه‌ی سپی ده‌بێته‌وه و ئامۆژگاریمان پێ ده‌ڵێت که به‌ڕای خۆی یه‌کێك له باشترین ئامۆژگارییه‌کانی بووه، بابه‌تێکه که ئیرنێست هێمنگوای له ساڵی ١٩٥٨ به پاریس ڕیڤیوی گوتووه: (ئه‌و شته‌ی نووسیوتانه ده‌یخوێننه‌وه و هه‌ر له هه‌مان شوێن درێژه ده‌ده‌یت، چونکه کاره‌که ده‌وه‌ستێنی، هه‌میشه ده‌زانیت له قۆناغی ئه‌وکاته بڕیاره چی ڕوویدات. تا ئه‌وکاته ده‌نووسیت که شتێکت له هه‌گبه‌دا هه‌یه، دوایی واز له نووسین دێنیت و هه‌وڵ ده‌ده‌یت که به‌یانی دووباره درێژه به‌کاره‌که بده‌یته‌وه.)

گابۆ ده‌ڵێت: (من له هه‌شت و نیوی به‌یانی تا نزیکه‌ی دوو و سێی دوای نیوه‌ڕۆ ده‌نووسم. ئه‌م ساڵانه‌ی دوایی توشی پشت ئێشه بووم ئه‌وه‌نده‌ی له‌سه‌ر کورسی دابنیشم. بۆیه هه‌موو ڕۆژێك یاری تێنس ده‌که‌م. هه‌ندێ جار که کارم ته‌واو ده‌بێت پشت ئێشه‌م هێنده زۆره که ته‌نیا ده‌توانم خۆم بخه‌مه سه‌ر زه‌وی.) چه‌ند خوله‌کێك ماوه بۆ سه‌عات ٧، ته‌ماشایه‌کی کاتژمێره سپییه‌که‌ی ده‌کات. ده‌ڵێت: (بڕیار نییه ئێوه یاری تێنسه‌که‌م له ده‌ست بده‌ن) له شوێنی خۆی هه‌ڵده‌ستێت و ده‌چێته ده‌ره‌وه.

## سێشه‌مه، نۆی نیسان

### نۆی به‌یانی

نزیکه‌ی په‌نجا ساڵ له‌مه‌وبه‌ر له ڕۆژێکی وه‌ك ئه‌مڕۆدا، گابۆ یه‌که‌مین ئامێری چاپی خۆی له ده‌ستدا- هه‌ر ئه‌و ئامێره‌ی که یه‌که‌مین چیرۆکی بڵاوکراوه‌ی، (ته‌سلیمی سێی[٣٠])ی پێ چاپکرابوو- ئه‌وکاته خوێندکارێکی غه‌مگین بوو، له یه‌کێك له به‌شه ناوخۆییه هه‌رزانه‌کانی مه‌ڵبه‌ندی شاری بۆگۆتا ده‌ژیا، غه‌ریبی

گەرمای قەراغ کارائیبی دەکرد. زۆر بەکەمی لە دەرسەکاندا ئامادە دەبوو، بنەماڵەکەی دەیانەویست کۆلێژی ماف تەواو بکا، بەڵام ئەو هیچ کات حەزی لەو بەشە نەبوو، نیوەڕۆی ڕۆژی نۆیەمی نیسانی ١٩٤٨، گابۆ دەیەویست لە پشت مێز دانیشێت بۆ ئەوەی نانی نیوەڕۆ بخوات، بیستی خۆرخە ئلیسیر گاتیان[٣١] یەکێك لە پاڵێوراوانی گەنج و خۆشەویستی سەرۆك کۆماری کە پێکهاتەی سیاسی میلی کۆڵۆمبیای لەرزاندبوو، بە گوللە کوژرا.

گابۆ بۆمان دەگێڕێتەوەو دەڵێت کاتێ کە گەیشتمە گۆڕەپانەکە (خەڵك دەسرەکانیان دەختستە ناو خوێنی گایتان) شەقامەکانی بۆگۆتا لە ئاگردا دەسوتان و ئامێرە چاپەکەی گابۆش لەو سوتانەدا لەناوچوو. کۆلۆمبیا ئیفلیج ببوو. زانکۆکان داخران، چەند مانگێك دوای ئەوە، گابۆ لە نۆزدە ساڵی ژیانی پیشەیی خۆی لێرە لە کارتاخینا وەکو ڕۆژنامەنووس، بە نووسینی سەروتار دەسپێکرد.

(ڕۆژێك خەریکی پیاسەکردن بووم و سابالا[٣٢]، سەرنووسەری ئیل یونیڤرسال[٣٣]، لە هەوای ئازاددا، لە گۆڕەپان لەپشت ئامێرە چاپەکەی دانیشتبوو پێم دەڵێ: من تۆ دەناسم. دەڵێ: (تۆ هەر ئەو کەسەی کە کورتە چیرۆکت لە ئسپکتادور دەنووسی، وەرە دانیشە و یارمەتیم بدە بۆ نووسینی ئەم سەروتارە). من شتێکم نووسی. سابالا بە قەڵەمە دارەکەی هەندێ شتی خەت لێدا و کوژاندیەوە، دوای ئەوە وتارێکی ترم نووسی دیسان تەنیا چەند ڕستەیەکی کەمی کوژاندەوە. ڕۆژی سێیەم ئیتر بێ کوژاندنەوە و ڕاستکردنەوە دەمنووسی. ببوم بە ڕۆژنامەنووس.)

گابۆ ئەمڕۆ لە تەنیشت مندا دانیشتوە، ئیتر کراسی سپی لەبەردا نییە، کراسێکی ئاوریشمی پیرۆزەیی قۆڵ کورتی پۆشیوە. پێڵاوەکانی هەر سپین، هەست دەکەم لێی دوورم، بەڵام چیرۆکەکانی ئێستاش پەلکێشم دەکەن. دەڵێت: (چل وسێ ساڵ تەمەنم

بوو که کاسبیم بوو به نووسین، له ١٩٧٠ بیست و پێنج ساڵ دوای بڵاوبوونه‌وه‌ی یه‌که‌مین چیرۆکم، یه‌که‌مین خانووم کڕی، هه‌ر ئه‌وه‌ی که له کویرناباکا[٣٤] یه. ئه‌وکاته حسابم کردبوو که ئه‌گه‌ر بمه‌وێت کوڕه‌کانم ببه‌مه سینه‌ما، ده‌بێ دوانزه لاپه‌ڕه بنووسم، بۆ ئه‌وه‌ش که چلوره‌یان بۆ بکڕم ده‌بوایه بیست لاپه‌ڕه‌م بنووسیبا.

که له پاریس ده‌ژیام، کاتێکی دیارم نه‌بوو بۆ نووسین و زۆربه‌ی شه‌وان ده‌منووسی. به درێژایی ڕۆژ ناچار له‌بیری پڕکردنی سکم بووم. ئێستا ده‌زانم که نووسین به‌درێژایی ڕۆژ، به کۆمپیوته‌ر، به‌سکی تێر و ئامێری هه‌واگۆڕکێ زۆر باشتره.)

کاتی پشوودان

خائیمه ئابییو[٣٥]، به‌ڕێوه‌به‌ری ده‌زگا، وێنه‌گرێکی هێناوه و هه‌موومان کۆده‌کاته‌وه بۆ وێنه‌ی یادگاری، ئه‌و ده‌زگایه بڕوانامه نادات، گابۆ گوتویه‌تی: (ژیان له ڕێڕه‌وی ڕاسته‌قینه‌ی خۆی، وه‌دیاریده‌خات کێ توانای هه‌یه و کێ توانای نییه) خائیمه ده‌ڵێت: (لانی که‌م ده‌توانن یادگاری له‌گه‌ڵ خۆتان ببه‌نه‌وه، وه‌رن له‌سه‌ر پلیکانه‌کان دانیشن.)

گابۆ به‌ڕازیبوونه‌وه له ناوه‌ڕاست داده‌نیشێت، وێنه‌گری ئێل یونڤێرسال پێمان ده‌ڵێت ته‌ماشای کامیرا بکه‌ن و خه‌نده له‌سه‌ر لێوانتان بێت. خانمێك که به‌ڕێوه‌به‌ری کارگێڕی ده‌زگایه هاوار ده‌کات: (په‌له‌مه‌که‌ن، منیش ده‌مه‌وێت له‌گه‌ڵ گابۆ وێنه بگرم.) له نێوانمان ڕه‌ت ده‌بێت و له ته‌نیشت گابۆ داده‌نیشێت.

**یه‌کی دوای نیوه‌ڕۆ**

مەسەلەیەك نەبوو بتوانین خۆمانی لیّ لابدەین، مەسەلەی فیدل کاسترۆ دەبووایە باس بکریّت، ئیّمە، یان باشتر بڵیّم من، چاوەڕوانی هەلیّکی گونجاو بووم. گابۆ دەیەویّت لەبارەی ئەخلاقیاتەوە قسە بکات: ئایا ڕۆژنامەنووس دەتوانیّت بەڵگەیەك بخویّنیّتەوە کە کەس چاودیّری نەکات، بەڵگەیەك کە ڕەنگە هەواڵیّکی گەرم بیّت؟

ئەو پرسیارە هەلم پیّ دەبەخشیّت. دەڵیّ: (من ئەزمونیّکی وام هەیە) لە ساڵی ١٩٩١ لە ڕیّوڕەسمی کردنەوەی یەکەمین کۆبۆنەوەی سەرۆکانی کۆماری ئیبرۆ- ئەمریکی لە گوادالاخارا[٣٦] بەشداریم کردبوو. بە کاسترۆیان گوتبوو کە هەموو لیّپرسراوانی بەرز دەبیّ وتەکەیان لە حەوت خولەك پوخت بکەنەوە، هەموو بەنیگەرانییەوە چاوەڕوانی وتەی کاسترۆ بوون، چونکە ئەو بە خویّندنەوەی وتارە دریّژەکانی بەناوبانگ بوو. دەیانەویست بزانن ئایا کاسترۆ کە لە ساڵی ١٩٥٩، لە ڕۆژی دوای سەرکەوتنی شۆرش، حەوت سەعات بەبیّ نووسین قسەی کرد، وەکو بڕیارەکە ڕەفتار دەکات یان نا. ئەو ڕیّك هەر ئەو حەوت خولەکە قسەی کرد. سەرۆك بالاّگر لە کۆماری دۆمینکین چل و پیّنج خولەك قسەی کرد.

لەکاتی پشوودان، کۆمەڵیّك لە ڕۆژنامەنووسان، لەوانە من، لە دەوری فیدل کۆببوینەوە. لە نزیکەوە هەیبەتی زۆرترە، تەنانەت ئەگەر جلە سەربازییەکانیشی سپی بووبیّتەوە و یەخەی کراسەکەی تەنك بووبیّت. لە هۆڵەکە دەهاتە دەرەوە، خەڵکەکەش بەدوایدا دەڕۆیشتن، وەك بڵیّی ئەو شتەی پیّخۆش بوو.

ڕۆژنامەنووسیّك هاوار دەکات: (هاوڕیّ فەرماندە، من لە گروپی ڤیّنسیرمۆس[٣٧] قامیش شەکرمان دەبڕی.) ئەو دەوەستیّت و بە دوای خاوەنی دەنگەکەدا دەگەڕیّت .. لەکویّ؟

ژنیّك لەسەر سەری خەڵکەکەوە ویّنەیەکی ڕەش و سپی بەرەولای دریّژ دەکات-

وێنەی دووکەسی ئەوان لە تەنیشت یەکتر کەهی ئەوکاتە بوو کە فیدل لەوێ ریشی هێشتا ڕەش بوو.(هاورێ فەرماندە، دەکرێ ئیمزای بکەن؟)

کەسێکی تر هاوار دەکات: (قسەکردن تەنیا بۆ ماوەی حەوت خولەك کارێکی زەحمەت بوو؟)

فیدل دەڵێت: (فێڵیان لێکردم، گوتیان ئەگەر پتر لە حەوت خولەك قسە بکەیت، هەموو زەنگەکانی گوادالاخارا لێدەدرێن.)

پارچە کاغەزێکی کۆکراوەی گەچراو سەرنجی ڕاکێشابووم، لەتەنیشت دەفتەرە یاداشتە زەردەکەی ئەو لە شوێنەکەی کەوتبوو. لەوکاتەی کە خەڵکەکە لەگەڵی لە هۆڵ دەچوونە دەرەوە، خۆم گەیاندە لای کورسیەکە و کاغەزە گەچراوەکەم هەڵگرتەوە، کە کردمەوە، دەستخەتە وردو ناخۆشەکەیم خوێندەوە: ماوەی چەند قسەم کردووە؟ فیدل لەسەر یاداشتێکی گەورەتر ناوی سەرۆك کۆمارەکانی نووسیبوو و ماوەی قسە کردنەکانیشیان بە چرکەوە کە هەر کامیان چەند قسەی کردووە.

یادداشتەکەم لە جێی خۆی دانایەوە و ڕۆیشتم. لەوکاتەوە تائێستاش لەو کارەم پەشیمانم.

گابۆ دەڵێت: (ئەگەر من بوومایە، حەتمەن هەڵمدەگرت. باوەڕبکە ئەگەر بۆی گرنگ بوایە، هەرگیز لەوێدا بەجێی نەدەهێشت. بەڵێ، بەیادگاری لای خۆمم دەهێشتەوە.)

هەرئەوەی کە ئارەزووم دەکرد، گابۆ لەبارەی کاسترۆوە دەست بەقسەکردن دەکات. لەبارەی کوبا بەڕاشکاوی، بە هەست و سۆزەوە باسی دەکات، وەکو خوێندکارێك کە پۆستەرێکی گیڤارای لە ژوورەکەی هەڵواسیبێت، بەڵام کاتێ کە باسی فیدل دەکات هەوڵ دەدات بابەتێکی نێگەتیڤ، ئاشکراکردنی شتێك یان تەنانەت ڕوونکردنەوەش

باس نەکات. (من لەبارەی فیدل زیاتر لە ڕووی خۆشەویستی و ئیحساساتەوە قسەدەکەم تاوەکو دادوەری، لەم دنیایەدا ئەو کەسێکە کە زۆر خۆشم دەوێت.)
یەکێك دەڵێت: (دیکتاتۆرە.)
ـ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن تەنیا ڕێگایە بەرەو دیموکراسی.
ڕۆژنامەنووسە ئەمریکاییی گروپەکە لایەنگری دەکات. گابۆ دەمی دەکاتەوە کە وەڵام بداتەوە، بەڵام هەست دەکات ئێمە یاداشت دەنووسین. شێوازی گوتنەکەی سارد دەبێتەوە: (ئێمە لێرە چاوپێکەوتن ناکەین، ئەگەر بمەوێت لەبارەی کاسترۆ بیروڕا بدەم، خۆم دەینووسم و دڵنیابیت کە زۆرباشتر دەتوانم، دەری ببڕم.)
ڕەنگە لە کەمە تووڕەبوونەکەی لە ئێمە هەست بە جۆرە گوناهێك بکات، چونکە باسی بابەتێك دەکات کە لەبارەی فیدلەوە نووسراوە. ئەوم دایەدەست کە بیخوێنێتەوە، نووسینەکەم ڕەخنەگرانە بوو، لەبارەی ئازادی چاپەمەنی قسەم کردبوو، بەڵام ئەو لەوبارەیەوە هیچی نەگوت. شتێك لەوتارەکەی مندا وابزانم تووڕەی کردبوو ئەوەبوو کە گوتبووم ئەو ڕۆژێك دوای خوانی نیوەڕۆ هەژدە قاپ دۆندرمەی خواردوە. چەندجار لە منی پرسی: (بەڕاستی هەژدە قاپ دۆندرمەم خواردوە؟)

دوای نانخواردنی نیوەڕۆ

گابۆ ڕووی قسەکردنی لە ڕۆبن والتسیایە: (باسی سەفەرت بۆ چیگۆرۆ[د ٣٨] بکە.) چیگۆرۆدۆ لادێیەکە لە نزیکی ئورابا، ترسناکترین هەرێمی کۆڵۆمبیا، قسەکردن لە توندوتیژترین وڵاتی جیهان مانای ئەوە دەگەیەنێت کە هەرێمێکی زۆر زۆر ترسناکە. کەنداوی ئورابا لە کەناری خۆرئاوای کۆڵۆمبیا پێکهاتەیەکی تێکەڵی

جوگرافیاییە، بەپیتترین خاکی وڵاتە؟ شوێنی هاتنە ژوورەوەی چەك و دەرچوونی مادە بێهۆشکەرەکان؟ جوتیاری هەژار و موڵکداری دەوڵەمەندی هەیە، گروپە پارتیزانەکان، هێزە سەربازییەکان، دەستەی مەرگیان هەیە، ساڵی رابردوو لەوێدا هەزار کەس لە ئەنجامی توندوتیژیە سیاسیەکان کوژران. بە گوێرەی راپۆرتی یەکێك لە رۆژنامەکان، بکوژێکی تەمەن بیست ساڵە، تائێستا هەشتا و سێ کەسی کوشتوە. لە ئابی ١٩٩٥، هەژدەکەس لە هۆڵێکی سەما کوژران. ئەو جۆرە کوشتن و کوشتارانە لەوێدا زۆر رودەدات.

روبین دوایین کەسە کە پێموابوو بچێتە چیگۆرۆدۆ. پیاوێکی گەنج و ئێسك دیارە، چاویلکەیەکی چوارگۆشەیی لەچاودایە کە بۆ دەموچاوی گەورەیە، شوشەی چاویلکەکەی هێندە ئەستورە کە چاوەکانی بچووك دیارن، دەڵێ: (چوومە ئەوێ تا لەبارەی کاریگەری توندوتیژی لەسەر خەڵکی هەرێمەکە بنووسم، و رووی مرۆیی ئەو چیرۆکە بدۆزمەوە.)

نووسینی ئەو لەو زەمینەدا، هەمان ئەو وتارەیە کە بە وۆرك شۆپەکەی داوە، لەلای گابۆیە، دەڵێت: (بۆمان بگێرەوە لە یەکەم ساتی کە چویتە ئەوێ چی رویدا؟ یەکەمین کەس قسەت لەگەڵ کێ کرد؟)

(شار کەسی تێدا نەبوو، مامۆستا. کورە هەرزەکارێکی دوانزە ساڵەم دۆزیەوە و لەوم پرسی ئەو هۆڵەی سەما پێ دەزانێت یان نا، ئەویش منی بردە ئەوێ. دوای کوشتارەکە خەڵك بە دەستە هەڵاتبوون و کۆچیان کردبوو، جوتیارەکانیش لە ترسان هەڵاتبوون.) والنسیا بۆمان دەگێرێتەوە کە لەو شارەدا بەدوای کەسێکدا گەراوە تا قسەی لەگەڵ بکات، بەڵام جگە لە ترس و بێدەنگی هیچی نەدۆزیوەتەوە.

ژنێك بەسواری ماتۆرێکەوە لە بەردەمیا دەوەستێت و پێشنیار دەکات کە بیباتە

ئاپاراتادۆ[٣٩]، نزیکەی نیو میل لە ژێرباراندا بەرەو ئەو شوێنە ڕویشتوون کە ڕەنگە هەندێك زانیاری زیاتر بەدەست بهێنێت، لە ئۆتێلی لاس مولاس[٤٠] دادەبەزێت. لە ڕۆژی سێیەم کەسێك لە کافتریای هۆتێل چاوەڕوانی ئەوە.

کەسێکی نامۆ لێی دەپرسێت: (تۆ ئەو کەسەی کە لەبارەی کوشتن و کوشتارەکە توێژینەوە دەکەیت؟ وەرە بابچین شتێك بخۆینەوە، وابزانم پێت ناخۆش نییە قسەم لەگەڵ بکەیت.)

والنسیا لە وەڵامدا دەڵێت: (داوای لێبوردن دەکەم درەنگە، من دوای تاریکبوونی هەوا ناچمە دەرەوە، حەزدەکەیت بێیتە ژوورەکەم؟)

کە دێتە ژوورەکەی کابرا دەپرسێت... چی تێگەیشتوی؟ دەتەوێت چی بزانی؟

- من ڕۆژنامەنووسم، هەوڵ دەدەم ڕووی مرۆیی ئەو شەڕانە بدۆزمەوە.
- بەڕاستی؟

دواتر والسنیا لێی دەپرسێت: (تۆ کێی؟)

پیاوەکە دەڵێت: (من فریشتەم.)

- چ جۆرە فریشتەیەك؟
- فریشتەیەك بەباڵێکی ڕەش و باڵێکی سپی.
- بڕیارە بەکام باڵ لەگەڵ من قسە بکەیت؟
- پەیوەندی هەیە!
- بەچی؟

والنسیا کە قسە دەکات هەموومان بێدەنگین و پەلکێشی چیرۆکەکەی بووین، ئیرەیی پێ دەبەم، داستانێکی باشە!

گابۆ وتارەکە بەرز دەکاتەوەو دەڵێت: (بەڵام ئەمە ئەوە نییە کە من لێرە

خوێندمەوە، بۆ ئەو چیرۆکەت نەنووسیوە؟ بۆ هەر وات نەنووسیوە که لێرە بۆمان دەگێڕێتەوە؟ ئەگەر من بوومایە ئەو چیرۆکەم دەنووسی.)

گابۆ تەماشایەکی دەکات و دەڵێت: (ئەو پیاوەم بۆ وەسپ بکە.)

ڕۆبن بێدەنگە.

- دەم و چاویت لەبیرە؟

- بەڵێ.

- چ ئاژەڵێکی بیر دەهێنایەوە؟

- ئیگوانا

گابۆ دەڵێت: (هەر ئەوە بەسە، پێویستت بە هیچ شتی تر نییە، تۆ ئەو سەفەرەت بە خۆڕایی دۆڕاند، کوڕە گیان، ئێمە کۆمەڵناس نین، چیرۆکخوانین، چیرۆکی کەسەکان دەگێڕێنەوە، ئەو شتەی بەها دەبەخشێتە کاری ڕۆژنامەنووسی باسکردنە بە دیدگای مرۆییانە، ئەو چیرۆکە کوا؟).

ڕۆبن کە هەر دەیەوێت مارکیز بە مامۆستا بانگ بکات، وەڵام دەداتەوە:

(کارێکی ئاسان نییە، کاتێ کە پێشنیار دەکەم چیرۆکێکی وا بنووسم، سەرنووسەرەکەم دەڵێت: والنسیا خۆتۆ گارسیا مارکیز نیت، هەر بە ڕاستیەکانەوە بنووسێیت!)

**سێی دوای نیوەڕۆ**

گابۆ دەڵێت: (داسا، بۆ یەکێك لە نووسینەکانی خۆتمان بۆ ناخوێنیتەوە؟)

بێ تاقەتم، خەریکە ڕۆژەکە تەواو دەبێت، وۆرکشۆپەکەشم خەریکە تەواو دەبێت گابۆ تەنانەت یەك وشەشی لەبارەی وتارەکەی من نەگوتوە. من وامزانی چونکە لە بارەی کوباوە نووسیومە سەرنجێکی تایبەتی بداتێ، بەڵام دیار نییە کە

خوێندویەتەوە یان نا.

داسا لەبارەی یەکێك لە کەسایەتیەکانی ژێرزەمینی مدیین نووسیویەتی - سەربوردەی ئەو پیاوەی کە هاودەمی لەگەڵ ئاژەڵەکان پێخۆشترە تا لەگەڵ مرۆڤەکان. ئەو بونیۆی٤١ی رۆژانەکەی، کە هەویرێکی سورکراوەیە، تاکە خواردنی ئەوە، لەگەڵ مشکە دەستەمۆکەی دابەشی کردووە، مریشکێکی هەیە زنجیری لە مل کردووە، لە ژوورەکەی کێچ بەخێو دەکات. داسا وتارەکەی خۆیمان بۆ دەخوێنیتەوە، نووسینێکی پڕ هەستە، دارشتنی وەکو شیعرە، تەنانەت رەنگە زۆریش لە شیعر بچێت، بەهەرحاڵ راپۆرتێکی ئاسایی و سوننەتی نییە.

گابۆ دەڵێت: (من دەست لە وتاری داسا نادەم، رەنگە ئەو بەو نووسینەی فۆرمێکی نوێ دابهێنێت کە من هیچ لەو فۆرمە نازانم.)

نازانم ئەو وتارە بە رای ئەو خراپ بووە یان باش.

داسا تەنیا لە شێوازی نووسین جەسور نییە، ئەو تەنیا کەسێکە کە کەمێك رەخنەی نیشانداوە: (گابۆ زۆر لە خۆی رازیە.)

داسا نووسینی راپۆرتی پێ سپێردرابوو لە کۆبونەوەی سەرۆك کۆمارانی ئیبرۆ-ئەمریکی کە لەساڵی ١٩٩٤ لە کارتاخینا بەڕێوەچوو. هەواڵنێرەکان تووڕە ببوون چونکە بواری چاوپێکەوتن لەگەڵ بەشداربووواندا نەبوو، گابۆ، کە کەسێکی گرنگی سیاسیە، وەکو میوان لە یەکێك لە دەستە نوێنەرایەتییەکان بانگهێشت کرابوو. لە زمانی ئەوەوە گوتبویان رۆژنامەنووسەکان لە جیاتی گلەیی و شکایەت بچنە دەرەوە و لە سەرشەقام بەدوای هەواڵدا بگەڕێن و چاویان لەوە نەبێت هەواڵەکان لەسەر سینییەکی زیوین پێشکەشیان بکرێت. گریمان سەرۆك کۆمارەکان دەست نەکەوتن، رۆژنامەنووسی چاك بە هەر شێوەیەك بێت دەتوانێت هەواڵ پەیدا بکات.

داسا لە وەڵامی تیڕوانینی گابۆدا دەڵێت: (گوتنەکەی بۆ تۆ ئاسان بووە، من لەوتارێکدا نووسیم کە ئەو ڕاسپاردەیە بەڕای من زۆر بێ ویژدانییە، بەتایبەتی لەلایەن تۆوە، مەبەستم ئەوەیە کە تۆ لەوێ بویت، لەناو دەرگا داخراوەکاندا، لەگەڵ هەموو سەرۆك کۆمارەکان.)

ـ من بە ناونیشانی ڕۆژنامەنووس لەوێ نەبووم.

داسا دان بەوەدەنێت کە قسەی گابۆ سودمەندبووە و نموونە دێنێتەوە: دوای ئەوە کاتێ کە ساڵی ڕابردوو نووسینی ڕاپۆرتی پێ سپێردرا لە کۆبونەوەی سەرۆکانی وڵاتە ناهاوپەیمانەکان لەکارتاخینا، نەچوو بۆ شوێنی کۆبوونەوەکە، بۆ نووسینی وتارێك لەبارەی مەسەلەی ئیسرائیل و فەلەستین و یاسر عەرەفات، کە لەو کۆبونەوەیە بەشدار بوو، چووە یەکێك لە گەڕەکە کەوێڵ نشینەکانی کارتاخینا- هەر ئەوەی کە ناوی پالستینا[٤٢]. ئەو لەو ڕاپۆرتەیدا- بارودۆخی عەرەفات لەگەڵ بارودۆخی کچێك لە بالستینا بەراورد دەکات- وای نیشانداوە لە دەوروبەری شارێکی دەوڵەمەند و پڕ لە گەشتیاردایە.

گابۆ دەڵێت: (وانەکەت فێربوویت.)

داسا واز ناهێنێت: (تۆش لەو کۆبونەوەیە بویت و لەگەڵ شاندی کوبا هاتبویت.)

گابۆ بە بێتاقەتیەوە دەڵێت: (بەڵێ، من لەوێ بووم، چونکە پڕوپاگندەیەك هەبووکە بڕیارە فیدل کاسترۆ تیرۆر بکەن، هێزەکانی پاراستنی کوبا مۆڵەتیان نەدەدا کە ئەو بەشدار بێت لەو کۆبوونەوەیەدا، ئەوەبوو کە پێشنیارم کرد لە گالیسکەدا لە تەنیشت فیدل دابنیشم، پێم گوتن، لێرە لە کۆلۆمبیا کە من لە ناو گالیسکە دابنیشم هیچ کەس دەستڕێژی گوللە ناکەن. لە ئەنجامدا پێنج کەسی خۆمان خستە ناو گالیسکە، لەتەنیشت یەکتر و بە گاڵتەوە، دڵنیام کە هیچ شتێك

ڕووناداتی، کە لەناکاو ئەسپ ساتمەی کرد.)

## نانی ئێوارە

لە لاڤیترۆ[٤٣]، شیکترین خواردنگەی کارتاخینا، لەگەڵمان شێو دەخوات. جوانکاری خواردنگەکە بەشێوازی ئیستعماری بەریتانییە تا ئیسپانیایی، بەڵام گروپی ژەنیارانی کوبی کە جلی سپییان لەبەرە و گۆرانی میللی دەڵێن. خەڵکە دەوڵەمەندەکەی کۆلۆمبیا لە ڕۆژانی پشوودا لێرە نان دەخۆن و سەرۆك کۆمار بۆ خواردنەوە هەندێ جار سەرێك لێرە دەدات، ئەستێرەکانی زنجیرە تەلەفزیۆنییەکان، قاچاخچیە وردە فرۆشە کەشخەکانی مادە هۆشبەرەکان، منداڵە دەوڵەمەندەکان لەیەکەمین ژوانیاندا، و تاك و توك گەنجەکانی چینی ناوەڕاستیش دێنە ئێرە.

لیستی خواردنەکان مرۆڤ دەخاتە بیری خواردنگەکانی نیۆیۆرك، ساسی سرکە و ڕۆنی زەیتون بە سرکەی ترێ دروست کراوە، پەنیری موزارلا تازەیە و شەرابەکەی، بۆ کۆلۆمبیا باشە. لە ژورێکی بچوکدا چاوەڕوان دادەنیشین و شەربەتی میوە دەخۆینەوە. گابۆ دەگاتەجێ، بلوز و پانتۆلێکی شینی تۆخی پۆشیوە کە زنجیری بلوزەکەی تاسەر سنگی داخستوە. ئەو کە ڕۆژ پیاوی کارائیبییە، شەوان وەك بڵێی لە هۆلێکی سەما هاتۆتە دەرەوە، پێڵاوەکانی هەرمۆدێلی پێڵاوەکانی بەیانییە، بەڵام خۆڵەمێشی، داوای ویسکی لە گارسۆنەکە دەکات، دەچینە ژوورە تایبەتەکەی تەنیشتی و لە نێوان من و ئاندریا دادەنیشێت.

لیستی خواردن سنوردارە: زوکینی سورکراوە، دوای ڕۆبیان بە ساسی گوێز هیندی، یان ماسی بەساسی سپی.

گابۆ بە شکۆوە دەڵێت: (من شێو، خواردنی وا قورس ناخۆم.)

خاوەنی خواردنگە دێتە سەر مێزمان: (دەتوانم بۆتان ماسی برژاو بێنم، بەبێ ساسی یان جۆرێك پاستا.)

ـ چۆن پاستایەك؟

ـ ئێوە چ جۆرێکتان دەوێت؟

ـ سادە.

ـ پاستای ئین برود٤٤ چۆنە؟

ـ زۆرباشە، هەر ئەوەم بۆبێنن.

دەپرسم ئایا منیش دەتوانم هەمان خواردن داوا بکەم، بەدرێژایی ڕۆژ هەستم دەکرد کە (تا)م هەیە.

گابۆ بە خاوەن خواردنگەکە دەڵێت: (تکایە دوو دانە لەو خواردنە بێنە.)

کاتێ کە شەراب دێنن، ئەو هەڵیناگرێت و وێسکیەکەی خۆی دەخواتەوە.

خواردنگە خەریکە پڕ دەبێت. مێزی ئێمە بەتەواوی لەبەرچاوە، هەموو سەیری گابۆ دەکەن، ئەو تکا دەکات کە دەرگاکان دابخەن، من بەگارسۆنەکە دەڵێم کە ئەو کارە بکات، ڕۆژنامەنووسێکی نیوزویك، لە بۆینس ئایرسەوە هاتووە لەگەڵ گابۆ چاوپێکەوتن بکات، لەلای چەپی من دانیشتوە، کەمێك لەگەڵ ئەو قسە دەکەم، بەڵام لە ڕاستیدا دەمەوێت تەنیا لەگەڵ گابۆ قسە بکەم، لەگەڵ ئەو فسکەفسك بکەم و ئەو لەگەڵ هەموو هاوکارانم بەش نەکەم.

رووم بۆلای ئەو وەردەگێڕم و لە بارەی زۆر شتەوە، قسەدەکەین. دەیەوێت بزانێت لەکام بەشی نیۆیۆرك دەژیم و بۆ، دەڵێم لە گرینیچ ڤیلیج٤٥ دەژیم و دەپرسم ئایا حەزتان لە نیۆیۆرکە، زۆر پێی خۆش بوو، بەڵام نەك ئەو کاتانەی کە هەوا زۆر ساردە، چونکە عاشق ئەوەیە کە لە شەقامەکان پیاسە بکات، دەڵێم لە ڤیلیچ

دەیبەمە پیاسەو گەڕان، ئەو بەڵێن دەدات کە تەلەفۆنم بۆ بکات. لەبارەی کوباوە قسەدەکەین، لەبارەی بارانکی، لە بارەی بیل کلینتۆن، نیۆیۆرکەر و بڵاوکراوەی یەکشەمەکان، لەوردەکاری ئاڵۆزی کورتە چیرۆك بۆم دەدوێت کە بەنیازە بینووسێت، و لەبارەی کراسێکی زەردی ئاوریشمی، هەر ئەو کراسەی کە هەست دەکات عاشق بووە، لەبەری دەکات. پەرداخەکەی بەتاڵەو لە پەرداخی من دەخواتەوە.(من حەز دەکەم لە دەوروبەری ژنان بم. ئەوان باشتر دەناسم لە پیاوان، لەگەڵ ژنان زیاتر هەست بە ئیسراحەت دەکەم، من لە ژینگەیەك گەورە بووم کە ژن هەمیشە لە دەورووبەرم هەبووە.)

گارسۆنەکە دێتە ناوە و دەسڕێکی سپی قەدکراو دەداتە گابۆ، ئەو دەسڕە دەکاتەوە و نووسینی سەری دەخوێنێتەوە. بە گارسۆنەکە دەڵێت کە وەڵام نەداتەوە، بەڕاستی زۆر ناخۆشە کە هەموویان تەواوی کات شتێکیان لێ دەوێت. بەسەرهاتی دۆستێکی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە کە ویستویەتی لە هەڵبژاردندا بەشداری بکات، بۆ ئەو تەلەفۆن دەکات و دەڵێت: (گابۆ، تکایە شتێك لەبارەی منەوە بنووسە، شتێکم لەبارەوە بڵێ، تەنانەت ئەگەر سوکایەتی پێکردنیش بێت.)

دەرگا دەبێتەوە و پیاوێك سەرەتاتکێ دەکات، گابۆ سەری بڵند دەکات و ڕادەوەستێ و بە قۆڵی کراوەوە بەرەو لای دەچێت: (ئۆ، هاوڕێکەم، ڕێکەوتێکی سەیرە!) وابزانم هەر ئەو کەسەیە کە شتەکەی لەسەر دەسڕەکە نووسیبوو و بۆی ناردبوو، کاتێکە دووبارە لەسەر کورسیەکەی دانیشتەوە، بەهێواشی هاتە بنگوێم و گوتی: (حەز دەکەم لەو پەنجەرەوە هەڵبێم.)

## چوارشەممە دەی نیسان

## نۆ و نیوی بەیانی

گابۆ دیسان لەسەر مێز دانیشتوە و شتێك دەخوێنێتەوە، لەوانەیە دەستنووس بێت، چاوەڕوانە ئەوانی تریش بێن. دەزانێت دوێنێ شەو ئەندامانی وۆرك شۆپەكە دوای شێو چونەتە گەڕان، دوایین كەس دەگاتەجێ، وەك بڵێی سەرخۆشە لەوانەیە لەگەڵ چەشنی نۆستالژی، هەمویان خەواڵوو خۆنەشۆردو دەگەن، تووڕەن و لە ئەنجامی زۆر خواردنەوەدا سەریان كەوتۆتە ئێش، ئەو لەناو جلە سپیەكەیدا لە پاكیان دەبریقێتەوە.

من لەوبەری مێز دادەنیشم و لەو بیرە دام كە لەوانەیە بۆیە ئاماژەی بە وتاری من نەكرد، تا من لە دڵەڕاوكێدا بهێڵێتەوە، كات بەپەلە ڕادەبورێت سەعاتێك زیاتر ماوە نەماوە هێشتا لەبارەی ڕاپۆرتی تادیۆ قسەدەكات، چیرۆكی ژنێكی مەحكوم لە كارتاخینا چونكە لە شیكردنەوەدا زانراوە كە هەڵگری ڤایرۆسی HIV واتە ئایدزە، نەیانهێشتووە ماوەی حوكمەكەی تەواو بكات. گابۆ دەڵێت: (چیرۆكەكەت زۆر باشە، بەڵام كاتی گێڕانەوەی سەرت لێ شێواوە، لەوە تێناگەم.)

دواتر سەیری من دەكات، ئێستا كەمتر توڕەم لەوكاتەی كە یەكەمجار هاتە ژورەوە و لام دانیشت، لەگەڵ ئەوەشدا دڵم بەتوندی لێیدەدا.

گابۆ دەڵێت: (سیلڤانا لە مۆسیقادا سەلیقەیەكی باشی هەیە، وەكو من حەزی لە (ڤان ماریسن[٤٦])ە.) وتاری من لەبارەی گرفتەكانی مۆسیقاژەنە لاوەكانی ڕاك بوو لە كوبا، كە نە حكومەت پشتیوانیان دەكات و نە كەرتی تایبەت. لەبارەی چاوەشێكی سواڵكەر نووسیبووم كە بە گیتارە بێ تەلەكەی ململانێی دەكرد، دەنگیم بەدەنگی وەك ماریسن چواندبوو.

گابۆ دەڵێت: (سلیڤانا بابەتێكی باشی نووسیوە، جوان نووسراوە، من هیچی لێ ناگۆڕم.) بەڵام ڕای لەگەڵ هەندێ لە وەسپكردنەكانمدا نییە: (زەرووره كە

بڵێم تەلەفزیۆن خراپ بووە، ڕەش و سپیەو پارەیەکمان بۆ چاککردنەوەی نییە؟ زۆر لەو ماڵانەی کە هەر لێرە لە کارتاخینا هەن کە گرفتی ئابووریان هەیە و تەلەفزیۆنەکانیشیان ڕەنگاوڕەنگ نییە، ئەگەر بابەتەکە لە بارەی کوباوە نەبوایە ئەوەت هەر دەنووسی؟)

لەبارەی چاودێری کلتوری لە کوبا وتوێژ دەکەین، بەشێوەیەك کە وەك بڵێی دڵی هێشاوە لەوەی کە گوێیان بە قسەی نەداوە دەڵێت: (چەندین جار قسەم لەگەڵیان کردووە.) دواتر لە شوێنی خۆی هەڵدەستێت و بەرەو لام دێت، ئەو کارەی بۆهیچ کەسێکی تر نەکردووە.

دەگەڕێتەوە لای کورسیەکەی خۆی، تەماشایەکی کورسیەکە دەکەم، منیش وەکو ڕمدیوس جوانەکەم - خەریکم دەفڕم.

گابۆ دەیەوێت لە کۆتایی وۆرکشۆپەکە شتێك بڵێت: (من هەمووتان دەبینم و ترسەکانتان، بێ دەستەڵاتیتان، پرسیارەکانتان دەمخاتەوە بیری ئەو کاتەی کە لە تەمەنی ئێوەدا بووم، گێڕانەوەی ئەزمونم بۆ ئێوە، بووە هۆی ئەوەی کە سەیرێکی خۆشم بکەم، هەرچی بێت پەنجا ساڵێکە کە دەستم بە نووسین کردووە و لەوماوەیەدا هەموو ڕۆژێکی تەمەنم نووسیوە، ئەگەر کارەکەی خۆتان خۆش ناوێت، دەست لە کاربکێشنەوە، تەنیا شتێك کە دەتوانێت ئێوە لەناوببات، ئەنجام دانی کارێکە خۆشت ناوێت و حەزی لێ ناکەیت، ئەگەر کارەکەی خۆتان خۆشدەوێت، تەمەن درێژی و کامەرانی ئێوە دابین کراوە.

هەموو لەبەردەمیدا ڕیزبووین. چەند دانەیەك لە کتێبەکانی (سەد ساڵ تەنیایی) (ڕاپۆرتی مەرگێکی ڕاگەیەندراو) (هیچ کەس بۆ سەرهەنگ نامە نانووسێت)، هەمویان دەبێ واژۆ بکرێن، هەموویان واژۆ دەکات و یەك یەك دەداتە دەستمان و

ته‌وقه‌مان له‌گه‌ڵ ده‌كات. ڕوبین والنسیا دانه‌یه‌ك له‌ (پاییزی باوكسالار) وه‌رده‌گرێت، حه‌زده‌كه‌م بزانم گابۆ چی ده‌نووسێت بۆ ئه‌وانه‌ی هێنده‌ گه‌وره‌ و خۆشه‌ویستن و داوا له‌ والنسیا ده‌كه‌م نووسینه‌كه‌م نیشان بدات. نووسراوه‌: (له‌ باوكسالاری وۆركشۆپه‌وه‌)، سزار رۆمیرۆ ده‌یه‌وێت گابۆ كتێبێك بۆ كوڕه‌ تازه‌ له‌ دایك بوه‌كه‌ی بنووسێت و واژۆ بكات. گابۆ ده‌نووسێت: (بۆ ڕۆدیرگۆ كاتێ كه‌ له‌ سه‌ره‌تای ڕێگا بووی).

من كتێبێكم نه‌هێناوه‌ كه‌ واژۆی بكات، له‌لای ده‌رگا چاوه‌ڕان ده‌كه‌م، كه‌ من ده‌بینێت، بزه‌یه‌كم بۆ ده‌كات، هه‌ر ئه‌و بزه‌ شه‌یتانانه‌ی كه‌ ڕۆژی یه‌كه‌م هاته‌ ژووره‌وه‌ له‌سه‌ر لێوانی بوو. (تۆ چی سلیڤانا، غه‌مبار نیت له‌وه‌ی كه‌ ته‌واو بوو؟ (ناته‌وێت بگریت؟.

The paris review 141 winte 1996

## په‌راوێزه‌كان

[1] Silvana Paternostro.

[2] Barranqulla.

[3] Florentino Ariza.

[4] Fermina Daza.

[5] Sierva Maria Todos los Angeles.

[6] Cesar aromero.

[7] Andrea Varela.

[8] Ruben Valencia.

[9] Uraba.
[10] Wilson Daza.
[11] Medellin.
[12] Edgar Tellez.
[13] Tadeo Martinez.
[14] Tierra del Fuego.
[15] Guaduas.
[16] Gay Talese.
[17] Norman Mailer.
[18] Truman Capote.
[19] Santiago Nasar.
[20] Tale of a Shipwreck.
[21] El Espectador.
[22] Don Guillermo Cano.
[23] Gloria Bedoya.
[24] Pablo Escobar.
[25] Guns and Roses.
[26] Lathal Weapon.
[27] Ochoa.
[28] Aracataca
[29] Marina Montoya.

[30] "The Third Resignation.

[31] Jorge Elicere Gaitan.

[32] zavala

[33] El Universal.

[34] Cuernavaca.

[35] Jaime Abello.

[36] Guadalajara.

[37] Venceremos

[38] Chigorodo.

[39] Apartado.

[40] Las molas.

[41] Bunulo.

[42] Palestina.

[43] La Vitrola.

[44] Pasta in brood.

[45] Greenwich Village.ناوچەیەکە لە خۆرئاوای منهنتن کە شوێنی هاتوچۆی نوسەران و شێوەکارانە

[46] Van Morrison.




**ودی ئالن**

# هونەری تەنز و وەسوەسەی نووسین

وتوویژ لەگەڵ ودی ئالن

مچیکۆ کاکوتانی[1]

هەروەك ئەوەی کە نیۆیۆرکیەکان دەزانن، ودی ئالن یەکێکە لەو وەلاتیانەی کە لە هەموو شوێنێك ئامادەیە،- لە یاریگەی ملوسین ئسکویر گاردنز[2] سەرگەرمی تەماشای یاری تیپی نیکزە[3]، دوو شەممە شەوان لە کافتریای مایکل لە کاتی ژەنینی کلارنێتدا. هەندێ جاریش لە خواردنگەی ئیلین[4] لەسەر مێزە هەمیشەییەکەیەتی.

لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانی وەك کەسێکی کۆمەلایەتی باسی بکەیت، لەسەرەتای ئاشناییدا شەرمنە، سەردەمێك زۆر حەزی دەکرد بگەڕێتەوە ناو ڕەحم- ڕەحمی هەرکەسێك- کاری ئەو، لەڕاستیدا هەوڵدانێکە سەرسوڕهێنەر لە چەند بەشدا- ئەدەبیات، شانۆ و سینەما. لە شوێنێك گوتویەتی: (من کرێکارێکی بێ دەستەلاتم، ئەوکارەی کە بەڕاستی حەز دەکەم بیکەم، هەر کارێکە جگەلەوەی کە پێیەوە خەریکم.)

ودی ئالن کاری خۆی لە زەمینەی تەنز لە هەرزەکاریدا دەستپێکرد، ئەوکاتە

بۆ دەزگایەکی ڕیکلام نوکتەی دەنووسی، لە ساڵی ١٩٥٣ خۆی گوتەنی دوای ساڵێك مانەوە لە زانکۆ، وازی لە خوێندن هێناوە و خەریکی نووسینی نوکتە بووە بۆ کۆمێدییەکان. لە سەرەتای ١٩٦٠، پێگەکەی لە یانەی کۆمێدی گرینیچ ویچ ناوبانگێکی زۆری بۆ بەدیاری هێنا و کەمێك دوای ئەوە بەشداری لە چەند بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی کرد، لە ساڵی ١٩٦٥، کەمێك دوای بەرهەمهێنانی سێ لاپەڕەی کۆمێدی سەرکەوتوو، بۆ یەکەمین جار وەکو ئەکتەر و فیلمنامەنووس لە بەرهەمهێنانی فیلمی (چی نوێ هەیە پشیلە جوانەکە[٥]) بەشداری کرد، (پارەکە هەڵگرەو هەڵێ[٦]) ١٩٦٩ یەکەمین فیلم بوو کە نەك تەنیا فیلمنامەکەی نووسیوە وتێیدا ڕۆڵی گێڕا، بەڵکوکاری دەرهێنانەکەشی بە ئەستۆ گرت، هەرچەندە زۆربەی فیلمە سەرەتاییەکانی ئالن {(ویلایەتی ئازادی باناناس[٧])(خەواڵو [٨])(عەشق و مەرگ[٩])} ڕووبەڕووی پێشوازی ڕەخنەگران بوەوە. لە ساڵی ١٩٧٧ بووکە بە نمایشکردنی (ئانی هال[١٠]) (براوەی خەڵاتی ئۆسکار) بەناونیشانی کەسێکی کاریگەر و زۆرباش لە سینەمای ئەمریکا باسی لێوەکرا. دوای ئەوە پانزە فیلمی دروست کردووە کە دەبێتە هەر ساڵەو فیلمێك، چەندین شانۆنامەشی بۆ برادوی نووسیوە کە سەرکەوتوترینیان، لەو ئاوە مەخۆرەوە[١١]، دووبارە هەوڵبدە سام[١٢]، فیلمیشیان دروست کردووە.

ئالن، سێ کۆمەڵە پارچەی کورتی هەیە کە زۆربەیان سەرەتا لە نیویۆرك بڵاوکراونەتەوە: پاکبونەوەی حساب[١٣]، بێ پەڕ[١٤]، زیانی لاوەکی[١٥].

زۆربەی ئەو وتووێژە، کە زۆربەی میچیکۆ کاکوتانی لەسەر مێزی شێو لە خواردنگەی ئیلین ئەنجامی داوە، لە ١٩٥٨ تەواوکراوە، دوای ئەوە، سەرنووسەرانی پاریس ریڤیو لە ڕێگای نامە نووسینەوە، وتووێژی تەلەفۆنی لەگەڵ ئالن چاوپێکەوتنەکەیان تازەکردۆتەوە.

**کاکوتانی**

**بەڕای ئێوە نیگای تەنزنووس بۆ دونیا کەمێك جیاواز نییە؟**

ودی ئالن

بەڵێ، بەڕای من ئەگەر دیدی کۆمێدیت هەبێت، تەواوی ڕوداوەکان بەفیلتەری کۆمێدی دەبینیت، ئەوە شێوازێکی ڕاهاتنە بە کێشەکان لە ماوەیەکی کورتدا، بەڵام کاریگەری نییە بۆ ماوەیەکی درێژ، بۆیە پێویستە بەردەوام نوێ بکرێتەوە. هەربەم هۆیەوە، خەڵك لەبارەی تەنزنووسێکەوە قسەدەکەن کە (بەردەوام ئەمڕۆیی بێت) وەکو ئەوەیە بەردەوام مادەی هۆشبەر بگەینیتە سیستەمی عەسەبی خۆت، بۆ ئەوەی کەمتر هەست بە ئازار بکەیت.

**کاکوتانی**

**پێتوانییە ئەم شێوازە زۆر کەم و تاك بێت؟**

ودی ئالن

ئەوە یەکێکە لە ڕێگاکانی ڕاهاتن لەگەڵ ژیان، خەڵك وادەزانێت قۆشمەیی زۆر زەحمەتە، بەڵام شتێکی سەرنجڕاکێشە، ئەگەر توانایت هەبێت، هیچ زەحمەت نییە، وەك ئەوەی کە من بە شێوەکارێکی زۆرباش بڵێم: (من ئەگەر بە درێژایی ڕۆژ قەڵەم وکاغەزم لەدەست بێت، ناتوانم ئەو ئەسپە بنەخشێنم، ئەو کارەم پێ ناکرێت، بەڵام

ئەوەی تۆ کێشاوتە زۆر جوانە.) ئەویش بیردەکاتەوە دەڵێت: (ئەوە شتێك نییە، من لە چوار ساڵییەوە ئەوە کارمە) کۆمێدیش هەروایە بڕوانە، ئەگەر بتوانیت، شتێکی گرنگ نییە، نەك ئەوەی کە بەرهەمەکە گرنگ نەبێت، بەڵکو کارکردنەکە ئاسانە، هەڵبەتە هەندێ کەس هەر لە خۆیانەوە قۆشمەچین و هەندێك کەسیش وا نین، ئەوە جیاوازی سروشتی مرۆڤەکانە.

## کاکوتانی

## کام نووسەر لە سەرەتادا هانیان دایت کە حەز لە نووسین بکەیت؟

ودی ئالن

لەبیرمە یەکەمین نووسەر کە لەکاتی خوێندەوەی بەرهەمەکەیدا پێکەنینم هات، ماکس شۆلمان١٦ بوو. ئەو کاتە تەمەنم پانزە ساڵان بوو، ئێستاش یەك دوو کتێبی کۆنیم هەیە. کتێبی پێشبڕکێی ڕاکردنی کەرەکێی١٧ بەڕای من خۆشترین کتێبی بوو... جۆرە تەنزێکی سادەو ڕۆشن بوو، هەڵبەت دەبێ حەزت لەو جۆرە دارشتنە بێت.

چونکە لەبارەی کۆنە سەربازانێکە کەدوای جەنگی جیهانی دووەم دەگەڕێنەوە بۆ ئەمریکا، بۆ وڵاتی وادەپێدراو، دوای ئەو ڕابرت بینچلی١٨ و ئێس. جی. پەرلەمانم دۆزییەوە. دوو دانە لەو نووسەرە زۆر خۆشانەی کە بەڕاستی مامۆستایانی گەورەبوون. شەوێك پەرلەمانم لە خواردنگەی ئیلین بینی، لەگەڵ مارشال بریکمان١٩ بووم، گارسۆنێك هاتە سەرمێزی ئێمە و کارتێکی دایە دەستم کە ئەم ڕستەیەی لەپشت نووسرابوو: (خۆشحاڵ دەبم بێیتە لامان و پێکەوە شتێك بخۆینەوە) لەلای خۆمەوە گوتم: (حەتمەن ڕەنگە یەکێکە لە گەشتیارەکان کە هاتۆتە نیۆیۆرك). و کارتەکەم فڕێدا، سەعات ونیوێك دوای ئەوە یەکێك وتی: (دەزانی ئەو کارتە لەلایەن ئێس.جی.پەرلەمانەوە بووە) منیش گەڕام و کارتەکەم لە عەرزەکە دۆزییەوە.

لەسەری نووسرابوو: (ئێس.جی. پەرلەمان) بە پەلە خۆم بەو گەیاند، لەسەر مێزێك لە گۆشەیەكی خواردنگە دانیشتبوو، چووم بۆ لای، پێشتریش یەكتریمان بینیبوو، هەڵسوكەوتی لەگەڵ من هەمیشە گەرم و خۆشەویستانە بوو. لە شوێنێك خوێندبومەوە كە هەندێ جار بێتاقەت دەبێت، بەڵام من هەرگیز وا نەمبینی.

**كاكوتانی**

**لە كەیەوە نووسینت دەسپێكرد؟**

ودی ئالن

پێش ئەوەی كە بتوانم بخوێنمەوە! هەمیشە حەزم دەكرد بنووسم. بەرلەوە، لەخۆمەوە چیرۆكم دروست دەكرد، بەردەوام بۆ هاوپۆلەكانم لەخۆمەوە چیرۆكم بۆ دەخوێندنەوە. بە گشتی لایەنگری نووسەرە جدییەكان بووم تا نووسەرە تەنزنووسەكان، بەڵام بینیم كە دەتوانم تەنز بنووسم، لە سەرەتادا كارم رێك لاساییكردنەوەی شۆلمان و هەندێ جاریش پەرلەمان بوو. لەماوەی ئەو ساڵەی كە لە زانكۆدا سەرنەكەوتم، چەند وتارێكم نووسی كە هەموویان ئیقتباسی باش یان خراپ بوون لە شۆلمان، ئاگام لە توانای خۆم هەر نەبوو.

**كاكوتانی**

**چۆن دەنگی تایبەتی خۆتان دۆزییەوە؟ دەنگەكەت كەم كەم دروست بوو؟**

ودی ئالن

نەخێر، زۆر بەرێكەوت بوو، وتار نووسینم بە گشتی وازهێنابوو، بۆ تەلەفزیۆن بابەتم دەنووسی، دەمەویست شانۆگەری بنووسم، لە هەمان كاتدا لە كافتریایەك بەرنامەی كۆمێدیم هەبوو، رۆژێك گۆڤاری (پلەی بۆی) داوایان لێكردم بابەتێكیان بۆ بنووسم، چونكە كومێدی بووم، كەم كەم كارەكەم رەواجی پەیدا دەكرد، منیش بابەتێكم لە بارەی شەترەنجەوە نووسی، ئەوكاتە لەگەڵ لوییز لـ٢٠ زەماوەندمان

کردبوو، ئەو بابەتەکەی خوێندەوە و گوتی: (وای، بەڕای من ئەوە زۆر زۆر باشە، هەر بینێرە بۆ نیۆیۆرکەر.) نیۆیۆرکەر بۆ منیش، وەکو هاونەوەکانم، زەمینەیەکی پیرۆز بوو، بەهەرحاڵ وەکو گاڵتەیەك بابەتەکەم بۆناردن، سەیرم پێهات کە تەلەفۆنیان بۆ کردم و گوتیان، ئەگەر بابەتەکە کەمێك بگۆڕم چاپی دەکەن. منیش چووم و بابەتەکەم چاککرد و ئەوانیش چاپیان کرد. ئەو مەسەلە متمانە بەخۆبوونی منی زۆر بەهێزتر کرد، بەخۆمم گوت: (باشە، چۆنە کە بابەتێکی تریشیان بۆ بنووسم؟) شێوازی دووەمین یان سێیەمین بابەت کە بۆ نیۆیۆرکەرم نارد، زۆر پەرلەمانانە بوو. ئەوانیش چاپیان کرد، بەڵام تێڕوانینەکانیان نیشانی دەدا کە بابەتەکە زۆر لاسایی کەرەوەیە، منیش قەبوڵم کرد. هەربۆیە هەرکات کە بابەتی ترم بۆیان دەنارد، من و ئەوانیش خۆمان لەلاسایی کردنەوە دەپاراست. هەربەم شێوەیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە پارلەمان دورکەوتمەوە. هەڵبەتە کە بابەتەکانی پەرلەمان لە جۆری خۆیدا زۆر ئاڵۆز بوون، جۆرە تەنزێکی زۆر دەوڵەمەند بوو. هەرچەند ئەزموونم فرەتر بوو هەوڵمدا سادەتر کاربکەم.

## کاکوتانی

### ئەو گۆڕانکاریە وەکو ئەو شتە بوو کە لە فیلمەکاندا بەدوای ئەوەوە بویت؟

ودی ئالن

پێموانییە لەو بچێت، لە ئەزمونەکانم گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە نووسین بۆ ڕاگەیاندە جیاوازەکان زۆر جیاوازە، نووسین بۆ شانۆگەری زۆر جیاوازە لە نووسین بۆ فیلم، هەر دوو ئەوانە جیاوازن لەگەڵ نووسینی پەخشان، پێموایە نووسینی پەخشان لە هەموویان زەحمەتتر بێت چونکە ئەو شتەی کە لە کۆتاییدا بەدەست دێت، بەرهەمی کۆتاییە، ناتوانیت بیگۆڕیت. لە شانۆگەریدا، ئەنجامی کار لەگەڵ

بەرهەمی کۆتایی زۆر لە یەکتر دوورن، شانۆنامە کەرەستەیەکە کە ئەکتەرەکان و دەرهێنەر بە یارمەتی ئەو، کەسایەتیەکان دروست دەکەن، لەبارەی فیلم، من تەنیا بە پەلە چەند یاداشتێك بۆ دیمەنێکی فیلم دەنووسم، هەر پێویست نییە هیچی تر بنووسیت هەر ئەو چەند یاداشتە کە نووسراوە بەسیەتی، ئەو یاداشتانە بە لەبەرچاوگرتنی ئەکتەران و کامیرا نووسراوە. فیلمنامە لە ڕاستیدا بۆ گواستنەوەی ڕۆڵەکان و ڕێکخستنی بودجە گرنگە، بەڵام بەرهەمی کۆتایی لەیەکچونێکی وای نییە لەگەڵ فلیمنامە- لانی کەم لەبارەی منەوە بەم شێوەیەیە.

**کاکوتانی**

**کەواتە بەم شێوەیە، بۆ نموونە زیاتر بەسەر ڕۆماندا زاڵیت؟**

ودی ئالن

ئەوە یەکێکە لە خاڵە سەرنجڕاکێشەکانی ڕۆماننووسین، هەر ئەوەی کە مرۆڤ بەسەریدا زاڵە، سەرنجڕاکێشی گەورەتریشی ئەوەیە کاتێ کارەکەت تەواو دەبێ دەتوانی نووسراوەکەت بدڕێنیت و فڕێی بدەیت، بەڵام کاتێ کە فیلم دروست دەکەیت، وانییە، تەنانەت ئەگەر بە دڵیشت نەبێت، دەبێ نمایش بکەیت، ئەوەش بڵێم کە ئەگەر مرۆڤ نووسەر بێت، سەعات و کاتی کاری گونجاوترە، زۆر چێژبەخشترە کە مرۆڤ بەیانی لە خەو هەڵدەستێت، بچێتە ژوورەکەی خۆی، تەنیا بێت و بنووسێت، نەك بەیانی زوو لە خەو هەڵبسێت و ناچار بێت بچێتە سەر وێنەگرتن و فیلم دروستکردن، فیلمسازی زۆر زەحمەتترە، کارێکی فیزیکییە، دەبێ بە گوێرەی بەرنامەو لە کاتی خۆی لە شوێنی دیاریکراو بیت، بەخەڵکی تریشەوە بەستراویتەوە، دەزانم کە نورمن میلر[٢١] گوتویەتی کە ئەگەر کارەکەم ئەمڕۆ دەستپێکردبایە، زۆرتر ئەگەری ئەوە هەبوو فیلم دروست بکات تا ڕۆمان

بنووسێت. بەڕای من دروستکردنی فیلم کاری گەنجەکانە، بە گشتی توانایەکی باشی دەوێت. پێموانییە دوای قۆناغێکی دیاریکراو ئیدی حەزبکەم کارێکی وا سەخت و زەحمەت ئەنجام بدەم، مەبەستم ئەوەیە کە حەزناکەم ناچار بم تەواوی ژیانم سەعات شەشی بەیانی هەڵستم و سەعات حەفت لە ماڵ دەربچم تابتوانم لە شەقامێکی سەهۆڵبەندان یان لە دەشتێکی بێزارکەر وێنە بگرم. ئەو کارە هەر چێژی تێدا نییە، دانیشتن لە گۆشە و کەناری ماڵ و مانەوە لە ماڵ چێژی هەیە. تنسی و یلیامز گوتەنی، مەسەلەی ناخۆش لەبارەی شانۆنامە ئەوەیە کە دەبێ ئەو بەرهەم بێنیت، ناکرێت بینووسیت و بیخەیتە ناو چەکمەجەکە. هۆیەکەشی ئەوەیە کاتێ کە نووسینی شانۆنامە یان فیلمنامە تەواو دەکەیت، ئیتر زیاتر ڕۆیشتویت و دەتەوێت کە بەرەو پێشتر بڕۆیت. لەبارەی کتێب، ئەوکارە دەکرێت، لە ئەنجامدا، وەك بڵێی هەمیشە بەلای ڕۆماننووسیدا دەشکێتەوە. ئەو کارە زۆر دڵگیرە. مرۆڤ (کولیت[٢٢])ی بیر دێتەوە کە لە پاریس لە ئاپارتمانەکەی دانیشتوە و لە پەنجەرەوە تەماشای دەرەوە دەکات و دەنووسێت. ئەو جۆرە ژیانە زۆر وەسوەسەی هەیە، کاتێ کە فیلمی (عەشق و مەرگ) م لە پاریس دروست دەکرد، سکێچی ڕۆمانێکم نووسی، ئێستا لە ماڵەوەیە، هەمووی دەستنووسەو لە چەکمجەکەدا کەوتووە. چەندین ساڵە کە هەر لەوێیە، ئەوەم هێشتۆتەوە بۆ ئەوکاتەی ئیتر توانام نییەکە فیلم دروست بکەم، تا ئەوکاتەی دەتوانم بەیانی زوو هەڵبستم و بچمە سەر وێنەگرتن و کاری فیلم، حەزناکەم تەواوی بکەم، چاوەڕوانی نووسینی ڕۆمان شتێکی باشە، دەزانم ڕۆژێ لە ڕۆژان یان دەرمدەکەن و پێم دەڵێن (ئیتر ناتوانیت فیلم دروست بکەیت) یان خۆم لەوکارە ماندوو دەبم، هیوادارم ئەو ڕۆمانەی کە نووسیومە ڕۆمانێکی باش بێت، هەڵبەتە شتێکی وا گرنگیش نییە، بەڵام بە هەرحاڵ ڕۆمانێکە، چیرۆکێکە

تەنیا دەتوانرێت بەو شێوەیە بگێڕدرێتەوە.

چەندین جار هاتومەتە سەر ئەوەی ئەو بیرۆکەیە بکەمە شانۆنامە یان فیلمنامە، بەڵام سەیرە، وا دەرناچێت. بەهەرحاڵ ئەگەر بەکەڵك بێت، لەقاڵبی ڕۆماندایە لە زەمینەی دارشتندا ڕوودەدات.

## کاکوتانی

**چۆن بوو ئەو ڕۆمانەت نووسی؟ لەمێژ بوو کە لە بیری نووسینیدا بویت؟**

ودی ئالن

ڕاستیەکەی نا، لەلاپەڕەی یەکەمەوە دەستم پێکرد، ئەوە خوویەکی کۆنە کە لە شانۆوە ماوەتەوە بۆ نووسین، بیریش ناکەمەوە کە پەردەی سێیەم پێش پەردەی یەکەم بنووسم، یان بەشێکی پەردەی دووەم لە دەرەوەی ڕێکخستنی کات بنووسم.

ڕووداوەکانی دواتر- هەڵسوکەوتی کەسایەتیەکان، پێکهاتەی ڕۆنانی چیرۆك- زۆر پەیوەستە بەو جوڵانەوەی کە لە سەرەتاوە دەست پێدەکات. بۆم ناکرێت ئەو کارە لە دەرەوەی بەدوای یەکداهاتنی کات ئەنجام بدەم، من لە شانۆنامەدا عاشقی فۆرمی گێڕانەوەی کلاسیکم، لە ڕۆمانیشدا هەر بەم شێوەیە، چێژ وەرناگرم لەو ڕۆمانانەی کە چیرۆکێکی ڕوونیان نییە، خوێندنەوەی بەرهەمەکانی بالزاك یان تۆلستۆی، جگە لە هەموو لایەنەکانی تریش، سەرگەرمییەکی زۆر خۆشە، لەبارەی شانۆنامەش هەروا، کاتێ کە پەردە هەڵدەدرێتەوە و بۆ نموونە دەبینم مرۆڤەکان لەناو سەتڵی زبڵن، ڕەنگە بیرۆکەی شانۆنامەکەم پێ باش بێت، بەڵام هێندە بۆم گرنگ نییە، من بەرهەمەکانی بێکت و زۆر لە ئاوانگاردە کەم گرنگیەکان و ژمارەیەکی زۆر لە شانۆنامە هاوچەرخەکانم بینیوە و دەتوانم بڵێم کە (بەڵێ، ئەو بەرهەمانە هۆشمەندانە و قووڵە)، بەڵام ئەگەر ڕاستت دەوێت حەزم لێیان نییە، بەڵام تەماشای بەرهەمەکانی چیخۆف

یان ئویل-کە کەسایەتی پیاو و ژنەکانیان خەریکی ململانێ لەگەڵ قەیرانەکانی مرۆیی و کلاسیکن- حەزم لێیانە. دەزانم کە ئەو قسەیە لەم سەردەمەدا زۆر کۆنە، بەڵام من زۆر حەزم لەو بەرهەمانە نییە کە بۆ نموونە گەمە بە (زمان) دەکەن- لەسەر ریتمەکانی هۆشەمەندانەی گوتار- زۆر حەزم لێی نییە، حەزدەکەم قسەی مرۆڤەکان روون بێت و هەندێك جاریش شاعیرانە، مرۆڤ کاتێ (مەرگی فرۆشیار[٢٣]) یان (پاسێك بەناوی هەوەس[٢٤]) دەبینێت، لەگەڵ کەسایەتیەکاندا جۆرە پەیوەندیەك دروست دەکات و حەزدەکات بزانێت دواتر چی روو دەدات، کاتێ کە شانۆنامەی (گلۆپی سەرئاو[٢٥])م بۆ لینیکۆلن سێنتەر[٢٦] دەنووسی، دەمەویست لەبارەی مرۆڤە ئاساییەکان بنووسم لە پێگەی سادەدا، بە گشتی خۆم دزیوەتەوە لەو بابەتانەی کە نووسین ئاڵۆز بێت. سەیرە لەبارەی فیلمەوە ئەو جۆرە هەستەم نییە، لە فیلمدا گۆرینی کات[٢٧] و جیاکردنەوە زۆرتر بۆم جێگای پەسەندە.

## کاکوتانی

**بۆ زۆرێك لە نووسەران، دەسپێکردنی پرۆژەیەکی نوێ و دۆزینەوەی بیرۆکەیەك، کە بیانەوێت لەسەری کار بکەن، زۆر زەحمەتە..؟**

ودی ئالن

ئەو بیرۆکەی کە ئەوان وازی لێ دێنن، لەوانەیە وەکو ئەوانە بێت کە من هەڵیاندەبژێرم، کاتێ کە لە شەقام دەرۆم و بیرۆکەیەکم بە مێشکدا دێت، یەکسەر لای خۆم دەینووسم. بەردەوامیش حەزدەکەم شتێکی لێ دروست بکەم، هەرگیز نەوەستاوم، هەڵبەتە ئەوەی کە دەڵێم لە ئاستی تواناکانمە. لە ئاستی خۆم لە زۆریی بیرۆکە تووشی دڵەراوکێ دەبم، بۆ نموونە پێنج بیرۆکەم هەیە، حەز دەکەم هەموویان بگەیەنمە قۆناغی پراکتیکی. چەندین هەفتە یان چەندین مانگ خەو

و ئارامیم نییه له‌وه‌ی کام بیرۆکه یه‌کەم جار ئه‌نجام بده‌م، هه‌ندێ جار ئاره‌زووم ئه‌وه‌یه که‌سێکی تر له جێی من بڕیار بدات، بۆ نموونه خراپ نییه یه‌کێك بڵێت: (یه‌کەم بیرۆکه‌ی سێیه‌م ئه‌نجام بده)، به‌ڵام هیچ کات هه‌ستم نه‌کردووه ئیتر هیچم له هه‌گبه‌دا نه‌مابێ، خه‌ڵك هه‌میشه لێم ده‌پرسن: ( تائێستا بیرت له‌وه کردۆته‌وه که به‌یانییه‌ك له خه‌و هه‌ڵبستی و ئیتر قۆشمه‌چی نه‌بیت؟) بیرۆکه‌یه‌کی وا هیچ کات به مێشکمدا تێناپه‌ڕێت. بیرێکی سه‌یره و واقیعگه‌ریانه‌ش نییه، چونکه من و قۆشمه‌یه‌تی له یه‌کتر جیا نین، یه‌کین. باشترین کات بۆ من کاتێکه که پرۆژه‌یه‌کم ته‌واو کردووه‌و خه‌ریکی بڕیاردانم بۆ پرۆژه‌یه‌کی تری نوێ. هۆیه‌که‌شی ئه‌وه‌یه که له‌و قۆناغه‌دا هێشتا نه‌بۆته ڕاستی، خودی بیرۆکه‌که له زه‌ینی مرۆدا زۆر باشه و مرۆ ئه‌و بیرۆکه‌یه به‌شێوه‌یه‌کی زۆر جوان له خه‌یاڵیدا په‌روه‌رده ده‌کات، به‌ڵام پاشان که ناچار ده‌بیت پیاده‌ی بکه‌یت، وه‌کو ئه‌وه ده‌رناچێت که له خه‌یاڵتاندا بووه، له قۆناغی به‌رهه‌مهێناندایه که گرفته‌کان دیارده‌که‌ون، واته هه‌ر له‌و شوێنه‌ی که بیر ده‌گۆڕیت بۆ ڕاستی، هه‌ربه‌و شێوه‌یه‌ی که پێشتر گوتم، له دارشتندا پتر له هه‌موویان خۆم نزیکی وه‌دێهینانی بیرۆکه‌کەم ده‌که‌مه‌وه، له‌باره‌ی زۆربه‌ی ئه‌و بابه‌تانه‌ی که نووسیومه هه‌رگیز هه‌ستێکی وا- یان ته‌نانه‌ت هه‌ستێکی نزیك له‌وه‌یشم نه‌بووه، هه‌میشه پێموابووه بیرۆکه‌ی زۆر ده‌ره‌وشاوه‌م هه‌بووه، له خۆمم ده‌پرسی، له کوێدا هه‌ڵه‌م کردووه، له هه‌مان ڕۆژی یه‌کەم ڕێگاکه به هه‌ڵه ده‌ڕۆیت. له‌باره‌ی هه‌موو شته‌کان ده‌بێ ڕێك بکه‌وین بۆ نموونه ئه‌گه‌ری ئه‌وه نییه که مارلون براندۆ له فیلمه‌که‌تاندا ببێته ئه‌کته‌ر، ئه‌و هونه‌رمه‌نده‌ی که ده‌ستت ده‌که‌وێت وه‌کو ئه‌و باش نییه، ئه‌و ژووره‌ی که له مێشکدا دروستت کردووه، وه‌کو ئه‌و ژووره نییه که وێنه‌گریه‌که‌ی تێدا ده‌که‌یت، بابه‌ت به‌رده‌وام ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ

ئامانجە خەیاڵپلاوییەکان، خەونە دوورودرێژەکان، کەللەڕەقی و متمانە بەخۆبوونی زۆر، جوامێریی فراوان لە بەرانبەر ئامێری تایپ، ئەوکاتە لە ناوەڕاستی کارکردن لە فیلمەکەدا کە هەمووی بە هەڵە دەرچووەو دیسان دووبارە وێنەی دەگرمەوە و مۆنتاژی دەکەم و هەوڵ دەدەم بە جۆرێك چاکی بکەمەوە، مەسەلەکە ئیتر تەنیا هەوڵدانە بۆ مانەوە، مرۆ هەر بەوەندەش ڕازیە کە بە سەلامەت دەربچێت، هەموو ئەو ئارەزوو و ئامانجە لەبیرکراوەی سەرەوە- ئەو بیرۆکە و ڕاڤانەی لەبارەی دەقی هونەری بێ کەموکوڕی- و مرۆ تەنیا ململانێ دەکات کە نەبادا خەڵك تووڕە بن لە هۆڵی سینەمادا هۆیها بۆ فیلمەکە لێبدەن، لە زۆر لە فیلمەکانم- وابزانم لە هەموویان- ئەگەر بمتوانیبایە ئەوەی لە مێشکمدایە بیخەمە سەر پەردە، زۆر باشتر دەردەچوو. خۆشبەختانە خەڵك ئاگاداری ئەو فیلمە نەبوون کە لە مێشکمدا هەبوو، هەر بۆیە لە ژێرەوە بۆی دەرچووم.

## کاکوتانی

### چۆن کاردەکەیت؟ کەرەستەی کارکردنت چییە؟

ودی ئالن

من لەسەر کاغەزی ئاسایی، کاغەزی هوتێل و هەر شتێکی کە لەبەردەستمدا بێت نووسیومە، لەبارەی ئەو جۆرە شتانە گرفتم نییە، لە ژووری هوتێل، لەماڵەکەم، لەگەڵ خەڵکانی تر بم، و لەسەر شقارتەش نووسیومە. لەو لایەنەوە گرفتم نییە- هەر ئەوەندە بەسە کە بتوانم کارەکەم ئەنجام بدەم، هەندێ لە چیرۆکەکان تەنیا لە بەرانبەر ئامێری تایپەکە دانیشتوم، لە سەرەتاوە تا کۆتایی بەیەکجار هەموویم تایپ کردووە. هەندێ لە بابەتەکانی نیۆیۆرکەرم لە ماوەی چل خولەکدا نووسیوە. زۆر بابەتیش هەبوو، کە بۆ نووسینی چەندین هەفتە هەوڵم داوە و خۆم خواردۆتەوە.

مەسەلەکە زۆر تێکەڵە، بۆ نموونە دە فیلم بێنە بەرچاوی خۆت: یەکێکیان پێشوازی لێنەکرا لەلایەن ڕەخنەگرانەوە (نمایشێکی کۆمێدی سێکسی لە نیوەشەوی هاوین٢٨) بوو. ئەوم لە ماوەیەکی زۆر کورت نووسی، لە ماوەی تەنیا شەش ڕۆژدا تەواو بوو. هەمـوو شتەکە بە تەواوی، فیلمم دروستکرد و ڕەخنەگران هێندە پێشوازیان لێ نەکرد، لە کاتێکدا کە (ئانی هال) تەواو نەبوو، بەردەوام هەمـوو شتێکم دەگۆڕی، عەرزەکەی ژووری مۆنتاژ هێندەی خودی فیلمە سینەماییەکە فیلم ڕژابوو- پێنج جار چوومە وێنەگرتن لە نۆژەنەوە، لەلایەکی تر بەپێچەوانەی ئەوەشەوە بۆم دروست بووە، چەند فیلمێکم دروستکردوە کە زۆر ئاسان گەیشتونەتە قۆناغی پراکتیك و ڕووبەڕووی پێشوازی ڕەخنەگرانیش بونەتەوە، فیلمیش هەبوە کە لە کاتی دروستکردنیدا ئارام و قەرارم لێ هەڵگیراوە و سەرکەوتووش نەبووم، هۆیەکەشی تێنەگەیشتم، بەهەرحاڵ، ئەگەر بتوانی ئەو کارە بکەیت، لە ڕاستیدا هێندەش زەحمەت نییە... بە پێچەوانەوەی بۆچوونی ئەو خەڵکانەی کە ناتوانن ئەنجامی بدەن، هێندەش سەخت و زەحمەت نییە.. بۆ نموونە من یەکەمین کارم لە شانزە ساڵی دۆزیەوە. نووسەری کۆمێدی دەزگایەکی ڕیکلام بووم لە نیویۆرك. هەمـوو ڕۆژێك دوای قوتابخانە دەچومە ئەوێ و نوکتەم بۆ دەنووسین، ئەوان ئەو نوکتانەیان دەخستنە سەر کڕیارەکانیان و لە ڕۆژنامەدا چاپیان دەکرد. سواری میترۆ دەبووم، میترۆ زۆر ئاپوورە بوو، منیش کە دەستم بە شیشی سەرەوە گرتبوو قەڵەمێکم دەردێنا و تا دادەبەزیم چل پەنجا نوکتەم دەنووسین... ڕۆژی پەنجا نوکتە بۆ ماوەی چەندین ساڵ پێم دەڵێن: (باوەڕ ناکرێت ڕۆژی پەنجا نوکتە بنووسیت، ئەویش لە ناو میترۆ؟ ) باوەڕ بکە، هەر زەحمەت نەبوو، بەڵام کاتێ کە خەڵکانێك دەبینم کە دەتوانن ئاواز دابنێن، هیچ تێناگەم کە لە کوێوە دەست پێدەکەن و لە

کوێوە کۆتایی پێدێنن! بەڵام چونکە هەمیشە دەمتوانی بنووسم، هیچ کات بۆم زەحمەت نەبوو، پێموابێت ئەگەر زیاترم بخوێندبایە، ئەگەر پەروەردەکەم باشتر بوایە، لەوانەیە ئەگەر کەسایەتیەکی ترم هەبوایە، لەوانەبوو ببمە نووسەرێکی گرنگ. لەوانەیە وابوایە، چونکە پێموایە توانام هەیە، بەڵام هیچ کات حەزم لەوکارە نەبوو. لەسەردەمی منداڵی و نەوجەوانیمدا حەزم لە هیچ شتێکی دیدی زانستی نەبوو، دەمتوانی بنووسم، بەڵام حەزم نەدەکرد بخوێنمەوە، تەنیا یاریم دەکرد و تەماشای کێبەرکێ وەرزشییەکانم دەکرد و کتێبی تەنزم دەخوێندەوە، تا ئەو کاتەی گەیشتمە تەمەنی زانکۆ ڕۆمانێکم بەتەواوی نەخوێندبووەوە.

حەزم لەوکارە نەبوو، ڕەنگە ئەگەر پەروەردەیەکی جیاوازم هەبوایە ڕێڕەوێکی ترم دەگرتەبەر. یان ڕەنگە ئەگەر دایك و باوکم و دۆستەکانم و ژینگەم زیاتر حەزیان لە شتێك بوو کە دواتر حەزم لێ بوو، بارودۆخەکەم جیاوازی دەبوو، ڕەنگە ببومایە ڕۆماننووسێکی مەزن، ڕەنگە واش نەبوایە، بەڵام ئیتر زۆر درەنگە بۆ ئەو قسانە ئێستا تەنیا خۆشحاڵم کە نەخۆشی ئارترۆزم نییە.

## کاکوتانی

### یەکێك لەو نوکتانەی کە لەناو میترۆ نووسیوتە لەبیرتانە؟

ودی ئالن

ئەو چرت و پرتانەی ئەو کاتە دەمنووسین وەکو ئەمە بوون: ( تەنیشتم لە قوتابخانە کوڕی قوماربازێك بوو،- هیچ کات نمرەکانی نەدەبردەوە ماڵەوە- دەیهێشتەوە- بمێنێتەوە سەر تاقیکردنەوەی پاشتر.) ئێستا تێدەگەیت بۆ نووسینی پەنجا نوکتە لە کاتی قەرەباڵغی میترۆ کارێکی زەحمەت نەبوو.

# کاکوتانی

## باشە، بەڵام گوتت ڕۆمانێکت نووسیوە ....

### ودی ئالن

دڵنیا نیم پشتیوانی و شعوری پێویستم هەبێت بۆ نووسینی ڕۆمان، ئەو کتێبەی کە ماوەیەك کارم لەسەری کردووە، یان بیرۆکەکانیم پیادە کردووە، کتێبێکی خۆشە، بەڵام جیدی، تا بزانم چی دەبێت. ڕاستیەکەی من زۆر خوێندەواریم کەمە، زۆربەی خۆم فێری بووم، بارودۆخێکی دژوارە، چونکە کەسێك کە خۆی فێر بووبێت هەندێك زەمینە ناناسێت، بەڵام بۆشایی گەورەش لە زانینەکانیدا هەیە کە جێگای سەرسوڕمانە، هۆیەکەشی نەبوونی خوێندنی ڕێکخراو ڕێکوپێکە، هەندێ جار خەڵك فیلمنامە یان وتار و تەنانەت یەك لاپەڕە نوکتەم بۆ دەنێرن و دەپرسن: (ئەوە بەکەڵك دێت؟ کورتە چیرۆکە؟ بیرۆکەی کۆمێدیە؟) بەهیچ شێوەیەك نازانێت کە ئەوە یان نا. منیش لەبارەی جیهانی داڕشتنەوە تارادەیەك هەمان هەستم هەیە، کاتێ کە بابەتێکم بۆ نیۆیۆرکەر دەبرد، نەمدەزانی چییە، لەوانەبوو هەڵوێستی ئەوانە ئەوەبێت کە (ئەوە بە کەڵك نایەت، تۆ چەندین وشەت بەدوای یەکدا ڕیزکردووە، بەڵام ئەو بابەتە لە ڕاستیدا هیچ شتێك نییە). لەوانەش بوو بڵێن: (گەنج، ئەو بابەتە بەڕاستی باشە.) دادوەری ئەوانم بە خۆشحاڵیەوە وەردەگرت.

ئەگەر لەو سەرەتایەدا کە بابەتم بۆیان دەبرد و ئەو قسەیان بکردبایە: (بەداخەوە، ئەو بابەتە بەکەڵکی هیچ نایەت). دیسان قەبوڵم دەکرد دەم گوت: (بەڕاستی؟ باشە گرفتێك نییە) بابەتەکەم فڕێ دەدا و بۆشم گرنگ نەبوو. لەبارەی یەك دوو بابەتی کە لە ماوەی ئەو ساڵەنەدا ڕەتیان کرد، بەڕاستی ڕەفتاریان زۆر بەڕێزانە بوو، بەردەوام دەیانگوت: (بزانە، لەوانەیە بابەتێکی تر کە جیاواز بێت لەوە چاپی

بکەین ) یان شتێکی بەڕێزانەی وەك ئەوە. هەستی من هەمیشە ئەوەبوو کە (کوڕە فرێیدەن هەر بۆم گرنگ نییە).

لەو لایەنەوە، نووسین هیچ کات بۆ من کارێکی هەستیار یا پیرۆز نەبووە، پێموابوو ئەگەر ئەو ڕۆمانەم تەواو بکردبایە، هەر ئەوەبوو، ئەگەر ئەوانەی کە هەڵیاندەسەنگاند و دەیانگوت: (بەڕای ئێمە بەکەڵك نایەت) هیچ بیرم لەوە نەدەکردەوە کە بڵێم: (ئێوە گەوجن) من تەنیا وەکو پێویست نازانم. توانای نووسەرێکی وەکو جیمس جۆیسم نییە کە هەمووشتێکی خوێندبوەوە، لە ڕەخنەگرەکانی زیاتری دەزانی، من تەنیا لەیەك دوو زەمینەدا هەست بە ئاسایش دەکەم کە تێیدا دادوەری من باشترە لە دادوەری هەموو خەڵك یان زۆربەیان. یەکێکیان هەر ئەو زەمینەی تەنزەیە کاتێ کە مەسەلەی بابەتی پێکەنینە، باوەڕم بەخۆم هەیە، جا کەرەستەی دەربڕینەکەی هەرچی بێت، لەبارەی مۆسیقای جازی (نیواورلیان)یش زۆرشت دەزانم، هەرچەندە ژەنیارێکی خراپم، خراپ، بەڵام خاوەن بەڵێن و بە دەربەستم.

## کاکوتانی

### ئەی چۆن بوو کە کارتان بە نووسینی تەنز دەسپێکرد؟

ودی ئالن

کاتێ کە گەنج بووم، هەمیشە چێژم لەکاری تەنزنووسەکان وەردەگرت، بەڵام کاتێ کە خوێندنەوەی جدیترم دەسپێکرد، بەرهەمی نووسەرە جدیەکانم زیاتر پێخۆش بوو، ئەو کاتە بوو کە تۆزێك حەزم بۆ تەنز کەمتر بوەوە، هەر چەندە تێگەیشتم کە دەتوانم تەنز بنووسم، ئەم ڕۆژانە ئیتر زۆر حەزم لە تەنز نییە، ئەگەر بڕیار بێت لیستی پانزە فیلم بنووسم کە حەزم لێیانە، ڕەنگە فیلمی کۆمێدی تێدا

نەبێت، هەڵبەتە کە هەندێ فیلمی کۆمێدی زۆر خۆشن، بەڕای من ( ڕۆشناییەکانی شار٢٩) زۆر باشە، هەروەها هەندێ لە فیلمەکانی باستر کیتون، زۆر لە فیلمەکانی برایانی مارکس، بەڵام ئەو فیلمانە جۆرێکی جیاوازن لە تەنز.

تەنزی ئەکتەرەکان لە فیلمدا زیاتر لە ژێر کاریگەری ڕابردووی ئەوانە. لەوانەیە ئەو فیلمانە لاواز یان بێتام بن، بەڵام ئەکتەرە کۆمێدیەکانیان زۆر زیرەك بوون. من فیلمەکانی کیتۆنم خۆشتر دەوێن تا کەسایەتی کیتۆن خۆی، بە گشتی زیاتر چێژ لە ڕۆڵی چاپلین و برایانی مارکس وەردەگرم تا فیلمەکانیان، بەڵام من بینەرێکی بێ دەردەسەرم، ئاسان دەکەومە پێکەنین.

**کاکوتانی**

**فیلمی (گەورەکردنی منداڵ)٣٠ چۆن؟**

ودی ئالن

هیچ کات حەزم لێی نەبووە، بەڕای من پێکەنیناوی نییە.

**کاکوتانی**

**بەڕاستی؟**

ودی ئالن

بەڵێ، (لە دایك بووی دوێنێ٣١)م پێ خۆشە، لەگەڵ ئەوەی کە شانۆنامەیە و کردوویانەتە فیلم. (فرۆشگای سەر کۆڵێن[٣٢]) و (دەردەسەر لە بەهەشت[٣٣])یش هەردووکیان زۆر خۆشن، یەکێك لە باشترین فیلمی کۆمیدی بە قسە (شێخی سپی[٣٤])یە، بەرهەمی (فلینی).

**کاکوتانی**

**بۆ فیلمی شاد یان کۆمێدی لە لیستی دە فیلمی تۆ جێگای نییە؟**

ودی ئالن

هیچ هۆیەکی نییە، تەنیا سەلیقە نەبێت، لەوانەیە کەسێکی تر دە فیلمی کۆمێدی بخاتە لیستەکەیەوە، تەنیا مەسەلەکە ئەوەیە کە من چێژ لە فیلمی جدیتر وەردەگرم، کاتێ کە کاتی فیلم بینینم هەبێت، دەچم (وەڵاتیی کین[٣٥]) (دزی پایسکل[٣٦]) (ئارەزووی گەورە[٣٧]) (مۆری حەوتەم[٣٨]) و ئەو جۆرە فیلمانە دەبینم.

**کاکوتانی**

**کاتێ بۆ چەندەمین جار تەماشای فیلمە کلاسیکیە گەورەکان دەکەیت، بۆ ئەوەیە کە بزانیت چۆن دروست کراون، یان بەهۆی کاریگەری عاتفی ئەوانە؟**

ودی ئالن

بە گشتی لەبەر چێژەکەی دەچم، هەموو ئەو کەسانەی کە لەسەر فیلمی من کاردەکەن هەموو مەسەلە هونەرییەکان دەزانن، منیش ئەوە نازانم، هێشتاش ئاگام لە سێبەری مایکرۆفۆن نییە، یان بڕینێك کە باش دەرنەچووە و لەو جۆرە شتانە، لە ڕادەبەدەر چومەتە ناو فیلمەکەوە.

**کاکوتانی**

**کێ لە هەمووکەس زیاتر کاریگەری هەبووە بەسەر کارە سینەماییەکانی تۆوە؟**

ودی ئالن

پێموایە زۆرترین کاریگەری بۆ سەر من بریگمان و برایانی مارکس بوون، لەگەڵ ئەوەشدا بە هیچ شێوەیەك لە دزینی بەرهەمەکانی ستریندبرگ، چیخۆف، پەرلەمان، ماس هارت[٣٩]، جیمی کانون[٤٠]، فلینی، ونووسەرانی بەرنامەکانی باب هۆپ هەست بە گوناه ناکەم.

**کاکوتانی**

**لە منداڵیش قۆشمەچی بوویت؟**

ودی ئالن

بەڵێ منداڵێکی بەتام بووم، خەڵك بەردەوام ئەو مەسەلەیە دەگەڕێننەوە بۆ پەروەردە یەهودییەکەم، ئەوە ئەفسانەیەکە، زۆر لە کۆمێدیە مەزنەکان یەهودی نەبوون: دەبلیو.سی.فیلدز[٤١]، جاناتان وینترز[٤٢]، باب هۆپ، باستر کینون و... من هیچ کات پەیوەندیم لە نێوان تەنز و نەتەوە و مەزهەب و ئایین نەبینیوە.

**کاکوتانی**

**داوایان لە تۆ کردووە کە لە ئاهەنگەکانی قوتابخانە بەرنامەت هەبێت؟**

ودی ئالن

زۆر بەرنامەم نەبوو، بەڵام لە پۆل، لە نێوان هاوڕێیان و مامۆستایان، منداڵێکی خۆش بووم.

**کاکوتانی**

**واتە تەنزی تۆ بە شێوەیەك نەبوو کە بەرپرسان توڕە بکات؟**

ودی ئالن

بەڵێ، هەندێ جار وابوو، زۆرجار دایکمیان بانگ دەکرد بۆ قوتابخانە، چونکە من لە پۆلدا بەدەنگی بەرز هەندێ شتم دەگوت، و پلارم دەپەڕاند، بەشێوەیەك دارشتنم دەنووسی کە بەڕای ئەوان نیشانەی زەوق خراپی من بوو یان ئەوەی لە ڕادەبەدەر بێ ئەدەبانە بوو، چەندین جار دایکمیان بانگ کردە قوتابخانە.

**کاکوتانی**

**بەڕای خۆتان چۆن بوو کە لە منداڵیەوە دەستتان بەنووسین کرد؟**

ودی ئالن

پێموایە تەنیا بۆ چێژەکەی بوو، بۆ نموونە هەر ئێستا کە لەگەڵ گروپە مۆسیقاکەم

خەریکی ژەنینم، ژەنینی مۆسیقا چێژم پێ دەبەخشێت، پێموابێ ئەگەر لە سەردەمی پێش سینەما ژیابام، حەتمەن دەبومە نووسەر، من بەرنامەی (ئالفیرد کازین[٤٣])م لە تەلەفزیۆن بینی. ئەو ڕۆمانی لە بەرانبەر فیلم ستایش دەکرد، بەڵام من لەگەڵ بیروڕای ئەودا نەبووم، ئەوانە لەگەڵ یەکتردا بەراورد ناکرێن، ئەو بۆ وشەی چاپکراو لەرادەبەدەر ڕێزی هەبوو، فیلمی چاك باشترە لە کتێبی خراپ، کاتێ کە فیلم و کتێب هەردووك زۆر باش بن، هەر کامێکیان بەهای تایبەتی خۆیانیان هەیە.

**کاکوتانی**

**پێتوایە چێژی نووسین بە هۆی هەستکردن بەو دەستەڵاتە بێت کە هونەر دروستی دەکات؟**

ودی ئالن

زۆر زۆر باشە ئەگەر بتوانیت جیهانی خۆت، هەر کاتێك کە بتەوێت دروستی بکەیت، نووسین زۆر چێژ بەخشە، زۆر وەسوەسەکەرە و زۆریش چارەسەرە، کاتێ کە دەنووسم کات زۆر زوو ڕادەبورێت، بەڕاستیش زوو ڕادەبورێت، من زۆر لە بیری بابەتەکەم و کات بەپەلە دەڕوات. هەستێکی خۆشە چۆن دەکرێت، چۆن دەبێت خراپ بێت؟ ئەو کارە کۆبونەوەیە لەگەڵ کەسایەتیەکانی چیرۆك، مرۆڤ بە شێوەی خۆی لە جیهان ڕادەکات و هیچ گرفتێکیش نییە، جا بۆ گرفتی هەبێت؟

**کاکوتانی**

**ئێستا حەز دەکەیت تەنیا بیت لە کاری نووسیندا، ئەگەر ناچار بیت واز لە دروستکردنی فیلم بێنی، غەریبی لایەنی دەستەیی ئەو کارە دەکەیت؟**

ودی ئالن

یەکێك لە شتە خۆش و فریودەرەکانی کارکردن لەگەڵ خەڵکانی تر، ئەوەیە

مرۆڤ له نووسین دووردەکاتەوە، ئیتر هێندەش تەنیا نیت، بەڵام من حەز دەکەم له ماڵەوە بمێنمەوە و بنووسم، بەردەوام بیردەکەمەوە ئەگەر سبەینێ پێم بڵێن که ئیتر ناتوانم فیلم دروست بکەم و ئیتر پارەم ناخەنه بەردەست، بەخۆشحاڵیەوە شانۆنامه دەنووسم، ئەگەر شانۆنامەکانیشم نەبن به شانۆگەری و پێشکەش نەکرێن، زۆر به خۆشحاڵیەوە تەنیا پەخشان دەنووسم، ئەگەر بەرهەمەکانم چاپ نەکەن، زۆر به خۆشحاڵیەوە دەینووسم و هەڵیدەگرم بۆ نەوەی داهاتوو، ئەگەر بەهای هەبێت دەمێنێتەوە، ئەگەر بەهاشی نەبێت، ئەوە باشتر که نەمێنێت. ئەوە یەکێکه له باشییەکانی نووسین یان هەر هونەرێکی تر، بابەتێك بەکەڵك بێت دەمێنێتەوە، هیچ کام له بارودۆخەکانی هاوسەردەمی نووسین - سەرکەوتنی یان ڕەتکردنەوەی لەلایەن ڕەخنەگران- له ڕاستیدا گرنگی نییه.

له کۆتاییدا هەر بابەتێك به هۆی بەهای خۆیەوە یان دەمێنێتەوە یان نامێنێتەوە. نامەوێت بڵێم که نەمری له ڕێگای هونەرەوە شتێکی گرنگه، ترۆفۆ مرد و هەمووومان پێمان ناخۆش بوو، ڕێزی زۆر شایستەی لێگیراو فیلمه بێهاوتاکانی مانەوە، بەڵام سودێکی بۆ ترۆفۆ نییه، مرۆڤ دڵی خۆی دەداتەوە کەدەڵێت (بەرهەمەکانم دەمێننەوە) هەر ئەوەی که چەندین جار گوتومه، من پێم باشتره له ئاپارتمانەکەی خۆم بژیم تا له دڵ و دەروونی خەڵکدا.

## کاکوتانی

**لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێك له هونەرمەندان هێنده جەخت دەکەنەوە لەسەر بەرهەمەکانیان و خوڵقاندنی شتێك که بمێنێتەوە، بابەتی هونەری به باشتر دەزانن له هەر شتێکی تر.**

## ودی ئالن

من لەوە بێزارم هونەر بکرێتە دین، هەستی من بە پێچەوانەی ئەوەیە. کاتێ کە ڕێز زیاتر لە بەرهەمە هونەرییەکان دەنێیت تا مرۆڤەکان، مرۆڤایەتی خۆت لەدەست دەدەیت، ئەو هەستە کەم تا زۆر هەیە کە هونەرمەند هەندێك باشی هەیە و هەرشتێك ئاساییە بەمەرجێك لە خزمەتی هونەردا بێت، لە فیلمی (کەشوهەواکانی ناوخۆ[٤٤]) هەوڵمداوە ئەو مەسەلەیە نیشان بدەم، هەمیشە لە ڕادەبەدەر گرنگی دەدرێت بە هونەرمەند، ئەوە کارێکی ڕاست نییە و زاڵمانەیە، هونەرمەند بوون بەهرەیەکە، بەڵام بە ڕێکەوتە- وەکو دەنگخۆشی یان چەپە بوون، توانای داهێنان جۆرێك باش ڕێککەوتنە، بە ڕێکەوت لەناو کۆمەڵدا بەهایەکی زۆرتری هەیە، بەڵام هێندەی جوامێریی خاسیەتێکی شەریف نییە، بەڕای من قسەی خۆپەرستانەی فیرعەونانە لەبارەی هونەرمەندێك کە خۆی دەخاتە ترسەوە پێکەنیناوی و بێ تامە- خۆخستنە ترسی هونەرمەند، وەکو خۆخستنە ترسە لە پیشەی شانۆدا، شایانی پێکەنینە، وەکو ئەکتەرزانی لە دەرەوەی کلێشە[٤٥]، بەڕاستی، ترسێکی سەیرە! ترس ئەوەیە کە گیان لە ترسدا بێت، ئەو کەسانەی کە بەرانبەر نازییەکان خۆیان خستە ترسەوە یان ئەو گروپەی شاعیرانی ڕووس کە بەرانبەر حکومەت وەستان، ئەوانە بوون کە جەسارەتیان هەبوو، ئەوان بەڕاستی وەکو دەستکەوت دەژمێردران، هونەرمەند بوونیش دەستکەوتێکە، بەڵام دەبێ ئەویش لە شوێنی خۆیدا لە بەرچاوبگیرێت، من هەوڵ نادەم لە ڕادەبەدەر بەهای هونەر بێنمە خوارەوە، بەڕای من هونەر بەهادارە، بەڵام پێموایە لە ڕادەبەدەر بەهایان پێداوە، هونەر بەهادارە، بەڵام بەهادارتر نییە لە مامۆستا بوونێکی باش، یان پزیشك بوونێکی باش، گرفت لێرەیە کە داهێنەربوون چێژی هەیە، ئەو کەسانەی کە لە بەشی بازرگانی فیلم کاردەکەن بەردەوام دەڵێن:

(حه‌زده‌كه‌م به‌رهه‌مهێنه‌ر بم، به‌ڵام به‌رهه‌مهێنه‌رێكی باش)، له‌بیرمه كچێكی هاوپۆلم ده‌یگوت: (به‌ڵێ من زه‌ماوه‌ندم له‌گه‌ڵ فلانكه‌س كردووه، بۆریچییه، به‌ڵام زۆر داهێنه‌ره) ئه‌و تایبه‌تمه‌ندییه بۆ مرۆڤه‌كان زۆر گرنگی هه‌یه، وه‌ك بڵێی ئه‌گه‌ر ئه‌وكه‌سه داهێنه‌ر نه‌بوایه شتێكی كه‌م بوو.

**كاكوتانی**

**له‌كاتی نووسین بیر له خوێنه‌ره‌كانیشت ده‌كه‌یته‌وه؟ بۆ نموونه ئاپدایك گوتویه‌تی بیر له گه‌نجێك ده‌كاته‌وه كه له شارێكی بچووكدا یه‌كێك له كتێبه‌كانی ئه‌و له‌سه‌ر ڕه‌فه‌ی كتێبخانه‌یه‌ك ده‌دۆزێته‌وه.**

ودی ئالن

هه‌میشه، له هه‌ر كات و ساتێكدا، هه‌وڵ ده‌ده‌م ئامانجم تا ده‌كرێت باشتر بێت، و خوێنه‌ره‌كانم هه‌موو خه‌ڵك نه‌بێت، چونكه ده‌زانم كارێكی ئاوا به من ناكرێت و له توانای مندا نییه، به‌ڵام هه‌میشه هه‌وڵ ده‌ده‌م تواناكانم زیاد بكه‌م، كاتێ كه فیلمێك ته‌واو ده‌كه‌م، حه‌ز ده‌كه‌م هه‌ست بكه‌م كه به‌سالاچوه، ئه‌ندێشمه‌نده‌كان چ لایه‌نگری زانست و چ فه‌یله‌سوف ده‌توانن بچن ببینن، كاتێ دێنه ده‌ره‌وه، هه‌ست نه‌كه‌ن كاتیان به‌فیڕۆ داوه نه‌ڵێن: (خوایه ئه‌وه چ شتێكی قۆڕبوو؟) ئه‌گه‌ر من ده‌چووم و فیلمی (ڕامبو) ببینم، دوای چه‌ند خوله‌كێك له هۆڵی سینه‌ما ده‌هاتمه ده‌ره‌وه. ژماره‌ی بینه‌ران بۆم گرنگ نییه، هه‌رچی زۆرتر بێت باشتر، به‌ڵام ئه‌وه مانای ئه‌وه نییه كه من بۆ فریودانی ئه‌وان ئه‌ندێشه‌كانم بگۆڕم.

**كاكوتانی**

**دروستكردنی فیلم ئاسانترین فۆرمی هونه‌ری نییه بۆ گه‌یشتن به‌و مه‌به‌سته. خه‌ڵكێكی زۆر كاریگه‌رییان هه‌یه و پاره‌یه‌كی زۆری پێویسته.**

ودی ئالن

لە هەندێك شوێنی وەکو سوێد، بەشێك لە خەرجی فیلم حکومەت دابینی دەکات، بەڵام لە وڵاتە یەکگرتووەکان، هەمووشتێك زۆر زۆر گرانە. ئەو کارە وەکو شێوەکاری و نووسین نییە، بۆ دروستکردنی فیلم - تەنانەت فیلمی هەرزان- پێویستە ملیۆنان دۆلار دابین بکەیت، هەربۆیە، ئەو هەستەش هاورێیە لەگەڵ دروستکردنی فیلم، کار بەبێ ژمارەی زۆری بینەر بەرەو پێش ناڕوات، هەر لەبەر ئەوەیە، ئەوکارە کەم تا زۆر جۆرێك ململانێیە، بەڵام هەمیشە شانسم هەبووە: هەمیشە ئازادی کارم هەبووە، بەخت یارم بووە، من لە دونیای سینەمادا هەمیشە ژیانێکی وەکو خەونم هەبووە، لە یەکەمین فیلم تا ئێستاش ئازاد کارکردنی من لە تەواوی کاتدا ڕەها و کامڵ بووە، هۆیەکەی لە من مەپرسە، ئەگەر هەر سبەینێ بڕیار بدەم فیلمێکی ڕەش و سپی لەبارەی مەزهەب لە سەدەی شانزەهەم دروست بکەم، دەتوانم ئەو کارە بکەم، هەڵبەتە ئەگەر بڕۆم و بڵێم: (دەمەوێت فیلمێك لەبارەی ناوکەیی دروست بکەم) دەڵێن: (باشە بۆ ئەوکارە ئەوەندەت پێ دەدەین). لە کاتێکدا ئەگەر بڵێم: (دەمەوێت کۆمێدیەکی مەزن دروست بکەم) پارەیەکی پترم دەخەنە بەردەست.

## کاکوتانی

## چ گۆڕانکارییەکتان لەکاری خۆتاندا لە ماوەی ئەو ساڵانەدا بینیوە؟

ودی ئالن

هەڵبەتە هیوادارم ئەو گۆڕانکارییە بەرەو باشتر بێت، ئەگەر سەیری یەکەمین فیلم بکەیت، دەبینیت زۆر سادە و هەندێ جاریش پێکەنیناوی بوون، ڕەفتارم لەگەڵ چیرۆکەکان مرۆڤانەتر بووە و بەشێکی زۆری تەنز و پێکەنینم کردۆتە قوربانی

بەهاکانی تر کە خۆم پێموایە شایستەی ئەو قوربانییەن، بەم شێوەیە فیلمەکانی وەکو (گوڵەباغی ئەرخەوانی قاهیرە[٤٦]) یا (منهتن[٤٧]) ئیتر هێندە پێکەنیناوی نییە، بەڵام بەڕای من چێژبەخشترن، لانی کەم لەبارەی خۆمەوە وایە، زۆر حەزدەکەم ئەم کارە درێژە پێبدەم، لە هەمان کاتدا فیلمی جدیش دروست بکەم.

**کاکوتانی**

**دەڵێن لە فیلمی (کەشوهەواکانی ناوخۆ)دا ئەگەر کەسێك بە بەشێکی ئەو فیلمە پێکەنیبایە، تۆ ئەو بەشەت دەبڕی، وایە؟**

ودی ئالن

نانا، ئەوە ڕاست نییە، سەیرە، بەڵام بەهیچ شێوەیەك ڕاست نییە لەبارەی فیلمەکانی من، هەرگیز هیچ ڕوداوێکی هەژێنەر نەبووە. سەیرکە، ئێمە لە کەشوهەوایەکی جدی و ڕەسمی کاردەکەین و فیلم دروست دەکەین. چ فیلمی کۆمێدی بێت یان دراما، هەندێ کەس لە ڕەخنەگرتن لە (کەشوهەواکانی ناوخۆ)دا دەیانگوت هیچ تەنزێکی تێدا نییە، بەڕای من ئەو ڕەخنەیە وانییە، ئەو فیلمە هەر عەیبێکی هەبێت، گرفتی ئەوەی نییە تەنزی تێدا نەبێ، لە (ئاتلو) یا(کەسایەتی[٤٨])یش تەنزێکی وا نییە، ئەگەر من توانیم چەند فیلمنامەیەك یان شانۆنامەیەك بەشێوەی جدی بنووسم، ئەو کارەم پێ باشتربوو تا دروستکردنی پڕ فرۆشترین فیلمی کۆمیدیساڵ، چونکە ئەو کارە چێژێکی تایبەت بە خۆم دەبەخشێت، هەروەك ئەوەی کە پێم باشترە مۆسیقای جازی نیواورلیان بژەنم تا مۆسیقای مۆزارت. من عاشقی مۆسیقای مۆزارتم، بەڵام حەزم لێیە مۆسیقای جازی نیواورلیان بژەنم، ئەوە تەنیا سەلیقەی منە هەر ئەوەندە.

**کاکوتانی**

**بەڵام کاتێ کە فیلمنامە دەنووسیت و تەنز دروست دەبێت، بەچێژەوە دەیقۆزێتەوە** وانییە؟

ودی ئالن

بەڵێ هەمیشە چێژی هەیە، بە گشتی مەسەلەکە ئەوەیە کە لە فیلمەکاندا چەند ڕوداوێکی چاوەڕوان نەکراو هەیە، ئەو ڕوداوانەش بە گشتی ڕووداوی نێگەتیڤن. نوکتەیەك یان دیمەنێك کە بەڕای خۆتان پێکەنیناویە، بەڵام پێکەنیناوی دەرناچێت، ئەو مەسەلەیە دەبێتە هۆی سەرسوڕمانی تۆ.

**کاکوتانی**

**ناشتوانیت خۆتی لێ بدزیتەوە و ڕزگارت بێت.**

ودی ئالن

یان ئەوەی کە ئەوە فڕێ دەدەیت، لەلایەکی تر، زۆر بەکەمی ڕوداوی چاوەڕوان نەکراویی خۆش دێتەپێش، ئەو شتەی تۆ پێتوانەبوو پێکەنیناوی بێت، بینەران دەخاتە پێکەنین، ئەوەش زۆر زۆر باشە.

**کاکوتانی**

**دەتوانی نموونەیەکمان بۆ بڵێی؟**

ودی ئالن

چەندین ساڵ لەمەوبەر کە فیلمی (ویلایەتی ئازادی باناناس)م دروست دەکرد، بڕیار بوو لە فیلمەکە بچمە ماڵی دیکتاتۆر، لە وڵاتێکی ئەمریکای لاتین بۆ شێو بۆماڵی دیکتاتۆر بانگهێشت کرابووم، کێکیشم لەگەڵ خۆم بردبوو، کێکێکی ناو قوتو، لە یەکێك لە دوکانە شیرینی فرۆشەکان، خۆم هێندە بیرم لەو مەسەلەیە

نەدەکردەوە، بەڵام ئەو دیمەنە هەمیشە زۆرتر بینەری دەخستە پێکەنین لە دیمەنەکانی تر، بەوە پێدەکەنین کە کەسایەتیەکە هێندە گێل بووە کێك بباتە میوانییەکی رەسمی، ئەو مەسەلەیە بۆ من بابەتێکی لاوەکی بوو بۆ گەیشتن بە بابەتی بەراستی پێکەنیناوی، بەڵام بە رای بینەران لە هەمووی پێکەنیناوی تر بوو.

**کاکوتانی**

**وادیارە کاتێ هونەرمەندێك جێگیر دەبێت، خەڵك- رەخنەگران و لایەنگرانی- چاوەروانی ئەوەی لێ دەکەن لە جیاتی ئەوەی بەشێوەی خۆی کامڵ بێت، بەردەوام هەمان کار دووبارە بکاتەوە.**

ودی ئالن

هەربۆیە نابێت ئەو شتانە بە جدی وەربگریت کە لە بارەتەوە دەنووسرێت، لە هەموو تەمەنمدا هیچ کات شتێکم نەنووسیوە یان پرۆژەیەکم جێبەجێ نەکردووە ئەوکاتە نەمویستبێت بنووسم یان جێبەجێی بکەم، بەراستی دەبێ ئەو شتە لەبیربکەین کە بە (جولانەوەی پیشەیی) ناسراوە، ئەو کارەی دەتەوێت ئەنجامی بدەیت، تەنیا بەهۆی تێگەیشتنی خۆت لە ژیان داهێنان بکەیت. ئەگەر کەسێك حەز ناکات بیبینێت، مەسەلەیەك نییە، ئەگەر نا بۆ خۆشحاڵ کردنی خەڵك ئەو کارە دەکەیت. کاتێ (بیرەوەریەکانی کەسێکی سادە[٤٩])م دروست دەکرد، هەموو دەمانزانی زۆر رەخنەی لێ دەگیرێت، بەڵام ئەو مەسەلەیە تەنانەت یەك ساتیش تەمبەڵی نەکردین، هیچ کات بیرم نەکردەوە لەوەی ئەو کارە نەکەین باشترە، چونکە خەڵك پێیان ناخۆشە، ئەوە مردنێکی رووتە کە ئەو پرۆژەیەی هەتە و حەزدەکەیت ئەنجامی بدەیت، بەڵام ئەنجامی نەدەیت، بۆ نموونە ستریندبەگ لەبەرچاو بگرە- ئەویش یەکێکە لەو کەسانەی کە هەمیشە خۆشمویستوە- دەبینیت لەبارەی هەندێ

شتەوە ڕووبەڕووی چ هەڵوێستێك دەبوەوە... کار دەگەیشتە توندوتیژی. (ئانی هاڵ)م دروست کرد، زۆرکەس پێشنیاریان کرد (ئانی هالی٢) دروست بکەم، یەك ملیۆن ساڵی تر شتێکی ئەوەم بە زەین نەدەگەیشت.

بەرنامەم ئەوەبوو دوای ئەو (کەشوهەواکانی ناوخۆ) دروست بکەم، هەر ئەو کارەشم کرد. پێموانییە بۆ مانەوە ڕێگەیەکی تر هەبێت جگە لەوە، بۆ من ئەوە گرنگ نییە خەڵکی زیاتر ڕاکێشم، بەڵکو ئەوەیە باشترین کار کە بەزەینم دا دێت ئەنجامی بدەم و هیوادارم فیلمێکی باش دەربچێت، خەڵك بێن و بیبینن.

ئەو هونەرمەندانەی من عاشقیان بووم، زۆربەیان بینەری زۆریان نەبوو، ئەنجامدانی کار لە هەمووشتێك گرنگترە، دوای ئەوە چی ڕوودەدات؟ تەنیا دوعا دەکەیت کە شانست هەبێت، تەنانەت لە فۆرمێکی هونەری پڕ بینەری وەکو فیلم، زۆربەی خەڵکی ئەمریکا (دزی پایسکیل) یان (ئارەزووی مەزن) یان (کەسایەتی) یان نەبینیوە، زۆربەی خەڵك لە تەواوی تەمەنیان هیچ کام لەو فیلمانە نابینن، زۆربەی لایەنگرانی نەوەی نوێ کە ئەمڕۆ ژمارەشیان زۆر زۆرە، حەزیان لە بونوێل یان بریگمان نییە، ئاشنا نین بەو دەستکەوتەی ئەو فۆرمە هونەرییە، زۆر بەکەمی شتێك تەنیا بەڕێکەوت بە لەبەرچاوگرتنی کات و سات و شانس و بەخت دروست دەبێت، چارلی چاپلین لە سەردەمێکی گونجاودا هاتە ناو سینەما، ئەگەر ئەمڕۆ هاتبایە ڕووبەڕووی گرفتی جۆراوجۆر دەبوەوە.

## کاکوتانی

**پێتوانییە نووسەرانی جدی، لە هەمان کاتدا کە ئەزمون کۆدەکەنەوە و کامڵ دەبن، بەتایبەت دەکەونە کامڵکردن و بەرفراوانکردنی ئەو پێکهاتانەی پێشتر جێگیر بووە بۆیان؟**

ودی ئالن

هەر کەسێك زەینی بە شتێکەوە خەریکە، لە فیلمەکانی بریگمان، هەر ئەو شتانە کە چەندین جار دووبارە دەبنەوە، بەڵام شێوازی خستنەڕوویان تازەتر و نوێیە.

**کاکوتانی**

**ئەی لەبارەی کاری خۆتانەوە چۆن؟**

ودی ئالن

هەمان شت دووبارە و دووبارە، دووبارە دەبێتەوە، ئەمە ئەو شتانەن لە زەین و مێشکی مندا هەن، مرۆ هەمیشە بەدوای دۆزینەوەی ڕێگای باشترە بۆ خستنەڕوو و دەربڕینی ئەو شتانە، زۆر سەختە بەردەوام بە خۆتان بڵێن: (وای، دەبێ شتێکی تازە بدۆزمەوە تا بیخەمەڕوو.) چ جۆرە شتێك دووبارە دەبێتەوە؟ لەبارەی من، بێگومان فریودەری خەیاڵ و دڵڕەقی ڕاستیی، وەکو کەسێکی داهێنەر، هیچ کات حەزم لە سیاسەت و ئەو کێشانە نەبوە کە چارەسەری بکەین، بەردەوام ئەو کێشانە ڕامدەکێشن کە چارەسەر ناکرێن: سنورداربوونی ژیان، هەستکردن بەبێهودەیی و نائومێدی، نەتوانینی دروستکردنی پەیوەندی، دژواری عاشق بوون و مانەوە بە عاشقی، بۆ من ئەو شتانە زۆر سەرنجڕاکێشترە تا... چوزانم، بۆ نموونە یاسای مافی دەنگدان لە ژیاندا، تا ئاستێکی دیاریکراو بە دوای سیاسەتدا دەچم و وەکو وەڵاتییەك بۆم سەرنجڕاکێشە، بەڵام هیچ کات بیر لەوە ناکەمەوە کە لە بارەیەوە بنووسم.

قسەیەکیش لەبارەی ئەم چاوپێکەوتنەوە بکەم، ئەم کارە بۆم زەحمەت بوو، چونکە حەزناکەم بە باسکردن لەبارەی کاریگەری کارم یان ناوەڕۆکی کارەکانم و ئەو جۆرە شتانە، کارەکەم گرنگ پیشان بدەم، ئەم قسانە زیاتر مەبەستم ئەو بەرهەمانەیە کە بەهێزترن، ئەوە دەڵێم بەدەر لە هەر جۆرە لەخۆبردوییەکی دروستکراو، هەست

دەکەم هیچ کارێکی گرنگم لە هیچ دەزگایەك ئەنجام نەداوە، ئەوە زۆر بەڕوونی هەست دەکەم، هەست دەکەم ئەوەی تائێستا لە ژیانمدا ئەنجاممداوە، جۆرێکە لە ئاسودەکردنی ویژدانی خۆم، بەتەمای ئەوەی ڕەنگە یەك دوو بەرهەمی باش دروست بێن و پێشی بخات، ئێمە کە لێرە دانیشتوین بۆ نموونە لەبارەی فاکنەر و ئاپدایك و بریگمان قسەمان کرد، دەمەوێت بڵێم کە ڕوون و ئاشکرایە کە بەهیچ شێوەیەك ناتوانم بەم شێوەیە لەبارەی خۆمەوە بەمجۆرە قسەبکەم، هەست دەکەم ئەوەی تائێستا ئەنجامم داوە، تەنیا و تەنیا سەرەتای کارە. لەو باوەڕەدام ئەگەر بتوانم لە پاشماوەی تەمەنم دوو یان سێ بەرهەمی زۆرباش دروست بکەم یان شانۆنامەیەك یان بابەتێکی باش بنووسم- ئەوکاتە هەموو کارەکانی پێش ئەو وەکو کاری تەواوکەر سەرنجراکێش دەبن. هەست دەکەم بارودۆخی ئێستای بەرهەمەکانی من بەم شێوەیەیە: ئەوان ئەنگوستیلەیەکن لە چاوەڕوانی یاقوتدا، بەڵام جارێ یاقوتێك نییە. هەربۆیە کەم کەم هەست دەکەم چاوپێکەوتنم خۆپەرستانەیە، لەو نێوانەدا چەند یاقوتی گەورەم پێویستە، بەڵام هیوادارم لە ژیاندا بگەمە قۆناغێك کە بتوانم لە ماوەی دە پانزە ساڵی داهاتودا دوو سێ کار ئەنجام بدەم کە متمانە ببەخشێتە تەواوی کارەکانم ... هیوادارم.

The Paris Review, ١٣٦ Fall ١٩٩٥

**پەراوێزەکان**

---

١ Michiko kakutani.

٢ Madison Square Gardens.

٣ Knicks.تیمی باسکەی شاری نیۆیۆرك

٤ Elaine's.

٥ What's New pussycat?

٦ Take the Money and Run.

٧ Bananas.

٨ Sleeper.

٩ Love and Death.

١٠ Annie Hall.

١١ Don't Drink the Water.

١٢ Play it Again Sam.

١٣ Getting Even.

١٤ Without Feathers.

١٥ Side Effects.

١٦ Max Shulman.

١٧ The Zebra Derby.

١٨ Robert Benchely(١٨٨٩-١٩٤٥) وتارنووس، شانۆنامەنووس و رەخنەکری ئەمریکی. له دامەزرێنەرانی نیۆیۆرکەر و ئەندامی کۆمەڵەی تەنزنووسانی لاو کە لە ١٩٢٠دامەزراز.

١٩ Marshall Brickman.

٢٠ Louise Lasser.

٢١ Norman Mailer رۆماننووس، وتارنووس و رۆژنامەنووسی ئەمریکی.(لەدایك بووی ١٩٢٣) .

٢٢ Sidonie Gabrielle Colette رۆماننووسی فەرەنسی کە بە هۆی نووسینەکانی چەندین خەڵاتی وەرگرت و لە پاریس ببوە کەسایەتیەکی ئەفسانەیی.(١٨٧٣-١٩٥٤)

٢٣ Death of a Salesman١٩٤٩، نووسینی ئارتۆ میلەر .

٢٤ A Streetcar Named Desire.١٩٥١ ئلیا کازان،

٢٥ The Floating Lightbulb.

٢٦ Lincoln Center.

٢٧ Distortion of time.

٢٨ A Midsummer Night's Sex Comedy.

٢٩ City Lights١٩٣١، چارلی چاپلین .

٣٠ Bringing Up Babyy١٩٣٨، هاوارد هاوکس.

٣١ Born Yesterday.١٩٥٠، جۆرج کوکەر

٣٢ The Shop Around the Corner.١٩٤٠، ئێرنست لوبیچ

٣٣ Trouble in Paradise. ١٩٣٢، ئێرنست لوبیچ

٣٤ The White Sheik١٩٥٢، فریدریکۆ فلینی

٣٥ Citizen Kane١٩٤١ ، ئۆرسن ولز .

٣٦ The Bicycle١٩٤٧، ڤیتورۆ دیسکا .

٣٧ The Grand Illusion١٩٣٧ ، ژان رنوار .

٣٨ The Seventh Seal١٩٥٧ ، ئینگمار برێگمان .

٣٩ Moss Hart١٩٦١-١٩٠٤(شانۆنامەنووس و دەرهێنەری ئەمریکی)

٤٠ Jimmy Cannon.

٤١ W.C.Fields١٩٤٦-١٨٨٠(هونەرمەندی کۆمێدی ئەمریکی)

٤٢ Jonathan Winters.

٤٣ Alfred Kazin(١٩١٥ رەخنەگری ئەمریکی لەدایکبووی) .

٤٤ Interiors.

٤٥ Casting against type.هەڵبژاردن و ڕێنمایی ئەکتەر لە دەرەوەی کلێشە.

٤٦ The Purple Rose of Cairo.

٤٧ Manhattan.

٤٨ Persona١٩٦٦(ئینگمار برێگمان) .

٤٩ Stardust Memories



پی.دی.جیٚمز

# شاژنی تاوان

## وتوویژ لەگەڵ پی.دی.جێمز
## شوشا گاپی

پی.دی.جێمز، یەکێکە لە بەرجەستەترین و خۆشەویسترین نووسەرانی بەریتانیا، ئەو ماوەیەکی زۆرە کە بە (شاژنی تاوان) ناسراوە و بە پێشڕەوی ڕۆماننووسەکانی دەقی پۆلیسی دەژمێردرێت، خوێنەری زۆر و فراوانیشی لە دەرەوەی سنوری ئەو دەقەوە هەیە، ڕەخنەگرانی چاپەمەنییە ئەدەبیەکان، وەکو تایمز لیتەرری ساپلیمنت[1] و لیتەرری ریڤیو[2]، دەستخۆشیان لە کارەکانی کردووە.

جێمز لە ساڵی ١٩٢٠ لە ئۆکسفۆرد لە دایك بووە، لە ئامادەیی کچان لە کیمبریج خوێندویەتی، تەمەنی یانزە ساڵان بوو کە ماڵیان هاتە ئەم شارە لە شانزە ساڵیدا دوای وازهێنانی لە قوتابخانە، دەستی بەکارکردن کرد و لە ساڵی ١٩٤١ لەگەڵ دکتۆر کانر بنتری وایت[3] زەماوەندی کرد و بەرهەمی ئەو زەماوەندەش دوو کچ بەناوەکانی کیلر و جیسن، هاوسەرەکەی لە شەڕی جیهانی دووەم تووشی گرفتی دەروونی بوو

و ئیتر توانای کارکردنی نەما. جێمز ناچار بوو کە ژیانی خۆی و خێزانەکەی دابین بکات. ئەو سەرەتا کەوتە کارکردن لە دەزگای خزمەتگوزاری تەندروستی و پاشان چوە وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا و سەرەنجام لەم وەزارەتەدا گەیشتە پۆستێکی بەرز لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس. لە ساڵی ١٩٦٢، لە تەمەنی ٤٢ ساڵیدا، یەکەمین ڕۆمانی خۆی بەناونیشانی (دەموچاوی داپۆشە[٤]) بڵاوکردەوە.

دوای ئەوە، لەماوەی نزیکەی سێ دەیە چالاکی پیشەیی لە زەمینەی نووسیندا، یانزە ڕۆمانی تری نووسی، بوە جێگای دەستخۆشی ڕەخنەگران، خۆشەویستیەکەشی ڕۆژبەڕۆژ زۆرتر بوو. جێمز بە هەشتەمین ڕۆمانی (خوێنی بێگوناه[٥]) گەیشتە لوتکەی ناوبانگ، ئەو ڕۆمانە لەلیستی کتێبە پڕ فرۆشەکانی ئەمریکا لە ڕیزی یەکەم بوو، سەروەت و سامانێکی باش و ناوبانگێکی جیهانی بۆ هێنا، تا ئەمرۆکە، زیاتر لە دەملیۆن دانە لە کتێبەکانی، لە وڵاتە یەکگرتووەکان فرۆشراوە، بەردەوام بۆ ڕیکلامی ڕۆمانەکانی و کۆڕگرتن دەچێتە دەرەوەی ئەمریکا.

یەکەمین ڕۆمانی (ڕۆمانی باو[٦]) ی جێمز بەناونیشانی (منداڵانی مرۆڤەکان[٧])یش سەرکەوتنێکی باشی بەدەستهێنا، ئەم ڕۆمانە چیرۆکێکی ئەخلاقی و ئایندە بینیانەی هەیە کە لە ساڵی ٢٠٠٧ لە بەریتانیا ڕودەدات. سێزدەمین و نوێترین ڕۆمانی ئەو، (گوناهی یەکەمین[٨]) لە لەندەن و لە دونیای چاپەمەنی ڕوودەدات، قارەمانی ئەو ڕوداوە (ئادام دڵگلیش[٩])ە کە بەناوبانگترین لێکۆڵەرەوەی پۆلیسە دوای شرلوك هولمز، کە قارەمانی زۆرینەی ڕۆمانەکانی پێشتری جێمزیش بووە.

لە ١٩٨٧، خەڵاتی خەنجەری ئەڵماس نیشانی کارتیەی پێشکەش کرا لە بەرانبەر تەمەنێك چالاکی ئەدەبی، هەروەها خەنجەری زیوینی ئەنجومەنی تاواننووسانی پێ بەخشرا بۆ چوارەمین ڕۆمانی بەناوی (هێلانەیەك بۆ بولبول[١٠]) و لە وڵاتە

یەکگرتووەکانیش خەڵاتی ئدگار ئالن پۆی وەرگرت بۆ هەمان ڕۆمان و ڕۆمانی (پیشەیەکی نەگونجاو بۆ ژنێك[١١])، تائێستا هەشت لە ڕۆمانەکانی جێمز بوونەتە زنجیرەی تەلەفزیۆنی، ئەو لە ئەندامانی (کۆلێژی داونینگ[١٢])ی زانکۆی کیمبریج. لە چوار زانکۆ بڕوانامەی شانازی وەرگرتووە، ئەندامی ئەنجومەنی سەڵتەنەتی ئەدەبیاتی بەریتانیایە، لەگەڵ ئەوانەشدا جێمز سەرۆکی دەستەی ئەدەبیاتی ئەنجومەنی هونەر و ئەندامی ئەنجومەنی بەڕێوەبەرانی (بی.بی.سی)ش بوە. لە ١٩٩١ نازناوی (بارونس)ی پێ بەخشرا و ئێستاش بەناونیشانی بارونس جێمز لە هلند پارك لە ئەنجومەنی پیرانی بەریتانیا کورسی هەیە.

پی.دی.جێمز لە ماڵە دێرین و جوانەکەی لە ناوچەی (هلند پارك)ی لەندەن دەژی و ئەو چاوپێکەوتنە لە نیسانی ١٩٩٤ لە هەمان ماڵ ئەنجام دراوە.

ژووری دانیشتنی ماڵەکەی مۆبل و قەنەفەی تێدایە و ئاوێنەی زێڕین پەیکەرەکانی ستافوردشایر، کتێبخانەیەکی جوان بە کۆمەڵە کتێبێکی جوانی بەرگکراوی وەکو زنجیرە کتێبی (دادگایە گرنگەکانی بەریتانیا) کە بەوتەی خۆی (ئەفسونکەرن).

**شوشا گاپی**

**ئێوە نووسینتان دوای چل ساڵی دەست پێکردووە، لەگەڵ ئەوەش دەڵێن هەمیشە حەزتان کردووە ببنە نووسەر، ئەوەت لە کوێوە دەزانی و چۆن دەتەویست ببیتە نووسەر؟**

پی.دی.جێمز

پێموایە لە سەرەتاوە ئەمەم دەزانی، لە منداڵیەوە ڕاهاتبووم چیرۆکی خەیاڵیم بۆ خوشك و برا بچووکەکانم دەگێڕایەوە. کارێکی تریشم دەکرد کە بیستومە نووسەرانی تریش ئەنجامیان دەدا، لە زەینمدا، خۆم بە شێوەی کەسی سێیەم وەسپ دەکرد: (ئەو قژەکەی شانە کردوو دەموچاوی شوشت، دوایی جلی خەوتنی پۆشی..) وەك بڵێی لە دەرەوەی خۆم وەستاوم و سەیری خۆمم دەکرد، نازانم ئەو بابەتە چ گرنگیەکی هەیە یان نا، بەڵام پێموایە کەم تا زۆر لەوکاتەی تێگەیشتم کتێب چییە، حەزم دەکرد ببمە نووسەر.

**شوشا گاپی**

**دایك و باوکیشت حەزیان لە ئەدەبیات بوو؟ زۆر کتێبتان دەخوێندەوە؟ چ کتێبکتان لە ماڵدا هەبوو؟**

پی.دی.جێمز

ئێمە سێ منداڵ بووین من لە هەموویان گەورەتر بووم، باوکم کارمەندی مامناوەندی بەڕێوەبەرایەتی دارایی بوو. زەماوەندی دایك و باوکم هێندە سەرکەوتوو نەبوو، پێمابوو یەکێك لە هۆیەکانیش جیاوازی زۆری کەسایەتیان

بوو، باوکم که‌سێکی کینه‌له‌دڵ نه‌بوو، زۆر به‌هۆش و بێ هه‌ست، دایکم خوێنگه‌رم و ده‌مده‌می و به‌رده‌وام که‌م هۆشتربوو له‌ باوکم، که‌ منداڵبووین، له‌ باوکم ده‌ترسام، وابزانم خووشك و براکه‌شم ده‌ترسان، به‌ڵام که‌ وه‌ناوکه‌وت، که‌م که‌م ڕێزم په‌یداکرد بۆ جوامێری و هۆش و قۆشمه‌چیه‌تیه‌که‌ی. وابزانم هه‌م له‌ دایکم و هه‌م له‌ باوکم هه‌ندێ تایبه‌تمه‌ندیم بۆ ماوه‌ته‌وه‌، هه‌ردووکیان به‌ عه‌شقه‌وه‌ باس ده‌که‌م، دایك و باوکم هیچ کامیان، نه‌ ده‌یاننووسی و نه‌ حه‌زیان له‌ ئه‌ده‌بیات بوو، به‌ڵام خۆشحاڵ ده‌بوون له‌ سه‌رکه‌وتنی من.

## شوشا گاپی

**له‌ قوتابخانه‌ چیت ده‌خوێند؟ زۆر حه‌زت له‌ وانه‌ی زمان و ئه‌ده‌بیاتی ئینگلیزی بوو؟**

پی.دی.جێمز

به‌ڵێ، من له‌ سیستمی په‌روه‌رده‌ی میری و له‌ دواناوه‌ندییه‌کی کۆن له‌ کیمبریج خوێندومه‌، ئه‌وکاته‌ ئاستی خوێندنی میری زۆر به‌رز بوو، به‌ڵام له‌ شانزه‌ ساڵی ناچار بووم واز له‌ خوێندن بێنم، چونکه‌ زانکۆ به‌ خۆڕایی نه‌بوو و ماڵه‌وه‌شمان نه‌یانده‌توانی خه‌رجی زانکۆم بۆ بده‌ن، زۆر حه‌زم ده‌کرد بچومایه‌ زانکۆ، به‌ڵام پێموایه‌ ئه‌گه‌ر چوبام ده‌بومه‌ نووسه‌رێکی باشتر، به‌ڵکو له‌وانه‌یه‌ به‌پێچه‌وانه‌وه‌، کاتێ بیر له‌ ڕابردوو ده‌که‌مه‌وه‌، هه‌ست ده‌که‌م من که‌سێکی خۆشبه‌خت بووم، ئێمه‌ مامۆستای باش و دڵسۆزمان هه‌بوو که‌ عاشقی کیمبریج بوون، چونکه‌ شارێکی زۆرجوان و شوێنی سه‌رنجڕاکێشی زۆری تێدایه‌، و له‌و شاره‌دا ماونه‌ته‌وه‌، ئه‌و ژنانه‌ ته‌نیا به‌هۆی کوژرانی پیاوان له‌ شه‌ڕی جیهانی یه‌که‌م شویان نه‌کردبوو، ته‌نیا یه‌کێکیان شوی کردبوو که‌ ئه‌ویش بێوه‌ژن بوو، هه‌موو خۆشه‌ویستییه‌کیان بۆ ئێمه‌ بوو، ئێمه‌یان خۆشده‌ویست. کاتێ من وازم له‌ قوتابخانه‌ هێنا، له‌ ده‌رچوانی زانکۆی

ئێستا پتر بەرهەمەکانی شکسپیر و شاعیرە گەورەکانی ترم خوێندەبوەوە. سەیرم دێت کە خوێندنەوەی ئەوان، بە بەراورد لەگەڵ ئێمە، زۆرکەم و سنوردارە.

**شوشا گاپی**

**ڕۆمان چی؟ ڕۆمانی گەورەشت خوێندبوەوە؟**

پی.دی.جێمز

ئێمە لە ماڵەوە زۆر کتێبمان نەبوو، هەربۆیە، من زۆربەی کتێبەکانم لە کتێبخانەی گشتی کیمبریج دەخواست، زۆر دەمخوێندەوە- لە چیرۆکە پڕ ڕوداوەکانەوە بگرە تا بەرهەمەکانی جین ئاستن، هێشتا تەمەنێکی وام نەبوو کە عاشقی ئەو بووم، هەرچەند نووسینەکانی ئەو کەسانی بە تەمەنتر پەسەندی دەکەن. یەکێك لە یەکەمین کتێبی کە من پێم خۆش بوو، کتێبی (دوعا) بوو، زمانە جوانەکەیم حەز لێبوو، هەروەها ئەو کەشوهەوایە مێژوو و بێ کاتیەی لە کتێبەدا هەبوو.

**شوشا گاپی**

**بەشێوەیەکی دیاریکراو چ شتێك لە نووسینەکانی جین ئاستن سەرنجی تۆی ڕادەکێشا؟**

پی.دی.جێمز

تەنزەکانی و زاڵبونەکەی بەسەر پێکهاتەی چیرۆك. کاردانەوەی مرۆڤ بۆ چیرۆك، وەکو هەڵویستی ئەو بوو لەگەڵ مرۆڤ. ئەگەر لە منت دەپرسی کام تایبەتمەندی کەسێك بەتایبەتی بۆم سەرنجراکێش بوو، ڕەنگە دەمگوت، جوامێرییەکەی، یان تەنز، یان هۆشمەندیەکەی. لەبارەی جین ئاستن، شێواز و تەنز جێگای سەرنجم بوون، واتە شێوەی ئەو لە دروستکردنی جیهانێکی زۆر جیاواز کە تێیدا هەست بە خۆشی دەکەم، من ناوی ئەوم بۆ کچی دوەمم هەڵبژارد، کە لە یەکێك لە

چڕترین بۆمبارانه‌کانی له‌نده‌ن له دایك بوو، له نه‌خۆشخانه‌ی له دایکبوونی کویین شارلوت[١٣]، چوبومه ژێرزه‌مینی ئاپارتمانێکی گه‌ڕه‌کی هه‌مپستید[١٤]، وامده‌زانی ژێر زه‌مین ئه‌مینه. ده‌نگی بۆمباره‌نه‌کانم ده‌بیست که به‌سه‌ر سه‌رماندا ده‌ڕۆیشتن و ده‌نگی دژه هه‌واییه‌کانیشمان ده‌بیست که بۆ ته‌قاندنه‌وه‌ی بۆمبه‌کان ده‌هاوێژران. من بۆ سه‌ده‌مین جار کتێبی جین ئاستنم ده‌خوێنده‌وه!

## شوشا گاپی

## نووسینه‌کانی (جۆرج ئلیۆت)شت ده‌خوێنده‌وه؟ به‌هه‌مان تامه‌زرۆییه‌وه؟

## پی.دی.جێمز

نووسینه‌کانی ئه‌وم دواتر خوێنده‌وه، منیش وه‌کو زۆربه‌ی خه‌ڵك، پێموایه میدل مارچ یه‌کێك له گرنگترین ڕۆمانی ئینگلیزییه، به‌ڵام هێنده‌ی جین ئاستن حه‌زم له جۆرج ئلیۆت نییه، کتێبه‌کانی دیکنزم خوێندۆته‌وه و هه‌ستم به زیره‌کی و شایسته‌یی ئه‌و کردووه، به‌ڵام دیکنز خۆشه‌ویستترین نووسه‌ر نییه لای من، به‌ڕای من، زۆر له که‌سایه‌تییه ژنه‌کانی ئه‌و سه‌رنه‌که‌وتوون، کاریکاتۆره‌کانی شه‌ڕانین -بێڕه‌حم، سه‌یروسه‌مه‌ره- ناڕه‌سه‌ن به‌ڵام واقیعی نین. ئه‌و ورده‌کارییه له دروستکردنی که‌سایه‌تی، بۆ نموونه له نووسینه‌کانی ترالوپ[١٥]ده‌بینیت، له چیرۆکه‌کانی دیکنز بوونیان نییه درك وه‌سپکردنی ترالوپ له ژنان سه‌یره، هه‌رکاتێك جین ئاستن باسی دوو پیاو ده‌کات له کاتی قسه‌کردندا، ژنێکیش هه‌یه، حه‌تمه‌ن وای بیرکردۆته‌وه ئه‌گه‌ر وانه‌بێت، له سنوری ئه‌زموونه‌که‌ی ده‌رده‌چێت. له نووسینه‌کانی ترالوپ، به‌پێچه‌وانه‌وه، وتوێژی جۆراوجۆر له‌ناو ژناندا هه‌یه- بۆ نموونه له نێوان ئالیس ڤیواسور[١٦]و لیدی گلنکورا پالیسر له کتێبی[١٧](ئایا ده‌توانی بیبوری)- بێ ئه‌وه‌ی هیچ پیاوێك هه‌بێت، ئه‌و وتوێژانه‌ش زۆریش باش ده‌رده‌چوێنێت. به‌دڵنیاییه‌وه ئه‌و پیاوه ساده و به‌ڕواڵه‌ت عه‌بووسه، زانیارییه‌کی سه‌یری له‌باره‌ی ده‌روونناسی ژنانه‌وه هه‌بوو.

**شوشا گاپی**

**ترالوپ بۆتە یەکێك لە قارەمانەکانی فیمینیستەکان، بەتایبەتی بەهۆی کتێبی (بەم شێوەیەی کە ئەمڕۆ دەژین[١٨])، تێیدا پێش خەڵکی تر باسی مافی ژنان دەکات.**

پی.دی.جێمز

من لە کلاوڕۆژنەی مەسەلەکانی ڕۆژ سەیری کتێبەکان دەکەم، ئەوکارە ئەوان ناشیرین نیشان دەدات، بەڵام ئەو کتێبەی بەتایبەتی ڕۆمانی سەردەمە. کەسایەتیە سەرەکیەکەی جۆرێك ڕابیرت مەکسول[١٩]، دێوێکە، ترالوپ ژیانی ژنان کاتێك وەسپ دەکات کە شوکردن تاکە ئەگەر بوو بۆ دابینکردنی ئاسودەیی خودی.

**شوشا گاپی**

**بەرهەمی ڕۆماننووسەکانی وڵاتانی تریشت دەخوێندەوە؟ ڕووسە گەورەکان، فەرەنسییەکان؟**

پی.دی.جێمز

کتێبە گرنگەکانیانم خوێندونەتەوە، شەڕوئاشتی، ئاناکارنین، کاتم لە بەردەستدا نەبوو وەکو پێویست بەرهەمی هاوزمانەکانم بخوێنمەوە، چونکە دوای وازهێنانم لە خوێندن دەستم بە کارکردن کرد و بەردەوامیش هەر کارم دەکرد، بەرهەمی هەندێ لە ڕۆماننووسە ئەمریکیەکانیشم خوێندۆتەوە: هێمنگوای، میترجرالد، جان ئاوهان و پۆلیسی نووسانی وەکو دشیل هیت و ڕاسمك دۆناڵد، بەڕای من پۆلیسی نووسەکانی ئەمریکی، کاریگەرییەکی زۆریان هەبووە نەك تەنیا لەسەر ئەو جۆرە ژانرە، بەڵکو لەسەر ڕەوتی گشتی ڕۆمان.

**شوشا گاپی**

**بە چ شێوەیەك؟**

پی.دی.جێمز

لە ڕێگای توانایی زمانەکەیان و بەکارهێنانی داهێنەرانەیان - قسەی سەرزاران، تانە و تەشەرەکان. شێوازێکی تایبەتە، کاری کردۆتە سەر ڕۆمانی باوی ئەمریکایش.

**شوشا گاپی**

**ئێستا دەگەینە ئەو ژانرەی کە بۆخۆتت هەڵبژاردووە، بەو هۆیەوە ئەوت هەڵبژارد کە دەتزانی توانات بەسەریدا هەیە؟**

پی.دی.جێمز

من جیاوازییەك نابینم لە نێوان ڕۆمانی پۆلیسی و ڕۆمانی بەناو جدی و ئەدەبی یان ئەوانی تر، پێمۆایە بتوانین بڵێین (ڕۆمانی باو) بەڵام پێش ئەوە بڕیار بدەم کە ڕۆمانی پۆلیسی بنووسم، هێندە دوودڵ نەبووم، چونکە خۆم زۆر چێژم وەردەگرت لە خوێندنەوەی ئەو جۆرە ڕۆمانانە و هەستم دەکرد ڕەنگە لەو کارەدا سەرکەوتوو بم، لەبەرئەوەی کە چیرۆکی پۆلیسی ژانرێکی وابوو کە خەڵك حەزی لێیان بوو، زۆرتر ئەگەری ئەوە هەبوو بۆ بڵاوکردنەوە وەریبگرن، حەزم نەدەکرد بە گوێرەی ئەزموونی تاڵی ژیانی خۆم، ژیاننامەی خۆم بنووسم، ئەویش ئەگەرێکی تربوو بۆ یەکەمین هەوڵدانم، دوو هۆکاری تریش هەبوو، یەکەم حەزم لە چیرۆکێکە کە پێکهاتەی هەبێت، چیرۆکێك سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی هەبێت. حەزدەکەم ڕۆمان پرۆسەی گێڕانەوە، ڕیتم و کردنەوەی گرێی هەبێت کە ڕۆمانی پۆلیسی هەیەتی، دووەم، وەك ئەنجام ویستم ببمە نووسەر کە هەموو تەمەنم حەزم لێی بوو. باوەڕم وابوو کە نووسینی ڕۆمانی پۆلیسی خۆڕاهێنانێکی زۆرباش بێت بۆ نووسینی ڕۆمانی جدی، چونکە زۆر بەئاسانی دەتوانرێت ڕۆمانێکی پۆلیسی خراپ بنووسرێت، بەڵام نووسینی چیرۆکی پۆلیسی باش کارێکی سەختە، زۆر شت دەبێ لە هەشتا یا نەوەد هەزار وشە جێ بکەیتەوە و بیگونجێنێت- نە تەنیا دروستکردنی مەتەڵ، بەڵکو

دروستکردنی کەشوهەوا، کات و شوێن، کەسایەتییەکان، کاتێ کە ڕۆمانی یەکەمم پێشوازییەکی باشی لێکرا، درێژەم بە نووسین دا، بەو ئەنجامە گەیشتم کە دەتوانم لە چوارچێوە و سنور و ڕێساکانی ئەو ژانرە بمێنمەوە، لە هەمان کاتیشدا، دەتوانین نووسەرێکی جدی بین و واقیعەت لەبارەی ژن و پیاوەکان و پەیوەندییەکانیان و ئەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا دەژین دەربڕین.

## شوشا گاپی

**ئالن ڕوب گرێی کاتێ باسی بۆرخیس دەکات، هەموو ڕۆمانە گەورەکانی لە (تاوان و سزا) بگرە تا (ژالوۆی[٢٠]) ڕوب گرێ خۆی، چیرۆکی پۆلیسین، تۆ لەگەڵ ئەو ڕایەدایت؟**

پی.دی.جێمز

تا ئێستا بەم شێوەیە لەبارەیەوە بیرم نەکردبووەوە، بەڵام ئێستاکە ئاماژەت پێکرد، پێموایە تارادەیەك ڕاست بێت، تێڕوانینێکی جوانە. بەو هۆیە ڕەنگە ڕاست بێت کە ڕۆمان فۆرمێکی دەستکردە، بەتایبەتی ڕۆمانی پۆلیسی، چونکە نووسەر ناچارە ڕوداوەکان هەڵبژێرێت بە جۆرێك ڕێکیان بخات، و سود لە ئەزموونی خۆی وەربگرێت بۆ ئاوردانەوە لەواقیعیەت. گرێ کردنەوە تایبەتمەندی هەردوو ژانرەکەیە. بۆ نموونە (ئیما)ی جین ئاستن ڕۆمانێکی پۆلیسی بێ وێنەیە، تێیدا پەیوەندی مرۆڤەکان بە شێوەیەکی زۆر هۆشمەندانە گونجێنراوە. بۆ نموونە فرانك چەرچیل لە کاتێکدا دێتە هایبری، بەدزییەوە بۆتە دەزگیرانی جین فیرفکس. جین پیانۆیەکی پێویستە، فرانك بۆ قژ تاشین دەچێتە لەندەن، دوای چەند ڕۆژێك بە پیانۆوە دەگەڕێتەوە، ئەم ڕۆمانە پڕە لەو جۆرە سەرەداوانە لەبارەی واقیعیەتی پەیوەندییەکان، لەم کتێبەدا باسی کوشتن و مردن ناکات، لەگەڵ ئەوەشدا، ڕۆمانەکە فریودان و ئاشکرایە.

## شوشا گاپی

**بەم شێوەیە، پێناسەی ڕۆمانی پۆلیسی لەڕادەبەدەر گشتی دەبێت، ئەوەی من لەو چەمکە تێگەیشتووم، ژانرێکی تایبەتە بە ڕێسا و یاسای خۆی، پێویستی بە تواناییەکی تایبەت و پێکهاتەی زەینی دیاریکراویش هەیە، بەگشتی لاشەیەك هەیە و ئەو لاشەیە لە هەلومەرجێکی گوماناوی دۆزراوەتەوە و ڕۆمانەکە ئەو نهێنیانە ئاشکرا دەکات. هەموو ئەوانە کەمێك سەیرو ناماقوڵ دێنە بەرچاو، لەگەڵ ئەوەشدا، زۆربەی نووسەرانی ڕۆمانی پۆلیسی کە من بینیومن عەقڵیان هیچ کەموکوڕییەکی نییە! ئەزموونی پیشەیی ئێوە لە دەزگای تەندروستی کاریگەری هەبووە لەسەر هەڵبژاردنی مەتەریالی کارەکەتان؟**

پی.دی.جێمز

نە، من ڕووبەڕووی لاشە نەدەبوومەوە، چونکە بەرپرسی کارگێڕی بووم، کارمەندی نووسینگە بووم نەك دکتۆر و پەرستار، بەڵام لە منداڵیەوە مەسەلەی مەرگ سەرنجی ڕادەکێشام، سیحری لێ دەکردم، کاتێ کە شیعری منداڵانەی (هامپتی دامپتی)م دەبیست کە دانیشتبووم لەسەر دیوار، بەخۆمم دەگوت: (خۆی کەوت یان پاڵیان پێوەنا؟) بەڵام مۆڵەت بدە بابچینە سەر ئەوەی یەکەم گوتت، ئەوەی کە ڕۆمانی پۆلیسی پێویستی بە لاشەیەك هەیە، پێموایە پێویست بێت هەروا بێت، بۆ نموونە لە ڕۆمانی (شەوی دەعوەت[٢١]) نووسینی دوروتی ئێڵ. سایرز هیچ لاشەیەك نییە، بەڵام ڕاست دەکەیت، ئەم شێوەیەش زۆرکەمە، بەشێوەیەکی گشتی، تەوەرەی چیرۆکی مردنێکی گوماناوییە کە کاریگەرییەکی سۆزداری زیاتری پێ دەبەخشێت. (کێ قارەمانەکەی کوشت) بەگشتی کاریگەری زۆرترە لەوەی کە (کێ ئەنگوستیلە ئەڵماسەکەی دزی؟) ڕەنگە ئەوانەی کە ئەو چیرۆکانە دەنووسن وەکو مرۆڤ حەزیان لە مەسەلەی مردن بێت و هەست بکەن کە بە چیرۆك کردن و بە

عەقلانیکردنی مردن و گۆڕینی مردن بۆ مەتەڵ، دەتوانن ترسی ئەزەلی خۆیان لە مردن و توندوتیژی کەم بکەنەوە.

**شوشا گاپی**

**یەکەم لاشە دەدۆزیتەوە، دوایی چیرۆکەکەی لەبارەوە دەنووسیت؟**

پی.دی.جێمز

نەخێر هەرچەندە ئەوە شێوازێکی کارە، ئەو لاشەیە کێیە؟[٢٢] نووسینی دروتی ئێڵ سایزر، بەلاشەیەکی ڕووت دەستی پێدەکرد کە عەینەکێکی باریکی لە چاو بوو. یەکێك لە کتێبەکانی من، (هێلانەیەك بۆ بولبول)یش بە بیرۆکەیەکی دیار بۆ کوشتنی مرۆڤێك دەست پێدەکات، ئەو بیرۆکەیە ئەو کاتە هاتە زەینم کە نەخۆش بووم، لەو بۆڕییەی کە چوبووە ناو گەدەمەوە خواردنیان پێدەگەیاندم، بیرم کردەوە لەوەی بۆ کوشتن سوود لەو شێوازە وەربگیرێت، دەکرێت لە جیاتی شیر ژەهر بخرێتە بۆڕییەکەوە، هەر ئەو کارەشم کرد،هەڵبەتە لە چیرۆکەکەدا! بەڵام ئەوەی کە خەیاڵم دەخاتەکار بەگشتی کات و شوێنی چیرۆکە.

**شوشا گاپی**

**کات و شوێن چۆن دەردەچوێنیت؟ ڕێکەوتە، یان پێکهاتەی خەیاڵی خۆتە؟ پێش هاتوە وەکو دەرهێنەرانی سینەما بچیت شوێنەکان ببینیت کە دەتەوێت ڕوداوی چیرۆکەکەی تێدا دروست بکەیت؟**

پی.دی.جێمز

هیچ کات بە وشیارییەوە لە دوای ناگەڕێم، هیچ کات باوەڕم وا نەبووە لەگەڵ تەواوکردنی کتێبێك یەکسەر دەست بەکتێبی تر بکەم. چاوەڕوانی ئیلهام دەکەم، هەرچەندە درەنگیش بۆم بێت. هەڵبەتە زەین و خەیاڵم والا دەکەم بۆ ئیلهام، بەڵام ناچم لەوبەر و لەمبەر بەدوای شوێندا بگەڕێم تا زەمینەی چیرۆکم بۆ بڕەخسێنێت،

هه‌میشه به ڕێکه‌وته، بۆ نموونه(فیڵه‌کان و ئاره‌زووه‌ك[ان][23]) له که‌ناری خۆرهه‌ڵاتی به‌ریتانیا ڕووده‌دات، چوبوومه یه‌کێك له پارێزگاکانی باشوری به‌ریتانیا و ڕۆژێك له که‌نار وه‌ستابووم ته‌ماشای ده‌ریای سارد و پڕ شه‌پۆلی باکورم ده‌کرد، دوو به‌له‌مم بینی له‌نگه‌ریان گرتبوو، وه‌ستابوون و چه‌ند تۆڕێکی ماسیگیریان بڵاوکردبووه‌وه تا وشك بێته‌وه، بیرم له‌وه کرده‌وه ئه‌گه‌ر سه‌د ساڵیش لێره وه‌ستابام هه‌ر ئه‌و شته‌م ده‌بینی: به‌له‌مه‌کان، تۆڕه‌کانی ماسیگری، هێڵی که‌ناری، دوایی ته‌ماشی باکورم کرد، بینای ساردو بێ گیانی بنکه‌یه‌کی ناڤۆکیم بینی سێبه‌ره‌که‌ی که‌وتبووه سه‌ر ته‌واوی ئه‌و ده‌وروبه‌ره، که‌وتمه بیری ئه‌و کۆڵانه وێرانانه‌ی له‌و هه‌رێمه‌دا بینیبووم و سیمبۆلی ئیمانێك بوون له کاتی له‌ناوچووندا، ئاشه باییه کۆنه‌کان که کردبوویانن به ماڵ، هه‌موو دروستکراوی ئه‌مرۆیی له‌گه‌ڵ ئه‌و دیمه‌نه بێ زه‌یه‌نه دژایه‌تیه‌کی توندیان هه‌بوو، بڕیارمدا شوێنی کتێبی دواترم هه‌رێمی دووری که‌ناری خۆرهه‌ڵاتی به‌ریتانیا بێت، له ته‌نیشت بنکه‌یه‌کی ناڤۆکی و باسی هه‌ندێك مه‌سه‌له‌ی ناڤۆکیش بکه‌م، هه‌ڵقوڵانی ئیلهام ساتێکی زۆر وروژێنه‌ری هه‌یه، چونکه ئه‌و کاته ده‌زانم کتێبێك له گۆڕێدایه، جا نووسینه‌که‌ی هه‌ر چه‌نده درێژه بکێشێت.

## شوشا گاپی

**هه‌ندێ له ڕۆماننووسان و شانۆنامه‌نووسان، دان به‌وه ده‌نێن له دروستکردنی بیرۆکه‌ی چیرۆك تووشی گرفت ده‌بن، له‌بیرمه (تۆم ئستاپرد[24]) کاتێك دانی به‌و مه‌سه‌له‌یه دانا، زۆرکه‌س به‌یه‌کجاری په‌شیمان ده‌بنه‌وه له سکێچی چیرۆك و ڕۆمانێك ده‌نووسن که هیچ ڕوداوێکی تایبه‌ت تێیدا ڕوونادات، له چیرۆکی پۆلیسی، سکێچی چیرۆك له هه‌موو شتێك گرنگتره، دوای ئه‌وه‌ی که کات و شوێنی ڕۆمانه‌که‌ت دۆزییه‌وه، سکێچی چیرۆك چۆن دروست ده‌که‌یت؟ یه‌کسه‌ر ده‌ست به نووسین ده‌که‌یت؟**

## پی.دی.جێمز

نەخێر، لانی کەم چەند مانگێك درێژە دەکێشێت، بە ڕای من، زۆر کەس نازانن چۆن سکێچی چیرۆکێك دروست بکەن، ئیتر ناتوانن چیرۆکەکە بنووسن. هەندێ نووسەر دەتوانن ئەو کارە بکەن، بەڵام نایانەوێت بیکەن. حەزدەکەن جیاوازیان هەبێت، بەڵام لە نەریتی ئەدەبیاتی چیرۆکی ئینگلیزی دەمارێکی ڕیوایی بەهێز هەیە، هەموو ڕۆماننووسە گەورەکانمان لە ڕابردوودا وەفایان بۆ ئەو نەریتە هەبووە، لەبارەی خۆمەوە، لەو باوەڕەدام کە سکێچی چیرۆك زەروورییە، هەرچەندە کە نووسینی کتێب بەبێ بیرۆکە و سکێچیش کارێکی زەحمەت نییە. لە دەیەی١٩٣٠، واتە لە سەردەمی زێرینی چیرۆکی پۆلیسی بیرۆکەی چیرۆك لە هەموو شتێك گرنگتر بوو، لە ڕاستیدا خەڵك حەزیان دەکرد نوێگەری لە بیرۆکە و شێوازی چیرۆکدا بکەیت، کوشتنی کەسێك بە تەنیا قەبوڵ نەدەکرا، حەتمەن دەبوایە بە جۆرێك هۆشمەندی کەموێنە دروست کرابایە، لەوکاتەدا لاشەکانیان لە ژورێك دەدۆزییەوە کە دەرگاو پەنجەرەکانی قوفڵ کرابوون لە کاتێکدا شوێنەواری ترس و تۆقاندن لە دەموچاوییاندا دیاربوو، لەبارەی ئاجاتا کریستی، نوێگەری لە بیرۆکە و سکێچی چیرۆك لە هەموو شتێك گرنگتر بوو، هیچ کەسێك بەدوای وردەکاری لە دروستکردنی کەسایەتی و ئامانج و نووسین تێڕوانینی نەبوو. کەم تا زۆر لە جۆرێك شارەزایی ئەدەبی دەچوو، ئەمڕۆ نزیکتر بووینەوە لە ڕۆمانی (مەتەڵ)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستمان بە بیرۆکەی چیرۆك هەیە، گەڵاڵەکردنی بیرۆکەی چیرۆك و پەروەردەکردنی و دەرچواندنی کەسایەتییەکان بۆ من هەر هێندە درێژە دەکێشێت کە نووسینی کتێب درێژە دەکێشێت. هەندێ جار زیاتریش، بەم شێوەیە کاتێ زەمینەی کتێب لە زەینمدا ئامادە بێت، دەست دەکەم بە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ مرۆڤەکان- هەمیشەش هەر وا بووە- پاش هەموو شتێك دەچمە سەر سەرەداوەکان. لەکاتی

نووسینی (فێڵه‌کان و ئاره‌زووه‌کان) پانزه دەفته‌ری یاداشتم هه‌بوو، ده‌گه‌رامه‌وه سه‌ر دیمه‌نی یه‌که‌م له‌باره‌ی ئاسمان، دیمه‌ن، بیناسازی بیناکان، خه‌ڵکی ئه‌و هه‌رێمه و... یاداشتم ده‌نووسین، شتێکی سه‌یره. هه‌ست ده‌که‌م که‌سایه‌تیه‌کانی چیرۆك، پێشتر له هێڵێك دان که له ده‌ره‌وه‌ی ده‌سته‌ڵاتی منن، کاری من به درێژایی چه‌ندین مانگ که خه‌ریکی نووسینی چیرۆکه‌که‌م له‌گه‌ڵیاندا په‌یوه‌ندی دروست ده‌که‌م تا له‌گه‌ڵ تایبه‌تمه‌ندیه‌کانیان ئاشنا ببم.

**شوشا گاپی**

**هەر بەم هۆیەوەیە کە ڕۆماننووسان دەڵێن، نازانین کۆتایی ڕۆمانەکەمان بە کوێ دەگات، بەڵام لە ڕۆمانی پۆلیسیدا ناچاری، دەبێ کۆتاییەکەی بزانیت، چونکە کۆتایی ڕۆمان- واتە هەمان لاشە- کە لەسەرەتاوە هەیە.**

پی.دی.جێمز

وایه، به‌ڵام جیاوازی هه‌یه له نێوان ڕۆمانی تاواننووسین و ڕۆمانی پۆلیسی، ڕۆمانی پۆلیسی فۆرمێکی زۆر ڕێکخراوی هه‌یه، چونکه بۆ زانینی مه‌ته‌ڵه‌که به نیشانه و سه‌ره‌داوی مه‌نتیقی به‌ستراوه‌ته‌وه. ڕێگاچاره‌تان ده‌بێ مه‌نتیقی بێت، هه‌ربۆیه ناچاریت کۆتایی ڕۆمانه‌که له سه‌ره‌تادا بزانیت.

**شوشا گاپی**

**دەتوانیت لەبارەی جیاوازی نێوان ڕۆمانی پۆلیسی و ڕۆمانی تاوانی ڕوونکردنەوەی پتر بدەیت؟ مەگەر لەهەردوو شێوەکەدا تاوانێك، کوشتنێك ڕوونادات؟**

پی.دی.جێمز

ڕۆمانی تاوانی، بوارێکی به‌رفراوان ده‌گرێته‌وه، له مه‌سه‌له‌ی سه‌لمێندراو و خۆشه‌ویستانه‌ی ئاجاتا کریستی و گوندی ئینگلیزی بچووکی بگره- به هه‌بوونی نرخی تاوانێکی به‌رزتر له مامناوه‌نده‌که‌ی، هیچ کات کاری بێگوناهی خۆی له

دەست نادات... تا بەرهەمی ویلکی کالیتز[٢٥] و ترالوپ (ئەڵماسەکانی یوستیس[٢٦]) دیکنز (مەتەڵی ئدوین درود[٢٧]) و گراهام گرین، تا ڕۆمانەکانی سیخوڕی و تاوان و سزای برایانی کارامازۆڤی دۆستۆفیسکی. بەم شێوەیە، ڕۆمانی پۆلیسی لە ڕوانگەی من یەکێکە لە جۆرەکانی ڕۆمانی تاوانی، ئەمریکیەکان پێی دەڵێن (ڕۆمانی مەتەڵ) کە بەڕای من وەسپکردنێکی گونجاوە. لە ڕۆمانی تاوانیدا ڕەنگە بزانیت بکوژەکە کێیە، بەڵام لەززەتی چیرۆکەکە لەوەدایە کە ئایا ئەو تاوانبارە دەگیرێت یان نا، هەروەها کاریگەری ئەو تاوانە لەسەر ئەو، لەسەر خەڵکانی دەوروبەر و ئەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژێیت. دەکرێ بڵێین (بەردی برایتین[٢٨])ی گراهام گرین ڕۆمانێکی تاوانییە، بەڵام هیچ مەتەڵێکی تێدانییە، بابەتی ئەو کتێبە پەیوەندی (پینکی[٢٩])یە لەگەڵ خۆشەویستەکەی، لایەنە ئاینییەکەی ئەو مەسەلە. هەربۆیە چیرۆکی پۆلیسی سنووردارترە.

## شوشا گاپی

**کاتێ دەست بەنووسینی چیرۆك دەکەیت، بەشێوەیەکی ڕێکوپێك لە سەرەتا تا کۆتایی دەینووسیت؟ یان سەرەتا دیمەنی تاوانەکە دەنووسیت؟**

## پی.دی.جێمز

جیاوازی هەیە، هەندێجار سەرەتا دیمەنە گرنگ و دیارخەرەکان دەنووسم، پاشان ئەوانی تر، پاراستنی بەردەوامی ڕەنگە ببێتە هۆی زەحمەت، بەڵام من بەگشتی باش دەریدەچوێنم.

## شوشا گاپی

**ئێستا دێینە سەر کەسایەتی سەرەکی، واتە پۆلیسی لێکۆڵەر، ئەو لە چەند ڕۆمانی تۆدا یەك لە دوای یەك وەدیاردەکەوێت، ئەوە بابەتی کارەکە تارادەیەك ئاسان دەکات، چونکە دوای ئەوەی کە ئەوت دروست کرد، دەتوانیت پیر بوون و گۆڕان و عاشق بوونیشی ببینیت. لێکۆڵەری تۆ لێکۆڵەر ئادام**

**دلگلیش له سکوتلەندایه. ئەوت لە کوێوە هێناوە؟ ناوەکەت لەکوێ هێنا؟ ئەو کۆپیەکی نێر نییه لە خۆت؟**

پی.دی.جێمز

مامۆستای زمان و ئەدەبی ئینگلیزیم ژنێکی سکوتلاندی بوو بەناوی میزی دڵگلیش. بەدوای ناوێکدا دەگەڕام کە زۆر سەیر و سەمەرە نەبێت، لە هەمان کاتیشدا زۆریش ئاسایی نەیەتە بەرچاو، سەیر لەوەدابوو من ناوی خۆیم ناوە ئادام لە کاتێکدا کە چەندین ساڵ دواتر مامۆستاکەم گوتی من باوکم ناوی ئادام بووە، بەڵام پێموانییە کۆپی نێری من بێت. بێ دڵەڕاوکێ ئەو چەند تایبەتمەندییەکی هەیە کە من لە مرۆڤەکاندا پشتگیری دەکەم، چونکە کاتێك مرۆڤ کەسایەتیەك دروست دەکات و بڕیارە بەردەوام لە کتێبەکانیدا دەربکەوێت، دەبێ خۆشی بوێت و بتوانێت چەندین ساڵ لەگەڵیدا بژێیت، ڕۆمانەکانی دەیەی١٩٣٠ بۆ هەموومان وانەیەکی پەنداوییە: ئاجاتا کریستی بە دڵنیاییەوە پەشیمان بوو لە دروستکردنی ئەو بەلجیکییە لاواز و ئادگار وردە سمێڵ ڕۆنکراوە، بەڵام نەیدەتوانی لێی ڕزگار بێت.

(دوروتی ئێل سایرز)یش هەر ئەو گرفتەی لەگەڵ (بیتر ویمزی) هەبوکە یەکەمین جار لە ڕۆمانی (ئەو لاشەیەکێیە؟) لە ڕۆڵی لاوێکی خۆشگوزەران و کۆمەڵایەتی دەرکەوت، بەڵام لە (شەوی دەعوەت) ئەو دەبینین لە دەستەیەکی جیاواز دا لە ڕۆڵی لۆرد پیتر ویمزی، هەربۆیە بیرم لەوە کردەوە کەسایەتیەك دروست بکەم کە ڕێزم هەبێت بۆ تایبەتمەندییەکانی، تایبەتمەندییەکانی وەکو بەخشندەیی و میهرەبانی و هۆشمەندی.

شوشا گاپی

**بەمانایەکی تر، هەر ئەو تایبەتمەندییەی کە هەمووکەس دەڵێ هەمە! بەڵام ڕۆژێك دڵگلیشت لابردووە و ژنێکی لێکۆڵەرت هێناوەتە ناو چیرۆکەکانت بەناوی کوردلیا گ‌ری٣٠. واتە شەپۆلی فیمینستی ڕۆمانی پۆلیسشی گرتەوە؟**

پی.دی.جێمز

نەخێر، زەروورەتی ئەو چیرۆکە تایبەتە وای پێویست دەکرد، دەمویست ڕووداوەکانی ئەو کتێبە لە کیمبریج ڕووبدات کە زۆریش حەزم لێی بوو. خوێندکارێك بەشێوەیەکی زۆر خراپ و بێرەحمانە کوژرابوو، لە خۆکوژی دەچوو، پێویستی بەلێکۆڵەرەوەیەکی لاو هەبوو، لەنکاو کەوتمە ئەو بیرەی بۆ ئەو پۆلیسە لێکۆڵەرە ژن نەبێت، ئەوەی کە ئەو بیرانە چۆن دێنە زەینی مرۆ، ئەوەش مەتەڵێکە، کوردلیا جوان و ئازاو باوەڕبەخۆیە. دەزگایەکی وێرانی لە سەرۆکەکەیەوە بۆ بەجێماوە، خۆی دەبێ ئاوەدانی بکاتەوە، ناونیشانی ڕۆمانەکەم هەر لەوەوە سەرچاوەی گرتووە (پیشەیەکی نەگونجاو بۆ ژنێك) یەکەمین کار کە دێتە بەردەستی. دۆسێی مردنی کوڕی زانایەکی بەرجەستەی کیمبریجە، دەستەی پێداچوونەوە ڕای خۆی داوە کە کێشەکە خۆکوشتنە، بەڵام باوك هەست دەکات کوشتن - بووە و دەیەوێت تێبگات، بەم جۆرەیە کە کوردلیا دێتە ناو مەسەلەکە و تێدەگات کە خۆکوشتن ساختەیە و مردنی ئەو گەنجە لە ڕاستیدا کوشتن بووە نەك خۆکوشتن.

شوشا گاپی

**چەند پۆلیسێکی لێکۆڵەری ژنی بەناوبانگ بەتایبەتی لە ئەمریکا هەن، ئەوان بە پێچەوانەی خاتو مارپۆلی ئاجاتا کریستی، پۆلیسی بە تەکنیك نین، زۆر پیشەیین- چەکدارن، خواردنی ئامادە دەخۆن و کابانیش نین- بە کورتی هێندە تایبەتمەندی ژنانەیان نییە!**

پی.دی.جێمز

بەڵێ وایە، بەتایبەتی لە نووسینی ژنە ئەمریکییەکان ڕووبەڕووی پۆلیسی ژن دەبینەوە کە پیشەیین، ئەوان لە جیهانێکی توندوتیژ کاردەکەن، هەروەکو پیاوەکان چەکدارن، بەڵام لە مەملەکەتی ئێمەدا، پۆلیسی تایبەت مۆڵەتی هەڵگرتنی چەکی

نییه، به‌هه‌رحاڵ کوردلیا که‌سایه‌تیه‌کی کۆنتره، بیست ساڵ ده‌بێت له‌سه‌ر کاغه‌ز دروستم کردووه. له نووسینه‌کانی ده‌شیل هه‌میت و ریمۆند چندلر، لێکۆڵه‌ر که‌سێکی گۆشه‌گیره، به‌گشتی دژی پۆلیس کارده‌کات، له ڕاستیدا، له‌لایه‌ن پۆلیسه‌کانیشه‌وه ترسی هه‌یه هه‌روه‌ك لای تاوانباره‌کان، چونکه ئه‌گه‌ر پۆلیس کاره‌که‌ی په‌سه‌ند نه‌کات، ڕه‌نگه کاره‌که‌ی له ده‌ست بدات، به‌ڵام له کتێبه‌که‌مدا واقیعی نه‌بوو کوردلیا لێکۆڵه‌رێکی تایبه‌تی بێت و مۆڵه‌تی هه‌ڵگرتنی حه‌وتخۆری هه‌بێت.

**شوشا گاپی**

**به‌ڕای تۆ، دیارکه‌وتنی لێکۆڵه‌ره‌وه‌ی ژن په‌یوه‌ندی به فیمینیزمه‌وه نییه؟**

پی.دی.جێمز

ڕه‌نگه واش بێت، به‌ڵام له‌لایه‌کی تریش ئه‌و ڕۆمانانه ڕیالیستین و لێکۆڵه‌ری تایبه‌ت ده‌بێ پیشه‌یی بێت تابتوانێت له‌و کۆمه‌ڵگایه‌دا به‌سه‌رکه‌وتویی چالاکی ئه‌نجام بدات.

**شوشا گاپی**

**وه‌ك ئه‌وه‌ی خۆتان ده‌ڵێن، سه‌ربه نه‌وه‌ی کۆنترن، خۆت به فیمنیست ده‌زانیت؟**

پی.دی.جێمز

به‌ڵێ، ئه‌گه‌ر ڕاستیت ده‌وێ... فیمنیزم ته‌نیا ناوێکه و هیچی تر، من تا ئه‌و شوێنه فیمینیستم که داوای ئه‌وه ده‌که‌م، به یه‌کسانی ڕه‌فتار له‌گه‌ڵ ژن بکرێت، هه‌روه‌ها پۆستی یه‌کسان، موچه‌ی یه‌کسان، کۆمه‌ڵگایه‌کی بنیاتنراو به‌یه‌کسانی زیاتر، زۆریش هاوڕه‌گه‌زه‌کانی خۆمم خۆشده‌وێن، به‌ڵام به‌ڕای من ئه‌مڕۆکه هه‌ندێ له فیمینسته‌کان توندڕه‌ون و دژی پیاون، دڵیشیان خۆش نییه به‌وه‌ی ژنن. ئه‌و مه‌سه‌له‌یه‌ش بۆ من هه‌رس ناکرێت، ڕاستیه‌که‌ی ئه‌وه‌یه بۆ هه‌ندێك کێشه‌ی بنه‌ڕه‌تی هیچ ڕێگاچاره‌یه‌کی ئاسان بوونی نییه، ئێمه له‌لایه‌ن بایۆلۆژیه‌وه وا دروست بووین که منداڵمان ببێت، و منداڵان زۆر پێویستیان به‌ئێمه ده‌بێت،

بەتایبەتی کاتێ کە بچوکن، لە هەلومەرجی یەکسان لەگەڵ پیاوان، ئەو مەسەلەیە کارکردن بۆ ژنان زۆر زەحمەت دەکات، سەیر ئەوەیە ئەمرۆ ژیانی ژنان، بە بەراورد لەگەڵ دایکان و داپیرانمان زۆر زەحمەتترە، هەرچەندە یەکسانی ڕەگەزەکان زیاترە. جاران ژنان بنەماڵەی زۆر گەورە و دایەنی زۆرباش و جێگای متمانەیان هەبوو، ئەمڕۆکە ئێمە کۆمەکی وامان نییە، و دەرگاکانی کار و پیشەش ئەو کاتە کراوەیە بۆ ژنان، زۆر زەحمەتە بەبێ زیان گەیشتن بەمنداڵ بتوانێت کار بکات. لە ئەنجامدا ژنان هەم لەلایەن فیزیکی، هەم لەلایەن سۆزدارییەوە لە ژێر گوشارن، کەسێك دەبێت ماڵ بەڕێوە ببات، ژنیش کۆڵەگەی ماڵە، هەرچەندە مێردەکەی زۆر باش بێت و بەشێکی کارەکانی ماڵەوە بگرێتە ئەستۆ، لەوانەیە ناچاربن شتێك هەڵبژێرن کە بەدڵیان نەبێت، ناچار بن واز لە کارەکەیان بێنن، چەند ساڵێك لە ماڵەوە بمێننەوە تا منداڵەکان بگەیننە تەمەنی قوتابخانە، زۆرجار ئەو بەناو سەربەخۆییە واتاکەی لەوەدایە کە تۆ پارە دەدەی بەکەسێکی تر تا کارەکەت بۆ ئەنجام بدات، دەچیت کار دەکەیت تا پارە پەیدا بکەیت و مووچەی ئەو ژنە بدەیت کە ئاگای لە منداڵەکەتە و بەخێوی دەکات، ئەو لە جیاتی تۆ چێژ لەو منداڵانە وەردەگرێت.

## شوشا گاپی

**لە کەشی هەندێ لە دەزگاکان کە لەسەر پاراستنی بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی بنیاتنراون، وەکو ئەو زانکۆیانەی زۆرجار کۆڕیان تێدا دەگیرێت، دەربڕینی ئەم جۆرە تێڕوانینانە سەخت نییە؟**

پی.دی.جێمز

ماوەیەك لەمەوبەر، چوبومە کۆلێژی سامیرویل[٣١] لە ئاکسفۆرد، لە ئاودەستەکانی ئەوێ چەند ڕیکلامێکم بینی لەبارەی هێڵەکانی ڕاوێژکاری تەلەفۆنی بۆ فلان و فیسار بابەت، بۆ ڕێگەپێگرتن و دەستڕێژی و... ئەو ژنە بێ هاوتایانەم بیرکەوتنەوە،

لە دەرچوانی یەکەمین خولی زانکۆدا بوون و وێنەکانیان لەوێدا بە دیوارەوە هەڵواسراوە، بەخۆمم گوت ژیان بۆ ئەوانیش هەرگیز ئاسان نەبوە، بەڵام ئەگەر ئەمڕۆ دەگەڕانەوە، حەتمەن لە بینینی ئەو کۆمەڵگایەی ئێمە تێیدا دەژین دڵیان دەتۆقی، بە بڕوای من، پاراستنی بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی لە زماندا دەکرێ جۆرە فاشیزمیەکی زمانی بێت، و لەرزین دەخاتە پشتی کەسانی نەوەی من کە لەگەڵ فاشیزمدا جەنگاون، تاکە ڕێگەی کاردانەوە ئەوەیە بەیانیان لەخەو هەڵدەستن پێش نانی بەیانی، ڕۆژتان بە گوتنی چواریا پێنج شتی پێچەوانەی بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی دەست پێبکەن!

### شوشا گاپی

**بگەڕێینەوە سەر کارتان، پێش ئەوەی خۆتان دەست بە نووسین بکەن، کاری کام لە ڕۆماننووسەکانی ژانری پۆلیسیت زۆرتر پەسەند دەکرد؟**

پی.دی.جێمز

نووسینی ژنانی نووسەری ژانری پۆلیسیم پتر دەخوێندەوە: دوروتی ئێل سایزر، نائیۆ مارش[٣٢]، ژوزفین تی [٣٣]، هەموو ژنانی پۆلیسی نووس. ئەم ڕۆژانە زۆر ڕۆمانی تاوانی ناخوێنمەوە، حەزم لە کتێبی ترە.

### شوشا گاپی

**هاوچەرخەکان چی؟ بۆ نموونە ڕۆت ڕندل[٣٤] و لاوترەکان کە هەندێکیان سەرکەوتوو بوون؟**

پی.دی.جێمز

حەزم لەوانە، ڕوت ڕندل چیرۆکی پۆلیسی بەناوی خۆی و چیرۆکی تاوانی بەناو خوازراوی باربارا واین دەنووسێت، بەڕای من چیرۆکە تاوانییەکانی زۆرباشن، من زیاتر ئەوان پەسەند دەکەم.

## شوشا گاپی

**تائێرە ئاماژەتان بە زۆر نووسەر کردووە- ئاجاتا کریستی، دوروتی ئیل سایرز، هەمیت، چندلر.. دەمەوێت لە بارەی دووکەس لە گەورەترین نووسەرانی ئەو ژانرە لە هەموو سەردەمەکان بپرسم، مۆڵەتم بدە بە شرلوك هولمز دەست پێبکەین، لێکۆڵەر سێر ئارتۆر کانون دویل.**

## پی.دی.جێمز

هەموو تاوانی نووسەکان، هەر چەند زۆر بێ ئاگایانە، لە ژێر کاریگەری سێر ئارتۆر کانون دویل بوون، میراتی ئەو بۆ تاوانی نووسەکان بریتی بوو لە: بەهادانان بۆ توانا و لۆژیك، و بیرکردنەوەی ناجێگرانە، توانای چیرۆك گێڕانەوە، توانای دروستکردنی جیهانێکی تایبەت و جیاواز، هەڵبەتە ئەو دروستکەری یەکێك لە یەکەمین لێکۆڵەرەوەکانی بە تەکنیك و بێ دوودڵی و بەناوبانگترینیانە، واتە هەمان شرلوك هولمزی ناودار ڕەنگە گەورەترین خزمەتی ئەو بە تاوانی نووسی ئەوە بوبێت کە خۆشەویستی بەو ژانرە بەخشی، خۆشەویستییەك کە هەرگیز لەناونەچوو.

## شوشا گاپی

**ژرژ سیمینون چۆن؟ کتێبەکانی ئەوت زۆر دەخوێندەوە؟**

## پی.دی.جێمز

من زۆر دەستخۆشی لە کاری ئەو دەکەم. سیمینون، بە گوێرەی هەر پێوەرێك بێت، ڕۆمانەنووسێکی زۆرباشە، توانای درکی تایبەتی هەیە لە دەروونناسی مرۆڤ، بەتایبەت دەروونناسی زەینی تاوانبار، وەکو ڕۆمانەنووسێکی تاوانی شێوازێکی تاك و تایبەت بەخۆی هەیە، لەو ڕوانگەوەی کە بە گوتەی خۆی پێشتر سکێچی وردی بۆ کتێبەکانی ئامادە نەدەکرد، ناوی کەسایەتیەکانی لەسەر دەفتەری تەلەفۆنی جیهانییەوە هەڵدەبژارد و دواتر ئەوانی دەخستە شوێنی دیاریکراو و وازی لێ

دەهێنان تا خۆیان بارودۆخەکان وەدەست بگرن، هەڵبەتە ئەو شێوازە بۆ نووسەری ڕۆمانی پۆلیسی شێوازێکی ماقوڵ نییە، چونکە لە ڕاستیدا لەگەڵ دروستکردنی سەرەداوی ورد، کە پێویستیی سەرەکی و بنەڕەتی پۆلیسییە، بەراورد ناکرێت. بەڕای من، ژرژ سیمینون، تاوانی نووس بوو، تاوانی نووسێکی زۆرباش، نەك نووسەری چیرۆکی پۆلیسی.

**شوشا گاپی**

**دەڵێن ژنان زۆرباش دەتوانن ڕۆمانی پۆلیسی بنووسن، بەڕای ئێوە هۆیەکەی چییە؟ هەستی بۆنکردنی بە هێزتریان هەیە؟ بۆ وردەکارییەکان هۆشیارترن؟ یانیش هاودڵی زیاتریان هەیە؟**

پی.دی.جێمز

ئەوە واقیعیەتێکە، ژنان لە نووسینی چیرۆکی پۆلیسی سونەتی، لەگەڵ سەرەداوی ورد هاوتایان نییە، هەرچەندە لە نووسینی ڕۆمانی تاوانی جیدی و بەپەلە و توندوتیژ، تا ئێستاش بەگشتی قەلەمڕەوی نووسەرانی پیاوە، هێندە سەرکەوتوو نین. یەکێك لە هۆیەکانی سەرکەوتنی ژنان لە نووسینی چیرۆکی پۆلیسی، ڕەنگە دیدی ژنانەمان بێت بۆ وردەکارییەکان، دروستکردنی سەرەداوی پێویست، سەرنجدانە بۆ وردەکاریی ژیانی ڕۆژانە، جۆرج ئۆرۆڵ گوتەنی، کوشتن- واتە هەمان تاوانی بێ هاوتا- دەبێ سۆزی بەهێز بجوڵێنێت، و ئێمەی ژنان زۆرتر حەزمان لەو سۆزەیە تا کەرەستەی شەڕ، لەوانەشە ژنان دەگەنە ئەو ئەنجامەی پێکهاتەی ڕێکوپێکی فۆرم کارامەیە و توانای ئەوەمان پێ دەدات ڕووبەڕووی ڕوداوی ترسناك ببینەوە، ڕوداوێك ڕەنگە لە دەرەوەی سەپاندنی ئەو ژانرە بۆمان ناخۆش بێت.

**شوشا گاپی**

**کاتێ یەکەمین ڕۆمانت نووسی، سەیرت پێهات کە بۆ چاپ پەسەندیان کرد؟**

پی.دی.جێمز

نەخێر، بەڵام زۆر خۆشحاڵ بووم، هەمیشە لە ناخی دڵمەوە دەمزانی ئەگەر بتوانم ئەو کتێبە بنووسم، بەدڵنیاییەوە بڵاو دەبێتەوە. هەربۆیە یەکەمین بڵاوکەرەوەی کە دەستنووسەکەم بۆ نارد واتە فابر و فابر[٣٥]، پەسەندی کرد، لەو کاتە بەدواوە هەر لەگەڵ ئەو دەزگایە کارم کردووە. من شانسم هەبوو، زۆر رۆماننووسی باش هەن کە مێزی کارکردنیان پڕە لە وەرەقەی لێبوردن بۆ چاپ.

**شوشا گاپی**

**کەواتە سەرکەوتنی کتێبی یەکەمت بووە هاندەرت بۆ ئەوەی درێژە بەنووسین بدەیت، بەڵام چۆن بوو دوای نووسینی یانزە چیرۆکی پۆلیسی، پار (منداڵەکانی مرۆڤەکان)ت نووسی، کەدەتوانرێت ئەو کتێبە بەحیکایەتێکی ئەخلاقی ئایندەگەرایانە بژمێردرێت؟**

پی.دی.جێمز

ئەوە وەسپکردنێکی ڕاستە، چونکە من، بەپێچەوانەی تێڕوانینی هەندێ کەس، ئەو بە چیرۆکێکی زانستی خەیاڵی نازانم، مەبەستم نەبوو چیرۆکی ئەخلاقی بنووسم، بەڵام وا دەرچوو، لەم بارەیەوە، هیچ دیمەنێك بەهرەبەخشی چیرۆك نەبوو، بەڵکو ناساندنی کتێبێکی زانستی لە یەکێك لە بڵاوکراوەکان سەرنجی منی ڕاکێشا، بۆ کەم بوونەوەی ژمارەی سپێرمی پیاوانی خۆرئاوایی: پەنجا لە سەد، لەماوەی پەنجا ساڵ، لەو بارەیەوە لەگەڵ چەند زانایەك قسەم کردو و پرسیارم کرد، ئەوانیش دەیانگوت لەوانەیە هۆیەکەی پیسی ژینگە بێت، بەڵام ئەو وتارە ئاماژەی بە هۆکارێکی تر دەکرد: ملیارها جۆر ژیان، کە هەموویان سەردەمێك لەسەر ئەو خاکەدا دەژیان، ئێستا زۆربەیان لەناوچوون، چارەنووسی جۆری مرۆڤیش هەر لەناوچوونە، ئەو ماوەیەی هاوجۆرەکانمان لەسەر ئەو خاکەدا ژیاون چاوتروکاندنێك زیاتر نەبووە،

بۆیە بیرم لەوە کردەوە کە بەریتانیا دوای بیست یان بیست و پێنج ساڵی تر، دوای لەدایکبوونی دوایین منداڵ چۆن دەبێت، ئەوکاتە بیست و پێنج ساڵە کەس دەنگی گریانی منداڵێکی نەبیستووە. دانیشتم و ئەو کتێبەم نووسی، لەو چیرۆکەدا تاوان بوونی هەیە، بەڵام بە چیرۆکی پۆلیسی ئەژمار ناکرێت، وەك ئەوەی کە گوتت، حیکایەتێکی ئەخلاقیە، لەگەڵ هەموو کتێبەکانی ترم زۆر جیاوازی هەیە.

**شوشا گاپی**

**گەورەترین گرفتی جیهان زیادبوونی دانیشتوانە، نەك کەمبوونەوەی ژمارەی سپێرمی پیاوانی رۆژئاوا، پێتوانییە کەمبوونەوەی ژمارەی سپێرم لەوانەیە بەهرەیەکی تێدا بێت؟**

پی.دی.جێمز

دەزانم، هیندستان ناتوانێت بەسەر ئەو گرفتەدا زاڵ بێت، دەڵێن چینییەکان خەریکن ژمارەی دانیشتوانیان کۆنترۆڵ دەکەن، بەڵام بەرانبەر چی! لە ئەفریقیا، ئایدز و برسیەتی هۆکاری سەرەکی مردنن، بەڵام لە خۆرئاوا نرخی لە دایکبوون بەرەو کەمبونەوەیە، کەواتە یان مرۆڤ خەریکە لە زانستی خۆی سوود وەردەگرێت بۆ کۆنترۆڵی زیادبوونی، یان ئەوەی هەموو جۆرەکانی ژیان بە نەمان مەحکومن.

**شوشا گاپی**

**باسی رۆمانی نوێتان بکەن، (یەکەمین گوناه) ئادام دلگلیش گەڕاوەتەوە بەم هۆیەوە گەڕایتەوە سەر ژانری پێشتری خۆت، هەندێ لە رەخنەگران ئەویان زیاتر پەسەند دەکرد؟ یان لەوانەیە هەندێك لە خوێنەران دەیانەویست دڵگلیش بگەڕێتەوە؟**

پی.دی.جێمز

(منداڵانی مرۆڤەکان) پێشوازییەکی باشی لێکرا و لەلیستی پڕ فرۆشەکان گەیشتە شەشەمین کتێب، بابەتی دڵگەرمکەریشیان لە بارەوە نووسی، بەڵام

خوێنەران، لە هەمان کاتدا، غەریبی دڵگلیشیان کردبوو، هیوادار بوون کە ئەوم تاهەتایە فەرامۆش نەکردبێت، بەڵام بەو هۆیەوە نەبوو کە ئەوم گەڕاندەوە، ڕووداوەکانی ئەو کتێبە لەلەندەن ڕودەدات، لە جیهانی بڵاوکردنەوەدا.

**شوشا گاپی**

**چۆن بوو جیهانی بڵاوکردنەوەت کردە زەمینەی ئەو ڕۆمانە؟**

**پی.دی.جێمز**

بڕیارمدا ڕووداوەکانی ئەو ڕۆمانە لە لەندەن، لە کەناری ڕووباری تیمز و لە کۆشکێك کە شێوازی بیناسازییەکەی وینیزییە ڕووبدات، بەخۆمم گوت بۆ لە جیهانی بڵاوکردنەوەدا نەبێت.

**شوشا گاپی**

**دەکرێ ڕوونکردنەوەی زیاترمان لە بارەی ئەم کتێبەوە پێ بدەی؟**

**پی.دی.جێمز**

ڕووباری تیمز وەکو پێکهاتەیەکی یەکگرتوو لە سەرتاسەری ڕۆماندا بەردەوامە، لەو ڕۆمانەشدا لێکۆڵەری پیشەیی ژنی من، (کیت میسك[ین]٣٦) دێتە یارمەتی دڵگلیش، ئەو یەکەمین جار لە کتێبی (سروشتی مر[دن]٣٧) وەدەرکەوت، (هنری پێڤر[یل]٣٨)ی تازە مردوو، شەریکەکەی ژان- (فیلیپ ئت[ین]٣٩) یش خانەنشین بووە، و ئێستا ژرار، کوڕە دڵڕەقەکەی ئتین سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبردن، بەڕێوەبەری کارگێڕی دەزگایە. ئەو لە سەرەتاوە چەندین دوژمنی بۆخۆی دروست کردووە کچێك کە وازی لێ هێناوە، نووسەرێك کە بەرهەمەکەی پەسەند نەکردووە و سوکایەتی پێ کراوە، هاوکارەکانی و کرێکارانی پوریل کە ترسیان هەیە لە لەدەستدانی شوێنەکانیان. کاتێ لاشەکەی ئەو لەحەوشەی بیناکە دەدۆزنەوە، بە شێوەیەکی دڕندانە کوژراوە، ژمارەی گومانلێکراوەکان بەهیچ شێوەیەك کەم نییە.

## شوشا گاپی

**بۆ (یەکەمین گوناه)ت هەڵبژارد؟ ناونیشانی کتێب بۆتان گرنگە؟**

پی.دی.جێمز

ناونیشانی کتێب زۆر گرنگی هەیە و دۆزینەوەی ناوی گونجاو بۆ کتێب کارێکی سەختە، لەبارەی منەوە، ناونیشانی کتێب یان زۆر زوو و بێ هیچ گرفتێك دەدۆزرێتەوە، یان زۆر درێژە دەکێشێت و بەزەحمەت دەیدۆزمەوە.

## شوشا گاپی

**ئەگەر لە دۆزینەوەی ناونیشان گرفتت هەبێت، کەسێك یارمەتیتان دەدات؟ بۆ نموونە، ئەوانەی پێیدادەچنەوە.**

پی.دی.جێمز

نەخێر، مەگەر لەیەك حاڵەت، (خوێنی بێگوناه) کە یەکەمین ڕۆمانی پڕ فرۆشی من لە ئەمریکا بوو و لەبارەی کچێکە کە لە ماڵێك بەخێوکراوە و هەوڵ دەدات دایك و باوکی خۆی بدۆزێتەوە، ناونیشانی یەکەمی ئەو کتێبە (موتوربەی خوێن)بوو، بەڵام زانیمان کە لە ئەمریکا کتێبێك بەو ناونیشانە هەیە، هەڵبەتە لەبارەی ناونیشان مافی نووسەر وجودی نییە، بەڵام باشترە کە خۆمان بپارێزین لە دووپاتکردنەوەی ناونیشان، بڕیارماندا ناوی بگۆڕین. لەوکاتەدا کتێبەکە لە قۆناغی نموونەی چاپی بوو، ئێمەش دەستمان بەتاڵ بوو، جگە لە (موتوربەی خوێنی) شتێکم بەبیردا نەدەهات، بەڵام ئەو ناونیشانە منی بەتەواوی ڕازی نەدەکرد، ئەوکاتە یەکێك لە دۆستانی کاسۆلیکم پێی گوتم ئەگەر شتێك ون بوو لەبەر دەرگای ئەنتۆنی قەدیس دوعا بکە، دەیدۆزییەوە، من کاسۆلیك نیم، بەڵام لە دەرگای ئەنتۆنی قەدیس دوعام کرد، بەیانی ڕۆژی دواتر کە لە خەو هەڵسام، یەکەمین شت کە بەبیرمدا هات (خوێنی بێ گوناه)بوو. کە ناونیشانێکی زۆر باشیشە.

## شوشا گاپی

**ئێستا ئیدی بیرت لە کتێبی دواتر کردۆتەوە؟**

پی.دی.جێمز

نەخێر هێشتا نا، هەر دیار نییە کتێبێکی وا هەبێت، هەروەك گوتم، نیگەران نیم پەلە ناکەم، بزانم چ شتێك ئیلهامم پێ دەبەخشێت، جارێ خەریکی خوێندنەوەی نموونەی چاپم، دوای ئەوە خەریکی ریکلامی کتێبەکەم دەبم، هەم لێرە و هەم لە وڵاتە یەکگرتووەکان.

## شوشا گاپی

**حەزدەکەم باسی خاڵێکی تر بکەم کە خۆشت پێشتر ئاماژەت پێکرد: کەڵکەڵەی مردن، جگە لە پەیوەندی کارتان، خۆشت حەزت لەو بابەتەیە؟ مەبەستم هەندێك لە خەڵك- لەوانە هەر ئەوەی کە چاوپێکەوتنت لەگەڵ دەکات- هەمیشە بەجۆرێك ئاگاداری بۆ مەرگ دەژیێت، لە حاڵێکدا زۆرکەس بیر لەو شتە ناکەنەوە.**

پی.دی.جێمز

من هەمیشە مردن لەوبەری ژیان دەبینم، واتە هەمان کەللەسەری ژێرپێست کە بەرێکەوت ناوی یەکێك لە کتێبەکانمە، مەرگ هەمیشە کەڵکەڵەی من بووە، ئەم رۆژانە زۆر بیر لەمەرگی خۆم دەکەمەوە، بەڵام، شکسپیر گوتەنی: (هەمیشە دەبێ ئامادەبین[٤٠]) لە مردن ناترسم، ئەوەی کە لێی دەترسم لە دەستدانی عەقڵ و بێ توانابیە، واتە مردنی هێواش و درێژ و بە ئازار، ئێستا لە حەفتاوچوارساڵی، ئیدی لە تەمەنی کامڵبوونی کتێبی پیرۆز واتە حەفتا ساڵی تێپەڕیوم، هەست دەکەم خاوەنی بەهرەی تەمەندرێژی بووم، ئەوانە وەکو ئێمە کە لە شەڕی جیهانی دووەم رزگارمان بوو، یان مەرگی هاورێیان و گەنجانمان بینیوە کە بە شێرپەنجە و سەکتەی دڵ مردون، بەتایبەتی ئاگاداری ئەو بەخت و ئیقباڵەین، باوکم هەمیشە

دەیگوت: (ئێستا ئیتر خەریکم بە قەرز دەژیم) من بۆ یەك یەکی ڕۆژەکانی تەمەنم سوپاسگوزارم، بەڵام ژیانم خۆشدەوێت و ئارەزوو دەکەم تا ئەو کاتەی ساغم ماوەیەکی زۆر بژیم.

**شوشا گاپی**

**پێموایە تۆ باوەڕدار بیت، بۆیە ڕەنگە باوەڕت بە ژیانی دوای مردن هەبێت؟**

پی.دی.جێمز

بێ دوودڵی باوەڕم بەخوا هەیە، مەسیحیەکان دەبێ باوەڕیان بە (گەڕانەوەی لەش) هەبێت، بەڵام پێموانییە من باوەڕم بەشتێکی وا هەبێت، ئارەزووم ئەوەیە کە ڕۆح نەمر بێت. ئایدیای تەناسوخی بودایی بۆم خۆشترە لەوەی بەردەوام خەریکی کامڵ بونین.

**شوشا گاپی**

**مەبەستت لە تەناسوخ جۆرێك لە پرۆسەی پاڵاوتنە، بەردەوام کامڵ و کامڵتر دەبین تا دەگەینە نێرڤانا کە فەنابوونێکی ڕووتە، هەرگیز تێنەگەیشتم کوێی ئەو بابەتە خۆش و هێندە سەرنجڕاکێشە، مەبەستم ئەوەیە مەگەر بێ باوەڕەکانیش هەر ئەو باوەڕەیان نییە؟**

پی.دی.جێمز

زیاتر هیوادارم تەناسوخ بەو مانایە بێت کە ژیانی داهاتوو باشتر و باشتر بێت.

**شوشا گاپی**

**بێ گاڵتە، ڕاستیەکەی ئەوەیە ئێمە هیچ نازانین و ناتوانین بیزانین، بەڵام توانای ئەوەمان لەدەستداوە لەگەڵ ئەو ڕازە بژین قەبوڵی بکەین.**

پی.دی.جێمز

منیش بە تەواوی لەگەڵتام، بەڕای من بڕیار نییە شتێك بزانین، قسەکەی تۆ

ڕاستە، ئایین بەبێ هێما و ڕاز و جوانی، هیچە. تەنیا هەستێکی نادیار لە شتێکی پشت ئەو جیهانە هەیە، بەڵام بڕیار نییە لەوە زیاتر شتێك بزانین. من باوەڕم بە ڕزگاریە لە ڕێگای عەشقەوە.ئاینی من ئەوەیە، مەسیحیش بەرەو عەشق ڕێنماییمان دەکات. بەڵام باوەڕم وا نییە مەسیحیەتیش هەموو شتێك بێت، تەنیا لە ڕێگای عیسا مەسیح دەتوانیت بگەیتە خوا، زۆربەی مرۆڤەکانی ئەم زەمینە تەنانەت ناویشیان نەبیستوە! تەکفیری زۆربەی زۆری جۆری مرۆڤ کارێکی ناماقوڵە، ڕەنگە دیدی من بۆ ئەو مەسەلانە سادە بێت، بەڵام بە ڕای من سیستمی ئایینی جۆراوجۆر بەڕێگای هەمەجۆر لەیەك دەچن، هەموو ئەو ڕێگایانە بە لوتکەی چیا کۆتاییان دێت کە خوا لەوێندەرێیە. هەریەك لە ئێمە ڕێگای خۆمان هەڵدەبژێرین. تێڕوانین و ڕێڕەوی ئایینی مەسیحیەت پێکدێنێت، من ئەوم هەڵبژاردووە، بەتەواوی جیاوازە لەگەڵ بوودابیەك یان موسڵمانێك، بەڵام هیوادارم هەموومان لە کۆتاییدا بگەینە ئەوێ.

**شوشا گاپی**

## بە یارمەتی، چ کاتێك دەنووسیت؟

پی.دی.جێمز

کە تازە دەستم پێکردبوو، زوو لە خەو هەڵدەستام و لە شەشی بەیانی تا هەشتی بەیانی دەمنووسی، چونکە ناچاربووم بچمە ئیش، هەر بەو جۆرە ڕاهاتووم، ئێستاش هەر زوو لە خەو هەڵدەستم و بەیانیان دەنووسم، کاتێ خەریکی نووسینی کتێبم، پێش سەعات حەوت لە خەو هەڵدەستم و دێمە خوارەوە و لە موبەق چایی دروست دەکەم، گوێ لە هەواڵی ڕادیۆ دەگرم و دەچمە حەمام، ئەوکاتە دادەنیشم و دەست بە نووسین دەکەم، دوای چەند سەعاتێك دەبینم ئیتر ناتوانم درێژە بدەم بە نووسین. نزیکەی سەعات دوانزە دەست لە نووسین هەڵدەگرم، دوای ئەوە کارەکانی ترم دەکەم کە کاری ڕۆژانەن.

# شوشا گاپی

## له کوێ ده‌نووسیت؟

### پی.دی.جێمز

جێگایه‌کی تایبه‌تم نییه بۆ نووسین، له ڕاستیدا له هه‌موو شوێنێك ده‌توانم بنووسم، به‌مه‌رجێك بێده‌نگی و ئارامییه‌کی ته‌واوم هه‌بێت، یه‌کێك له‌و شوێنانه‌ی پێم خۆشه ئێره‌یه، له ناندینی ماڵه‌که‌م له له‌نده‌ن، چونکه هه‌رکاتێك حه‌زبکه‌م ده‌توانم زۆر به ئاسانی بچمه حه‌وشه و هه‌وایه‌ك هه‌ڵمژم، یان بۆ خۆم قاوه دروست بکه‌م، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا مێزی نانخواردن هێنده گه‌وره‌یه که ده‌توانم ته‌واوی یاداشته‌کانم و فه‌رهه‌نگ و سه‌رچاوه‌کانم له‌سه‌ریدا بڵاو بکه‌مه‌وه. کاتێ که خه‌ریکی نووسینی ڕۆمانم، هیچ کات به‌بێ ده‌فته‌ری یادداشت ناچمه هیچ شوێنێك، ده‌توانم وه‌سپکردنی شوێنه‌کان، هه‌ستم به‌رانبه‌ر ئه‌و خه‌ڵکانه‌ی که ڕه‌نگه بیانبینم، قسه‌ی ئه‌ملاوئه‌ولا یان وه‌رچه‌رخانێکی تازه له بیرۆکه‌ی چیرۆك هه‌ست بکه‌م، به‌په‌له له ده‌فته‌ری یادداشته‌که‌م تۆماری ده‌که‌م. وام پێ باشتره به‌ده‌ست بنووسم ـ ڕۆژی دواتر به‌زه‌حمه‌ت خۆم ده‌توانم بیخوێنمه‌وه، ئه‌و کاره‌ی ده‌یکه‌م ئه‌وه‌یه که یه‌کسه‌ر ئه‌و ده‌ستنووسانه ده‌گوێزمه‌وه سه‌ر ڕیکۆرده‌ر و سکرتێره‌که‌م تایپیان ده‌کات تا ده‌قی یه‌که‌م ئاماده بێت. من له کاتی نووسینی کتێب، به ڕه‌وتێکی ڕێکوپێك ده‌ڕۆم، وه‌کو ئه‌وه‌یه خه‌ریکی وێنه‌گرتنی فیلم بم. له کۆتاییدا ئه‌م چیرۆکه کۆده‌که‌مه‌وه و ده‌قه‌که ده‌نێرم بۆ ده‌زگایه‌کی پیشه‌یی پیتچنین، له‌وێ ئه‌وان ده‌یخه‌نه سه‌ر دیسك و ئیتر کار ته‌واو ده‌بێت.

The Paris Review 135 Summer 199

**پەراوێزەکان**

[1] Times Literary Supplement.

[2] Literary Review.

[3] Dr.Connor Bantry White.

[4] Cover Her Face.

[5] Innocent Blood.

[6] Mainstream novelئەم جۆرە رۆمانە، لە هەموو جۆرەکانی تری رۆمان کە خەڵك پێیان خۆشە وەکو رۆمانی مەتەڵ،رۆمانسی،یان چیرۆکی زانستی و خەیاڵی جیاوازە. رۆمانی شەپۆڵی سەرەکی بە سود وەرگرتن لە شێوازی جۆراوجۆر دەکەوێتە گێرانەوەی چیرۆکی خۆی، لەبارەی خەڵك و کێشەکانیان، بە بەراورد لەگەڵ ئەو دەقانەی کە لە چوارچێوەیەکی تەسکتر چڕبوونەتەوە، لە لایەن دروستکردنی کەسایەتییەکان. قوڵبوونەوەی زیاتری هەیە

[7] Children of Men.

[8] Original Sin.

[9] Adam Dalgliesh.

[10] Shroud for a Nightingale.

[11] An Unsuitable Job for a Woman.

[12] Downing Collning.

[13] Queen Charlotte Maternity Hospital.

[14] Hampstead.

[15] Anthony Trollope1882-1815(رۆماننووسی بەریتانی) .

16 Alice Vavasor.

17 Lady Glencora Palliser.

18 The Way We Live Naw.

19 Robert Maxwellبەڕێوەبەری بازرگانی بەریتانی لەدایکبووی چیکسلۆڤاکی کە لە دەیەی هەشتا ئیمپرلتۆریەکی ڕاگەیاندنی دامەزراند و چەندین دامەزراوە و بڵاوکراوەی کڕی، دوای مردنە هێمادارەکەی، وەدیارکەوت کە سەدان ملیۆن دۆلاری لە کۆمپانیاکانی و مەسەلەی بیمەکانیانی دزیوە و ئیمپراتۆریەتی خۆی پێ بەرفراوان کردوە، کۆمپانیاکانی ماکسۆل لە 1992 ناچار بوون لە ئەمریکا و بەریتانیا شکستی خۆیان ڕابگەینن.

20 Jalousi.

21 Gaudy Night.

22 Whose Body?

23 Devices and Desires.

24 Tom Stoppardشانۆنامەنووسی بەریتانی لەدایکبووی چیکۆسلۆڤاکیا .

25 Wilkie Collins1889-1824(نووسەری بەریتانی).

26 The Eustace Diamonds.

27 The Mystery of Edwin Drood.

28 Brighton.

29 Pinki.

30 Cordelia Cray.

31 Summerville College.

32 Nagio Marsh-1899(نووسەری رۆمانی پۆلیسی خەڵکی نیوزلەند
1982) .

33 Josphine Tey-1897(ناوی خوازراوی ئلیزابێت مکینتاش
1952)تاواننووسی بەریتانی .

34 Ruth Rendellلەدایکبووی 1930 تاوانینووسی بەریتانی .

35 Faber and Fber.


36 Kate Miskin.

37 A Taste For Death.

38 Henry Peverell.

39 Jean-Philippe Etienne.

40 The Readiness is allلە هامایێتەوە وە رگیراوە .



تاهر بن جەللون

# نووسین بەبێ ژیان مەحاڵە

**وتووێژ لەگەڵ تاهر بن جەللون**

**شوشا گاپی**

تاهر بن جەللون، یەکێك لە ناسراوترین نووسەرانی فەرەنسایە، دواین کتێبی، (باوکە پێم بڵێ نەژادپەرستی یانی چی؟)[1] کتێبێکی پڕ فرۆش بووە. ئەو لە ساڵی ١٩٨٧(خەلاتی گنکور)ی بۆ ڕۆمانی (شەوی قەدر)[2] بەدەستهێنا، ئەوە یەکەمین کتێبی نووسەرێکی عەرەب بوو خەلاتی گنکور بباتەوە. لە دووساڵی کۆتاییدا، ناوی بن جەللون لەلیستی کورتی پاڵێوراونی خەلاتی نۆبڵی ئەدەبیات بووە.

بن جەللون لە شاری (فاس)ی مەغریب لەدایکبووە. بنەماڵەکەی لە ماڵێکی بچووك لە گەڕەکی مەدینە، گەڕەکێکی کۆنی سەدەکانی ناوەڕاست و جوانترین شاری مەراکیش دەژیان، چوار منداڵ بوون، سێ کوڕ و کچێك، باوکی کاسبکارێکی

ئاسایی بوو، لە بازاڕ دوكانێكی بچوكی بەهارات فرۆشتنی هەبوو، دواتر بوو بەجلدووری و گەلابیەی پیاوانی دەدوری.

بن جەللونیان لە تەمەنی پێنج ساڵی نارده قوتابخانەیەكی ئاینیی، لەوێدا فێربوو كە ئایەتەكانی قورئان لەبەر بكات و بیخوێنێتەوە. دووساڵ دواتر چووە قوتابخانەیەكی دوو زمانەی فەرەنسی- عەرەبی، لەوێدا بەیانیان فەرەنسیان دەخوێند و دوای نیوەڕۆیان عەرەبی، ئەوە سەرەتای ئاشنایی ئەو بوو لەگەڵ زمانی فەرەنسی، خوێندكارێكی خۆماندووكەر و خوێنەرێكی باش بوو، دەڵێ: (زوو هەستم كرد كە دەبێ لەسەر پێی خۆم بوەستم). دواتر لە زانكۆی (ربات) فەلسەفەی خوێند.

بن جەللون لە ١٩٧١، لە تەمەنی بیست و شەش ساڵی، بۆ درێژەدان بە خوێندن دەچێتە سۆربۆنی فەرەنسا، دوای تەواوكردنی خوێندن ماوەیەك بەناونیشانی دەروونناس لەوێ كاری كردووە. یەكەمین ڕۆمانی خۆی(هەرودە٣) لە ساڵی ١٩٧٣ بلاوكردەوە. دوای ئەوە نۆ ڕۆمانی تریشی نووسی و بلاوی كردەوە، هەروەها چەندین كۆمەڵە چیرۆك و شیعر و وتار، ڕەنگە هۆی سەرەكی ناوبانگی بن جەللون سێیانە (تریولوژی)یەكەی بێت لەبارەی ژیانی ئەحمەد- زەهرا، ئەحمەد- زەهرا كچێكە كە باوكی لە حەسرەتی خاوەنداری منداڵی كوڕ، ئەو كچە وەكو كوڕ گەورە دەكات.

كتێبەكانی ئەو سێیانەیە بریتی بوون: (منداڵی لمی٤)، كە لە فەرەنسا زۆری لێ فرۆشرا، (شەوی قەدر) و كتێبی تازە بلاوكراوەی (شەوی هەڵەی٥).

ئەم چاوپێكەوتنە لە نووسینگەی كارەكەی لە شەقامی (سن ژێرمەن دیپره) ئەنجام دراوە كە دووسەد تا سێسەد مەتر لە دەزگای چاپ و بلاوكردنەوەی (دووسوی٦) دورە كە كتێبەكانی بۆ بلاودەكاتەوە، هەروەها نزیكیشە لە كافتریای دوفلور، زۆرجار بۆ بینینی هاوڕێكانی دەچێتە ئەوێ، نووسینگەی كارەكەی ستۆدیۆیەكی بچووكە

لە دوایین قاتی بینایەکی بەرز و باریك و مۆدێرن وەك بڵێی بەزۆر خراوەتە نێوان ئەو بینا کۆنانەی ئەو شەقامە. ناوماڵێکی ئاسایی و کەمی هەیە: یەك دووکورسی و مێزێکی گەورەی کارکردن کە هەمووی بە کاغەز داپۆشراوە، لەگەڵ تەلەفۆنێك و کۆمپیوتەرێکی ئاسایی. بەرزی بیناکە بۆتە هۆی ئارامی و نەبیستنی دەنگی هاتوچۆ و ژاوەژاوی شەقامەکە، پەنجەرەکان دیمەنی چەترییینی نوکی درەختەکانی لێوە دیارە، ڕووناکاییەکی فراوان دابین دەکەن.

بن جەللون، جیا لەو ڕێزە زۆرەی کە لێی دەگرن، بەهۆی سەرنجڕاکێشی و خۆشەویستی و نەزاکەتی خۆی خۆشەویستە، زۆر بەجوانی و بە ڕاستی بە فەرەنسی قسە دەکات، تەنیا کەمێك لە قسەکردن وەکو خەڵکی باکوری ئەفریقا قسە دەکات.

**شوشا گاپی**

**تۆ مەغریبیت و لە مەغریب لە دایك بوویت و هەر لەوێش گەورە بویت زمانی دایکیتان عەرەبییە، لەگەڵ ئەوەش بڕیارت داوە بە فەڕەنسی بنووسیت. دەکرێ بڵێی بۆ؟**

بن جەللون

من لە ڕاستیدا دوو زمانەم، زمانی یەکەمم عەرەبیە، بەڵام لە قوتابخانەیەکی فەڕەنسی- عەرەبی، خوێندومە، لە گەنجیمدا کە دەستم بە نووسین کرد، بەبێ ئەوەی هیچ خۆبەزل زانینێکم هەبێت، لە نووسین بە زمانی فەڕەنسی چێژم وەردەگرت، ئەو کاتە هەڵبژاردنێکی ئەنقەست نەبوو.

**شوشا گاپی**

**هۆیەکەی ئەوە نیە کە نووسینی فەڕەنسییەکانت زیاتر دەخوێندەوە تا عەرەبەکان؟**

بن جەللون

ڕەنگە واش بێت، هۆیەکەی تریش ئەوەبوو زمانی عەرەبی بۆ من شتێکی ئاسایی و سروشتی بوو، شتێك بوو کە هیچ کات لە دەستم نەدەدا، لە ئەنجامدا زەرور نەبوو کە لەو زەمینەدا هەوڵ بدەم، بێ ئەوەی بە خۆم بزانم، پێموابوو دەبێ

خۆم بۆ زمانی بیانی ماندوو بکەم. ئەو کارەش جۆرێك تاقیکردنەوەی توانا و جۆرە ئامانجێك بوو. لە تەمەنی بیست ساڵی کە نووسینم بە شێوەی جدی دەسپێکرد، هیچ دوودڵیەکم نەبوو لەوەی کە دەبێ بە فەڕەنسی بنووسم. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کات بە ئەنقەست لە نێوان عەرەبی و فەڕەنسی هەڵنەبژارد، وا هاتە پێشەوە. هەندێك لە ئەندێشمەندانی عەرەب ڕەخنەم لێ دەگرن کە بۆ بە عەرەبیم نەنووسیوە، ئەم ڕەخنانە هەندێ جار زۆر بێڕەحمانە بووە. ئەو مەسەلە بۆ من ئەزموونێکی دەردناك بوو، چونکە هەستم دەکرد ئامانجی ئەو ڕەخنانە زۆربەیان بەهەڵە تێگەیشتوون.

**شوشا گایی**

**بێگومان، دوای وەدەستهێنانی خەڵاتی گنکور، ئەو ناوبانگەی لەگەڵ خۆی هێنای، ئێرەییش هاتە ناو ئەو هاوکێشەیە!**

بن جەللون

لەوانەیە، بەڵام وەڵامی من ئەمەیە: من بە زمانێك دەنووسم کە پتر بەسەریدا زاڵم، دەتوانم وتارێك یان دەقی وتەیەك بە عەرەبی بنووسم، بەڵام ڕۆمان نا، هەربۆیە بەو هۆیەی کە ڕێزم بۆ زمانی عەرەبی هەیە، ئامادە نیم ئەو زمانە تێکبشکێنم.

**شوشا گایی**

**عەرەبی زمانێکی زۆر دەوڵەمەند و نەرمونیانە: بە ڕیشەی یەك وشە کە لە دوو یان سێ پیتی بێدەنگ پێکدێت. دەتوانرێت واژەی جۆراوجۆر و جیا بە بەکارهێنانی وردەوە دروست بکرێت، چەندین شاکاری شیعر و پەخشان لەو زمانەدا خەڵق کراون. لە هەمووی گرنگتر زمانێکی پیرۆزە، وەکو عیبری، خوا بەو زمانە قسەی کردووە. هەر بەو هۆیەشەوە هەر ئەوەی کە گوتت، مرۆڤ دوودڵە لەوەی کە بە ڕووکەش کاری پێ بکات. لە قوتابخانەدا عەرەبیشتان دەخوێند؟**

بن جەللون

له دواناوەندی، بەرهەمی کلاسیکی ئەدەبیاتی عەرەبیمان دەخوێند. کاتێك هەستم بە وردەکاری و دەوڵەمەندی زمانی عەرەبی کرد کە دەستم بە وەرگێڕان کرد. ئەو هەست کردنەم هۆیەکی تر بوو لەوەی کە ئەو زمانە بە ڕووکەشی وەرنەگرم لەگەڵ ئەوەشدا، بەپێی ئەوەی کە زمانێکی پیرۆزە و خوا ئەو زمانەی لە قاڵبی قورئاندا ناردوە. ترسێنەریشە- مرۆڤ لەبەرانبەریدا هەست بە بێبایەخی دەکات. ئەدۆنیس یەکێك لە شاعیرە گەورەکانی لوبنانی، ڕۆژێ پێی گوتم کە تا ئێستا کەسێك یان نووسەرێك نەبووە لەو زمانە بەهێزتر بێت و بەسەریدا زاڵ بێت، ئێمە ئینگلیزی بە زمانی شکسپیر و ئیتاڵی بە زمانی دانتە دەزانین، بەڵام ناڵێین عەرەبی زمانی غەزالییە، عەرەبی هەمیشە زمانی قورئانە، مرۆڤ لە بەکارهێنانیدا کەم و زۆر هەست بە گوناهـ دەکات.

**شوشا گاپی**

**بەڵام لە بیرمان نەچێت، نووسین بە زمانی ئینگلیزی یان فەڕەنسی، بەسودە، چونکە خوێنەری بەرفراوانترت هەیە.**

بن جەللون

ئەو مەسەلە ڕەنگدانەوەیەکە لە بارودۆخی سیاسی جیهانی عەرەب و وێنە ناخۆشەکەی، کە کاریگەری خۆی کردۆتە سەر گەشەو کامڵبوونی فەرهەنگی عەرەب. بێویژدانییە، ژمارەیەکی زۆری شاعیر و نووسەری گەورەی عەرەب هەن نەناسراو ماونەتەوە، دیارە فەرهەنگی وڵاتەکان پەیوەندی بە بارودۆخی ئابوری-سیاسی ئەوانەوە هەیە، عەرەبی زمانی دووسەد ملیۆن خەڵکە، و فارسی کە شیعری زۆر جوانی پێ گوتراوە، زمانی مەلاکانی تاران، ئەو دوو زمانە دوورەپەرێز

ماون، ئێستا، چاوی ڕۆژئاوا چۆتە سەر ڕۆژهەڵاتی دوور و خەڵکی خۆرئاوا لەنکاو فەرهەنگی چین و ژاپۆن دەدۆزنەوە. لەبارەی ئەو بارودۆخە لە دەستی کەسدا نییە، تا ئەوکاتەی کە وێنەی وڵاتانی عەرەب لەلایەنی سیاسیەوە تاریك بێت، داهاتووەکەی دەگاتە فەرهەنگی عەرەب.

**شوشا گاپی**

**جان ئاپدایك دەیگوت لەسەفەرەکەی بۆ میسر لەگەڵ نووسەرانی گەورەدا دیداری کردوە کە لە ڕۆژئاوادا هەر نەناسراون- ئەوە پەیوەستە بەو کاتەی کە نەجیب مەحفوز هێشتا خەڵاتی نۆبڵی وەرنەگرتبوو- بەڵام لەگەڵ ئەوەی ئەو نووسەرانەی تری ئانگلوساکسۆن دەپژمن، یەکسەر بۆ دە دوانزە زمان وەردەگێردرێت لەسەرانسەری جیهاندا، شی دەکرێتەوە و تێروانینی لەسەر دەکەن.**

بن جەللون

ئێمە حەزمان لە فەرهەنگی ڕۆژئاوا زیاترە، پێچەوانەکەی ڕاست نییە، من ناتوانم لە ئەمریکا لەبارەی فاکنەرەوە قسە بکەم، هەموو نووسەرانی عەرەبیش هەروا، هیچ کەسیش پێی سەیر نییە، لە کاتێکدا لە خۆرئاوا تەنیا ژمارەیەکی کەم کە بە خۆرهەڵاتناس ناسراون، نووسەرانی ئێمە دەناسن. بەهیوام ڕۆژێ دابێ کە ئەو بارودۆخە بگۆڕێت و بەزوویی گەنجینەی دەوڵەمەندی ئەدەبیاتی عەرەبی و فارسی لە هەموو شوێنێك بدۆزرێتەوە لە بەرژەوەندی مرۆڤایەتیدا.

**شوشا گاپی**

**منیش هەروەها، بەڵام ڕەنگە ئێمە لە ڕادەبەدەر خۆشبینین، پێتوایە ئەگەر بە عەرەبیت بنووسیبایە کتێبەکانت جیاواز بوون؟**

بن جەللون

بەدڵنیاییەوە. چونکە زمان تەنیا کەرەستەیەکی نووسین نییە، بەڵکو کۆمەڵەیەکە لە پێکهاتەکانی زەین و مێشك، لەگەڵ هەموو ئەو باروبنە فەرهەنگیانەی کە مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا ئەمبەر ئەوبەری پێ دەکات. فەرهەنگی فەرەنسی زمان کامڵترە لە فەرهەنگی عەرەبی زمان، جگە لەوەش، عەرەبی، وەك ئەوەی گوتم، زمانێکی پیرۆزە و نووسەرانی عەرەب لەو شتە ترساون، ناتوانن بە توندوتیژی ڕەفتاری لەگەڵدا بکەن.

**شوشا گاپی**

**کتێبەکانت لە چ لایەنێکەوە جیاواز دەبوو؟**

بن جەللون

بەر لە هەمووشتێك، ناوەڕۆکەکانیان جیاواز دەبوو. هەندێ شت هەیە کە لە زمانی عەرەبی نەمدەتوانی ئەنجامی بدەم، بۆ نموونە مەسەلەی سێکسی یا ڕەخنە لە ڕەفتاری ئاینیی هەندێ لە کەسایەتیەکان، بە وردی نازانم لە وردەکاریدا چی جیاواز دەبوو، هەر ئەوەندە دەزانم لەمپەرەکانی بەردەم کار زیاتر دەبوون.

**شوشا گاپی**

**ئەو ئەگەرە نەبوو بە شێوەیەك باسی مەسەلە سێکسیەکان بکەیت؟**

بن جەللون

لە ئەدەبیاتی کلاسیکی عەرەب، بۆ نموونە لەسەدەی چواردەم و پانزەم و شانزەمی زایینیی، دەقی ئیرۆتیکی گرنگ هەیە، لەوانە (مێرغوزاری بۆندار[٧]) بەرهەمی نووسەرێکی سەدەی چواردەم (شێخ نززاوی[٨])،(کاماسوترا[٩])ی جیهانی عەرەبە. منیش دەمتوانی بەهەمان شێوە بنووسم، بەڵام لەبارەی ئەو جۆرە

مەسەلانە ناتوانیت دڵنیا بیت، چونکە ئەوکاتەی دەست دەکەیت بە نووسین، بە وردی نازانی لە کوێ سەر دەردێنێت، هەندێ شت لە خۆیدا ڕوودەدات، هەر بەمجۆرە پێموایە لە زمانی عەرەبی دەکرێ باسی مەسەلەی سێکسی بکرێت، بەڵام زاڵبوونی من بەسەر ئەو زمانەدا هێندە نییە کە بتوانم کارێکی وا بکەم.

**شوشا گاپی**

**لەلایەك کاماسوترای هیندیمان هەیە و لەلایەکیش شیعرە ئیرۆتیکەکانی شاعیرانی عەرەب، وەکو ئەبونەواس، بەڵام دەربڕینی ئیرۆتیك لە کلتوری زمانە جۆراوجۆرەکاندا جیاوازە، نووسینە ئیرۆتیکەکانی عەرەب چ جیاوازیەکیان لەگەڵ ئەو جۆرە نووسینەی ڕۆژئاوادا هەیە؟**

بن جەللون

بە ڕای من، چەمکی ئیرۆتیزم لە خۆرهەڵات بەرفراوانتر و وردترە تا خۆرئاوا، بۆ نموونە لە (هەزار و یەکشەو)دا ڕەگەزی ئیرۆتیکێکی گرنگ هەیە، یەکێك لە کلیلەکانی درکی خۆرهەڵاتە، بەڵام ئەمڕۆ لە خۆرهەڵات جۆرێك سانسۆر تەرکەدونیاییەك هەیە، ڕەنگە هۆیەکەی بونیادگەرایی بێت - خەڵك وەهمیان هەیە لە شتە چاوەڕوان نەکراوەکان.

**شوشا گاپی**

**ئەگەر لە باکوری ئەفریقا بژیابایت بە عەرەبیت دەنووسی، ئەمڕۆ لەو کەشە بونیادگەرایانەیە دەتتوانی چی بنووسیت؟**

بن جەللون

نووسین مەحاڵ بوو، خۆکوشتن بوو، بونیاتگەرایی بە شێوەی گشتی دژی ئازادییە، بۆ نووسەر، ئازادی هەر ئەوە نییە دانیشێت و بنووسێت، بیرکردنەوەی

ئازادانه دیاریکردنی ئازادانه‌ی خودیش هه‌یه، به‌ڕای من کۆمه‌ڵگای بونیاتگه‌را به‌و هۆیه‌وه ناتوانێت شتێکی هه‌بێت جگه له بێده‌نگی یا ئه‌ده‌بیاتی به‌رگری، ئه‌ویش له دووره وڵات دروست ده‌بێت.

## شوشا گاپی

## ته‌مه‌نتان چه‌ند بوو که نووسینتان ده‌سپێکرد، ئه‌ویش به نووسینی شیعر؟

بن جه‌للون

نووسین، ئه‌وکاته بۆم بوو به جدی که خوێندکار بووم، ته‌مه‌نم بیست و دووساڵ بوو و فه‌لسه‌فه‌م ده‌خوێند. به‌رنامه‌ی خوێندنی زانکۆی ئێمه هه‌روه‌کو سۆربۆن بوو، له ۱۹٦٦ من و نزیکه‌ی سه‌د خوێندکاری تر به تاوانی چالاکی سیاسی ده‌سگیر کراین، منیش ئه‌وکاته، وه‌کو زۆربه‌ی ئه‌وانی تر، مه‌یلم بۆ چه‌پ هه‌بوو، حکومه‌ت له‌جیاتی ئێمه ببات و بمانخاته زیندان و له‌ئه‌نجامدا به سه‌رکوتکه‌رمان بژمێرێت، ئێمه‌یان به‌زۆر نارد بۆ خزمه‌تی سه‌ربازی، ئه‌وکاته له مه‌راکیش شتی وا نه‌بوو، ئاوا بوو که له سه‌ربازخانه سه‌رمان ده‌رهێناو خه‌ریکی مه‌شقی سه‌ربازی بووین، به‌ڵام تێیانگه‌یاندین که ئه‌وه جۆره سزایه‌که. من هه‌ستم به خنکان ده‌کرد و به‌دزییه‌وه له کاردانه‌وه‌ی ئه‌و بارودۆخه شیعرێکی درێژم نووسی. هه‌ژده مانگ دواتر ئازادیان کردین، من بیرم له‌وه کرده‌وه ئه‌و شته‌ی له (زیندان) نووسیبووم چاپی بکه‌م، چونکه پێموابوو گواستنه‌وه‌ی ئه‌و جۆره تاقیکردنه‌وانه ئه‌رکی ڕۆشنبیرانه. ئه‌و شیعره له بڵاوکراوه‌ی (سوفله) چاپ و بڵاوکرایه‌وه، شاعیرێکی مه‌راکیشی به‌ناوی (عه‌بدوله‌تیف له‌عه‌بی)ی بڵاویکرده‌وه.

ئه‌و شیعره پێشوازییه‌کی باشی لێ کرا، هه‌ستم کرد خوێنه‌ری باشم هه‌یه، ئه‌گه‌ر شیعره‌که‌م پێشوازی لێ نه‌کرابایه، ڕه‌نگه به‌دوای نووسیندا نه‌چوبام درێژه‌م به‌نووسین

نەدابایە. کاردانەوەی خەڵك بەرانبەر یەکەمین هەوڵی نووسەر زۆر گرنگە.

دوای زانکۆ، سێ ساڵ لە دواناوەندی دەرسی فەلسەفەم گوتەوە، یەکەم لە (تیتوان[10] و دواتر لە کازابلانکا). لە ١٩٧١ بارودۆخی سیاسی مەراکیش کەم و زۆر ناجێگربوو.. کودەتا کرا، پێشبینی دەکرا کودەتایەکی تریش بەڕیوە بێت، منیش دەمویست واز لە وانەگوتنەوە بهێنم و خەریکی خوێندنی دکتۆرا بم، ئەوەبوو هاتمە پاریس، هاتمە سۆربۆن، هەر لە ڕێگای کۆرسێکی خوێندن، لە پاریس خۆم لە نێوان خەڵکی زۆر خۆشەویست و میواندار دۆزییەوە، ئەوکاتە فەرەنسا وڵاتێکی گەرم و خۆشەویستانە بوو، لە کەشوهەوای ئەمرۆ وێناکردنی سەختە، خەڵك وەکو ئەمڕۆ لە کابووسی کۆچکردن نەدەترسان. ئەمڕۆکە، تەنانەت خودی خۆشم، ئەگەر لەنکاو یەکێك بەرانبەرم بێت لە شەقام، هەڵدەچم، هەڵبەت زۆربەیان دەیانەوێت قسەیەکی خۆشەویستانە بکەن، بەڵام هەندێ جار قسەکانیان بێڕێزییەکی نەژادپەرستانەیە، بۆ نموونە (بگەڕیوە ماڵی خۆت، سەگی پیس)، یان قسەی ناشیرینی لەوجۆرە.

لە پاریس، کەسانێکم ناسی کە یارمەتی شایستەیان بە من بەخشی، لەگەڵ سەرنووسەری لۆمۆند بووم بە هاوڕێ، ئەو داوای لێکردم کە چەند وتارێك لەبارەی کۆچکردن بە شێوەی گشتی لەبارەی کلتوری عەرەب بنووسم، لەوکاتانە بوو کە یەکەمین ڕۆمانم، (هروده) نووسی ئەوم بردە لای موریس نادۆ[11] لە دەزگای بڵاوکردنەوەی دونوێل[12] و دام بەوان، ئەوکاتە ئەو لە هەموو دەزگاکان پتر گرنگی دەدا بە ئەدەبیاتی بیانی- بەو شتانەی کە تازە و هی(شوێنی تر)- بوون. ئەویش پەسەندی کرد، بەم شێوەیە بوو دەستم پێکرد.

**شوشا گاپی**

**پێش ئەو ڕۆمانە کتێبێکی شیعرت بڵاونەکردبووەوە؟**

بن جەللون

بۆ نا، ڕۆژێ هەروا چومە نووسینگەی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی فرانسوا مەسپیرۆ[١٣] دەستنووسەکەم دایە هاوسەری مەسپیرۆ کە لێپرسراوی بەشی شیعریان بوو، ئەویش بڕیاریدا کە کتێبەکەم بڵاوبکاتەوە، پێشوازی ڕەخنەگران و خەڵك زۆرباش بوو. ئەوان دوو هەزار دانەیان لەو کتێبە چاپ کرد، ئەوکاتە بۆ شیعر تیراژێکی زۆر زۆر بوو.

**شوشا گاپی**

**ئەوکاتە، نووسەرانی خەڵکی باکوری ئەفریقا لە فەڕەنسا زۆربوون، یان تۆ لە دەگمەنەکان بویت؟**

بن جەللون

چەند کەسێك هەبوون، بەتایبەتی نەوەیەکی تەواو لە نووسەرانی جەزائیری کە بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکانیان لە دەیەی پەنجاوە دەستی پێکردبوو. وەکو کاتب یاسین، محەمەد دیب[١٤]، ژان پلگرینی[١٥]، ت.عمروش[١٦] و ئەوانی تر، بەرهەمەکانی ئەوان بەگشتی لە شەڕی سەربەخۆیی جەزائیرەوە هەڵقوڵابوو. بەڵام کە دەڵێم باش پێشوازی لە کتێبی من کرا. ئەو پێشوازیە بۆ دڵخۆش بوونی من یان جۆرێك ڕێککەوتن نەبوو، سەرکەوتنی من ڕەوتێکی لەسەرخۆی هەبوو، من نووسەرێکی جدی بووم، هیچ پەیوەندییەکی بەمرۆوە نەبوو، هەموو خەڵك دووسێ مانگ لەبارەی نووسەرێك قسەدەکەن پاشان هەموو شتێك تەواو دەبێت، ئەو بزر دەبێت و هیچ شوێنەوارێکی لێ نامێنێتەوە.

ئەوکاتە (هرودە) سێ هەزار دانە زیاتر نەفرۆشرا، بەڵام بەپێچەوانەی ڕۆمانە جەنجاڵییە سەرکەوتووەکان، ئێستاش دوای بیست و چوارساڵ هەر هەیە و لە کتێبخانەکان دەفرۆشرێت.

**شوشا گاپی**

**ڕۆمانی (هرودە) زۆر ئەدەبی بوو، بیرۆکەی چیرۆکەکەی زۆر باش بوو، چیرۆکەکەی ڕاستەقینە بوو؟**

بن جەللون

لە سەردەمی منداڵی کە لە فاس دەژیام، سۆزانیەکی پیر لەو شارەدا هەبوو، زەینی منداڵان و مێردمنداڵانی سەرقاڵ کردبوو، من جۆرە باوەڕدارێکم لێ دروست کرد.

**شوشا گاپی**

**بەڵام سەرکەوتنی ڕاستەقینە کاتێك ڕوی لە تۆ کرد کە خەڵاتی (گنکور)ت وەرگرت. تۆ یەکەمین نووسەری عەرەب و لە ڕاستیشدا یەکەمین نووسەری بیانی بویت ئەو خەڵاتەت بردەوە.**

بن جەللون

نووسەرێکی ئەفریقایی لە ساڵی ١٩٣٤ دا ئەو خەڵاتەی بردبووەوە، بەڵام لە ١٩٨٧ کە ڕۆمانی من ئەو خەڵاتەی وەرگرت، باسی ئەو نەکرا، لە ئەنجامدا هەموو وایان زانی کە من یەکەمین کەس بووم، ئەو خەڵاتە بووە هۆی ئەوەی کە ژمارەی خوێنەرانم زۆر زیاد بکات، بەڵام ئەوکات ڕۆمانی پێشترم، (منداڵی لمی) کە دووساڵ پێشتر چاپ و بڵاو بوەوە، کتێبێکی پڕ فرۆش بوو، سەدوپەنجا هەزار دانەی فرۆشرابوو، کاتێ کە (شەوی قەدر) خەڵاتی وەرگرت، کاریگەری لەسەر هەموو کتێبەکانی ترم هەبوو.

**شوشا گاپی**

**بێجگە لە بەرنامەی خوێندنی دواناوەندی، کام نووسەر هۆکاری یەکەمی نووسینی لە تۆدا دروست کرد؟**

بن جەللون

ڕەنگە لاتان سەیر بێت، بەڵام زیاتر لەگەڵ هەندێ دەرهێنەرەکان هەستم بە نزیکی دەکرد تا لەگەڵ نووسەران، لەوانە ئورسن ویلز، فدریکو فلینی، یاسوجیرو ئۆزۆ١٧، ئاکیرا کورساوا، میکل ئەنجیلو ئەنتونیۆنی، - ئەو کەسانەی کە چیرۆکیان دەگێڕایەوە. هەڵبەت کە حەزم لە نووسینەکانی سارتەر و کامۆ و جینیە هەبوو و کاریگەریشیان لەسەرم هەبوو، بەڵام هۆیەکەی زەمانە بوو، ڕۆحی زەمان، زۆرتر ئیلهامم لە ویلز و ئۆزۆ وەردەگرت تا لە ڕۆماننووسەکان.

**شوشا گاپی**

**هەوڵت نەدا ببیتە دەرهێنەری سینەما؟**

بن جەللون

تەنانەت دەمویست بچمە دەزگای فێرکردنی باڵای سینەما و فیلمسازی و دەرهێنان بخوێنم، بەڵام زۆر زوو تێگەیشتم کە سینەما سنعاتێکە. سنعاتێکی زۆر قورس و ئاڵۆزیش. کاتێ کە وابەستەیت بەو هەموو هەلومەرج و مرۆڤە جۆراوجۆرە، ناتوانیت بەردەوام داهێنەر بیت. من عاشق بوونی سینەما و دروستکردنی فیلمم تێکەڵ کردبوو هەربۆیە، پەشیمان بوومەوە لەو کارە.

**شوشا گاپی**

**سینەما لە فەرەنسا جۆرێك عەشق و خۆشییە، هەرچیەك بێت فەرەنسیەکان ئەو شتەیان داهێنا. لە سەردەمی خوێندکاریت لە پاریس، تۆش وەکو هەموومان، زۆر دەچویتە سینەما؟**

بن جەللون

فیلم سیحرم لێ دەکات، ئەو شتەی لە سینەما لە هەمووشتێك زیاتر یارمەتی منیدا شێوەیەك بوو کە کەسانی وەکو ویلز و هیچکاك بەکاریان دەهێنا بۆ

گێڕانەوەی چیرۆك بەشێوەی فیلم - لە ڕێگای دیمەنەکان-. لە چەند خولەکێکی سەرەتای فیلم، ناساندنی چەند کەسایەتییەك و شوێنەکانیان دەکەوێتە بەرچاو. دوای ئەوە دەکەوێتە ڕێ، ئەمرۆ فیلمە ئەمریکیەکان لەرادەبەدەر هەوڵ دەدەن واقیعی بن، بۆ نموونە کەسێك دەبینی خەریکە قاوە دەخواتەوە، لە خواردنگە یان کافتریا نان دەخوات، یان بەمشت لەدەم و چاوی یەکێکی تر دەدات، بەڵام ئوزو و ویلز واقیعیەتیان کۆپی نەدەکرد. گرنگ ئەوەیە کە چیرۆکێك بچنیت و کارێك بکەیت کە بینەر باوەڕ بکات، گرنگ ئەوەیە کاتێ لە هۆڵی تاریکی سینەما دانیشتویت، بگوێزرێیتەوە بۆ جیهانێکی تر لە دونیای خەیاڵدا، ئەوە هەر ئەو کارەیە کە من دەمەوێت لە کارەکانمدا ئەنجامی بدەم.

**شوشا گاپی**

**تۆ زۆر دەچویتە سینەما، بەڵام خۆتان گوتتان زۆر خەریکی خوێندنەوە بوون، نووسینی کام نووسەرت دەخوێندەوە؟ نووسەری بیانشیان تێدا هەبوو؟**

بن جەللون

لە سەردەمی نەوجەوانیمدا، نووسینەکانی شتاین بێك و، دوس پاسۆس و، فاکنەرم دەخوێندەوە، بەڵام جیمز جۆیس زیاتر لە هەموو نووسەرەکان یارمەتی دام. حەزم نەدەکرد درێژەدەری ئەو بم، هۆیەکەشی جوامێریی و بەرزیی ئەو بوو. بە خۆمم دەگوت ئەگەر جۆیس توانیویەتی تا ئەو ڕادەیە ئازا بێت، کەواتە منیش دەبێت شەهامەتم هەبێت، لە سەردەمی سەربازخانەمدا، داوام لەبرادەرێك کرد ئەستورترین کتێب کە دەتوانێت پەیدای بکات بۆم بنێرێت. خوێندنەوە قەدەغە بوو، بۆیە بەدزییەوە دەمخوێندەوە، کتێبێکم دەویست خوێندنەوەی زۆر درێژە بکێشێت، بەم شێوەیە بوو ئولیس بە قاچاغی هاتە سەربازخانەکە، جەسارەتی زۆری ئەو

نووسینه بوێرانه‌یه منی شاگه‌شکه کرد، من هیچم له‌باره‌ی ئیرله‌نداوه نه‌ده‌زانی، هێڵی ڕۆیشتنی نووسه‌ر و جه‌سوری ئه‌و بوو که سه‌رنجی منی ڕاکێشا. هه‌رگیز سه‌رکه‌وتوو نه‌بووم ، نه‌متوانی (به‌ئاگایی فینیگانه‌کان) بخوێنمه‌وه، به‌ڕای من، نیگه‌رانیه‌کان له‌باره‌ی ئه‌و کتێبه‌وه بێ سووده، کتێبێکی ئاڵۆزه.

**شوشا گاپی**

**به‌هه‌رحاڵ، شیعری مۆدێرن، ئه‌گه‌رچی ئاڵۆزیش نییه، به‌ڵام زۆربه‌ی نادیاره، حه‌زت لێیه‌تی؟**

بن جه‌للون

شیعری نادیار بوونی نییه، ئه‌گه‌ر هه‌شبێت هه‌ر شیعر نییه شتێکی تره، شیعری ڕاسته‌قینه هیچ کات نادیار نییه، ته‌نانه‌ت شیعری (مالارمه)ش ڕوون و ئاشکرایه، من خۆم شیعره‌کانی سان جۆن پرس، ڕنه شار، هه‌ندێ له شیعره‌کانی (ئیوبونفوی[18] و لویی ڕنه دیفوره[19])م په‌سه‌ند کردوه، هه‌ندێ جار ئه‌و کتێبه شیعریانه ده‌خوێنمه‌وه که بۆم ده‌نێرن، به‌خۆم ده‌ڵێم: (ئه‌وه قسه‌ی قۆڕه! هیچ په‌یوه‌ندییه‌کی به‌شیعره‌وه نییه.) به‌ڵام ئیتر هه‌ندێ جار مرۆڤ هیچی نییه بیڵێت، یان قسه‌یه‌کی تری نیه بیڵێت و هێشتاش هه‌ر درێژه ده‌دات! بۆ نموونه ژان لوك گدار بێنه به‌رچاوی خۆت، فیلمی یه‌که‌می هی ئه‌وه بوو ده‌ستخۆشی لێ بکرێت، دواتر ڕۆژێك هه‌ستم به‌دیارده‌یه‌کی سه‌یرکرد: گدار ئیتر قسه‌یه‌کی بۆ گوتن نه‌بوو، هه‌ڵبه‌ته ئه‌و ئێستاش ته‌کنیکی هه‌یه- واته هه‌مان شێوه‌ی زۆر زیره‌کانه‌ی به‌کارهێنانی دیمه‌ن و وێنه- به‌ڵام فیلمه‌کانی ئیتر سه‌رنجڕاکێش نین، به‌تاڵن.

له‌باره‌ی هه‌ندێ شاعیریشه‌وه هه‌ر وایه، هه‌ربۆیه هه‌ست ده‌که‌م ئێستا شیعر غاییه، لانی که‌م له خۆرئاوا، جۆرێك ترس له شیعردا هه‌یه، وه‌ك بڵێی مرۆڤه‌کان

جوامێرییان لەدەستدابێت. لە فەڕەنسا ڕاپەڕینی بەرگری ئیلهام بەخشی شاعیرانی وەکو ئاراگۆن، ئیلوار و ڕنە شار بوو شیعری بێ وێنە ئەوکات نووسران، مەسەلەیەکی چارەنووسساز بۆیان گرنگ بوو کە دەبوایە باسی بکەن. دەبوایە بەرگری لە چەند بەهایەك بکەن کە کەوتبوونە مەترسییەوە، ئەمڕۆکە شاعیری فەڕەنسی چی هەیە بۆ گوتن؟ لەبارەی لوپن[٢٠] شیعر بڵێت؟ یان بێکاری؟ یان خۆکوشتنی لاوەکان؟ ئەو ناوەڕۆکانە سەردەمێکن و کاتیین.

بەڕێکەوت نییەکە شاعیرێکی خراپی وەکو بوبن[٢١]، کە شیعری ئیحساساتی و نیوە ئایینی و کرچوکاڵی دەنووسی، هەرجارەی کۆمەڵە شیعرێکی نوێی بڵاودەکاتەوە، دەیان هەزار دانەی دەفرۆشرێت، ڕۆمانی کیمیاگەری کوئیلو، بەڕای من زۆر ئاساییە یازدە ملیۆن دانەی لێ فرۆشراوە. هۆیەکەی ئەوەیە کە خەڵك پێویستیان بە شیعر هەیە و بەدوای جۆرە مەعنەویەتێکن، پێویستیان بە ئاسوودە دڵی و هیوا هەیە، بەڵام ئەوە مەعنەویەتی بازاڕە، مەعنەویەتی (مونوپری)[٢٢].

**شوشا گاپی**

**پێموایە ئەمڕۆکە وێنەی شیعری لە نووسینەکانی هەندێ پەخشاننووسدا زۆر هەیە، لە زمانی ئینگلیزیش هەروایە، بۆ نموونە، بەڕای من سەرکەوتنی کتێبەکانی تۆ تارادەیەك پەیوەندی بەوەوە هەیە نووسینەکانی تۆ، زەوقی تۆ شاعیرانەیە.**

بن جەللون

ئەوە میراتی عەرەبیی منە، کاتێ چیرۆك دەگێڕمەوە، هەست دەکەم مەراکیشیم، وەکو چیرۆکخوانەکانی مەراکیش چیرۆك دەگێڕمەوە، بە وێناکردن و پێکهاتەیەك کە هەمیشە واقیعی نییە، بەڵام شیعر دەتوانێت شوێنێکی باشی تێدا هەبێت.

**شوشا گاپی**

**(هه‌زار و یه‌كشه‌و) زۆر وێنه‌ی جوانی تێدایه‌، نووسه‌ر وێنه‌كان دروست ده‌كات، ره‌نگه‌ هۆیه‌كه‌ی ئه‌وه‌ بێت كه‌ ئه‌و چیرۆكانه‌ له‌ راستیدا سه‌رزاره‌كی بوون و چیرۆكخوان ناچاربووه‌ گوێگره‌كانی شاگه‌شكه‌ بكات، نه‌هێڵێت زه‌ینیان په‌رشوبڵاو بێت، تۆش چیرۆكه‌كانت وه‌كو چیرۆكخوانه‌كان ده‌گێڕیته‌وه‌.**

بن جه‌للون

من ناڵێم من هاوتای نووسه‌ری (هه‌زار و یه‌كشه‌و)م، خۆشم په‌یوه‌ست ناكه‌م به‌ هیچ سه‌رده‌مێكی تایبه‌تی مێژووی عه‌ره‌به‌وه‌، به‌هه‌رحاڵ، له‌كاتی نووسیندا هه‌ست ده‌كه‌م، كلتوری عه‌ره‌ب له‌ مندا خۆی شاردۆته‌وه‌، بۆ ئاماده‌گی(شیعر) له‌ نووسینه‌كانم لانی كه‌م ئه‌م روونكردنه‌وه‌ لۆژیكییه‌م هه‌یه‌، له‌لایه‌ن ته‌كنیكی گێڕانه‌وه‌دا زۆر له‌ ژێر كاریگه‌ری (رۆلان بارت) بووم، له‌ ژێر كاریگه‌ری وتاره‌كانی له‌باره‌ی په‌یوه‌ندی ده‌ق و ئه‌ده‌بیات. به‌وپێیه‌ی كه‌ رۆمانی نوێ له‌ سه‌رده‌می خوێندندا بۆم زۆر ماندووكه‌ر بوو، حه‌زم نه‌ده‌كرد نووسینه‌كانم له‌ رۆمانی نوێ بچێت. كارم ئه‌وه‌بوو، هه‌ر به‌م شێوه‌یه‌ به‌ره‌و پێش چووم و له‌نكاو داهێنانم كرد، پێموایه‌ شێوازی من مه‌راكیشییه‌، به‌ڵام له‌وانه‌یه‌ رای مه‌راكیشیه‌كان ئه‌وه‌ نه‌بێت.

**شوشا گایی**

**ناوه‌رۆكی رۆمانه‌كانیشت هه‌ر مه‌راكیشین، چیرۆكه‌كه‌ هه‌میشه‌ له‌ مه‌راكیش، یان لانی كه‌م له‌ باكوری ئه‌فریقا، روده‌دات.**

بن جه‌للون

به‌ڵێ هه‌روایه‌، ئه‌و ناوه‌رۆكانه‌ مه‌غریبییه‌كی قوڵن، چونكه‌ په‌یوه‌ندی به‌ چه‌ند گرفتێكه‌وه‌ هه‌یه‌ كه‌ مێشكی ئێمه‌ی پێوه‌ سه‌رقاڵه‌، گرفتی ژیانی رۆژانه‌- په‌یوه‌ندی ژنان و پیاوان له‌ كۆمه‌ڵگایه‌كی- ئیسلامدا، په‌یوه‌ندی حكومه‌ت و یاسا یان تاك و كۆ.

## شوشا گاپی

**لە هەموو ولاّتانی جیهانی سێیەم، بەتایبەت لە ولاّتە ئیسلامیەکاندا، لە ئەنجامی پەیوەندی لەگەڵ مۆدێرنیتە و ڕۆژئاوا بێباوەڕی هەیە، بابەتی یەکەمین کتێبی زۆر سەرکەوتووی تۆ، (منداڵی لمی)یش هەر لەو تەوەرەدا دەخولێتەوە، ئەو کتێبە چیرۆکی کچێکە، دایك و باوکی وا نیشان دەدەن کورە، چونکە پێش ئەو شەش کچی تریان هەبوو زۆر شەرمەزارن لەوەی کوڕێکیان نییە، ئەم مەسەلەیە بۆ ئەو کچە داهاتووی غەمناکی لێ کەوتۆتەوە. ئەو ڕۆمانەت لەسەر بنەمای ڕوداوێکی ڕاستەقینە نووسیوە؟**

## بن جەللون

نەخێر، پێکهاتووی مێشکی خۆمە، دەمویست ڕۆمانێك لەبارەی بارودۆخی ژنان بنووسم لە باکوری ئەفریقیا، بەلاّم نەك بە شێوەی مامۆستا و بە ڕەقی، دەمویست کاردانەوەیەکم هەبێت بۆ ئەدەبیاتی فیمنیستی دەیەی ١٩٨٠. ئەدەبیاتێك کە لیوانلێو بوو لە زمانڕێژی و توندوتیژی و بێ داهێنان، هەربۆیە بیرم کردەوە کە منداڵێك بکەینە تەوەرەی چیرۆك کە چارەنووسەکەی بە زۆر لە ڕێڕەوی ئاساییدا لادراوە، لە ئەنجامدا لە هەردوو جۆر هەلومەرجدا هەلومەرجی نێر و هەلومەرجی مێ دەژیت، دەتوانم، لە هەمان کاتدا چەند گرفتێکی تایبەتیش بەرجەستە بکەم.

## شوشا گاپی

**(شەوی قەدر) هەمان ئەو ڕۆمانەی تۆ کە خەلاّتی (گنکور)ی وەرگرت، درێژەی ئەو چیرۆکەیە، بەرگی دووەمی ئەو سێیانەیە، کە بەرگی سێیەمیش (شەوی هەڵە)یە. بەرگی یەکەم واتە(منداڵی لمی) چەندین ئەگەری کۆتایی هەیە کە تۆ بە شێوەی چیرۆکنووسینی خۆرهەلاّتانە هەموویانت نیشان داوە، بەلاّم بۆ**

**درێژەی چیرۆك دەبوایە یەکێك لەوانەت هەڵبژاردبا، چۆن بڕیارتدا؟**

بن جەللون

ئەوە خوێنەران بوون کە داوایان لێکردم چیرۆکەکە درێژە پێبدەم، نامەی زۆرم پێدەگەیشتن و هەموو دەیانەویست ئاگاداری چارەنووسی ئەحمەد- زەهرا بن، مەبەست هەر ئەو کەسایەتیە سەرەکیەی چیرۆکەکەیە کە ناسنامەی ڕەگەزی دووانەی هەبوو، ئەو کارە بە جۆرێك قسەکردن بوو لە بارەی ژنانەوە دوور لە بیرگیرساوی.

**شوشا گاپی**

**ئەگەر خوێنەران ئەو پێشنیارەیان نەکردبایە، هەر درێژەی چیرۆکەکەت دەنووسی؟**

بن جەللون

دەکرێ پێچەوانەی ئەوەش بڵێین: ئەگەر چیرۆکێك لە گۆڕێ نەبوایە کە تەواوکەرەکەی بنووسم، خوێنەران پێشنیارێکی وایان دەکرد؟

**شوشا گاپی**

**تۆ گوتوتە: (ژنبوون کەموکوڕییەکی سروشتیە، هەموو ئەوە قەبوڵ دەکەن، پیاوبوون تەوەهوم و توندوتیژییە کە هەموو شتێك ئاڕاستە و پشگیری دەکات) ئێوە لە بارودۆخی ژنان لە دنیای ئیسلام، بەتایبەت بەلەبەرچاوگرتنی گەشەی فیندامیتالیزم کە بە شێوەیەکی دیاریکراو ژنان دەکاتە ئامانج، بۆچوونی وات هەیە؟ ئەم پرسیارە بەو هۆیەوە دەکەم کە هاوسەنگی سەرکوتکردنی ژنان لەلایەن گروپە بونیاتگەراکانەوە، فیمینیستییەکی ئیسلامی پڕ ڕەونەقیش بوونی هەیە. مەسەلەی فیمنیستە ئیسلامیەکان لەسەر بنەمای پەروەردە و مێژووی ئیسلام**

**بنیات نراوە، ئەوان لەو باوەڕەدان کە (ستەم لە دژی ژنان لە وڵاتە ئیسلامیەکاندا هیچ پەیوەندییەکی بە ئیسلامەوە نییە، ئیسلام لە ڕاستیدا بۆ ئەوان جۆرێك ئازادی بووە، بۆتە هۆی دەرکەوتنی ژنانی بەرجەستە- لە لێپرسراوانی حکومەت بگرە تا دەگاتە سیاسەتمەداران، شاعیران، و عارفان).**

**یەکێك لە زماندرێژترین و باشترین فیمینستەکانی موسڵمان هاووڵاتی تۆیە. فاتیمە مەرنیسی مێژوونووس و کۆمەڵناس، کتێبەکانی ئەو، لەوانە- شاژنە لەبیرکراوەکانی ئیسلام[٢٣]، و ئیسلام و دیموکراسی، و ئەوبەری باڵاپۆشی[٢٤]، نیشانی دەدەن کە فەرمانڕەوایانی گەندەڵ و ڕێبەرانی ئاینیی تا چ ڕادەیەك لە ماهیەتی ئیسلامیان لاداوە، بەسەرنجدانی ئامانجی بنیاتنەری ئەو ئاینە. بەبڕوای ئەو، ئەمڕۆکە ستەم بە ژنان دەگەڕێتەوە بۆ دواکەوتوویی، هەژاری و نایەکسانی و ئەو گەندەڵییەی کە لە وڵاتانی جیهانی سێیەم برەوی هەیە.**

بن جەللون

مافی خۆیانە، باڵاپۆشی(حیجاب) ئێستاش لە هەموو ئاینیەکان هەیە، تەنانەت لە مەسیحییەت دا هەیە، خەڵك کاتێ دەچنە ناو کڵێسا یان کەنیسە یان مزگەوت وەکو نیشانەیەکی ڕێز سەری خۆیان دادەپۆشن، وا ڕاسپێردراوە لەکاتی خواپەرستیدا ئەوکارە ئەنجام بدەین، بەڵام بەبڕوای من جیاکردنەوەی دین لە سیاسەت زۆر زەرووره. ئایین مەسەلەیەکی کەسییە و پەیوەندی بە پەیوەندی تاك و خوایە. ئایین پەیوەندی بە شتێکەوە هەیە ئەبەدییە، سیاسەت بەگوێرەی ماهیەتەکەی کاتییە. هەربۆیە دەبێ ئەو دووە لەیەکتر جیابکەینەوە، ئەگەر وا نەبێت، وڵاتە ئیسلامیەکان هەرگیز زاڵ نابن بەسەر دواکەوتوویی و زوڵم و زۆردا.

**شوشا گاپی**

**بابچینەوە سەر ئەحمەد - زەهرا. ئەو گرفتەکەی چۆن چارەسەر دەکات؟**

بن جەللون

ئیشی من وەڵامدانەوە یان ڕێگاچارە نییە، بەڵکو خستنەڕووی پرسیارە و، لێکۆڵینەوە لە بارودۆخێکی مرۆڤایەتی، بەو ئومێدە چیرۆکێك دەگێڕمەوە و ئامانجم کاردانەوە و بزواندنی بیری خەڵکە.

شوشا گاپی

**لە نێوان ئەو کتێبە سێیانە، کتێبێکی بچوکت نووسیوە لەبارەی هاوڕێیەتی، بەناونیشانی (لە دەستخۆشی هاوڕێیەتی[د١] ٢٥) لەم کتێبەدا لەبارەی هەموو دۆستانێك قسەت کردووە کە لەماوەی ساڵانی ژیانت یارمەتیان دایت، ژان ژنە یەکێك لەو کەسانە بوو کە بۆ تۆ زۆر گرنگی هەبوو، ئەو کەسایەتیەکی زۆر سەیری هەبوو کەم تا زۆر دەرونی و لەناوخۆ، بێ متمانە بەخۆبوون، دوورەپەرێز، تەنیا چەند کەسێکی کەم کەسایەتی ئەویان دەناسی، ئێستا، دوای ڕابوردنی کات، دەربارەی ئەو و کارەکەی چ ڕایەکت هەیە؟**

بن جەللون

جینییە، کەسێکی کەم وێنەبوو، ڕۆمانی یەکەمم کە بڵاو بوەوە، دانەیەکم بۆ نارد لە ڕێگای دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەکەی، بێ ئەوەی هیچ ئومێدێك هەبێت بە وەڵام، چونکە هەموو دەیانزانی ئەو چەند کەمڕوو و لەنێوخۆیەتی، ڕۆژێك یەکێك لە دۆستە کۆمۆنیستەکانم کە بەردەوام ڕۆژنامەی (ئومانیتە)ی دەخوێندەوە، پێی ڕاگەیاندم کە وتارێك لەبارەی منەوە لەو ڕۆژنامەیە چاپ بووە. بەپەلە چووم ئەو ڕۆژنامەم کڕی، ئەو وتارە لە ڕاستیدا دەقی بەرنامەیەکی ڕادیۆیی بووکە ژنە لەبارەی چەندین نووسەری عەرەب ئامادەی کردبوو. لەو وتارەدا هێرشی کردبوە

سەر سارتەر و گلەیی ئەوەی لێ دەکرد کە وەکو پێویست گرنگی بەو نووسەرانە نەداوە، یەکێك لەوانیش من بووم.

یاداشتێکم بۆ ناردو سوپاسم کرد لەوەی کە کردوویەتی، لەگەڵ ئەوەش ئاماژەم بەوە کرد کە لە بەشی ناوخۆیی زانکۆ دەژیم. ڕۆژی دواتر تەلەفۆن منی دەویست. ژان ژنە بوو، پێشنیاری دەکرد یەکتری ببینین. ئەوە دەسپێکی دۆستایەتیەکی قووڵ بوو کە تا کۆتایی تەمەن لەگەڵیدا بەردەوام بووم. لە ١٩٧٩، سەردەمی شۆڕشی (ئیمام خومەینی) لە ئێران پێی گوتم: (ئەو پیرەمێردەم خۆش دەوێت، چونکە بە ئەمریکاو ڕۆژئاوا دەڵێت ملتان بشکێ!) ناکۆکیە سیاسییەکەی نێوان شای ئێران و ئیمام خومینی نەبوو کە سەرنجی ئەوی ڕادەکێشا، بەڵکو مەسەلەی شۆڕشی مرۆڤێك بوو لە بەرانبەر ڕژێمێك، لە بەرانبەر دونیا بۆی جێگای سەرنج بوو، ژنە بەردەوام هەڵوێستێکی توندی هەبوو، چونکە شۆڕشگێڕ بوو، دژی هەموو جۆرەکانی دەستەڵات بوو.

هاوڕێیەتیەکی قووڵ لە نێوانماندا دروست بوو. هەرچەندە لە ڕاستیدا ئەو باوەڕی بە هاوڕێیەتی نەبوو، ئازادی و وەفاداری لەگەڵ یەك نەدەگونجان. لەگەڵ ئەوەشدا، هەمیشە بۆ من هاوڕێیەکی زۆر باش بوو، پێی دەگوتم: (لەکاتی نووسین بیر لە خوێنەران بکەوە، سادە بنووسە). هەوڵمدا ڕاسپاردەکەی جێبەجێ بکەم، چونکە هەست دەکەم سادەیی نیشانەی پێگەیشتن و کامڵ بوونە.

## شوشا گاپی

**لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، هاوڕێیەتی زۆر قووڵە، لە ئێران کە زۆر سەیرە، شتێکە نزیکی عەشق، لە مەراکیش هەروایە؟**

بن جەللون

نەك بەو توندییە، بەڵام هاوڕێ لە ژیانی من ڕۆڵی گرنگی هەیە، عەشق شتێکی ترە، زۆر خاڵ لەبەرانبەر هاوڕێیەتی هەیە، عەشق ئاڵۆزە، لێوانلێو لە گرفت. هەمیشەیی نییە، وابەستەیە بە چەند شتێك کە مرۆڤ زاڵ نییە بەسەریاندا. هاوڕێیەتی ڕێك پێچەوانەی عەشقە- سادە و بە ئارەزوو و پایەدار.

**شوشا گاپی**

**ڕۆمانی گەندەڵ٢٦ کە لە ١٩٩٤ بڵاوبوەوە، باسی گرفتی گەندەڵی دەکات لە وڵاتێکی وەکو مەراکیشدا. ئەو کتێبە سیاسیترین و ڕەخنەگرانەترین کتێبی تۆیە، پێتوایە سیاسەت بتوانێت بارودۆخەکان لە مەغریب یان وڵاتانی جیهانی سێیەمدا بگۆڕێت؟ یان ئەوەی کە نوێکردنەوەی ژیانی ئەخلاقی و مەعنەویش پێویستە؟**

بن جەللون

نوێبوونەوەی ژیانی ئەخلاقی و مەعنەوی بەبێ سیاسەتی پاك و بەشەرەف مەحاڵە، لە ئەنجامدا بنبڕکردنی گەندەڵی بەواتای هەوڵدان بەرەو پاکی ئەخلاقی و فەرهەنگی کۆمەڵگاشە.

**شوشا گاپی**

**ڕۆمانی نوێتان (شەوی هەڵە) سێیەمین بەرگە لە سێیانەکەتان، کەسایەتی سەرەکی ئەو کتێبەش ژنێکە، ئەو مەسەلەیە کاردانەوەی تۆیە بۆ ئەو بارودۆخەی بەسەر ژنانی جەزائیردا دێت؟**

بن جەللون

نەخێر، ئەو ڕۆمانە، باسی توندوتیژییەکی تایبەت دەکات کە ماوەیەکی زۆرە لە کەسایەتی ئەو ژنە دیار نەکەوتوە و سەرەنجام تۆڵەی خۆی دەکاتەوە، ئەو ڕۆمانە

ڕیالیستی نییە، چیرۆکی توندوتیژی ژنێکە کە ماوەیەکی زۆر لە ژێر زوڵم و زۆر بووە. ئەو توندوتیژییەش سەرەنجام دەتەقێتەوە. بەڵام ئەو ژنە واقیعی نیە، پەیوەندی بە جیهانی ئەفسانەکانەوە هەیە.

**شوشا گاپی**

**لەبارەی ڕیالیزمی جادویی ڕاتان چییە؟ ئەم جۆرەی ئەدەبیات بە تایبەتی لە ئەمریکای باشور، سود لە کەسایەتی ئەفسانەیی خۆشەویست وەردەگرن بۆ ڕوونکردنەوەی بارودۆخی ئێستا. ڕۆماننووسەکانی ئەمریکای لاتین جیاوازیان هەیە لەگەڵ تۆ؟ بەشێوەیەکی تایبەت کام نووسەر یان کام نووسین پەسەند دەکەیت؟**

بن جەللون

من زۆر حەزم لە نووسینەکانی خوان ڕولفۆ، خوان کارولۆس ئۆنی[تی٢٧] و هەندێ لە ڕۆمانەکانی مارکیزیشم پێ خۆشە، بەڵام پێموانییە ئێمە پەیوەندیمان بەیەك قوتابخانەوە هەبێت. ئەوان لە فەرهەنگی خۆیان ڕیشەیان هەیە و منیش لە فەرهەنگی خۆم، ئەو دوو فەرهەنگەش زۆر جیاوازن، هۆیەکەشی تەنیا ئیسلام نییە، هۆکاری تری وەکو مێژوو پێگەی جوگرافیش کاریگەریان هەیە.

**شوشا گاپی**

**چۆن کارەکانت ڕێکدەخەیت؟**

بن جەللون

هەموو ڕۆژێك لە ماڵ دەردەچم و بەدرێژایی ڕۆژ لێرە کاردەکەم و پاشان دەچمەوە ماڵ تا شەوەکەی لەگەڵ خێزانەکەم، هاوسەرم و چوار منداڵەکەم بەسەرببەم.

**شوشا گاپی**

**بەدەست دەنووسیت یان بە کۆمپیوتەر؟**

بن جەللون

بەدەست دەنووسم. کۆمپیوتەر بۆ نووسینی وتارە، چونکە ڕۆژنامەکان دەق لەسەر دیسك داوادەکەن.

**شوشا گاپی**

**بیرۆکەی رۆمانی نویٚ چۆن بە زەینتان دەگات؟ کاتیٚ کتیٚبیٚك دەنووسیت، هەموو کارەکانی ترت رادەگریت؟**

بن جەللون

واز دیٚنم تا بیرۆکەی ڕۆمان بۆ ماوەیەکی دریٚژ جیٚی خۆی بگریٚت، نووسین کاتیٚك دەست پیٚدەکەم کە هەست بە زەروورەتیٚکی تایبەت بکەم.کاتیٚك خەریکم کتیٚب دەنووسم، ناتوانم زۆر بخویٚنمەوە، هەمووکاتەکەم خەریکی نووسین دەبم، ئەوە تاقە کارە کە چیٚژی لیٚ وەردەگرم.

**شوشا گاپی**

**چ شتیٚك زیان بەکارەکانت دەگەیەنیٚت؟ هیٚمنگوای دەیگوت تەلەفۆن لە هەموو شتیٚك خراپترە.**

بن جەللون

بۆڵەبۆڵ، تورەبوونی بچووك، دژیەکییەکان- چ کۆمەلاٚیەتی و چ دەروونی- ئەو کاتەی بۆ هەندیٚك کاری ناپیٚویست خەرج دەبیٚت، کارەکانی ڕۆژانە، بەلاٚم نووسین بەبیٚ ژیان مەحاڵە، ژیان بریتیە لە هەڵسوکەوت لەگەڵ کارمەندی پۆستە، لیٚخورین لەکاتی قەڵەباڵغیدا، ڕووبەڕوو بوونەوەی پیٚویستییەکانی ڕۆژانەش هەر هەیە. بەم شیٚوەیە، ئەوەی کە کارەکەم پەك دەخات دەرەکییە، بەلاٚم ئەوەی بەڕاستی گرفت دەخاتە کار، ونکردنی ئومیٚدە، گەیشتنە شویٚنیٚکە مرۆڤ لە خۆی بپرسیٚت کە چ

سودێکی هەیە؟ هەر کاتێك هەست بکەم ئەدەبیات بێ سوودە. واز لە نووسین دێنم، تا ئەوکاتە لەگەڵ هەموو دژایەتی وململانێیەك بەردەوام دەبم، بە کورتی مرۆڤ ئەو کاتە دەوەستێت کە ئیدی هەست بە پێویستی نووسین نەکات.

**شوشا گاپی**

**گۆرڤیدال[٢٨] کاتێك گوتویەتی ڕێك هەروەك ئەوەی دووکاندار دەچێتە دووکانەکەی هەموو ڕۆژێك، یان پزیشك دەچێتە عیادەکەی، نووسەریش دادەنیشێت و دەنووسێت، بەو مانایەی نووسین پیشەیەکە، کارێکە نووسەر ئەنجامی دەدات. ڕای ئێوەش هەر ئەوەیە؟**

بن جەللون

نەخێر، ئەوە تێڕوانینێکی ئەمریکییە، بەڕای من، ئەگەر نووسەرێك بۆ بەسەربردنی ژیان بنووسێت، ناچاری دانووستانە، دەبێ بەردەوام ئاگاداربێت کەچی دەفرۆشرێت یان چی نافرۆشرێت. کەڵکەڵەی من ئەوە نییە، خۆشحاڵم لەوەی خوێنەرانێکم پەیداکردووە، بەڵام مرۆ ناتوانێت تەنیا ئەو شتانە بنووسێت کە لەوانەیە بفرۆشرێن. نووسەر جیاوازە لەگەڵ دووکاندار، ئەو جیهانێکی خەیاڵی دروست دەکات و دەیگوێزێتەوە بۆ خەڵکانی تر.

**شوشا گاپی**

**کەوایە بەڕای تۆ ڕۆڵی نووسەر ئەمەیە؟ شیلی ڕستەیەکی بەناوبانگی هەیە دەڵێ شاعیران یاسادانەرانی قەدرنەناسی جیهانن، تۆش لەگەڵ ئەو ڕایە دایت؟**

بن جەللون

من هێندە و تا ئەو ڕادەیە بەرزەفڕ نیم. بەڕای من، نووسەر بینەرێکە، ئەو بینەری سەردەمی خۆیەتی لەمڕوەوە، شوێنێکی باشی هەیە، پێموانییە نووسەر

ڕۆڵی دیاریکەری هەبێت. ئەو چیرۆك دەگێڕێتەوە و لە ڕێگەی ئەم کارەوە لەبارەی کۆمەڵگای خۆی و لەبارەی دونیا ڕای خۆی دەڵێت، لە ڕێگای خەیاڵەوە پەیوەندی دروست دەکات.

## شوشا گاپی

**کاتێ کە سکێچی گشتی چیرۆك ئامادەبوو و دەستت بە نووسین کرد ، بەردەوام زاڵیت بەسەر چیرۆکەکە، یان ئەوەی کە هەندێ شتی ناخی چیرۆك جڵەو دەگرێتە دەست؟**

بن جەللون

وانییە کە هەمیشە بزانم چی ڕوودەدات، بەڵام هەست بە ئازادی دەکەم، هەست ناکەم سنوردارم یان دەستەڵاتم بەسەر چیرۆك لە دەست بدەم، بەهەستی خۆم دەچمە پێش، لەوانەشە لەنکاو بیرۆکە و ئەگەری نوێ بهێنمە ناو کارەکە و گۆڕانکارییەکی پێشبینی نەکراو ئەنجام بدەم.

## شوشا گاپی

**کامیان زووتر دروست دەبن: بیرۆکە، یان سکێچی چیرۆك یان کەسایەتیەکان؟**

بن جەللون

بیرۆکەی سەرەکی گرنگی هەیە، بەڵام وشەش گرنگن، وشەکان دەبێ باش و لە شوێنی خۆیدا هەڵبژێردرێن و لە شوێنی خۆیان دابنرێن. دەتوانرێت بگوترێت کارێکی زۆر وردە، ڕەنگە سەرچاوەی چیرۆك شتێك بێت کە من بینیومە، یا خوێندوومەتەوە یان بیستومە، نووسەر ئاگاداری هەمووشتێك نییە، ئەگەر ئاگاداری هەمووشتێك بوایە، نووسین دەبووە کارێکی ماندووکەر، ئەو چیرۆك بەڕیوە دەبات، کەش و هەوای چیرۆکەکەیە، جیهانێکە لە دەوروبەری کەسایەتیەك دروست دەبێت، هەر ئەو کەسایەتیەشە کە نووسەر بەرەوپێش دەچێت، چیرۆکەکە خەڵق دەکات.

## شوشا گاپی

**زۆر پاکنووسی دەکەیت؟**

بن جەللون

باشترین دەق ئەوەیە کە یەکجار بنووسرێت، بەڵام شتی وا زۆر کەم ڕوودەدات، مەحاڵە، من هەربەشێك لە سەرەتاوە تا کۆتایی پاکنووس دەکەم، نەك تەنیا پارەگرافیك لێرە و خەتێك لەوێ، ڕەنگە پارەگرافێك زیاد بکەم یان لای ببەم.

**شوشا گاپی**

**بۆ داهاتوو چ بەرنامەیەکت هەیە؟**

بن جەللون

ئێستا خەریکی نووسینی ڕۆمانێکی نوێم لە ناپۆل ڕوودەدات، یەکەمین جارە هەوڵ دەدەم لە مەراکیش دەربچم. ماوەیەك لەمەوبەر و تارێکم لەبارەی نەژادپەرستی نووسیبوو لە ژێر ناونیشانی (میوانداری فەڕەنسی) لە ١٩٨٤ بڵاو بوەوە. بەم دواییە سەرلەنوێ پێیداچوومەتەوە و بەرفراوانم کرد. پێشەکیەکی درێژم بۆ نووسی تا ڕوونی بکەمەوە کە لەو سیانزە ساڵە چ گۆڕانکارییەك ڕوویداوە و بارودۆخ چەند خراپتربووە.

**شوشا گاپی**

**ڕەنگە من لە ڕادەبەردەر خۆشبین بم، بەڵام پێموایە کێشەی لوپن لادانێکی کاتییە و فەڕەنسیەکان بەم زوانە نەریتی پەنادانی ئازارچەشتوان و ئەشکەنجە دراوان دێننەوە گۆڕێ. هەرچی بێت، کلتوری فەڕەنسا سوودی زۆری لەو مەسەلەیە وەرگرتووە. سەیرکە لە سەدساڵی ڕابردوو چەند شاعیر و نووسەر و ئەندێشمەند لە وڵاتانی تر هاتونەتە فەڕەنسا.**

بن جەللون

بەخۆشیەوە ئارەزووم وایە تۆ ڕاست بکەیت لە ئێستادا ئەوەی کە لەدەست ئێمەبێت - ئێمەی نووسەر و هونەرمەند و بیرمەندەکان- تەنیا لە ڕێگای کارمان

و لە رێگاو شێوازی خۆمانە.

The paris Rivuew 152, Fall 1999

## پەراوێزەکان

١ Le Racism explique a ma filles,

٢ La Nuit sacree.

٣ Harruda.

٤ La Nuit de l'erreur.

٥ L 'Enfant de sable.

٦ Editions du Seuil.

٧ The Scented Meadow.

٨ Sheikh Naszawi.

٩ Kama Sutra. ناونیشانی نامەیەکی دێرینە لەبارەی هونەری عاشقبوون

١٠ Tetouan.

١١ Maurice Nadeau.

١٢ Denoel.

١٣ Francois Maspero.

١٤ Mohammad Dib.

١٥ Jean Pelegrini.

[١٦] T.Amrouche.

[١٧] Yasujiro Ozuدەرهێنەری بەناوبانگی ژاپۆنی .

[١٨] Yves Bonnefoy.

[١٩] Louis-Rene des Forets.

[٢٠] Jean-Mari Le Pen لەدایك بووی ١٩٢٨ سیاسەتمەداری فەرەنسی و دەرچوی کۆلێژی ماف.

[٢١] Bobin

[٢٢] Monoprix فرۆشگایەکی گەورەی فەرەنسا کە لە هەموو فەرەنسادا هەیە.

[٢٣] The Forgotten Queens of Islam.

[٢٤] Beyond the veil.

[٢٥] L'Eloge de L'Amittie.

[٢٦] . l'homme rom pu

[٢٧] Juan Carlos Onetti.

[٢٨] Goe vidal



ئیسماعیل کادارێ

# تەمەنی ڕۆمان هێشتا ٢٠٠٠ ساڵی ماوە

## وتووێژ لەگەڵ ئیسماعیل کاداری
## شوشا گاپی

لە ١٩٧٠دا، ڕۆمانێك لە نووسەرێکی ونی ئەلبانیەوە دونیای ئەدەبی پاریسی لە سەرسوڕماندا نقوم کرد. (جەنەراڵی سوپا مردوو[١])چیرۆکی جەنەراڵێکی ئیتاڵیە، لە دوای شەڕی جیهانی دووەم دەگەڕێتەوە ئەلبانیا بۆ ئەوەی لاشەی سەربازانی ئیتاڵی کە ئەوکاتە لەوێ کوژرابوون بیاندۆزێتەوە و بۆ بەخاك سپاردنەوەیان بیانباتەوە ئیتاڵیا. ئەو کتێبەیان بەشاکارێکی ئەدەبی وەسپ کرد، نووسەرەکەیان بانگهێشتی پاریس کرد، لە پاریس ڕۆشنبیرانی فەرەنسی ئەویان وەکو نووسەری ڕەسەن و بە توانای ئەو بەری پەردەی ئاسنین باسکرد، ڕێزیان لێنا و دەستخۆشیان لێکرد. (جەنەراڵی سوپا مردوو) بۆ چەندین زمان وەرگێڕدرا، دوو فیلمیان لەسەر دەرهێنا: یەکێك هەر بەو ناونیشانە کە ئەکتەرەکەی (میشل پیکولی[٢]) بوو، ئەوەی تریش فیلمی (ژین و هیچیتر[٣]) دەرهێنانی (برنارد تاڤرنیەر[٤]).

دوای ئەوە، پتر لە دوانزە ڕۆمان و چەندین کۆمەڵە شیعر و وتاری وەرگێڕدران بۆ فەڕەنسی و ئینگلیزی و زمانەکانی تر. ئەو بەیەکێك لە نووسەرە گەورەکانی جیهان دەزانن و چەندین جار پاڵێوراوە بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ، دەزگای چاپ و بڵاوکراوە فەڕەنسیەکان خەریکی ئەوەن کۆمەڵە بەرهەمەکەی بە شەش بەرگ هەم بە زمانی فەڕەنسی و هەم بە زمانی ئەلبانیایی بڵاوبکەنەوە، تائێستا سێ بەرگی دەرچووە.

ئیسماعیل کاداریێ لە شاری (گینو کاستر[٥]) لە ئەلبانیا هاتۆتە دونیا، هەر لەوێش گەورە بووە، لە زانکۆی تیرانا ئەدەبیاتی خوێندوە و سێ ساڵ لە ئەنستیتۆی گۆرکی لە مۆسکۆ خەریکی خوێندنی باڵا بووە. (جەنەڕاڵی سوپا مردوو) یەکەمین ڕۆمانی بوو دوای گەڕانەوەی بۆ ئەلبانیا لە (١٩٦٢)، لە تەمەنی بیست و شەش ساڵیدا بڵاویکردەوە.

کادارایان بەراورد کردوە لەگەڵ (کافکا و ئوریل)، بەڵام ئەو نووسەرێکی ڕەسەن کە هەم جیهانییە و هەم ڕیشەی لە خاکی خۆیەتی، ئەلبانیا پتر لە چل ساڵ لە ژێر چەپۆکی دیکتاتۆری کۆمۆنیستی (ئەنوەر خۆجە) بوو، کەسێك کە لە ستالینزمی بێڕەحمانە و تایبەتی ئەو پتر مایەوە لەچاو هەموو وڵاتەکانی ئەورووپای خۆرهەڵات. کاداریێ سوودی لە ژانری جۆراوجۆر وەرگرتووە،- نواندن، تەنز، دانانی ماوەی مێژوویی، ئوستوورە- تا لە سانسۆری زاڵمانەی خۆجەو تۆڵەسەندنەوەی کوشندەی ئەو ڕابکات. نووسینەکانی ئەو ڕاپۆرتی ئەو ساڵە ترسناکانەیە، هەرچەندە زۆربەی چیرۆکەکانی لە ڕابردوودا و لەوڵاتانی تر ڕوودەدات. (کۆشکی خەونەکان[٦]) و (هەڕەم[٧]) هەردوکیان لە سەردەمی عوسمانی و میسری کۆندا ڕوو دەدەن. لە کاتێکدا کە (زستانی سەخت[٨]) و (کۆنسێرت[٩]) بە ئاشکرا ئاماژە بە دابڕانی خۆجە

له ڕووسیا له سه‌رده‌می خرۆشۆف و (چین)ی دوای ماو ده‌كات.

ئیسماعیل كاداریێ له ١٩٩٠ ئه‌لبانیای به‌جێهێشت و پاریسی بۆ ژیان هه‌ڵبژارد.
له ١٩٦٦ دا به ئه‌ندامی فه‌رهه‌نگستانی زانسته ئه‌خلاقی و سیاسیه‌كانی فه‌ره‌نسا هه‌ڵبژێردرا، هاته شوێنی (كارل پۆپه‌ر)ی فه‌یله‌سوفی ئینگلیزی له دایكبوی نه‌مسا، كه هه‌مان ساڵ كۆچی دوایی كردبوو.

كاداریێ له‌گه‌ڵ خێزانه‌كه‌ی، هاوسه‌ر و كچه‌كه‌ی له (كارتیه‌لاتن) له ئاپارتمانێكی گه‌وره و زۆر ڕووناك ده‌ژین، به‌رانبه‌ر باخی لوكزامبۆرگه. كاداریێ زۆر ده‌چێته‌وه ئه‌لبانیا. ئه‌م چاوپێكه‌وتنه له ئۆكتۆبه‌ری ١٩٩٧ له ماڵه‌كه‌ی خۆیدا ئه‌نجام دراوه له ڕێگای په‌یوه‌ندی ته‌له‌فۆنییه‌وه.

وازانراوه به‌وه‌ی كاداریێ، زۆر به‌رگه‌ی گێله‌كان ناگرێت، به‌ڵام من ئه‌وم به ئارام و به ئه‌ده‌به‌وه بینی، كه‌م تا زۆر ئارام به‌رانبه‌ر كه‌سێك كه وڵات و ئه‌ده‌بیاته‌كه‌ی ئه‌و ناناسێت، هه‌ڵبه‌ته ئه‌و تا ڕاده‌ی عه‌شق هه‌ردووكیانی خۆشده‌وێت. به‌ئاسانی به فه‌ره‌نسی قسه‌ده‌كات، به ده‌نگێكی ئارام و له‌سه‌رخۆ و زاراوه‌یه‌كی تایبه‌ت.

## شوشا گاپی

**ئێوە یەکەمین نووسەری ئەلبانیایین کە دەگەنە ناوبانگی جیهانی، بۆ زۆربەی خەڵك ئەلبانیا وڵاتێکی بچووکە، بە سێ ملیۆن و نیو ژمارەی دانیشتوان لە پەراوێزی ئەوروپا، هەربۆیە یەکەمین پرسیاری من لە بارەی زمانی ئەلبانیەوەیە، ئەو زمانە چییە؟**

### کاداریێ

نیوەی خەڵکی ئەلبانیا، لە دراوسێیەکەی ئەو، واتە لە هەرێمی کۆزۆڤۆ لە یۆگۆسلاڤیا دەژین، بەسەریەکەوە دە ملیۆن کەس بە زمانی ئەلبانی قسەدەکەن لە جیهاندا، کە یەکێکە لە زمانە سەرەکیەکانی ئەوروپا، لەلایەنی زمانناسییەوە، شەش یان حەوت خێزانی زمانی سەرەکی لە ئەوروپادا هەن، (لاتینی، ئەڵمانی، سلاڤی، بالتی کە لاتویا و ستونی قسەدەکەن) و سێ زمانی بێ خێزان، واتە یۆنانی و ئەرمەنی و ئەلبانیایی. بەم شێوەیە زمانی ئەلبانی گرنگترە لەو وڵاتە بچوکەی کە خەڵکەکەی بەو زمانە قسەدەکەن. چونکە لە نەخشەی زمانناسی ئەوروپا جێگایەکی گرنگی هەیە. زمانەکانی مەجەری و فنلەندی بە زمانی هیند و ئەوروپایی ناژمێردرێن.

زمانی ئەلبانی لەو لایەنەوە گرنگی هەیە کە تاکە پاشماوەی زمانی کۆنی (ئیلیریایی)یە. لەسەردەمی کۆندا، لە ئەوروپای باشوردا سێ هەرێم هەبوون، (یۆنان، ڕۆم، ئیلیریا). زمانی ئەلبانی تاکە پاشماوەی زمانەکانی ئیلیریایە. هەربۆیە بەردەوام سەرنجی زمانناسانی گەورەی ڕابردووی ڕاکێشاوە، یەکەمین کەس کە خەریکی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە بوو لەسەر زمانی ئەلبانی، فەیلەسوفی ئەڵمانی گۆتفرید لایپ

نیتس[١٠] بوو له ساڵی (١٦٩٥)دا.

**شوشا گاپی**

**هەر ئەو کەسەی کە ڤۆلتێر کەسایەتی دکتۆر پەنگلوسی لە (هەڵبژاردە)دا لەوەوە ئیلهام گرت و دروستی کرد؟**

کارداریْ

بەڵێ دروست هەر ئەو، بەڵام ئەو کاتە ئەلبانیا وڵاتێکی سەربەخۆ نەبوو، بەشێك بوو لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، وەکو زۆربەی وڵاتانی بالکان، لەوانەش یۆنان، بەڵام ئەو زمانە بۆ ئەو فەیلەسوفە سەرنجراکێش بووە، دوای ئەوە هەموو لێکۆڵەرە ئەڵمانیەکان لێکۆڵینەوەی زۆریان لەبارەی ئەو زمانەوە ئەنجامدا، وەکو فرانتس بۆپ[١١] کە کتێبەکەی زۆر گشتگیرە.

**شوشا گاپی**

**ئەدەبیاتی ئەلبانی چی؟ سەرچاوەکەی چییە؟ دانتە، یان شکسپیرێکی ئەلبانی یان گۆتەیەکی ئەلبانی هەیە؟**

کاداریْ

سەرچاوەکانیان زیاتر سەرزارەکییە، یەکەمین کتێبی ئەدەبی بەزمانی ئەلبانی لە سەدەی شانزەهەم بڵاو بۆتەوە، وەرگێڕانێك بووە لە کتێبی پیرۆز، ئەوکاتە خەڵکی ئەلبانیا کاسۆلیك بوون، دوای ئەوە نووسەران هەبوون، باوکی بنیاتنەری ئەدەبیاتی ئەلبانی نووسەری سەدەی نۆزدەم (نەعیم فراشری[١٢]) یە، ئەو بەو گەورەیەی دانتە یان شکسپیر نییە، لەگەڵ ئەوەشدا دامەزرێنەر و کەسایەتییەکی سیبمۆلیکە. بۆ جوڵاندنی ویژدانی میللی ئەلبانیا شیعری حەماسی و شیعری گۆرانی دەگوت. دوای ئەو گیرکی فیشتا[١٣] بوو، دەتوانین بڵێین ئەو دوو کەسە، گەورەی ئەدەبیاتی ئەلبانین و منداڵان

لە قوتابخانەدا بەرهەمەکانیان دەخوێنن. دواتر نووسەر و شاعیرانی تریش دروست بوون کە بە بەراورد لەگەڵ ئەو دووکەسە بەرهەمی باشتر و بەرزتریان دروستکرد، بەڵام هەمان پێگەیان لە زەینی وبیرەوەری میللی ئەلبانیادا نییە.

**شوشا گاپی**

**تورکەکان لە (١٤٥٤) قوستەنتینیە و دواتر هەموو بەلکان و یۆنانیان داگیرکرد. زمانی تورکی چ کاریگەری لەسەر زمانی ئەلبانی دانا؟**

کاداریێ

کاریگەری زۆری نەبوو، مەگەر لە زاراوەی کارگێڕیدا، یان لە خواردن دروست کردن وشەکانی وەکو (کباب) و (کافە) و (بازاڕ)، بەڵام هیچ کاریگەریەکی لەسەر پێکهاتەی زمانی ئەلبانی دانەنا، بەو هۆیە سادەیەی کە ئەو دوو زمانە دوو مەکینەی تەواو جیاوازن و پارچە یەدەگەکانیان بەکەڵکی یەکتری نایەن، زمانی تورکی لە هیچ شوێنێك لە دەرەوەی تورکیا نەناسرابوو. نووسەرە تورکەکانی سەدەی نۆزدە و بیست، تورکی نوێیان دروستکرد. لە کاتێکدا تورکی وشك و کارگێڕی زمانێکی زیندوو نەبوو، لە ئەنجامدا نەیدەتوانی کاریگەری لەسەر زمانەکانی تری ئەوروپایی هەبێت. هەندێ لە نووسەرانی تورك پێیان گوتووم کە گرفتیان لەگەڵ زمانی خۆیاندا هەیە.

**شوشا گاپی**

**ژمارەیەکی زۆری دەستەواژەی زمانی تر کەوتۆتە ناو تورکی- لەوانە فارسی، عەرەبی، فەرەنسی. پێش سەردەمی نوێ، نووسەرانی تورك بە فارسیان دەنووسی، یان ئەگەر بابەتی ئایینی بووایە بەعەرەبیان دەنووسی.**

کاداری

بۆ من، وه‌کو نووسه‌ر، زمانی ئه‌لبانیایی که‌ره‌سته‌یه‌کی زۆرباشی ده‌ربڕینه: ده‌وڵه‌مه‌ند، نه‌رم وشل، ده‌کرێ هاوسه‌نگ بێت. هه‌روه‌ك له دوایین ڕۆمانمدا، (ڕ ١٤ح)یش گوتومه، ئه‌م زمانه چه‌ند تایبه‌تمه‌ندییه‌کی هه‌یه که ته‌نیا له زمانی یۆنانی کۆندا هه‌یه، مرۆڤ ده‌گه‌ڕێنێته‌وه بۆ جیهانی کۆن. بۆ نموونه هه‌ندێ له (فرمان)ی ئه‌لبانی هه‌ن که له هه‌مان کات مانای نه‌رێ و ئه‌رێ ده‌گه‌ینێت، هه‌روه‌ك یۆنانی کۆن، ئه‌و شته‌ش وه‌رگێڕانی تراژیدیای یۆنانی و هه‌روه‌ها تراژیدیه‌کانی شکسپیر ئاسان ده‌کات.

له‌نێوان نووسه‌رانی ئه‌وروپی، شکسپیر زۆر نزیکه له تراژیدی نووسه‌کانی یۆنان، نیچه به‌ڕاستی ده‌ڵێت که تراژیدی یۆنانی لاو خۆی کوشت، چونکه ته‌نیا سه‌د ساڵ ژیا، به‌ڵام، له‌ڕوانگه‌ی جیهانیدا، ئه‌م تراژیدیایه تا شکسپیر به‌رده‌وام بوو و هێشتاش درێژه‌ی هه‌یه، له‌لایه‌کی تر، به‌ڕای من سه‌رده‌می شیعری حه‌ماسی به‌سه‌رچووه. له‌باره‌ی ڕۆمان ده‌بێ بڵێم که هێشتا زۆر گه‌نجه، تازه له سه‌ره‌تایه.

**شوشا گاپی**

**به‌ڵام په‌نجا ساڵه مه‌رگی ڕۆمانیان پێشبینی کردووه؟**

کاداری

به‌رده‌وام که‌سانێك په‌یدا ده‌بن که زۆر قسه‌ی قۆڕ ده‌که‌ن!، به‌ڵام له ڕوانگه‌یه‌کی گشتیدا، ئه‌گه‌ر بڕیار بێت ڕۆمان شوێنی دوو ژانری گرنگ بگرێته‌وه- واته شیعری حه‌ماسی که له ناوچووه و، تراژیدی که درێژه‌ی هه‌یه- که‌واته تازه له سه‌ره‌تادایه و هێشتا دوو هه‌زار ساڵ ته‌مه‌نی ماوه.

**شوشا گاپی**

**به‌ڕای من، ئێوه هه‌وڵتان داوه له نووسینه‌کانتان تراژیدی یۆنان له‌گه‌ڵ**

**ڕۆمانی مۆدێرن تێکەڵ بکەن و موتوربەی بکەن؟**

کاداریٚ

بەڵیٚ وایە، ویستومە بەرهەمێکی نویٚ لە تێکەڵکردن و موتوربەکردنی تراژیدی مەزن و گروتسك دروست بکەم کە نموونەی دیاری ئەو یەکێکە لە گەورەترین بەرهەمی جیهانی ئەدەبیات: دۆن کیشۆت.

**شوشا گاپی**

**بەڵام دوای ئەو ڕۆمان بە چەندین ژانر دابەش کراوە....**

کاداریٚ

بەهیچ شێوەیەك! دابەشکردنی ژانر بۆ من بوونی دەرەکی نیە، یاساکانی خوڵقاندنی ئەدەبی تاکە. ئەو یاسایە ناگۆڕێت، بۆ هەموو کەس و لە هەموو شوێنێکدا یەکسانە. مەبەستم ئەوەیە دەتوانی چیرۆکێك بگێڕیتەوە کە سیٚ سەعات لە ژیانی مرۆڤدا لەخۆ بگرێت، یان سیٚ سەدە، ئەنجام یەکسانە. هەر نووسەرێك کە بەرهەمێکی ڕەسەن بە شێوەیەکی سروشتی خەلق بکات، بیٚ ئەوەی خۆی بزانێت تەکنیکی گونجاوی خۆشی خەلق دەکات. هەربۆیە هەموو ژانرەکان یان فۆرمەکان سروشتین.

سەیرکە، بەڕای من لە مێژووی ئەدەبیات تەنیا یەك گۆڕانکاری دیاریکەر هەبووە: پەڕینەوە لە ئەدەبیاتی سەرزارەکی بۆ ئەدەبیاتی نووسراو، تا ماوەیەکی درێژ، ئەدەبیات تەنیا سەرزارەکی بوو، ئەوکاتە لە سەردەمی بابلییەکان و یۆنانیەکان، لەنکاو بوە نووسراو، ئەو ڕوداوە هەمووشتێکی گۆڕی، چونکە پێش ئەوکاتە شاعیر ئازاد بوو، ئەو کاتەی کە شیعری خۆی دەخوێندەوە یان بە گۆرانی دەیگوت، لە هەر شوێنێك یان کاتێکی تر بە ئارەزووی خۆی دەیگۆڕی بۆ هەر شتێك کە خۆی حەزی لێبوایە، هەر بۆیەش شاعیر پایەدار نەبوو، چونکە

شیعرەکەی لە ئەنجامی گواستنەوەی سەرزارەکی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر گۆڕانکاری بەسەر دادەهات، دەق ئەو کاتە جێگیر دەبێت کە نووسرا، کاتێ ئەویان دەخوێندەوە نووسەر شتێکی بەدەست دەهێنا، بەڵام لە هەمان کات، شتێکیش لە دەست دەدا- ئازادیەکەی، ئەوە هەر ئەو گۆڕانکاریە مەزنەیە لە ئەدەبیات گۆڕانکاری بچووك وەکو پۆلێنبەندی بە بەش و پارەگراف و خاڵبەندی، کەم تا زۆر گرنگیەکی وایان نییە.بۆ نموونە، دەڵێن، ئەدەبیاتی هاوچەرخ زۆر نەمرە چونکە دەکەوێتە ژێر کاریگەری سینەما و تەلەفزیۆن و خێرایی پەیوەندییەکان، بەڵام لە ڕاستیدا بەپێچەوانەوەیە! ئەگەر دەقەکانی یۆنانی کۆن بەراورد بکەین لەگەڵ ئەدەبیاتی ئەمڕۆ، تێدەگەین کە قەڵەمڕەوی چالاکی کلاسیکەکان زۆر بەرفراوانتر بوو، لەسەر تابلۆیەکی زۆر گەورەتر نیگاریان دەکێشا، پێوەرەکانیشیان هەر گەورەتر بوو، کەسایەتی لە نێوان زەوی و ئاسمان دەجوڵێتەوە، لە خواوە بۆ مرۆڤی فانی، و بەپێچەوانەشەوە، ئەویش لە کاتێکی زۆر کورتدا! مەحاڵە بتوانرێت خێرایی کارکردن و دیدی بەرفراوانی یەك لاپەڕە و نیوی کتێبی دووەمی ئیلیاد لە نووسینی نووسەرێکی نوێ بدۆزیتەوە. چیرۆك سادەیە: ئاگامنون کارێکی کردووە و زیۆس پێی ناخۆش بووە، زیۆس بڕیار دەدات تۆڵەی لێ بکاتەوە. تەتەرێك دەنێرێت و دەڵێت با بفڕێتە سەر زەوی و سەردارێکی یۆنانی بە ناوی ئاگامنون بدۆزێتەوە، خەونێکی درۆیی لەسەریدا دابنێت، تەتەر دەگاتە تروا، ئاگامنون بە نووستویی دەبینێت، خەونی درۆیین وەکو شلەیەك دەخاتە سەری، دەگەڕێتەوە لای زیۆس، بەیانی ئاگامنون لە خەو هەڵدەستێت و دارودەستەکەی کۆ دەکاتەوە و دەڵێت خەونێکی باشی بینیوە، ئەوان دەبێ هێرش بەرن بۆ تروا ـ ئاگامنون شکستێکی گەورە دەخوات. هەموو ئەوانە لە لاپەڕە و نیوێکدا ڕوودەدات! خوێنەر لەزەینی

زیۆسەوە بۆ زەینی ئاگامنون، لەئاسمان بۆ زەوی لە هاتوچۆدایە. ئەمڕۆ کام نووسەر دەتوانێت شتێکی وا خەڵق بکات؟ مووشەکی بالستیکیش ئەو خێراییەیان نییە!

**شوشا گاپی**

**بەهەرحاڵ دیاردەی ئەدەبی بوونیان هەبوە، دیاردەی وەکو مۆدێرنیزم جویس- کافکا..**

کاداریێ

کافکا زۆر کلاسیك بوو، جویس یش هەروا، جویس لە (وەئاگاهێنانی فینیگەکان) کە بەڕاستی بووە مۆدێرنیزم، سەرکەوتوو نەبوو، زیادەڕەوی کردو و هیچ کەسیش حەزی لەو کتێبە نەبوو. تەنانەت ناباکف، کە یەکێك بوو لە لایەنگرانی زۆر توندی جویس، بە بێبەهایی باسی ئەو بەرهەمەی کرد، هەندێك لە داهێنان و نوێگەرایی پەسەند ناکرێن، چونکە سنورێکی هەیە و ناتوانرێت لێی تێپەڕی و تووشی هیچ نەبێت. هەروەکو ئەوەی ناتوانرێت هەندێ لایەنی تایبەتی سروشتی مرۆڤ لێی دوربخرێتەوە و جیابکرێتەوە. پیاوێك، ژنێك دەبینێت و عاشقی یەکتری دەبن، چەندین توانا و ئەگەری جۆراوجۆر لەو عەشقەدا هەیە، بەڵام ناتوانرێت ئەو ژنە بکرێت بەشتێکی تر، ئەگەر جیابوونەوە لەواقعیەت کامڵ بێت، کۆتایی کارە، ئەوکاتە دەچیتە ناو قەڵەمڕەوی نیشانەکان.

**شوشا گاپی**

**مەبستتان ئەوەیە، لە داهێنانی مرۆڤدا بەردەوامییەکی تایبەت هەیە؟**

کاداریێ

بەڵێ هەر ئەوە، ئێمە بەجۆرێك ئەسیری ڕابردووی جۆری مرۆڤین، زۆر پێویست نیە، بۆ نمونە دەروونناسی تیمساح و زەرافە بزانین، ڕەنگە ڕابردوو بارێکی گران بێت، بەڵام لەمبارەیەوە هیچمان لەدەست نایەت هەموو ئەو هەراوهۆریایانە

له‌باره‌ی نوێگه‌رایی و ده‌قی نوێ بێهوده‌یه، له‌لایه‌ك ئه‌ده‌بیات (واقیعی)یه‌و له‌لایه‌كی تریش ئه‌وانی تر.

**شوشا گاپی**

**ئێوه له‌باره‌ی(داهێنانی نێگه‌تیڤ[١٥])یش قسه‌تان كردووه، مه‌به‌ستتان له‌و چه‌مكه چییه؟**

كادارێ

داهێنانی نێگه‌تیڤ بۆ نووسه‌ر، هه‌مان ئه‌و شتانه‌یه كه نای‌نووسێت، مرۆڤ ده‌بێ زۆر به توانا بێت تا بزانێت چ شتێك نابێت بنووسێت، له زه‌ینی نووسه‌ردا به‌رهه‌می نه‌نووسراو زۆر زۆرتر هه‌یه تا به‌رهه‌می نووسراو، تۆ هه‌ڵیده‌بژێری و ئه‌و هه‌ڵبژاردنه‌ش گرنگه، له‌لایه‌كی تر نووسه‌ر ده‌بێت خۆی له شه‌ڕی ئه‌و لاشانه ڕزگار بكات، ده‌بێ بیاننێژێت، چونكه ساردی ده‌كه‌نه‌وه له‌سه‌ر ئه‌و شته‌ی كه ده‌یه‌وێت بینووسێت، هه‌روه‌كو ئه‌وه‌ی كه پێویسته شوێنێكی وێران پاك بكاته‌وه تا بۆ بیناسازی ئاماده‌بێت.

**شوشا گاپی**

**ئه‌م قسه (سیریل كانلی[١٦])م بیر دێنێته‌وه كه گوتویه‌تی: (ئه‌وكتێبانه‌ی كه من نه‌منووسیون، باشترن له‌و كتێبانه‌ی كه هاوڕێیانم نووسیویانه) ئێستا مۆڵه‌تم بده با له‌باره‌ی سه‌ره‌تاكان قسه بكه‌ین، له منداڵیتان ده‌سپێده‌كه‌ین تۆ زۆر بچوك بووی كه شه‌ڕ ده‌ستی پێكرد، ئه‌و شه‌ڕه‌ی كه دوای ئه‌وه هه‌مووشتێك له ئه‌لبانیا گۆڕا.**

كادارێ

من منداڵییه‌كی به‌هره‌مه‌ندم هه‌بوو، چونكه ڕوداوی زۆرم بینی، ته‌مه‌نم پێنج ساڵ بوو كه شه‌ڕ ده‌ستی پێكرد، له گیلوكاستر ده‌ژیام. سوپاكانی بیانی

لەم شارە جوانەدا تێدەپەڕین، ئەم دیمەنە بەردەوام دووبارە دەبوەوە - ئیتاڵیەکان، یۆنانیەکان... ئەڵمانیەکان و ئینگلیزەکان ئەو شارەیان بۆمباران دەکرد و بەردەوام دەستەودەستی پێ دەکرا.بۆ منداڵان زۆر هەژێنەر بوو، ئێمە لە خانویەکی گەورە دەژیاین، چەندین ژووری خاڵی تێدابوو، لەو ژوورانەدا یاریمان دەکرد، ئەوە بەشێکی زۆری ژیانی من بوو. بنەماڵەی باوکم، بنەماڵەیەکی مام ناوەندی بوون- باوکم نامەبەری دادگابوو، واتە ئەو کەسەی کە نامەکانی دادگا دەبات- بەڵام بنەماڵەی دایکم زۆر دەوڵەمەند بوون، سەیرە کە بنەماڵەی دایکم کۆمۆنیست بوون، لە کاتێك کە باوکم لیبرال و وشکەپیرۆز بوو، ئێمە لە ماڵی خۆمان ژیانێکی مامناوەندیمان هەبوو، بەڵام کە دەچوینە ماڵی باوکی دایکم، منداڵی خێزانێکی دەوڵەمەند بووم. باوکم دژی حکومەتی کۆمۆنستی بوو، دایکم و بنەماڵەکەی لایەنگری بوون، ئەوان لەسەر ئەو مەسەلەیە شەڕیان نەدەکرد، بەڵام تانەوتەشەریان لەیەکتری دەدا و گاڵتەیان لەگەڵ یەکتر دەکرد. من لە قوتابخانە نە لەگەڵ منداڵە هەژارەکان بووم کە لایەنگری حکومەتی کۆمۆنیستی بوون نە لەگەڵ منداڵە دەوڵەمەندەکان کە لە حکومەت دەترسان، بەڵام هەردوو گروپم دەناسین، ئەوە دەبوە هۆی ئەوەی کە سەربەخۆ بم و ئازاد بم لە گرێی منداڵی.

## شوشا گاپی

**تۆ دوای تەواوکردنی قوتابخانە چویتە پایتەخت، واتە تیرانا، لە زانکۆدا ئەدەبیاتت خوێندوە، دواتر چویتە ئەنستیتۆی گۆرگی لە مۆسکۆ. سەردەمی خرۆشۆف بوو، جۆرێك ئازادی هەبوو، جۆرێك توانەوەی سەهۆڵەکان دوای سەهۆڵبەندانیەکی درێژخایەنی ستالینی- زەمینەی ئەدەبی مۆسکۆ بەرای ئێوە چۆن بوو؟**

کاداریّ

منیان نارده ئه‌نستیتۆی گۆرگی تا ببمه نووسه‌ری ڕه‌سمی حکومه‌ت- ئه‌و ئه‌نستیتۆیه کارخانه‌یه‌ك بوو بۆ دروستکردنی نووسه‌رانی به‌کرێگیراو و دۆگمای قوتابخانه‌ی ڕیالیزمی سۆسیالیستی. له ڕاستیدا سێ ساڵی ده‌خایاند تا هه‌موو جۆره داهێنانێك، هه‌موو جۆره ڕه‌سه‌نایه‌تیه‌ك له بوونتان نابووت بکه‌ن و له ناوی ببه‌ن، خۆشبه‌ختانه من به‌هۆی ئه‌وه‌ی که خوێندبووم و خوێندبوومه‌وه پارێزراو بووم. له ته‌مه‌نی یانزه ساڵی (مه‌کبس)م خوێندبوه‌وه، وه‌کو هه‌وره بروسکه به‌سه‌رمدا هاتبووه خواریّ. نووسینی نووسه‌ره کلاسیکیه‌کانی یۆنان که دوای ئه‌وان ئیتر هیچ شتێك کاری نه‌کرده سه‌ر ڕۆحم. ئه‌وه‌ی له ته‌نیشت باروه‌کانی تروا ڕووی ده‌دا به‌ڕای من زۆر واقیعی تر بوو تا هه‌موو ئه‌و ڕوداوه ئاسایی و نادروستانه‌ی ڕۆمانه ڕیالیستی- سۆسیالیستییه‌کان.

ته‌لقینی باوه‌ڕ و ڕێنمایی له‌و ئه‌نستیتۆیه‌دا هه‌م منی ئازار ده‌دا و هه‌م به‌شێوه‌یه‌ك بوه هۆی ڕزگار بوونم. به‌رده‌دام به‌خۆمم ده‌گوت، به‌هیچ شێوه‌یه‌ك نابێت ئه‌وکاره بکه‌م که فێرم ده‌که‌ن، به‌ڵکو ده‌بێ پێچه‌وانه‌که‌ی ئه‌نجام بده‌م، نووسه‌ره ڕه‌سمیه‌کانی ئه‌وان هه‌موو کۆیله‌ی حزب بوون، مه‌گه‌ر چه‌ند که‌سێکی وه‌کو کنستانتین، پاستۆفسکی[١٧]، چوکوفسکی[١٨] و یڤتوشنکی[١٩] نه‌بێت.

له‌و ماوه‌یه‌ی که له‌و ئه‌نستیتۆیه بووم، ڕۆمانێکم نووسی به‌ناوی (شاری بێ هه‌را[٢٠]) کاتێ گه‌ڕامه‌وه ئه‌لبانیا ده‌ترسام له‌وه‌ی به که‌سی نیشان بده‌م، به‌شێکی کورتیم به ناوی (ڕۆژێك له کافتریا) له گۆڤارێکدا بلاّو کرده‌وه، یه‌کسه‌ر ئه‌ویان قه‌ده‌غه کرد، بلاّوکردنه‌وه‌ی کتێبی تر له‌گۆڕێدا نه‌بوو. سه‌رۆکی ڕێکخراوی لاوانی کۆمۆنیست که ڕایسپاردبوو چاپی بکه‌ن دواتر به‌تاوانی لایه‌نگری لیبرالیسم به‌پانزه

ساڵ زیندان مەحکوم کرا. خۆشبەختانە ئەو پارچە کورتە ماوە ئەگەرنا کەسێك باوەڕی نەدەکرد من ئەو ڕۆمانەم نووسیبێت، چیرۆکی دوو چڵکاوخۆری ئەدەبی بوو کە دەیانەوێت بە دەستێوەردانی دەقێك بیسەلمێنن دەتوانن دەقەکە لەگەڵ مارکسیزم هاوسەنگ بکەن. و بەم کارەیان پلەوپایە پەیدا بکەن. ڕۆمانەکە باسی گرفتی بنەڕەتی ناوەوەی فەرهەنگی سۆسیالیستی دەکرد: دەستێوەردان. ئەو ڕۆمانە لە بەرگی شەشەمی کۆمەڵە بەرهەمەکانم بڵاودەبێتەوە، هەمان کۆمەڵەش بڵاوکەرەوە فەڕەنسیەکەم بۆ چاپ ئامادەی دەکات و تەنانەت یەك وشەیشی لێ ناگۆڕێت.

**شوشا گاپی**

**بەهەرحاڵ، لە لاوێتیدا لایەنگری کۆمۆنیزم بویت، وانیە؟**

کاداری

ئەو مەسەلەیە ڕویەکی ئیدیالی هەبوو، مرۆ پێی وایە ڕەنگە هەندێ لایەنی تایبەت لە کۆمۆنیزم لە تیۆردا باش بێت، بەڵام دەمانبینی لە پراکتیکدا زۆر ترسناکە. زۆر زوو تێگەیشتم هەموو ئەو بینا شکۆدارە سەرکوتکەر و کارەساتبارە.

**شوشا گاپی**

**لە ئەنستیتۆی گۆرگی دەتانتوانی بەرهەمی نووسەرانی یاساغ یان دژی ئەوان، بخوێننەوە، وەکو پاسترناك، ئاخماتوا، تسوتایونا و مندلشتام؟**

کاداری

نووسینەکانی گوگۆڵ و پۆشکینم خوێندەوە، هەندێك لە ڕۆمانەکانی دۆستوفیسکی بە تایبەتی (ماڵی مردوان) و (برایانی کارامازۆف).

**شوشا گاپی**

**لە ئەلبانیا چی؟**

کاداریێ

نووسینی هەموو ئەو نووسەرانە لە ئەلبانیا یاساغ بوو، هەندێ جار کە دەچوومە وڵاتانی دەرەوە یەکێك لەو کتێبانەم دەکەوتە بەردەست، نووسینەکانی ئورول و کافکام خوێندۆتەوە، بەڕای من کافکا گرنگترە ١٩٨٤م خۆشدەویست، بەڵام (کێڵگەی ئاژەڵەکان)م پێ خۆش نەبوو، چونکە نواندنەکانی قەلەمڕەوی ئاژەڵەکان هێندە کاریگەری نییە لەسەر من، ئەوەی لە وڵاتە چەوسێنەرەکان ڕووی دەدا خراپتر بوو لە هەموو ئەو شتانەی کە ئەدەبیات خەڵقی کردبوو.

**شوشا گاپی**

**ئورول لە بەریتانیا تاك بوو، لە کاتێکدا کە زۆربەی ڕۆشنبیران لایەنگری کۆمۆنیستەکان بوون، یان لانی کەم هاوهەنگاوی بوو. ئەو ماهیەتی چەوسانەوەی درك کردوو نیشانیدا.**

کاداریێ

نازانم چۆن دەبێ سارتەر بەرگری لە یەکێتی سۆڤیەت بکات، بەدرێژایی شۆڕشی فەرهەنگی چین، ئەو دەیزانی کە هەزاران کەس لە نووسەران، هونەرمەندان و ڕۆشنبیران ئازار دەدران، ئەشکەنجە دەدرێن، و دەکوژرێن. ئەوکاتە بوە ماویی.

**شوشا گاپی**

**کامۆ دوای مردن گەیشتە سەرکەوتنێکی گەورە، لە ساڵانی دواییدا ناودارتربووە! ئەمڕۆ ئیدی دیارکەوت، ڕای ئەو لە بارەی مەسەلە سیاسیەکان ڕاست بووە، لە کاتێکدا کە سارتەر بەردەوام لە هەڵەدا بووە. کامۆ لەگەڵ ئەوەی لە ژێر ئەو هەموو گوشارەدا بووە، بە هێزەوە وەستابو، ئەوکاتە کارێکی ئاسان نەبوو.**

کاداری

من زۆر ڕێزم هەیە بۆ کامۆ، ئەو نموونە بوو، هەموو ڕۆشنبیرانی ڕۆژئاوا، کە ئازاد و پارێزراو لە هەڕەشەکانی دیکتاتۆرەکانی چەوسێنەر لە ڕۆژئاوا دەژیان، چاوەڕوانی ئەوەیان لە ئێمە دەکرد جوامێر بین و گیانمان بخەینە مەترسیەوە. لە چین، بارودۆخەکە تەنانەت لە ئەلبانیاش خراپتر بوو، لەبەرچی ڕۆشنبیرانی خۆرئاوا نارەزاییان دەرنەدەبڕی؟

**شوشا گاپی**

**تۆ لە ١٩٦٠ گەڕایتەوە ئەلبانیا و ڕۆمانێکت بڵاوکردەوە، تۆی گەیاندە ناوبانگی جیهانی: (جەنەڕاڵی سوپا مردوو). ئەو چیرۆکە لەسەر بنەمای ڕوداوێکی ڕاستەقینە بوو؟**

کاداری

ئەنوەر خۆجە تازە یەکێتیەکەی لەگەڵ سۆڤیەت هەڵوەشاندبوەوە و خرۆشۆفی بەوە تاوانبار کردبوو کە داوای پێداچوونەوە دەکات، نزیکبونەوە لە خۆرئاوا... و ڕاکێشانی ڕای خۆرئاوا لە ڕێگای خۆ نیشاندان بە لیبرالیزمی ڕۆشنبیری، دوای بڵاوبوونەوەی ڕۆمانم بوو کە ڕەخنەگرانی حکومی کەوتنە دژایەتی کردنی. ڕەخنەیان لە من دەگرت کە بۆ خۆشبین نیم، بۆ ڕقوکینەم لە جەنەڕاڵی ئیتاڵییە، کۆسمپۆڵیتم و ئەو قسانە.

**شوشا گاپی**

**ڕۆمانی دووەمی تۆ، (خێو[21]) باسی پشێوی سیاسی دەکرد، چۆن پێشوازی لەو کتێبە کرا؟**

کاداری

خێو، چیرۆکی شارێکە کە تێیدا، لە بەیانیەکی جواندا، سەروکەللەی ئەسپی تروا پەیدا دەبێت. لە دەروونی ئەو ئەسپەدا، کەسایەتیەکانی سەردەمی کۆن،

وەکو ئولیس خۆیان شاردۆتەوە و چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەن کە شار بڕوخێت، بەڵام من کارێکی سەیرم کرد: تروا ناڕوخێت و ئەسپ تا هەتایە لەوێ دەمێنێتەوە، خەڵك دەکەونە دڵەڕاوکێی هەمیشەیی. دەڵێن: (دەبێ چۆن بژین؟ سێ هەزار ساڵە کە بارودۆخ بەم شێوەیەیەو ئەسپ هەر لەوێیە، ئەو ئەسپە نەمرە چیمان پێ دەکرێت؟) لەبارەی ئەسپەکە پیلان و هەڕەشە و فسکەفسك دەکەن، ژیان ئاسایی نییە، چونکە ڕژێمی چەوسێنەر لەسەر بنەمای وەهم لەبارەی هەڕەشەکانی بیانی دروستکراوە و بۆ ئاڕاستەکردنی سەرکوتکردن پێویستی بە دوژمنێك هەیە.

**شوشا گاپی**

**ئەو ڕۆمانە یاساغ بوو، ئەی لە چ ڕێگەیەکەوە خۆت دەژیاند؟ چونکە ئەگەر نووسەرێك ئەندامی یەکێتی نووسەران و نووسەری ڕەسمی نەبوایە، دەرامەتێکی نەبوو.**

کاداری

هەڵبەتە ئەوان نووسینەکانی منیان جارێك بڵاودەکردەوە و جارێك یاساغیان دەکرد، بەڵام کاتێ نووسینیت چاپ دەبوو، بەنووسەریان دەژماردی و دەبوویتە ئەندامی یەکێتی نووسەران و مووچەیەکی مانگانەت وەردەگرت کە بۆ هەمووان وەکو یەك بوو، لە بلیمەتەکانەوە بگرە تا گەوادەکان، وەکو یەك یەکسان بوو، ئەو مووچەیە یەك لە هەزاری ڕێژەی ئەوەبوو کە لە پشت بەرگی کتێبەکە دەبوایە لە بەرانبەر فرۆشتنی کتێبەکانم وەریبگرم.

**شوشا گاپی**

**لەو کەشوهەوایە خنکاوەدا، چۆن توانیت (جەنەڕاڵی سوپا مردوو) وەربگێڕیت و لە فەڕەنسا چاپی بکەن؟**

کاداریٚ

لە ئەلبانیاش، وەکو هەموو ولاٚتەکانی ئەورووپای خۆرهەلاٚت، رێکخراوێك هەبوو لێپرسراوی وەرگێڕانی چەند کتێبێك بوو بۆ چەند زمانێکی گرنگی بیانی. ئەوان بوون کتێبی منیان بۆ فەرەنسی وەرگێڕا، بە رێکەوت (پیێر پاراف[٢٢])ی رۆژنامەنووس بینی، پێی باش بوو و دەزگایەکی بلاٚوکراوەی فەرەنسی راسپارد چاپی بکات.

**شوشا گاپی**

**دوای سەرکەوتنی مەزنی ئەو کتێبە لە رۆژئاوا، لە پەنای ناوبانگی جیهانیتان پتر هەستت بە ئاسایش دەکرد؟**

کاداریٚ

بەلێ، بەلاٚم لە هەمان کات هەستم دەکرد زیاتر چاودێریم دەکەن، چونکە بە کەسێکی ترسناك دەژمێردرام.

**شوشا گاپی**

**بە یارمەتیت، با بابەتەکە بگۆڕین و باسی ئەو شتانە بکەین کە کاریگەریان لەسەرت داناوە، پێش هەمووشتێك، پەیوەندیتان بە تراژیدینووسانی یۆنان، بە تایبەتی ئاسخیلۆس، لە بارەیەوە وتارێکی درێژت بە ناونیشانی (ئاسخیلۆس یان دۆڕاوی نەمر) نووسیوە، بۆ ئەو؟**

کاداریٚ

من لەیەکچونێکم دەبینی لە نێوان تراژیدی یۆنانی و ولاٚتە چەوسێنەرەکان، لە هەموو شتێك گرنگتر کەشوهەوای تاوان و ململانێ لەسەر دەستەلاٚت. بنەمالەی ئاترتۆس بێنە بەرچاوت کە تێیدا هەر تاوانێك دەبێتە هۆی دروستبونی تاوانێکی

تر تا ئه‌وه‌ی هه‌موویان ده‌کوژرێن. له ئه‌ڵقه‌ی ده‌وروبه‌ره‌کانی خۆجه، تاوانی ترسناك رووی ده‌دا. بۆ نموونه له ساڵی ١٩٨١ سه‌ره‌ك وه‌زیر، محه‌مه‌د شێخۆ[٢٣]، خۆی کوشت – واته به‌ده‌ستی خۆجه کوژرا، بارودۆخی من ئاوا بوو، به‌هۆی ناوبانگه جیهانیه‌که‌م که‌م تا زۆر پارێزراو بووم له گرتن و زیندانی کردن، به‌ڵام پارێزراو نه‌بووم له مه‌رگ، ده‌یانتوانی من بکوژن و بڵێن خۆی کوشتوه یان له پێکدادانی ئۆتۆمبیلدا مردووه.

**شوشا گاپی**

**ئێستا ده‌مه‌وێت به یارمه‌تیتان که‌مێك ره‌زاله‌ت به‌خه‌رج بده‌م و بڵێم له کۆمه‌ڵگه‌یه‌کی وه‌کو رووسیای سه‌رده‌می ستالین، زیندوو مانه‌وه خۆی له‌خۆیدا جێی گومانه. ده‌توانین باسی که‌سانێك بکه‌ین که کوژران، وه‌کو مندلشتام، یان ده‌نگیان خنکێنرا، وه‌کو ئاخماتوا، یان وازیان له نووسین هێنا، وه‌کو باسترناك- ته‌نیا خه‌ریکی وه‌رگێرانی نووسینه‌کانی شکسپیر بوو- و چه‌ندین که‌سی له ژماردن نه‌هاتوو. له ١٩٧٠ رۆمانێکی شه‌ش سه‌د لاپه‌ره‌ییێت نووسی به‌ناونیشانی (زستانی سه‌خت) که نه‌ك له‌سه‌ربنه‌مایه‌کی ئه‌فسانه یان روداوێکی مێژوویی نه‌نووسرابوو، به‌ڵکو له‌سه‌ر بنه‌مای بارودۆخێکی سیاسی هاوچه‌رخ نووسرابوو، کتێبه‌که‌ت وه‌ك بڵێی هێرش بوو له دژی (پێداچوونه‌وه) و له ئه‌نجامدا به‌رگری بوو له خۆجه. بۆ نووسینی ئه‌و کتێبه چ به‌ڵگه‌یه‌کت هه‌بوو؟ ده‌تتوانی هێشتا چیرۆکی موبهه‌م و نواندنی بنووسیت.**

کاداریێ

من له ١٩٦٧ تا ١٩٧٠ له ژێر چاودێریی راسته‌وخۆی خودی دیکتاتۆر بووم، له‌بیرت نه‌چێت که له‌به‌دبه‌ختی رۆشنبیران، خۆجه خۆی به نووسه‌ر و شاعیر و له ئه‌نجامدا به (هاورێ)ی نووسه‌ران ده‌زانی، چونکه من ناسراوترین نووسه‌ری وڵات بووم، چاودێری ده‌کردم، له بارودۆخێکی ئاوادا سێ رێگام پتر له به‌رده‌مدا نه‌بوو:

پەیڕەوی بیروباوەڕەکانم واتای مردنی دەگەیاند، بێدەنگی ڕەها، ئەویش جۆرێکی تری مردن بوو، پێشکەشکردنی بەرتیلێك وەکو باج، من بە نووسینی (زستانی سەخت) ڕێگای سێیەمم هەڵبژارد، ئەلبانیا لەگەڵ چین یەکیگرتبوو، بەلاّم لە نێوانیاندا ناکۆکی هەبوو، دواتر بووە هۆی جیابونەوەیان لەیەکتر، من دۆنکیشۆتانە پێموابوو کتێبەکەم دەتوانێت خۆجە هان بدات بۆ پەلەکردن لە جودابونەوە لەو (یەکگرتنە) نوێیەمان، بەواتایەکی تر، پێموابوو ئەدەبیات دەتوانێت کارێکی مەحاڵ جێبەجێ بکات، دیکتاتۆرەکان بگۆڕێت!

**شوشا گاپی**

**ئەو کتێبە، تا ئەو شوێنەی من ئاگادارم، تاکە کتێبی تۆیە کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئاماژە بە بارودۆخی سیاسی دەکەیت، لە کتێبەکانی تردا بە شێوازی جۆراوجۆری ژێرپەردەیی کارت کردووە- ئوستوورە، نواندن، تەنز، مەبەستم (هەرەم) و(کۆشکی خەونەکان)ە کە لە میسری کۆن و سەردەمی عوسمانی ڕوودەدەن. لە (هەرەم) فیرعەون خیۆپس دەیەوێت هەرەمێك دروست بکات کە لە هەموو هەرەمەکانی تر گەورەتر و پایەدارتر بێت- کارێك کە هەموو شێوە لە خۆبردوویی و سەرکوتکردنێك ئاراستە دەکات و مۆڵەتی پێ دەدات. لە (کۆشکی خەونەکان) زاڵبوون بەسەر خەونەکان و پۆلێنبەندی، تێکەڵ و پێکەڵیان دەکات، خوێنەرانتان لە ئەلبانیا، ئەو ئاماژانەی ڕۆمانەکانت تێدەگەیشتن کە مەبەستت ئیمپراتۆریەتی سۆڤیەت و فیرعەونی خۆجەیە؟**

کاداری

بەڵێ، ئەوان بە ڕوونی دەیانبینی کە من ئاماژە بە ئیمپراتۆریەتی کۆمۆنیستی دەکەم، هەربەم هۆیەشەوە بوو (کۆشکی خەونەکان) قەدەغە کرا.

**شوشا گاپی**

**ئایا، لە ژێر کاریگەری نووسەرانێك بوو بیت کە شێوازی لەجۆرەیان بەکار دەهێنا، وەکو بولگاکف لە مورشد و مارگریتا، و زامیاتین لە Z کە ئەورول ١٩٨٤ی بە ئیلهام وەرگرتن لەوەوە نووسی، و هەروەها هرابال[٢٤] و کۆندرا، یان کافکا لە (کۆشك) و (دادگا) کە نموونەی ڕژێمێکی سەرکوتکەر و داخراوبوون؟**

کاداریێ

من ئەو کتێبانەم خوێندبووەوە و ئاگاداری هەندێ لەیەکچوون بووم، لە هەمان کاتیشدا سوور بووم لەسەر ئەوەی کە لەو شێوازە ئاسایی و سواوانە سود وەرنەگرم. دەبوا بەوە قایل بم کە ئەو شتەی دروست دەبێت دەبێتە ئەدەبیاتی (واقیعی) بە دیدێکی جیهانییەوە. لەو لایەنەوە، کۆشکی خەونەکان سەرکەوتنێك بوو.

**شوشا گاپی**

**ئۆردوگا زۆرەملێکانی سۆڤیەت لە نووسینەکانی سولژنیتسین، ناتالیا گینزبەرگ، نادژدا مندلشتام، و ئەوانی تر، جۆرێك ئەدەبیاتی دەوڵەمەندیان لەسەر بنەمای بینراوەکان دروست کرد، لە ئەلبانیاش ئۆردوگای مەزن هەبوو؟**

کاداریێ

بەڵێ، بەڵام کەمتر، چونکە وڵاتێکی بچووك بوو، خۆجە هەزاران حەشارگەی ژێر زەمینی ناڤۆکی دروست کرد، تا لەکاتی ڕوودانی شەڕی ناڤۆکی خۆی بپارێزێت، بەڵام ئەو حەشارگانە بەکەڵکی هیچ نەدەهاتن، خۆشی دەیزانی، ئامانجی ئەوە بوو کەشوهەوای ترس و تۆقین دروست بکات.

**شوشا گاپی**

**خۆجە، لەگەڵ ئەوەی خراپ لە تۆ حاڵی بوو، تۆی کردە ئەندامی پەرلەمان بۆ؟**

کاداریێ

ئەو کارە هیچ مانایەکی نەبوو، لیستی نوێنەران ئەو دیاری دەکرد، ئەگەر کەسێکیش قەبووڵی نەکردبا نابووت دەبوو، دەکوژرا، هیچ کات کەسێك دژی نەوەستا، ئەو نوێنەرایەتیەش هیچ کارێکی نەدەکرد، پەرلەمان ساڵی جارێك کۆبونەوەی دەکرد، خۆجە هەرچی ویستبای دەینووسی، نە هیچ باسێك لە ئارادابوو و نە گفتوگۆیەك. نوێنەران لە نێوان کرێکاران، زانایان، نووسەران هەڵدەبژێردران بۆ ئەوەی پەرلەمان نوێنەری هەموو توێژەکانی تێدابێت.

**شوشا گاپی**

**دوای سەرکەوتنی کتێبەکانت لە خۆرئاوا، دەتتوانی ئەلبانیا بەجێبهێڵیت. هیچ کات بیرت لەوە نەکردەوە؟ لە کتێبی (بەهاری ئەلبانی[٢٥]) کە لە ١٩٩٢ بلاوکرایەوە، چەندین جار نزیك بوە لە فەرەنسا بمێنێتەوە.**

کاداریێ

ئەلبانیام بەجێنەهێشت بە هۆی تۆڵەسەندنەوەی ترسناکی حکومەت لە خۆم و دۆستان و تەنانەت ناسیاوەکانم. لە ١٩٨٣ بەمەبەستی مانەوە هاتمە فەرەنسا دواتر تێگەیشتم کە ئەوە ناکرێت، لەوە دەترسام بە شێوەیەکی تەواو لە وڵاتم و، زمانم هەموو ئەو شتانەی خۆشمدەوێن جیا ببمەوە، هاورێ فەرەنسیەکانم پێیان گوتم کە بگەرێمەوە، منیش گەرامەوە.

**شوشا گاپی**

**رۆمانی غەمناکی (سێبەر[٢٦]) کە دواتر ئەوت نووسی، ئەو نیگەرانیانە روون دەکاتەوە: هەڵبژاردن لە نێوان دوری و ئازادی لەلایەك، سەرکوتکردن و چەوسانەوە لەلایەکی تر، لە تاراوگە دەترسایت؟**

کاداریێ

نه‌خێر، نووسه‌ر له‌ هه‌ر شوێنێك بێت، که‌م تا زۆر هه‌ر له‌ تاراوگه‌یه‌، چونکه‌ به‌شێوه‌یه‌ك له‌ ده‌ره‌وه‌یه‌، جیا له‌ خه‌ڵکی تر، هه‌میشه‌ نێوانێك هه‌یه‌.

**شوشا گاپی**

**ئه‌ی بۆ دوای ڕوخانی کۆمۆنیزم ئه‌لبانیات به‌جێهێشت؟**

کاداریێ

من له‌ ١٩٩٠ وڵاتی خۆمم به‌جێهشت، که‌ له‌ نێوان دیموکراسی و چه‌وسانه‌وه‌دا بوو، پێموابوو ڕۆیشتنی من، یارمه‌تی ئامانجی دیموکراسی ده‌دات، گوتم ئه‌گه‌ر ئه‌لبانیا چه‌وسانه‌وه‌ هه‌ڵبژێرێت، ناگه‌ڕێمه‌وه‌، ئه‌وه‌ش هه‌ڕه‌شه‌ی منی خه‌باتکاری بۆ دیموکراسی جولاند. ئه‌و کات بۆ بڵاوکردنه‌وه‌ی (کۆشکی خه‌ونه‌کان) هاتبوومه‌ فه‌ڕنسا و به‌یاننامه‌یه‌کم بڵاوکرده‌وه‌، ڕاگه‌یاندنه‌کان بڵاویان کرده‌وه‌، ئه‌و کاره‌ کاریگه‌ریه‌کی دیاری له‌ به‌رژه‌وه‌ندی دیموکراسی به‌جێهێشت.

**شوشا گاپی**

**خه‌ڵك ده‌یانه‌ویست تۆ بۆ سه‌رۆکایه‌تی کۆمار هه‌ڵبژێرن، وه‌کو هاول له‌ چیکۆسلۆڤاکی، به‌ڵام ڕازی نه‌بویت، بۆ؟**

کاداریێ

بۆ ڕه‌تکردنه‌وه‌ی ئه‌و پێشنیاره‌ ته‌نانه‌ت ساتێکیش بیرم لێ نه‌کرده‌وه‌، بارودۆخی من له‌گه‌ڵ هاول جیاواز بوو، من ده‌مویست وه‌کو نووسه‌ر بمێنمه‌وه‌ و ئازاد.

**شوشا گاپی**

**ئه‌و مه‌سه‌له‌یه‌ مه‌ته‌ڵێکی ڕاسته‌قینه‌یه‌، ئایا ده‌بێ له‌ به‌رانبه‌ر چه‌وسانه‌وه‌دا خۆڕاگر بیت و ببیته‌ نووسه‌ری دژ، وه‌کو هه‌ندێك له‌ نووسه‌رانی چیکۆسلاڤاکی،**

**یان دەبێ ئاوارەی نیشتمان بیت وەکو ئەڵمانیەکان کە دوای هاتنە سەر حوکمی هیتلەر دەستەدەستە وڵاتیان بەجێهشت؟**

کادارێ

دەبێ خۆمان لە سادەبینین بپارێزین! هەریەك لەو وڵاتانە باوردۆخی جیایان هەبوو، ناتوانرێت ئەلبانی سەردەمی حکومەتی خۆجە بە چیکۆسلۆڤاکی بەراورد بکرێت. دوبچك، بەهاری پراگ و روداوەکانی دوای ئەوە لە ئەلبانیا نەبوو، ئەگەر هاول لە ئەلبانیا بوایە یەکسەر گوللەبارانیان دەکرد. هەربۆیە لە سۆڤیەتی سەردەمی ستالیندا هیچ کەسێك نەیدەوێرا دژایەتی بکات، کەس هیچی لە دەستەڵاتدا نەبوو، لە ئەلبانیا وەکو ڕۆمانیا، ستالینزم تا کۆتایی مایەوە، هاول لە زیندان ئامێری چاپەکەی لەلابوو، پەیوەندی هەبوو لەگەڵ چاپەمەنیەکانی جیهاندا. هەموو چاپەمەنیەکان باسیان دەکرد، ئەو کەسانەی بارودۆخی ئێمە لەگەڵ چیکۆسلۆڤاکی بەراورد بکات هیچ وێناکردنێکیان لە ستالینزم نیە.

**شوشا گاپی**

**کەوایە، زیندوو مانەوەی تۆ بەڕاستی موعجیزە بوو؟**

کادارێ

بە تەواوی نا، چونکە هەر حکومەتێك پێویستی بەوەیە لە کۆمەڵگەی جیهانی ڕوویەکی ئابڕومەندانەی هەبێت، ئەگەر نووسەرێکی بەناوبانگ بێت، حکومەت دەبێ ئاگاداری بێت. خۆجە دەیەویست بە نووسەر و شاعیر و خوێندکاری سۆربۆنی بزانن، نەك بکوژ. لە حکومەتێکی ئاوا سەرڕۆدا، تاکە کارێك نووسەر دەتوانێت بیکات، ئەوەیە کە ئەدەبیاتی (واقیعی) بەرهەم بهێنێت. بەم شێوەیە، مرۆ ئەرکەکەی بۆ ڕۆژی دوایی و ئەو دنیا ئەنجام دەدات. هەر چاوەڕوانیەکی

تر به‌هۆی خۆپه‌رستی و تاوانبارانه‌یه. ئه‌لبانیه‌کان نووسه‌رێکیان له بوونی مندا هه‌بوو که ئه‌وانی به‌جیهان ده‌به‌سته‌وه. من زاڵبووم به‌سه‌ر ژیانی ڕۆشنبیری خۆمان و به به‌رهه‌مه‌کانم پارێزگاری فه‌رهه‌نگی ئه‌لبانیم ده‌کرد. چونکه له‌لایه‌ك ئه‌و شتانه بوو که من خه‌ڵقم ده‌کرد، له‌لایه‌کی تریش به‌رهه‌می کۆمۆنیستی بێبه‌ها بوو. کتێبه‌کانی من له‌گه‌ڵ بڵاوبوونه‌وه‌ی له ماوه‌ی پانزه ده‌قیقه‌دا ته‌واو ده‌بوو، هه‌موویان ده‌فرۆشران. خه‌ڵك ده‌یانزانی له‌وانه‌یه ئه‌و کتێبه قه‌ده‌غه بکرێت، هه‌ربۆیه په‌له‌یان ده‌کرد له کڕینیدا بۆ ئه‌وه‌ی پێش ئه‌وه‌ی قه‌ده‌غه بکرێت بیکڕن. هه‌ندێ جار کتێبه‌که پێش دابه‌شکردن قه‌ده‌غه ده‌کرا، به‌ڵام ئه‌وکاته هه‌زاران دانه‌ی له ده‌ست خه‌ڵك هه‌بوو و ده‌ست به‌ده‌ست ده‌گه‌ڕا.

## شوشا گاپی

**نه‌ده‌بوایه وه‌کو ڕووسیا، ده‌قی کتێبه‌که‌ت بۆ خوێندنه‌وه بده‌یت به یه‌کێتی نووسه‌ران؟**

کاداری

نه‌خێر، له‌ئه‌لبانیا هیچ جۆره سانسۆرێك پێش چاپ و بڵاوبوونه‌وه نه‌بوو، چونکه ترس و تۆقاندێك حوکمی ده‌کرد که خۆسانسۆرکردن به‌س بوو، ئه‌وه یه‌کێك له تایبه‌تمه‌ندییه که‌سییه‌کانی خۆجه بوو، وه‌ك ئه‌وه‌ی گوتم، ئه‌و خۆی به ڕۆشنبیر ده‌زانی، له ئه‌نجامدا ده‌زگاکانی بڵاوکردنه‌وه بڕیاریان ده‌دا چ کتێب چاپ بکه‌ن یان چاپی نه‌که‌ن، کاتێ ده‌قی (کۆشکی خه‌ونه‌کانم)دایه ده‌زگای بڵاوکردنه‌وه، ده‌مزانی کتێبێکی مه‌ترسیداره، ده‌زگا وه‌ڵامیان دامه‌وه، ناتوانن به‌چاپکردنی ئه‌و ڕۆمانه خۆیان بخه‌نه مه‌ترسیه‌وه. منیش گوتم خۆم به‌رپرسیه‌که‌ی له ئه‌ستۆ ده‌گرم: (ئه‌گه‌ر ویستیان گرفتت بۆ دروست بکه‌ن، بڵێ له ژێر کاریگه‌ری ناوبانگی ئه‌و بووم و ئه‌و

وای لێکردم ئەو کارە بکەم.) لە هەلومەرجێکی ئاوادا تەنیا نووسەر سزا دەدەن، نەك دەزگاکە. لە ڕاستیشدا هەر ئەوە ڕویدا. ئەو بە کاربەدەستانی گوت، بەهۆی ناوبانگی من نەیتوانیوە نووسینەکەم ڕەت بکاتەوە.

**شوشا گاپی**

**کەوایە نووسەرانی وەکو تۆ چەند نیشانەیەکیان دەدا، بەڵام خەڵکی ڕۆژئاوا نایانەوێت باوەڕبکەن کە بارودۆخی وڵاتەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات چەند مەترسیداربووە.**

کاداریێ

لە ئەلبانیا، هەموو دەیانزانی من نووسەرێکی دژی حکومەتم، ئەوەش ڕاستیەکە حکومەت نەیدەتوانی من مەحکوم بکات و جوامێری بداتە ئەوانی تر، ئەمە ئەرکی سەرەکی ئەدەبیاتە: بە هەڵگیرساوی هێشتنەوەی مەشخەڵی ئەخلاق. من لە ساڵی ١٩٨٨ بووم بە ئەندامی شانازی ئەنستیتۆی دوفراش، بۆ من شانازیەکی زۆر مەزن بوو. هەواڵنێرێکی فەرەنسی لە چاوپێکەوتنێکی ڕادیۆیی ڕاستگۆیانە لێی پرسیم، ئایا ئازادم لەوەی کە هەرچی دەمەوێت بینووسم؟ وەڵاممدایەوە: (نەخێر، چونکە لە وڵاتی من ئازادی لەگەڵ ئێرە جیاوازە.) جگە لەوە دەمتوانی چی بڵێم؟ نەمدەتوانی لەوە ڕوونتر دژی حکومەت قسە بکەم ئەو کارەی من هەوڵم دەدا ئەنجامی بدەم ئەوەبوو کە خۆراکێکی تایبەت بگەینمە گەلێکی کۆیلە، جۆرە دەوڵەمەندییەکی فەرهەنگی کە لەگەڵ دەوڵەمەندی فەرهەنگی گەلانی ئازادی جیهان بەراورد بکرێت.

**شوشا گاپی**

**دەکرێ بۆمانی ڕوون بکەیتەوە مەبەستان لە ئەدەبیاتی (واقیعی) چیە؟**

کاداریٚ

بە بۆنکردن، خۆت یەکسەر هەستی پێدەکەیت و دەزانی، هەر کاتێك کتێبێکم دەنووسی، هەستم دەکرد خەنجەرێکم لە دیکتاتۆر دەدا، لە هەمان کاتیشدا جوامێریی و غیرەتم بە خەڵك دەبەخشی..

**شوشا گاپی**

**بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی لە یۆگۆسلاڤی ڕوویدا، دەمەوێت لەبارەی مەسەلەی مەزهەبی و ئاینیی پرسیار لە تۆ بکەم. نیوەی ئەلبانیەکان، لەوانەش بنەماڵەی تۆ موسڵمانن. تۆ خوێندنی ئاینیت هەبوو؟ ئێستا کە ئەنجامدانی کارە ئاینیەکان ئازادە، مەترسی بنیادگەرایی ئاینیی لە وڵاتەدا نییە؟**

کاداریٚ

پێموانیە، بنەماڵەی من تەنیا بەناو موسڵمان بوون، کارە ئاینیەکانیان ئەنجام نەدەدا، لەدەوروبەری من هیچ کەسێك ئایندار نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا، گروپی بەکتاشی ئیسلام کە موسڵمانانی ئەلبانی پەیڕەوی ئەو گروپەن، زۆر نەرمونیانن تەنانەت نەرمونیانتر لە بۆسنی، هەربۆیە بەدووری دەزانم لەو لایەنەوە جێی نیگەرانی بێت.

**شوشا گاپی**

**بگەڕێینەوە سەرکاری پیشەیی، کاتەکانت لە نێوان تیرانا و پاریس چۆن دابەش دەکەیت؟ و لە هەر کوێیەك بیت ڕۆژتان چۆن بەسەردەبەن؟**

کاداریٚ

من زۆرتر لە پاریسم تا تیرانا، چونکە لێرە باشتر دەتوانم کار بکەم. لە تیرانا لەڕادەبەدەر سیاسەت هەیە، داواکارییەکان زۆر زۆرن، دەیانەوێت پێشەکیەك لێرە

بنووسم وتارێك لەوێ. من كە بۆ هەمووشتێك وەڵامم پێ نییە.بەڵام لەبارەی ڕۆژەكانم، بەیانیان دوو سەعات دەنووسم دواتر واز لە نووسین دێنم، هیچ كات لەوە زیاتر ناتوانم بنووسم، مێشكم ماندوو دەبێت، لە كافتریای خوارەوە لە سەرشەقام، دوور لە هەمووشتێ كە زەینم پەرشوبڵاو بكات، دەنووسم، كاتەكانی ترم بە خوێندنەوە و دیدار لەگەڵ دۆستان و ژیانی ئاسایی دەگوزەرێنم.

**شوشا گاپی**

**نووسین بۆ تۆ كارێكی ئاسانە یان گرانە؟ كاتی نووسین خۆشحاڵی یان دوودڵ؟**

كاداری

كاری نووسین نە شادی هێنەرە و نە ئازاردەر، شتێكە لە نێوان هەردووكیان، كەم تا زۆر جۆرێك لە ژیانی دووەمە. من بە ئاسانی دەنووسم، بەڵام هەمیشە نیگەرانم لەوەی كە دەینووسم باش نەبێت. مرۆڤ پێویستی بە جۆرێك قۆشمەی پایەدار هەیە، شادی و غەم هەردووكیان بۆ ئەدەبیات خراپن. كاتێ كە مرۆ شاد بێت، حەزی لە سوكی و گێلییە، ئەگەر غەمگینش بێت دیدی پەرێشان دەبێت. یەكەم دەبێ بژی و ژیان تاقی بكاتەوە، دواتر لە بارەیەوە بنووسێت.

**شوشا گاپی**

**تایپ دەكەیت یان بەدەست دەینووسیت؟**

كاداری

بەدەست دەینووسم و هاوسەرەكەم زەحمەتی تایپەكەی دەكێشێت و تایپی دەكات.

**شوشا گاپی**

**زۆر پێیدا دەچێتەوە، پاكنووسی دەكەیت؟**

کاداری

زۆرنا، تەنیا شتی کەم ئەنجام دەدەم، نەك گۆڕانکاری بنەڕەتی.

**شوشا گاپی**

**کامە زوتر دروست دەبێت و خۆی دەدات بەدەستەوە: سکێچی چیرۆك، کەسایەتیەکان، بیرۆکەکان؟**

کاداری

کتێب دەزانێت، لە هەر کتێبێك جۆرێکە، شتێکی ڕاز و نادیار هەیە، کەسایەتیەکان یەکەم دروست نابن، بەڵکو تێکەڵەیەکە لە هەمووشتێك (کۆشکی خەونەکان) بێنە بەرچاوت، لە یەکێك لە ڕۆمانە کۆنەکانم بەناوی (گۆشەی شە٢٧م) لاپەڕەیەك هەیە بیرۆکەی زاڵبوون بەسەر خەو بۆ یەکەمین جار دەخرێتەکار، دواتر بیرم کردەوە کە حەیفە ئەو بیرۆکەیە هەروا بەگشتی و ڕووکەشانە سودی لێ وەربگرم. ئەوەبوو چیرۆکێکی کورتم بەو ناوەرۆکەوە نووسی، بێ ئەوەی چاوڕوانی چاپی بکەم، بەڵام دووبەشی ئەو لە کۆمەڵە چیرۆکێکدا چاپ و بڵاوبوەوە. کاتێ بینیم کاربەدەستان سەرنجیان نەداوە، جەسارەتم پەیداکرد و ئەو بیرۆکەیەم وەکو ڕۆمانێك بەرفراوان کرد، هەربەم جۆرە دەبینیت لە دایکبوونی ڕۆمان نهێنی تێدایە.

**شوشا گاپی**

**ئەو کەسانەی بەرهەمەکانی تۆ بەزمانی ئەلبانی دەخوێننەوە، ئاماژە بە جوانی داڕشتنتان دەکەن. شێواز بۆ تۆ کەڵکەڵەیەکی ئاگادارانەیە؟**

کاداری

من لەبارەی زمان زۆر وەسواسم و تەنانەت زیاتریشم دەوێت، بۆ نموونە، هەمیشە شیعر دەنووسم، چونکە شیعر مرۆڤ ناچار دەکات یاری بە زمان بکات، دوو جۆر دەوڵەمەندی زماننناسی هەیە: یەکەمین وەکو بەهاداری بەردە بەنرخەکانە-

خواستنەکان، لێکچواندنەکان، دۆزینەوە بچوکەکان- دوومیش شتێکی گشتییە، بەرزترین ئاستی ڕەوانبێژی پێکهاتەیەکی کاملّی ئەو دوو جۆرەیە، کاتێ دەق دارشتنێکی جوانی هەیە ناوەڕۆکەکەشی بەهێزە، بەلاّم لە زەمینەی شێوازدا هیچ هەولّێکی ئاگادارانە نادەم.

**شوشا گاپی**

**چ شتێك لە کارکردن ساردت دەکاتەوە ؟ هێمگنوای دەیگوت تەلەفۆن بۆ کار لە هەموو شتێك خراپترە.**

کاداریٚ

لە تیرانا، هیچ کەس جەسارەتی نەبوو کە تەلەفۆن بەکاربهێنێت، مەگەر بۆ بەکارهێنانی شتی زۆر سادەو بێ بۆن، چونکە تەلەفۆنەکان سانسۆریان لەسەر بوو، بەلاّم وەکو گوتم من ڕۆژێ دوو سەعات دەنووسم، تەنیابوون بۆ ئەو ماوە کەمە کارێکی زەحمەت نییە.

**شوشا گاپی**

**دوایین ڕۆمانتان (ڕۆح) لە فەرەنسا پێشوازییەکی گەرمی لێکرا، هیوادارم بەم زوانە بکرێتە ئینگلیزیش حەتمەن ئێستا نووسینی ڕۆمانێکی نوێت دەسپێکردووە؟**

کاداریٚ

نەخێر، مەگەر چ پەلەمانە؟

The paris review 147 sommer 199

## پەراوێزەکان

١ The General of the Dead Army.

٢ Michel Piccoli.

٣ La vie et rien d'auttre.

٤ Bernard Tavernier.

٥ Gjiokaster.

٦ The palace of Dreams.

٧ The Pyramid.

٨ The Creat Winter.

٩ The Concert.

١٠ Gottfried Leibnitz.

١١ Franz Bopp.

١٢ Naim Frasheri.

١٣ Gjergi Fishta.

١٤ Spiritus.

١٥ Negative creation.

١٦ Cyril Connolly.

١٧ Konstantin Paustovsky.

١٨ Chukovsky.

١٩ Yevtushenko.

٢٠ Town without Publicity.

٢١ The Monster.
٢٢ Pierre Paraf.
٢٣ Mehmet shehu.
٢٤ Hrabal.
٢٥ The Albanian Spring.
٢٦ The Shadow
٢٧ The Corner of Shame.



ۋى.ئېس.نايپۇل

# نووسین خەونی من بوو

## وتوویژ لەگەڵ ڤی.ئێس.نایپۆل
## تارون تجپال[١]- جاناتان روزن[٢]

سێر ڤییادهار سوراجپراساد نایپۆل[٣]، لە ١٧ ئابی ١٩٣٢ لە چاگواناس[٤] ترینیداد لەدایك بووە، باپیرانی لە هیندستانەوە کۆچیان کردبوو بۆ ئەو هەرێمە- باوکی دایکی لە سەرەتای ئەم سەدەیە وەکو خزمەتکاری گرێبەستی لە هیندستانەوە هاتبوە ئەو هەرێمە.

نایپۆل لە وتاری(پێشەکیەك بۆ ژیاننامەیەکی خۆنووسراو) لە کتێبی دۆزینەوەی مەڵبەند[٥]نووسیویەتی: (نیوەی کاری نووسەر... دۆزینەوەی بابەتە. یەکێك لە گرفتەکانی من ئەوەبوو کە ژیانێکی گۆڕاوم هەبوو،لێوانلێو لە هەوراز و نشێو: لەماڵی هیندۆکیی داپیرەمەوە بگرە کە لە دێیەك بوون هێشتا نزیك بە دابونەریتی لادێکانی هیند، تا پۆرت ئاوئوسپین[٦] و ژیانی شەقامەکانی پڕاوپڕی رەشپێستەکان و سەربازە ئەمریکیەکانی). ژیانی جیاواز و وشکی قوتابخانەی ئینگلیزی بەناوی کۆلیژی سەڵتەنەتی شاژن. دوای ئەویش ئۆکسفۆرد، لەندەن نووسینگەی هەواڵنێرانی ئازاد لە (بی.بی.سی). کاتێ هەوڵمدا کاری نووسین دەستپێبکەم، نەمدەزانی جەخت لەسەر چی بکەمەوە.

ناپیۆل دوای دوو هەوڵی سەرنەکەوتوو لە زەمینەی ڕۆمان سێ مانگی مابوو کە تەمەنی ببێتە بیستو سێ ساڵ، بە بیرەوەرییەکی سەردەمی منداڵی لە دراوسێیەکی لە پۆرت ئاوئوسپین کەوتە سەر ڕێڕەوی راستی نووسین. بەو بیرەوەرییە بوو کە یەکمین ڕستەی(شەقامی میگل[٧]) کەوتەسەر کاغەز. ناپیۆل لە ١٩٥٥ لەماوەی شەش هەفتە ئەو کتێبەی نووسی لە نووسینگەی هەواڵنێرانی ئازادی بی.بی.سی لە هوتێلی (لەنگهەم). لەو کاتەدا بە شێوەی نیوەشەفت خەریکی کارکردن بوو لە بەشی کارائیبی بی.بی.سی. بڵاوبوونەوەی شەقامی میگڵ تا ١٩٥٩ دواکەوت، تا دوای سەرکەوتنی (شێلەری ناوەڕەو[٨]) ١٩٥٧، کە خەڵاتی یادەوەری جان لولین رایس[٩] ی بەدەست هێنا، هەڵبژاردنی ئلڤیرا[١٠] ١٩٥٨ کە خەڵاتی سامرِست موام ی بردەوە. ماڵێك بۆ بەرێز بیسواس[١١] لە ١٩٦١ بڵاوبوەوە. و لە ١٩٧١ ناپیۆل خەڵاتی (بوکر) ی پێ بەخشرا بۆ کتێبی لە وڵاتی ئازاددا. دوای ئەوە چوار ڕۆمانی تری بڵاوکراوەتەوە: گەریلاکان[١٢] ١٩٧٥، پێچی روبار١٩٧٩[١٣]، مەتەڵی چونەژور[١٤] ١٩٨٧، ڕێورەسمێك لەم جیهانە[١٥]. ناپیۆل لە ١٩٩٠ بەهۆی خزمەتە ئەدەبیەکانی لەقەبی (سێر)ی پێدرا.

نووسینی سەفەرنامەکانی لە سەرەتاکانی دەیەی ١٩٦٠ دەسپێکرد. چوار کتێبی لەبارەی هیندەوە نووسیوە: دەربەندی ناوەڕاست[١٦] ١٩٦٢، هەرێمی تاریکی[١٧] ١٩٦٤، هیند: شارستانێتی بریندار[١٨] ١٩٧٧ و هیند: ئێستا یەك ملیۆن شۆڕش[١٩] ١٩٩٠. لە گەڕانەوەی ئەڤا پرۆن[٢٠] و کوشتار لە ترینیداد[٢١](کە لە ١٩٨٠ لە یەك بەرگدا بڵاوبوەوە) ئەزمونی خۆی لە ئەرژەنتین، ترینیداد و کۆنگۆ تۆمارکرد. ئەندەنوزیا، ئێران و پاکستان بابەتی کتێبێکە لەبارەی موسڵمانان: سەفەری ئیسلامی[٢٢] ١٩٨١ ناپیۆل لە ١٩٩٥ گەڕایەوە ئەو وڵاتانە، ئەوبەری

ئیمان[٢٣] کە لە ساڵی ١٩٩٨ بڵاوبۆتەوە، راپۆرتێکە لەم سەفەرانە.

لە وتوویژ لەگەڵ نایپۆل، بابەت و کێشەکان بەردەوام زۆر هۆشمەندانە و تێکەڵ دێنەبەرچاو- ئەو بەردەوام ئەمە بیری خوێنەر دەخاتەوە کە نەبادا کێشەکان تەنیا رەش و سپی ببینێت- بەڵام زمانی دوور لە تێکەڵی، زمانێکی پیشەییە. هەڵبەتە نایپۆل دەتوانێت هاودەمێکی دژوار بێت، سەرهەڵدانەکانی، خەباتە درێژدارەکانی، رابردووی فرە هونەرمەندانەی زۆر بەڕوونی دیارە کە تووشی نارەحەتیەکی دەروونی کردوە- ئەو بارودۆخە دەروونیەی لە تەمەنی شەست و شەش ساڵیشدا هێشتا پێیەوە دیارە، لەگەڵ ئەو بارە دەروونیەشی کە ڕەنگە پێشبینی چاوەڕوان نەکراوی لێ ببینرێ لە کاتی پەیوەندیدا، بەڵام زۆر ئاسوودە بوو لەکاتی ئەم چاوپێکەوتنەدا.

ئەم چاوپێکەوتنە، هەڵبژاردەیەکە لە چەند گفتوگۆیەك کە لە نیویۆرك و هیندستان لەگەڵیدا ئەنجامدراوە، بەشێکی کە جاناتان رۆزن لە ١٩٩٤/٥/١٦ لە هوتێلی کارلایل ئەنجامی داوە. نایپۆل چەند خولەکێك خەریکی ئاڵوگۆڕی قەنەفەکانی هوتێل بوو تا یەکێکی گونجاو بدۆزێتەوە بۆ پشتی بە ئازاری بشێ. ڕاهاتوە کە پێش ئەوەی وەڵامی پرسیار بداتەوە چاویلکەکەی لەچاوی دادەکەنێت، هەڵبەتە ئەو کارە باری سەرنجدان و تێڕوانینی بەهێزتر دەکات، ئەم گفتوگۆیە بەبۆنەی بڵاوبونەوەی کتێبی ڕێورەسمێك لەم جیهانە ئەنجام دراوە، بەڵام لەگەڵ ئەو مەبەستە سەرەتاییەدا (بابەتی قسەکردن لەسەر ئەم کتێبە بێت) نایپۆل بە مەیلی خۆی وتوویژەکەی فراوانتر کرد کە چەند سەعاتێك درێژەی کێشاو، تێیدا بەڕونی تیشکی خستە سەر زۆر لایەنی ژیانی خۆی.

نایپۆل

تکایە سنوری کارەکەتان دیاری بکەن بۆم، پێم بڵێن دەتانەوێت چۆن ئەنجامی بدەن. دەمەوێت بزانم قسەکانم تا چەند جدی بێت. بڕیارە لەبارەی ئەم کتێبەوە قسە بکەین؟

**تجپال- رۆزن**

**بەڕای تۆ وا باشترە؟**

نایپۆل

سەیرکە من ماوەیەکی زۆر کارم کردوە. ژمارەی کتێبەکانیشم زۆرە. واباشترە قسەکانمان دیار و چڕ بێت تا چاوپێکەوتنەکە باشتر دەربچێت. بۆ منیش زیاتر بزوێنەرە.

**تجپال- رۆزن**

**نووسینی (ڕێوڕەسمێك لەم جیهانەدا) کارێکی زەحمەت بوو؟**

نایپۆل

لە چ لایەنێکەوە؟

**تجپال- رۆزن**

**باشە، ئەم کتێبە پارچەی زۆر و جیاوازی هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ یەکتردا دەبن بە یەك شت.**

نایپۆل

ئەم کتێبە وەکو شتێکی گشتی نووسراوە- لە یەکەمین لاپەڕە تا کۆتایی. زۆرێك لە نووسەران حەز دەکەن تا کۆتایی تەمەنیان چەند کتێبێك بنووسن کە کۆکراوە بێت.

**تجپال- رۆزن**

**خۆتان لەهەوڵی ئەو کۆکردنەوەیەت ئاگادار بویت؟**

نایپۆل

بەڵێ، کارێك کە هەندێك ئەنجامیان داوە- نووسەرانی وەکو واو[٢٤] لە سێیانیەکەی لەبارەی شەڕ، یان ئەنتۆنی پاول[٢٥]- دروستکردنی کەسایەتییەکە لە خۆی دەچێت تا بتوانێت ئەم ڕوداوانەی کە گێڕاونەتەوە بچێتە پاڵ ئەو. پاول کەسایەتیەکی چیرۆکی هەیە لە هەموو کتێبەکانیدا هەیە و لە پاول دەچێت بەڵام خودی ئەو نییە، چونکە ڕۆڵی زۆر دەبینێت. وابزانم، ئەمە یەکێکە لە فێڵەکان کە ئەو فۆرمە بەسەر مرۆڤەکان دەسەپێنێت، من چەندین ساڵ لە بیری ئەوەدا بووم چۆن بەسەریدا سەرکەوم.

**تجپال- رۆزن**

**چۆن سەربکەوی؟**

نایپۆل

لە مەبەستم تێنەگەیشتی، نا؟

**تجپال- رۆزن**

**وابزانم مەبەستتان هەر ئەو نێوانەیە کە لە نێوان مارسل پرۆستی نووسەر ومارسل گێڕەرەوەیە لە (گەڕان بەدوای کاتی لە دەست چوو) هەیە.**

نایپۆل

نه‌خێر من له‌و بیره‌دا بووم...باشه‌، به‌ڵێ، با وا باسی بکه‌ین. له‌و بیره‌دا بووم که‌ واو بۆ ئه‌وه‌ی له‌باره‌ی شه‌ڕه‌وه‌ بنووسێت، که‌ بۆ ئه‌و ئه‌زمونێکی گرنگیش بوو، ده‌بوایه‌ که‌سایه‌تیه‌کی چیرۆکی وه‌کو واوی دروستبکردبایه‌. منیش هه‌رکاتێك ناچاربووم چیرۆك بنووسم، به‌رده‌وام به‌ ناچاری که‌سایه‌تییه‌کم دروستکردوه‌ که‌م تا زۆر رابردووی منی هه‌بێت. چه‌ندین ساڵ له‌وبیره‌دا بووم چۆن ئه‌و گرفته‌ چاره‌سه‌ر بکه‌م. ڕێگاچاره‌که‌ی ئه‌وه‌بوو به‌ جوامێرییه‌وه‌ ڕووبه‌ڕوی ببمه‌وه‌-که‌سایه‌تییه‌کی چیرۆکی درۆیین دروست نه‌که‌م، هه‌ر ئه‌وه‌بوو پراکتیزه‌ کرا، قۆناغه‌کانی ته‌کامولی خۆم دروست بکه‌م.

**تچپال- رۆزن**

**لێکچواندنی ژیاننامه‌ی خودنووسی تۆ له‌گه‌ڵ مێژووی گه‌وره‌ی خۆرئاوا، من واقورماو ده‌کات، هه‌ست ده‌که‌یت کاتێ له‌باره‌ی خۆته‌وه‌ ده‌نووسیت، له‌هه‌مان کاتدا له‌باره‌ی جیهانێکی گه‌وره‌تر ده‌نووسیت؟ بۆ گه‌یشتن به‌و په‌یوه‌ندییه‌ هه‌وڵتداوه‌ یان له‌خۆوه‌ هاته‌کایه‌وه‌؟**

نایپۆل

ده‌بێ له‌خۆوه‌ هاتبێته‌کایه‌وه‌، چونکه‌ فێربوون هه‌رئه‌وه‌یه‌، وانییه‌؟ مرۆڤ ناتوانێت نکوڵی له‌ هه‌ندێك شت بکات که‌ فێر بووه‌، ناتوانێت نکوڵی له‌ گه‌شته‌کانی بکات، ناتوانێت نکوڵی له‌ ماهیه‌تی ژیانی بکات. من له‌ ده‌وروبه‌رێکی بچوك گه‌وره‌ بووم و هێشتا زۆر گه‌نج بووم ئه‌وێم به‌جێهێشت و چوومه‌ ناو جیهانێکی گه‌وره‌تر. ده‌بێ ئه‌وه‌ له‌ نووسینه‌کانی مرۆڤدا ڕه‌نگ بداته‌وه‌. له‌ مه‌به‌ستم تێده‌گه‌یت؟

**تچپال- رۆزن**

**تێده‌گه‌م، به‌ڵام ئه‌وه‌ی له‌بیری مندا هه‌بوو که‌مێك جیاواز بوو.**

نایپۆل

کەواتە دووبارە هەوڵ بدە، بە شێوەیەکی تر دەریبڕیت. سادەی بکەوە تا بتوانین لەبارەیەوە قسە بکەین.

**تجپال- رۆزن**

**وابزانم، تۆ کارەکەی خۆتت لە هەرێمێك دەستپێکردوە کە زۆر حەزت کردوە بەجێی بهێڵیت، بەڵام هەرچەند لەبارەی ئەو هەرێمە زیاتر دەتخوێندەوە و دەگەڕایتەوە بۆی، هەستت دەکرد کە لە ڕاستیدا لە سەنتەری هەندێك مەسەلەدایە کە بۆ خۆرئاوا زۆر جێگای گرنگی پێدانن. ئێوە ترینیداد بە هەرێمێکی بچوك دەزانن، بەڵام هەروەك خۆت نووسیوتە، کریستۆف کۆلۆمب بەدوایدابوو، ڕالی[٢٦] بەدوایدابوو... کەی تێگەیشتی کە ترینیداد یەکێکە لە مەڵبەندە گرنگەکان بۆ خۆرئاوا، بابەتێکی زۆر باشە؟**

نایپۆل

ماوەیەکی زۆر بوو دەمنووسی. لەبەشی زۆری ئەو ماوەیە، خەڵك حەزیان لە نووسینەکانم نەبوو، هەربۆیە دۆزینەوەکانی من پتر دۆزینەوەی خۆمە. ئەگەر شتێکی وا ڕویدابێت، بە تەواوەتی ڕێکەوت بووە. خۆم ئاگاداری نەبووم. لەگەڵ ئەوەش دەبێ ئاگادار بین کە نووسینەکانی من سیاسی یان جەنجاڵ دروستکەر نەبووە. نووسینێك بەو وەسپەی کە لە دەیەی ١٩٥٠ نووسرابێت و ئێستا ئیتر بوونی نەبێت. بەردەوام پێویستە واقیعیەتی هەر شوێنێك لەبەرچاو بگیردرێت- ئەم کارە دەبێتە هۆی ئەوەی مەسەلەکانی جیهان گشتگیر بن.

**تجپال- رۆزن**

**ئاماژەت بەوە کرد کە خوێنەرانی بەرهەمەکانت درەنگ دێنەلات، پێتوانییە کە ئێستا جیهان خەریکە خۆی دەگەیەنێتە ئێوە؟ ئەو گۆڕانکارییە لە خوێنەران**

**دروست بوه یان له جیهان؟**

نایپۆل

ئه‌وه جیهانه كه گۆڕاوه، كاتێ من ده‌ستم به نووسین كرد، بۆچۆنی به‌ربڵاو ئه‌وه‌بوو كه به‌شێكی زۆری جیهان به‌های ئه‌وه‌یان نییه له‌باره‌یانه‌وه شتێك بنووسن، نازانم كتێبه‌كه‌ی منت بینیوه به ناونیشانی له‌ده‌ستدانی ئێل دۆرا[٢٧] یان نا؟ ته‌واوی لێكۆڵینه‌وه‌ی من له‌باره‌ی رالی و میران[٢٨] له‌و كتێبه‌دا هه‌یه. كاتێ بڵاوبوه‌وه، سه‌رنووسه‌ری به‌شی ئه‌ده‌بی رۆژنامه‌یه‌كی زۆر گرنگی له‌نده‌ن پێی گوتم، وتارێك به‌س بوو بۆ ئه‌و بابه‌ته، چونكه ئه‌و بابه‌ته گرنگیه‌كی ئه‌وتۆی نییه، كه‌سێكی نه‌زان بوو. به‌ڵام ئه‌و مه‌سه‌له كه‌م تا زۆر نیشانت ده‌دا جیهان چه‌نده گۆڕاوه.

**تجپال- رۆزن**

**به‌ڕای تۆ ئێستا جیهان ئیدی مه‌سه‌له‌ی(گوێزرانه‌وه‌ی ده‌رونی) كه تۆ له نووسینه‌كانت باسی ده‌كه‌یت، باشتر درك ده‌كات؟**

نایپۆل

ئه‌و بارودۆخه ئێستا زۆر بره‌وی هه‌یه، خه‌ڵك هێشتا بیر له یه‌كه‌یه‌كی كلتووری ده‌كه‌نه‌وه كه له راستیدا تا ئێستاش بوونی ده‌ره‌كی نییه، هه‌موو كلتوره‌كان به‌رده‌وام ئاوێته‌ی یه‌كتر بوون، بۆ نمونه رۆما، پێشتر ئه‌ترور[٢٩] له‌وێ بوو، له ده‌وروبه‌ری رۆما شاری زۆر گه‌وره هه‌بوون. یان وه‌ك نمونه هندی خۆرئاوا: خه‌ڵكی هیند بۆ فراوانكردنی نیشتیمانی خۆیان ده‌چونه ئه‌وبه‌ر، دوایش مه‌سه‌له‌ی چوونی موسڵمانان.... خه‌ڵك به‌رده‌وام له هاتوچۆدان، جیهان به‌رده‌وام له بزاوتا بووه.

**تجپال- رۆزن**

**پێتوایه بوبیته سه‌رمه‌شقی ئه‌و جیهانه ئاوێته‌یه؟**

نایپۆل

پێموانییە. من بەردەوام لەبیری کتێبمدام. مرۆ دەنووسێت تا کتیبێکی نووسیبێت، تا ئەو نیازە وەدەست بهێنێت، ژیانی خۆی دابین بکات، ناوێکی باش لەدوای خۆی بەجێبێڵێت، ئەو شتەی بەرای ئەو کەموکوری هەیە بیگۆڕێ و چاکی بکات، من وتەبێژی هیچ کەس نیم. پێشموانیە کەسێك بیەوێت من وتەبێژی بم.

**تجپال- رۆزن**

**سێ کەسی دۆزەرەوەی(ڕێورەسمێك لەم جیهانە) لەکاتی مەترسیدا بەرەو ترینیداد پەلکێش دەبن. بۆچوونی من لە نووسینەکانی پێشتری تۆ ئەوەیە، دەترسی لەوەی نەبادا جەخت لەسەر یەکێك لە گەشتەکان بکەیتەوە- ولاتێك کە زادگای تۆیە رویەکی نابوتکەری هەبێت، ڕەنگە ئەمجارە تۆش لەناو ببات.**

نایپۆل

پێویست نییە بەم شێوەیە قسە بکەیت، زۆر ترسناکە. من پێموایە گەشتەکانم بۆ ترینیداد کۆتایی پێهاتوە و ئیتر ناگەڕێمەوە ئەوێ.

**تجپال- رۆزن**

**بەلام ترینیداد لە جیهانی خەیاڵتدا ئێوە بەرەو خۆی پەلکێش دەکات.**

نایپۆل

نەخێر لە خەیاڵیشدا کارم پێی نەماوە. سەیرکە، نووسەر زۆر هەوڵ دەدا زانیاری و ئەو شتانەی پەیوەندیان بە منداڵی ئەوەوە هەیە هەر بەو شێوەیە ببینێت کە هەیە. درکی ماهیەتی ئەو ئەزمونەی منداڵی زۆر دژوارە- سەرەتایەکی هەیە، باکگراوندێکی دوور، زۆریش تار، دوای ئەویش کۆتاییەك، واتە ئەو کاتەی کە نووسەر دەبێتە پیاوێك. هۆی ئەوەی کە ئەو زانیارییە هێندە گرنگی هەیە ئەوەیە

کە نووسەر بۆ درکی ئەوە دەبێ سەرەتا تەواوی بکات. ئەوکاتەیە کە ئەو زانیاریانە کۆنترۆل کراون، تەواوە. گرفتەکە لەدوای ئەوەوە دەستپێدەکات. دەبێ پشت بە عەقل و شعورتان ببەستن، بە هێزی دەروونیتان. بەڵێ، کاری دواتر لەو توانا دەروونیە سەرچاوە دەگرێت.

**تجپال- رۆزن**

**ناونیشانی کتێبەکەتان، ڕێورەسمێك لەم جیهانە، دەمخاتە سەرسوڕمان. کۆتایی (بەهەشتی ونبوو٣٠)م بیردێتەوە- دەکەومە بیری سەرگەردانی دوای دەرکردن لە بەهەشت. کاتێ زادگای خۆت بەجێدێڵی، دێیتە ناو جیهان؟**

نایپۆل

پێموایە ئەو مەسەلە پەیوەندی بە ماهیەتی ئەو شوێنەوە هەبێت کە تێیدا دەژیت. دڵنیا نیم پرسیارێکی باش بێت، یان ئەوەی پێویستە وەڵام بدرێتەوە یان نا. بە جۆرێکی تر پرسیارەکەت بکەوە.

**تجپال- رۆزن**

**وابزانم، دەمەوێت بزانم مەبەستتان لە (جیهان) چ شتێکە؟**

نایپۆل

خەڵك دەتوانن زۆر سادە بژین، وانییە؟ بەدزیەوە لە گۆشەیەکی چۆل، بێ هیچ بیرکردنەوەیەك. بە ڕای من جیهان ئەو شتەیە کاتی بیرکردنەوە دەچیتە ناوی- کاتێ فێر دەبی، کاتێ پرسیار دەکەیت- چونکە دەتوانی لەو کاتەی لە جیهانێکی گەورەتر دایت لەهەمان کاتدا تەواو کورتبین بیت.

**تجپال- رۆزن**

**لە سەردەمی منداڵیدا، بیرت لەو جیهانە گەورەترە دەکردەوە؟ وشەی (جیهان)**

**ئەم جۆرە بیرکردنەوەی بە زەینتدا هێنا؟**

نایپۆل

هەمیشە دەمزانی جیهانێکی تریش هەیە. ئەو جیهانەی تێیدا گەورە دەبووم- واتە ئەو کۆمەڵگا کشتوکاڵی و داگیرکراوە-م بۆ هەرس نەدەکرا. زۆر دوورە مرۆڤ لە وڵاتێکدا تا ئەو ڕادەیە لە کۆت و پێوەند دابێت و خەمۆك بێت.

**تجپال- رۆزن**

**تۆ لە ساڵی ١٩٥٠ ترینیدادت بەرەو ئۆکسفۆرد بەجێهێشت بە مەبەستی خوێندن- بەدوای خەونەکانتدا چویتە وڵاتی بێگانە لەوپەڕی دونیا، بەدوای چ شتێك بووی؟**

نایپۆل

حەزم دەکرد زۆر بەناوبانگ بم. لەگەڵ ئەوەش حەزم دەکرد ببم بە نووسەر، بە نووسین ناوبانگ پەیدا بکەم. خاڵی ناماقوڵ لە خەونی من ئەوەبوو، ئەوکاتە نەمدەزانی دەمەوێت لەبارەی چییەوە بنووسم، ئەم خەونە زۆر لەپێش تواناکانمەوە بوو، شیام بنگ[٣١] ی فیلمساز کاتێ پێی گوتم کە لە شەش ساڵییەوە زانیویەتی دەیەوێت فیلم دروست بکات. من هێندەش جیاواز نەبووم، لە دە ساڵییەوە دەمەویست ببمە نووسەر.

بە بۆرسی حکومەتی داگیرکەر چومە ئۆکسفۆرد، ئەو بۆرسە خەرجی مرۆڤی دابین دەکرد تا گەیشتن بە هەر پیشەیەك کە خۆی حەزی لێدەکرد. دەمتوانی ببم بە دکتۆر یان ئەندازیار، بەڵام من تەنیا حەزم دەکرد لە ئۆکسفۆرد زمانی ئینگلیزی بخوێنم، هۆیەکەشی نە ئۆکسفۆرد بوو و نە زمانی ئینگلیزی، تەنیا دەمەویست لە ترنیداد دوور بکەومەوە. پێموابوو ئەگەر ماوەی سێ چوار ساڵ لە ترینیداد دوور بم

خۆم دەناسم. پێموابوو مەتەریالی کارەکەم دەدۆزمەوە و بە شێوەیەکی موعجیزە دەبم بە نووسەر. لە جیاتی ئەوەی پیشەیەك فێربم، ئەو ئینگلیزییە بێسوودەم هەڵبژارد- بەشێکی خوێندنی بێ بەها بە کەڵکی هیچ نایەت.

بەهەرحاڵ، حەزم دەکرد لە ترینیداد هەڵبێم. حەقارەتی ژیانی داگیرکراوی پەرێشانی دەکردم، هەر بەم شێوەیە (بە تایبەتی ئەمە پەیوەندی هەیە بە هیندی بوون، هیندۆکیی بوونی منەوە) شەڕی توندی ناوخێزان، لەم شەڕانەدا مرۆکان لەسەر بنەمای مەسەلە ئەخلاقییەکان دادوەریان لەگەڵ دەکرا و مەحکوم دەکران. هیچ کام لەو کۆمەڵانە کۆمەڵی دووربین نەبوون، نە جیهانی داگیرکراو و نە جیهانی هیندۆکیی. تێڕوانینم ئەوەبوو کە لە جیهانی گەورەتر بەهای مرۆڤەکان هەر ئەوەیە کە هەن- بە هۆی ئەوەی کە هەن سەرنجڕاکێشن.

**تجپال- رۆزن**

**بەبێ پەیوەندی لەگەڵ خێزانەکانیان؟**

نایپۆل

بەڵێ، پێموابوو مرۆڤ لەم دونیایەدا مرۆڤ ئیتر تەواوی کات بابەتەکەی دادوەری ئەخلاقی نییە. یان ئەو شتەی دەتگوت بۆ خەڵك جێگای سەرنج بوو، یا ئەوەی بۆیان جێگای سەرنج نەبوو. لە بەریتانیا، بە پراکتیکی هەر واشی لێهات. بۆ تەماشاکردنی مرۆڤەکان شێوەیەکم دۆزیەوە، تێڕوانین دوورترە، هێشتاش بەڕای من هەروایە.

**تجپال- رۆزن**

**ئۆکسفۆردت خۆشدەویست؟**

نایپۆل

راستیت بوێت لە ئۆکسفۆرد بێزار بووم، لەهەموو قۆناغەکانی خوێندن و زانکۆش بێزارم. لە رادەبەدەر ئامادەبووم بۆی. لە زۆر هاوپۆلەکانم یان هاوزانکۆکانم زیرەکتر بووم. تۆ چاك دەزانیت ئەو قسانەم شانازی و خۆهەڵکێشان نییە- زەمانە هەموو ئەوانەی سەلماندوە. دەکرێت بڵێم لەرادەبەدەر خۆم ئامادە کردبوو بۆ جیهانی دەرەوە، لە ئۆکسفۆرد، لە راستیدا، روبەرِوی جۆرێك دورەپەرێزی و بێهوایی بوومەوە. حەزناکەم ببێتە نسیبی هیچ کەسێك.

**تجپال- رۆزن**

**هیچ بیرت لەوە کردۆتەوە ئەگەر لە ترینیداد بمایتایەوە چیت بەسەر دەهات؟**

نایپۆل

حەتمەن خۆم دەکوشت، هاورِێیەکم هەبوو ئەو کارەی کرد-وابزانم هۆیەکەی گوشاری رۆحی بوو.کورِێکی دوو رِەگە بوو، کورِێکی باش بوو، زۆریش زیرەك، بەراستی حەیف بوو.

**تجپال- رۆزن**

**هەمان ئەو کورِەیە کە لە پێشەکی کتێبی ماڵێك بۆ بەرِێز بیسواس ئاماژەت پێکردوە؟**

نایپۆل

بەڵێ، هەمان ئەو کورِەیە کە لە زەینی من بوو. زۆر یەکتریمان خۆشدەویست. مردنی ئەو بۆ من زەبرێکی ترسناك بوو.

**تجپال- رۆزن**

**هێشتاش هەست بە برینەکانی سەردەمی منداڵێت دەکەیت؟**

نایپۆل

پێموایە زۆر بەختم هەبوو کە هەڵاتم. بەڕای من ترسناك و بێ ئۆقرە بوو. ئێستا ئەو شتە بە ڕونیەکی پترەوە دەبینم، ئەو داگیرکراوە- ڕەنگە بەشێك بوبێت لە جیهانی نوێ. بەڵام بە تەواوەتی سەربەخۆ بوو. بە دڵنیاییەوە برینەکانم سارێژ بوون، چونکە زۆر بیرم لێ کردنەوە، وابزانم زۆر شانسم هەبوە بە یەکجاری لەدەست نەچووم. لەوە بەدوا، ژیانم پڕبوە لە کار، لە هەوڵدان.

**تجپال- ڕۆزن**

**لەبەرچی نووسین بەردەوام پێوستی سەرەکی ژیانتان بوە- و ڕێگای هەڵاتن لە هەموو شتێك؟**

نایپۆل

نووسین خەونی من بوو. یان باشتر بڵێم، من پێم خستە شوێن پێی باوکم. ئەو نووسەر بوو، رۆژنامەنووس بوو، بەڵام چیرۆکیشی دەنووسی. ئەو مەسەلە زۆر گرنگی بۆ من هەبوو. چیرۆکەکانی باوکم ڕابردووی ئێمەی هیندۆکی شرۆڤە دەکرد، بە ڕای ئەو رابردوویەکی زۆر زاڵمانە بوو، لە ڕێگای چیرۆکەکانی ئەوەوە بوو تێگەیشتم ئەو جیهانە جیهانێکی زۆر زاڵمانەیە. هەربۆیە، بەم بیرکردنەوەیە گەورە بووم، گرنگ ئەوەیە لە دەروون بڕوانین و هەمیشە دوژمنی دەرەکی بۆ خۆمان دروست نەکەین. پێویستە خۆمان- خاڵە لاوازەکانمان- بناسین. تا ئێستاش هەر لەو باوەڕەدام.

**تجپال- ڕۆزن**

**تۆ گوتوتە بەڕای ئێوە نووسین تەنیا پیشەیەکە بەڕاستی شەریفە.**

نایپۆل

بەڵێ، بۆمن تاکە پیشەی شەریفە. لەو لایەنەوە شەریفە کە پەیوەندی بە

ڕاستیەوە هەیە. دەبێ بەدوای ڕێگایەك بیت بتوانی ئەزمونی خۆت ئەنجام بدەیت. دەبێ ئەوە درك بکەیت، دەبێ درکی دنیا بکەیت. نووسین هەوڵدانێکی بەردەوامە دوای درکی قوڵتر. ئەم کارە زۆر شەریفە.

**تجپال- ڕۆزن**

## کەی دەستت بە نووسین کرد؟

نایپۆل

ساڵی ١٩٤٩ بوو دەستم بە نووسینی ڕۆمانێك کرد. بیرۆکەیەکی زۆر پێکەنیناوی و سەیریشی هەبوو، پیاوێکی ڕەشپێست لە ترینیداد ناوی پاشایەکی ئەفریقی لەخۆی دەنێت. ئەوە بیرۆکەیەك بوو هەوڵمدا پەروەردەی بکەم. نووسینی ئەو ڕۆمانە دوو ساڵ درێژەی کێشا، چونکە گەنجتر لەوە بووم ئەوەندە شت بزانم، نووسینی ئەوم کەمێك پێش بەجێهێشتنی ترینیداد دەسپێکرد و لە ماوەی یەکێك لە پشووە درێژەکاندا لە ئۆکسفۆرد تەواوم کرد. زۆر خۆشحاڵ بووم کە تەواوم کرد. چونکە لانی کەم ئەزموونی کۆتایی پێهێنانی کتێبێکی درێژی بۆ فەراهەم دەکردم. هەڵبەتە ئەو ڕۆمانە هیچی لێنەهات.

دوای بەجێهێشتنی ئۆکسفۆرد، لە بارودۆخێکی زۆر دژواردا، دەستم کرد بە نووسینی شتێك کە فرە جدی بوو. هەوڵم دەدا دەنگی خۆم، شێوازی خۆم، بدۆزمەوە- شتێك کە بەڕاستی هی خۆم بێت نەك شێوازێکی قەرزی یان لاسایی کردنەوەی خەڵکی تر. ئەو شێوازە تایبەتە منی خستە ناخۆشی زۆرەوە، تا ماوەیەك تووشی خەمۆکی بووم، تا ئەوەی لەسەر ڕێنمایی برادەرێك کە دەستنووسەکەم بۆ ناردبوو گوتی، وازی لێبێنم. پێی گوتم ئەو نووسینە بەکەڵکی هیچ نایەت، حەزم دەکرد بیکوژم، بەڵام لە ناخەوە دەمزانی ئەو هەقیەتی. تا چەندین هەفتە هەستم

بە بەدبەختی دەکرد، چونکە پێنج ساڵ تێپەڕی بوو و هیچ شتێك لەگۆڕێدا نەبوو. تێدەگەیت لەوەی زۆر بە توندی پێویستم بەوە هەبوو بنووسم. بڕیارم دابوو لەم ڕێگایەوە ژیانی خۆم دابین بکەم- ژیانی خۆمم خستبوە خزمەت ئەو کارەوە. ئەوکاتە شتێك ڕویدا: لەو ماوە غەمناکە هاتمە دەرەوە و شێوازی تایبەتی خۆمم دۆزیەوە، هەندێ مەتەریالم دۆزیەوە کە شێوازی خودی من بوو. چەند سەرچاوەیەکی ئەدەبی سەرچاوەی ئیلهامی ئەو بوو: چیرۆکەکانی باوکم و ڕۆمانێکی پیکارس[یك]٣٢ ی ئیسپانی، یەکەمین ڕۆمانی پیکارسی کە بڵاو ببوەوە، ڕۆمانێك بوو بە ناوی لازاریللۆ ترۆمس لە ساڵی ١٥٥٤ چاپ ببو. ڕۆمانێکی کورتە سەبارەت بە کوڕێکی هەژار لە ئیمپراتۆریەتی ئیسپانیا گەورە دەبێت، من عاشقی شێوازی ئەو ڕۆمانە بووم. ئەو دوانەم ئاوێتەی یەکتر کردن بینیم لەگەڵ ڕۆحیەتی من ڕێك دێنەوە: شێوازی ڕەسەن و داهێنەری خۆم لە ڕاستیدا لەو دوو سەرچاوە زۆر جیاوازەوە هەڵقوڵاوە و دروست بووە.

تجپال- ڕۆزن

ئەوە پەیوەندی بەو کاتەوە هەیە کە دەست بە نووسینی شەقامی میگل کرد؟

نایپۆل

بەڵێ، زۆر سەختە مرۆڤ یەکەمین کەس بێت لەبارەی بابەتێکەوە بنووسێت. دوای ئەوە بەدواداچوون هەمیشە ئاسانە. هەربۆیە، ئەو کتێبەی دەمنووسی- واتە هەمان ئاوێتەی بینراو و کلتوری گشتی وبڕاوەی ڕۆژنامەکان و بیرەوەری خۆیی- زۆر خەڵکی تریش دەتوانن بینووسن، بەڵام ئەوکات شتێك بوو دەبوایە باش دەربچێت.

بێنەبەرچاوی خۆت مرۆڤ لە ساڵی ١٩٥٥ کتێبێکی وەکو شەقامی میگل بنووسێت. ئەمرۆکە نووسراوەکان لەبارەی داگیرکراوی هیند و داگیرکراوەکانی

رابردووی تر بۆ خەڵك جێگای سەرنجە، بەڵام ئەوکاتە ئەوکارەیان بە نووسین نەدەزانی. زۆر بۆم سەخت بوو چوار ساڵ چاوەڕوانی چاپ بوونی بکەم. ئەومەسەلەیە بە ڕاستی ئازاری دەدام و تا ئێستاش بیرەوەریەکی تاڵە بۆم.

**تجپال- رۆزن**

**تۆ تا ساڵی ١٩٥٥ دوو کتێبت نووسیبوو: شێلەری ناوەوە و شەقامی میگل. بەڵام یەکەمین تا ١٩٥٧ و دوەمیش تا ١٩٥٩ بڵاو نەبونەوە.**

نایپۆل

من ژیانێکی زۆر سەختم هەبوو. کاتێ مرۆ گەنجە، هەژارە، حەزدەکات بوونی بۆ جیهان رابگەینێت، دوو ساڵ چاوەڕوانی بۆی زۆر زۆرە. من بەڕاستی رەنجم کێشاوە. ئیدی شێلەری ناوەوە بڵاو بوەوە و رۆژنامەی خۆم هەر باسی نەکرد، ئەوکاتە لە رۆژنامەی (نیو ستیزمەن[٣٣]) کارم دەکرد. مامۆستایەکی ئۆکسفۆرد -کە دواتر زۆر ناوبانگی پەیداکرد- وەکو بیرەوەریەکی بچوك لە دورگەیەکی داگیرکراو وەسپکرد. بیرەوەریەکی بچوك کە باسی کارو هەوڵ و زەحمەتی تێدا نەبوو.

رەنگە بۆت سەرنجراکێش بێت کە بزانیت کتێبی راستەقینە لە ڕوانگەی ڕەخنەگران چ جۆرە کتێبێك بوو. ئێستا ئیدی هیچ جیاوازیەکی نییە بۆم کە بڵێیت: (بەڵێ، ئەو جۆرە کتێبانە چل ساڵ بوو لەبەردەستدا هەبوون، تا ئێستاش هەر چاپ دەبن.) من زیانم لێ کەوت، ئەو فەرامۆشکردنە منی بریندار کرد. ئەمڕۆکە خەڵك زۆر ئاسایی تر رەفتار دەکەن، هەربەم هۆیەشەوەیە گلەیی دەکەن. من هیچ کات گلەییم نەدەکرد، تەنیا دەبوایە درێژەم بەکارەکەم دابوایە.

**تجپال- رۆزن**

**رەنگە ئەو شتەی دەبوە هۆی ئەوەی درێژە بدەیت ئەو بڕوایە بوو کە بە خۆتت هەبوو ،وایە؟**

نایپۆل

بەڵی، هەرگیز گومانم نەبووە. لە منداڵییەوە هەستم دەکرد کەسێکی تایبەتم.

**تجپال- رۆزن**

**نووسینی(ماڵێك بۆ بەڕێز بیسواس)تان ئەو کاتە دەست پێکرد که رۆمانی یەکەمتان چاپ بوو؟**

نایپۆل

بەڵێ، بۆ گەڕان بەدوای بابەت سەرم بە هەموو کون و قوژبنێکدا دەکرد. بارودۆخم هێندە نائۆمێدکەر بوو، بە قەڵەمی رەساس دەستم بە نووسین کرد- وەکو پێویست لە خۆم دڵنیا نەبووم. ئەو بیرۆکەیەی لە زەینم بوو لە مرۆڤێکی وەکو باوکم دەچوو، لە کۆتایی ژیانیدا تەماشای شتەکانی دەوربەری دەکات و بیر لەوە دەکاتەوە ئەو شتانە چۆن هاتونەتە ناو ژیانی. تا ماوەیەکی زۆر نزیکەی-نۆ مانگ-بەبێ ئیلهام و بی ماندوو بوون دەمنووسی.

**تجپال- رۆزن**

**هەموو رۆژێك دەتنووسی؟**

نایپۆل

نەخێر، هەموو رۆژێك نەمدەنووسی، چونکە کاتێك ئیلهام لەگۆڕێ نەبێت، دەست و دڵم ناکەوێتە کار. لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵم دەدا ببمە ڕەخنەگریش، کەسێك منی بە نیوتسیزمەن ناساندبوو- ئەوان جارجار کتێبێکیان بۆ دەناردم، بەڵام من لەرادەبەدەر هەوڵم دەدا و سەرکەوتوو نەدەبووم. جارێك چەند کتێبێکیان لەبارەی جامائیکاوە بۆ ناردم و من گەیشتمە شێوازێکی باش و گونجاو. بەم شێوەیە ئەوکاتە سەرکەوتنم بەدەست هێنا- فێر بووم چۆن پارچەی کورت و سەرنجڕاکێش

لەبارەی کتێبەوە بنووسم، کارێك بکەم کتێب لە تێڕوانینی خوێنەران بە تەواوی وەکو ڕاستی نیشان بدات. بەهەرحاڵ نووسینی ئەو ڕۆمانەش دەستی پێکرد و دوای ئەوە ئیتر گرفتێك نەبوو. کەم کەم لە چوار هەفتەدا سێ هەفتەم تەرخان کرد بۆ کاری نووسینی ئەم ڕۆمانە. بەڕای من، زۆر زوو تێگەیشتم نووسینیکی گرنگە. زۆر خۆش بوو بۆم، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر گەنج بووم کاتی خۆمم بۆ نووسینی بەرهەمێکی زۆر گرنگ تەرخان دەکرد، چونکە لە خەڵکی تر زوتر دەستم پێکردبوو- تێڕوانینم ئەوە بوو مرۆڤ ئەو کاتە دەست بداتە نووسینی بابەتێکی گرنگ کە وەکو پێویست خۆی فێرکردبێت. ئەو کاتە ئەگەر کەسێك لە شەقام پێشی دەگرتم و دەیگوت: ( من هەر ئێستا یەك ملیۆن پاوەندت پێ دەدەم بە مەرجێك کتێبەکەت تەواو نەکەیت) دەمگووت بڕۆ وازبێنە. دەمزانی دەبوایە کتێبەکەم تەواو بکەم.

**تجپال- ڕۆزن**

**ئەوکتێبە ڕوبەڕوی چ هەڵوێستێك بوەوە؟**

نایپۆل

لەوساتەی کەدەزگای بڵاوکردنەوە ئەو کتێبەی خوێندەوە، ڕوبەڕوی هەڵوێستی گونجاو بوەوە، پێم ناخۆش نییە بڵێم کاتێ بڵاو بوەوە، خەڵك بۆ کڕینی شاڵاویان بۆ هێنا، بەڵام هەڵبەتە وا نەبوو. پێم ناخۆش نییە بڵێم تەواوی جیهان پێشوازی لێکرد و بوە جێی سەرنجیان، وەلێ هەڵبەت وا نەبوو، ئەو کتێبەش، وەکو کتێبەکانی پێشترم، تەنیا کەمێك دەنگدانەوەی هەبوو، و ماوەیەك درێژەی کێشا تا سەرکەوتنی بەدەستهێنا.

**تجپال- ڕۆزن**

**ماڵێك بۆ بەڕێز بیسواس، جۆرێك جیابوونەوە لە کتێبی یەکەمتان**

**دەژمێردرا ،کە هەرسێکیان کۆمێدی کۆمەڵایەتی بوون. ئێوە لەم کتێبەدا خۆت بەدوور گرتوە لە تەنزی سووك و ڕوکەشی، ڕوتکردۆتە شێوازی وشکتر و جدیتر.**

نایپۆل

شێوازی ئەم کتێبە، لەڕاستیدا وشك نییە، کتێبەکە پڕاوپڕی تەنزە. ڕەنگە ئەم تەنزە کەمتر زارەکی و پێکەنیناوی بێت، بەڵام دڵنیابە لە هەموو شتێکدا هەیە. دەتوانم لاپەڕەیەك لە هەر کتێبێکم، هەرچەندە تاریك و ناخۆش بێت، بۆت بخوێنمەوە تا بکەویتە پێکەنین. گاڵتەکان قوڵتر بونەتەوە، تەنز تێکەڵاوتر بوە. بەبێ نەزەرگای تەنزئامێز، ناکرێت درێژە بە کار بدرێت. ناتوانرێت تەواوی ماوەکە نەزەرگای تاریك و تراژیك بخەیتەڕوو- ئەو تەنزە نادیارە دەبێ پشتیوانی بێت.

**تجپال- رۆزن**

**دەمەوێت ڕستەیەکت لە (ڕێورەسمێك لەم جیهانە) بۆ بخوێنمەوە: (ئەو شتەی کە ئێمەی دەپاراست، ئەوەبوو کە بیرۆکەی پڕوپوچ و ناماقوڵ هیچ کات لە ئێمەوە دوور نەبوون. ڕویەکی تریش هەمان تورەیی و ناخۆشی بوو بوە هۆی ئەوەی خەڵکەکە ئەو پۆلیسی ڕەشپێستە بسوتێنن ...) ئەم ڕستەیە دەمخاتەوە بیری تەنزی یەکەم کتێبتان لەبارەی ترینیداد و ڕوەکەی تری ئەو تەنزە- واتە ڕەفتاری شێتانە- لە کتێبەکانی دواتر.**

نایپۆل

زۆرسەیرە، وانییە؟ هەمان ئەو کەسانەی پۆلیسیان بە زیندویی سوتاند، سەما دەکەن و گۆرانی دەڵێن و چیرۆکی پێکەنیناوی لەبارەی ئەو مەسەلەوە دەگێڕنەوە.

**تجپال- رۆزن**

**ئەو شتەی بە شێوەیەکی دیار بوە هۆی سەرسوڕمانم وشەی (ئێمە) بوو- ئەوەی کە خۆشتان بە بەشێك لەو بارودۆخە ژماردبوو.**

نایپۆل

باشە، مەسەلەکە لە پۆرت ئاوئوسپین ڕویدا. بەکارهێنانی وشەی (ئێمە) پێویست بوو، چونکە هەرچیەك بێت منیش هەر لە هەمان هەرێم گەورە دەبووم، هەرئەو بیرە پڕوپوچ و ناماقولانەی ئێمەیە لە کالیپسۆ[٣٤] ڕەونەق پەیدا دەکات- ئەفریقاییە، ئەو بیرە پڕوپوچە دەڵێم. ئەوە شتێکە دواتر گەیشتمە ئەنجامەکەی: بیرۆکەی شێتانە و بیری پڕوپوچ و ناماقوڵ.

**تجپال- رۆزن**

**پتریش ڕێزت لێ دەگرت؟**

نایپۆل

پتر دەخاتە ترس و سەرسوڕمانەوە- درکی ئەو مەسەلە کە هەمان خەڵکی دەتوانن هێندە ناماقوڵ بن و گۆرانیەکی ئاوا پێکەنیناوی بڵێن توانای ئەوەشیان هەیە پۆلیسەکان بسوتێنن. من ڕقم لە دڵڕەقییە.

**تجپال- رۆزن**

**سەیرە، (ڕێورِسمێك لەم جیهانە)، وەکو (مەتەڵی هاتنەدەرەوە) بە مەراسیمی مردووشاردنەوە کۆتایی دێت.**

نایپۆل

ئەوە ڕێکەوت بوو. ڕەنگە تا ئێستاش کە تۆ پێت گوتم من بیرم لێ نەکردبوەوە. کاتی نووسین، تەنیا ئاگام لە پەیکەری بێگیان و مەراسیمی شاردنەوەیان بوو. لە سەرەتای چیرۆك، پیاوێك جل لەبەر لاشەکە دەکات، و دوای ئەوە چیرۆك دەچێتە ناو لاشەکانی ماڵی سوور کە من لەوێ کارم دەکرد. لە چیرۆکی (رالی)ش لاشەی زۆر هەن.

**تچپال- رۆزن**

**ئه‌و زیادبوونه‌ی هه‌ستی قه‌بوڵکردنی فه‌نابوونه یان هه‌ستێکه به‌رانبه‌ر (ڕێوڕه‌سمێك له‌م جیهان)ه؟**

ناپیۆل

ره‌نگه ڕوبه‌ڕوبونه‌وه‌یه‌کی ئاشکراتر بێت له‌گه‌ڵ مه‌رگ، کاتێ ئه‌چیته ته‌مه‌نه‌وه. مرۆ کاتێ گه‌نجه. بۆ ڕێککه‌وتن له‌گه‌ڵ ئه‌و مه‌سه‌له‌یه چه‌ندین ڕێگای هه‌یه. له ڕاستیدا، ئه‌مه هه‌مان لایه‌نی فیزیکی مردنه- نازانم چ شتێك ده‌بێته هۆی ئه‌وه. ئه‌وه خوێنه‌ره ده‌بێ ئه‌و شته هه‌ڵبسه‌نگێنێت. نابێت نووسه‌ر خۆی دادوه‌ری بکات.

**تچپال- رۆزن**

**له نووسینه‌کانی تۆدا،دووباره بوونه‌وه‌ی ڕه‌گه‌زی چیرۆکه‌کان پێشتر به ئاگادارییه‌وه ده‌کرێت؟**

ناپیۆل

به‌ڵێ، دۆزینه‌وه‌ی گۆشه‌ی دیدی ڕاست و دروست، فه‌راهه‌م کردنی مه‌ته‌ریالی کار، دوای ئه‌وه نووسین له باره‌ی ئه‌و به شێوه‌یه‌کی تر و دروستکردنی مه‌ته‌ریالی نوێ.

**تچپال- رۆزن**

**پێتوایه چیرۆکه‌کانی دواترت گۆشه‌ی دیدی نه‌رمتریان هه‌یه؟ به‌ڕای من ئێستا دیدی په‌سه‌ندترت هه‌یه.**

ناپیۆل

ڕوونتر قسه بکه. من له کوێ توند بووم؟ کوێی نووسینه‌کانم به‌ڕای تۆ توند بوو، نمونه بێنه‌وه.

**تجپال- رۆزن**

**باشە، بۆ نمونە لە وڵاتی ئازاددا.**

نایپۆل

ئەم کتێبە لە سەر ئازارێکی مەزن و لەژێر گوشارێکی رۆحی زۆر خودیی نووسراوە. بە دیقەتێکی فراوانەوە- وەکو پارچەکانی کاتژمێر یان ماتۆر بە یەکەوە بەسترانەوە. زۆر پێکهاتەیەکی جوانی هەیە. لە ساڵی ١٩٧٩، بۆ یەکەمین جار داوایان لێکردم لە نیۆیۆرك بەشداری بکەم لە کۆڕێکی چیرۆك خوێندنەوە و هەر لەوێ لە کاتی خوێندنەوەیدا هەستم بە توندییە نادیارەکەی کرد- تا ئەوکاتە هەستم پێ نەکردبوو، هەربۆیە بە ئاگادارییەوە نەبوە. سەیرم هات لە توندیەکەی. کاتێ قۆشمەکانیم دەخوێندەوە خەڵك پێدەکەنین، بەڵام ئەوەی یەکسەر لەدوای گاڵتەکان دەهات پێکەنینی لەسەر لێوەکانیان وشك دەکرد. ئەزمونێکی زۆر ناخۆش بوو. ئەو مەسەلە رەنگە نیشان بدات ئەم نووسینە چۆن دروست بووە- لەسەر ئازارێکی خودیی کە پەیوەندی بە ژیانی خۆم و تورەیی خۆمەوە هەیە.

**تجپال- رۆزن**

**دەتوانی شێوەی نووسینت وەسپ بکەیت؟**

نایپۆل

من لەسەرخۆ دەنووسم.

**تجپال- رۆزن**

**بەردەوام؟**

نایپۆل

کە گەنجتر بووم، ڕاهاتبووم بە پەلە بنووسم. کاتێ موکوڕ بووم لەسەر نووسین، رۆژی نزیکەی هەزار وشەم دەنووسی. ئێستا ئیدی ئەوکارەم لە دەست نایەت. ئێستا، لە

باشترین هەلومەرجدا، نزیکەی رۆژی سێسەد وشە دەنووسم- زۆر کەمە.

تجپال- رۆزن

وا پێش دێت هەر نەنووسیت؟

نایپۆل

زۆر زۆر، زۆربەی رۆژەکان هەروایە.

**تجپال- رۆزن**

**هێمنگوای دەیگوت، ئەو رۆژەی کە هیچ نەنووسێت، رۆژێك لە مەرگ نزیکتر بۆتەوە.**

نایپۆل

من تا ئەو رادەیە رۆمانتیك نیم. تەنیا کەم تا زۆر هەست بە نارەحەتی دەکەم، بەڵام ئێستا ئیدی هێندە عاقڵم و ئەزموونم هەیە کە بزانم هەموو شتێك چاك دەبێت، ئەگەر بابەت لەناو مێشکم بێت، هەر دێتە دەرەوە. تەنیا دەبێ رێگایەکی دروستی بۆ بدۆزرێتەوە.

**تجپال- رۆزن**

**بەرای تۆ، کاری زمان تەنیا دەربرینە نە ئەوەی، ئاپدایك گوتەنی، بدرەوشێتەوە و چاوەکان ئەبڵەق بکات؟**

نایپۆل

سەیرکە، هەرکەسێك دەبێت کارێك بکات کە حەزی لێیەتی. من حەزدەکەم دارشتنم روون بێت، حەزناکەم بەر دەستوپێی خوێنەر بگرێت. حەزدەکەم خوێنەر سەیری ناوەوەی ئەو شتە بکات کە من دەیڵێم و وەسپی دەکەم. حەزناکەم هەرگیز بڵێت: (ئەی خوایە، ئەو بابەتە چ دارشتنێکی جوانی هەیە!) ئەوە شکستە.

**تجپال- رۆزن**

**کەواتە تەنانەت ئەگەر بیرۆکەکانیش ئاڵۆز بن، دارشتن سادە و ساکارە.**

نایپۆل

سادە بڵێم، بەڵێ. لەگەڵ ئەوەشدا، نابێت کەڵك لەو زمانە تێنەگەیشتوە وەربگرم. زمانی تێنەگەیشتوو و نارێك ئێمەی لەناوبردوە- لە رۆژنامەکان، لە وتووێژی دۆستانەمان- دەکرێ مرۆڤ وەکو نووسەر، زۆر تەمەڵ بێت. کەم کەم وشەکان بە تەمەڵییەوە بەکاربێنێت. من حەز ناکەم شتێکی وا روبدات. وشەکان بەهادارن. حەزدەکەم بە شێوەیەکی بەهادار بەکاریان بهێنم.

**تجپال- رۆزن**

**بێهیوایت لە ئەدەبیاتی ئینگلیزی؟**

نایپۆل

نا، بێهیوا نیم. ئەدەبیاتی ئیگلیزی ئیدی بوونی نییە، یەکێك لە بەڵگەکانیشی ئەوەیە دووبارە نووسینی ئەو شتەی کە پێشتر نووسراوە زۆر زەحمەتە. بەڵام جاران بوونی زۆر بەسوود بوو، رەنگە بەڵگەیەك نەبێت بۆ داخ گوتن.

**تجپال- رۆزن**

**ئەو نووسەرانەی لە هیندەوە دێن چۆن؟ بەرانبەر ئەوانیش هەمان هەستت هەیە؟**

نایپۆل

لەو بارەیەوە لێکۆڵینەوەم نەکردوە، بەڵام بەرای من نووسینی زۆر لە هیندەوە دیاردەکەون. هیند چەندین سەدە هیچ جۆرە ژیانێکی فیکری نەبوە. کۆمەڵگەیەکی سونەتی بوە، پێویستی بە نووسین نەبوە. بەڵام کاتێ کۆمەڵگەیەکی وا لە ژیانی تەواو سونەتی دەردەچێت و لە زەمینەی پیشەسازی و ئابووری و فێرکردن بەرفراوان دەبێت،

ئەوکاتەیە کە بەرەو نووسەرەکان دێن و ئەوان خەڵك ڕێنمایی دەکەن، هەڵدەستن و خەریکی چالاکی دەبن. بەڕای من لە هیندستانی ئەمڕۆدا نووسینی زۆر دەردەکەون. بارودۆخی ئەو وڵاتە هەلومەرجی دیارکەوتنی ئەو نووسینانە فەراهەم دەکات.

**تجپال- رۆزن**

**بگەڕێینەوە سەر مەسەلەی توندوتیژی، دەمەوێت پارچەیەك لە (ڕێورەسمێك لەم جیهانە) بخوێنمەوە: ( من بەو بیرە گەورە بووم کە توندووتیژی شتێکە بەردەوام لە باکگراوندا بوونی هەیە. لەو زمانەی لە کۆلانەکانیش هەیە، توندوتیژی کۆن، هێندە کۆنیش نا، بەڵام هەبوە: قسەکانی هەڕەشەی ئاساییە بەرانبەر یەکتری بەکاری دەهێنن، یان دایك و باوك لەگەڵ منداڵەکانیان، هەڕەشە بە تەمێکردن، مرۆڤ دەخاتەوە بیری ئیستیعمار.)**

نایپۆل

بەڵێ، هەمیشە دەتبیست خەڵك لەگەڵ یەکتر بە شێوەیەکی ئارام قسەکانیان دەکەن، بۆ نمونە عەرەبانچی بە کۆیلەی دەگوت: ئەوەندەت لێدەدەم کە دەنگی سەگت لێوە بێت، پێستی سەرت دەردێنم، بیستنی ئەو قسانە ترسناکە، وانییە؟

**تجپال- رۆزن**

**بەڵام تۆ بەردەوام بەرگریت کردوە لە بەرانبەر سادەسازیی تووڕەیی- ئامادە نەبوویت ئیستیعمار یان سپیپێستەکان کۆیلە ڕەشەکان تاوانبار بکەن. تۆ شتێکی سادە بە هۆکاری هەموو بەدبەختیەکان نازانی.**

نایپۆل

دیارە هیچ هۆکاری سادە بوونی نییە. ئەو جۆرە قسانە ناگەنە هیچ شوێنێك. هیچ سودێکیشی نییە، هیچ شتێکیش ناخەنە سەر هیچ باس و وتووێژێك. ئەوانە

تەنیا دروشمن. بە کەمتەرخەم زانینی ئیستیعمار دروشمێکی زۆر بێ ترسە. بێگومان ئەم جۆرە کەسانە لە سەردەمی ئیستیعماردا فزەیان لێوە نەهاتوە، سەریان شۆڕ کردوە ودرێژەیان بە ژیانی خۆیان داوە. ئێستا ئیتر ئیستیعمار نییە، زۆر بە جوامێرییەوە قسە دەکەن. بەڵام خەڵکانی تر جاران جوامێر بوون.

**تجپال- رۆزن**

**رەخنەی ئەوەیان لە تۆ گرتوە کە دانووستانت لەگەڵ سەرکوتکەر کردوە.**

نایپۆل

کێ رەخنەی لە من گرتوە؟

**تجپال- رۆزن**

**بۆ نمونە دێرێك واکۆت[٣٥].**

نایپۆل

نازانم، ئەم جۆرە بابەتەم نەخوێندۆتەوە. ئەوە دەبێ لەو بپرسیت، نەك لە من. لەبارەی ئەو شتانەوە خۆتان دەبێ دادوەری بکەن. من ناتوانم بەو هەموو مەسەلانە رابگەم. دەورەی کاری من زۆر درێژ بووە.

**تجپال- رۆزن**

**دەمەوێت بپرسم...**

نایپۆل

نەدەبوایە ئەو پرسیارەت لەمن بکردایە لەبارەی سازش لەگەڵ ئینگلیزەکان و ئەربابەکانی من... مەگەر لە کتێبەکانم شتی وا هەیە؟

**تجپال- رۆزن**

**بەڕای من، نا.**

نایپۆل

ئەی بۆ لێت پرسیم؟

**تجپال- رۆزن**

**چونکە بەردەوام بەرخۆدانت هەبوە لەبەرانبەر سادەسازیدا، بەڵام ئەو ڕەخنەگرانەی کە تۆیان لەناوبردوە بەرخۆدانی وایان نیشان نەداوە.**

نایپۆل

باشە، ئەوە ئیدی گرفتی خۆیانە. کتێبی (ڕێڕەوی ناوەڕاست)ی منت خوێندۆتەوە؟ ئەو کتێبە بە خەڵکی ڕەش دەڵێت کە ناتوانن سپی بن، ئەوەش بوە هۆی تورەبوونێکی زۆر. لە ١٩٦٢، ڕەشپێستەکان وا بیریان دەکردەوە چونکە سەربەخۆیی بەرێوەیە نزیکتر بونەتەوە لە سپیپێستەکان.

**تجپال- رۆزن**

**(ڕێڕەوی ناوەڕاست) یەکەمین هەوڵی تۆ بوو لە زەمینەی ئەدەبیاتی ناچیرۆك.**

نایپۆل

هەڵەیە کە پێمانوابێت کەسێك بەرهەمهێنەری ئەدەبیاتی چیرۆکە. چونکە ئەو مەتەریالەی دەکرێت کاری لەسەر بکرێت دیاریکراو و سنورداره، لەگەڵ ئەوەشدا، نووسەربوون واتاکەی ئەوەیە کە بەردەوام تەماشاکەر بیت، بەردەوام هاودڵی نیشان بدەیت و هەستیار بیت. نووسەری جدی نابێت کارێك کە پێشتر ئەنجامی داوە دووبارە ئەنجامی بداتەوە، دەبێ بجوڵێتەوە. من ئەو نیاز بە جوڵانەوەیەم هەست پێکردوە. هەستم کرد ناتوانم ئەو کارەی پێشتر ئەنجامم داوە دووبارە ئەنجامی بدەمەوە، نەمدەتوانی هەر لە ماڵ بمێنمەوە و وا نیشان بدەم خەریکم ڕۆمان دەنووسم، دەبوایە بجوڵێمەوە، سەردانی شارەکانی ترم کردبایە و جیهانی خۆم دۆزیبایەوە- وازبێنم تا فۆرم و ڕێڕەوی ئاسایی خۆی بڕوات. ئەوکاتە ڕوداوێکی دڵخۆشکەر ڕویدا:

حکومەتێکی نەژادپەرست، بەو تێڕوانینیەی کە دەبێ تێڕوانینێکی نانەژادپەرستانە لەخۆی نیشان بدات، بانگهێشتی منی کرد بگەڕێمەوە و لەو هەرێمەدا سەفەر بکەم. بەم شێوەیە بوو سەفەرم کرد و ڕێڕەوی ناوەڕاستم نووسی.

**تجپال- رۆزن**

**تۆ زۆر دەچیتە هیند. یەکەمین جار سیوپێنج ساڵ لەمەوبەر چویتە ئەو وڵاتە و ئەو سەفەرانەشت بەردەوام دووبارە بونەتەوە، چ بۆ نووسین و چ بۆ بەسەربردنی پشوەکانت. لەبەرچی هیند هێشتا بۆتان سەرنجڕاکێشە؟**

نایپۆل

ڕاستیەکەت بوێت، هۆیەکەی بنەچەی منە، چونکە کاتێ هاتمە ئەم جیهانە، زانینی من لە رابردوم لەگەڵ باپیرە و داپیرەم کۆتایی دەهات: نەمدەتوانی لەوانەوە تێپەڕم، هەموو شتەکانی تر بۆشاییەکی تەواو بوون. ئەم کارە، لەڕاستیدا، دۆزینەوەی هەمان ئەو شتەیە کە من ناوم ناوە ناوچەی تاریکی.

**تجپال- رۆزن**

**پێتوایە تێگەیشتنی ئەوەی لە کوێوە هاتوویت و چ هۆکارێك تۆی کردۆتە ئەوەی کە هەیت بۆ کارەکەتان و مەتەریالی کارتان پێویستە؟**

نایپۆل

کاتێ کەسێك وەکو من بێت- واتە لە شوێنێك لەدایك بوبێت کە مێژوەکەی ناناسێت، و هیچ کەسیش باسی ئەو مێژوەی بۆ ناکات، ئەو مێژوەش لە ڕاستیدا، بوونی نییە یانیش تەنیا لەسەر کاغەز هەیە- کاتێ لەم بارودۆخەدا لەدایك بوبیت، دەبێ تێبگەیت کە ڕەسەنت چی بووە. زۆر کاتی دەوێت. ناتوانیت بە شێوەیەك لەبارەی جیهانەوە بنووسیت وەکو ئەوەی کە ئاگاداری هەمووشتێکیت، هەموو

شتێك بۆتان ئاساییە. نووسەرێکی فەڕەنسی یان ئینگلیزی کاتێ لەدایك دەبێت زانیاریەکی باشی لەبەردەستە لەبارەی نەژاد و کلتورەکەی خۆی. کاتێ کەسێکی وەکو من لە کۆلۆنیالێکی کشتوکاڵی دوورەدونیا لەدایك بوبێت، خۆی دەبێ هەموو شتێك تێبگات. نووسین بۆ من پرۆسەی لێکۆڵینەوە و فێربوون بوو.

**تجپال- رۆزن**

**تۆ لە سیوپێج ساڵی رابردوودا سێ کتێبت لەبارەی هیند نووسیوە: ناوچەی تاریك، شارستانی بریندار، ئێستا یەك ملیۆن شۆڕش. کاردانەوەی تۆ بەرانبەر ئەم وڵاتە لە هەریەك لەو کتێبانە جیاوازە.**

نایپۆل

لەڕاستیدا، هەرسێ کتێبەکان هێشتاش باوەڕپێکراون، تکایە سەرنج بدە، من نامەوێت هیچ کام لەو کتێبانە جێگای ئەوی تر بگرێتەوە. هەرسێ کتێبەکە جێگای خۆیان گرتوە، چونکە بەڕای من، هەرسێکیان هێشتا واقیعیەتن. ئەو کتێبانە بە شێوازی جۆراوجۆر نووسراون: یەکێك ژیاننامەی خودنووسە، یەکێك شیکردنەوەیی و ئەوی تریش ڕێپۆرتاژێکە لە ئەزمونی خەڵکی ئەو وڵاتە. ئەو کتێبانە لە سات و کاتی جیاوازدا نووسراون و هەڵبەت کە خەڵکی هیند، وەکو هیند خۆی، لە سەردەمی جیاوازدا دەژین. دەکرێ بگوترێ تا ئێستاش ناوچەی تاریکی بوونی هەیە- شیکردنەوەی هێرشەکان و شکەستەکانن و برینی دەروونی، هێشتاش جێگای باسە. ئەوە لەبارەی کتێبی (یەك ملیۆن شۆڕش) یش هەر ڕاستە. لەم کتێبەدا، خەڵك کەم کەم دەنگێکی بچوك دەدۆزنەوە کە دەتوانن لەگەڵ ئەودا بوونی خۆیان دەربخەن و نیازەکانیان دەربڕن. ئەم کتێبانە دەبێ بە شێوەی یەك کتێبی گشتگیر سەیریان بکرێت- گشتگیریەك کە هێشتاش بوونی هەیە، هێشتاش جێگای باسە، تا ئێستاش گرنگی هەیە.

لەو ناوەدا، دەبێ ئەوەت لەبیر بێت کە من نووسەرم، کەسێکم کە بەندێك، بەشێك و کتێبێك دەنووسم. ئەم کارە هونەرێکە. من کەسێك نیم کە تەنیا بەیاننامەیەك دەربکات. بۆیە ئەم کتێبانە قۆناغی جۆراوجۆری هونەری من نیشان دەدەن. ناوچەی تاریکی بەرهەمێکی هونەری نائاساییە، ئاوێتەیەکە لە سەفەر و بیرەوەری و خوێندنەوە. (ئێستا یەك ملیۆن شۆڕش) نیشاندەری ئەو دۆزینەوەیەیە کە خەڵکی وڵات گرنگیان هەیە. فۆرمێکی زۆر پڕزەحمەتە، لەم لایەنەوەی کە بە درێژایی خودی سەفەر زۆر شت ڕوودەدەن. ئەگەر نەزانیت چۆن لەگەڵ خەڵك قسە بکەیت، ئەگەر نەزانیت چۆن بیانهێنیتە قسە، کتێبێك لەگۆڕێدا نییە. سود لە دادوەریی و هێزی دیاریکردنی خۆتان وەردەگرن. من سەیری خەڵکی جۆراوجۆر دەکەم، گوێ ڕادەگرم بۆ ئەو شتانەی کە لە بارەی خۆیانەوە بۆم باس دەکەن... ئەزمونی هەر کەسێك سەرنجی تۆ بۆ لای شتێکی تر ڕادەکێشێت و پاشان شتی تریش و بەم شێوەیە. کتێبەکە بە درێژایی خودی سەفەرەکە ڕوودەدات، هەرچەندە کە نووسینەکەی، وەکوهەمیشە، کاتی پێویستە. هەربۆیە، کتێبەکان پارچەی هونەری جۆراوجۆرن. هەمیشە لەبیرت بێت، من هونەرمەندێکم کە لە هونەرەکەی گۆڕانکاری دروست دەکات، بەردەوام هەوڵ دەدەم کارێکی تازە ئەنجام بدەم.

**تجپال- ڕۆزن**

**کاتێ بۆ کتێبە ناچیرۆکەکانت لەگەڵ خەڵك چاوپێکەوتن ئەنجام دەدەیت، ریکۆردەر بەکاردێنیت؟**

ناییۆل

هەرگیز ریکۆردەر بەکار ناهێنم. کارەکە کورتتر دەکاتەوە و کێشەکە بە گشتی وردتر دەکاتەوە، من بەسەر بارودۆخەکەدا زاڵ دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا، هەرچەندە

کەس باوەڕ ناکات، بەڵام هەریەك لە دەقەکانی من لانی زۆر بەروبومی سەعات و نیویێك وتوویژە لەگەڵ کەسێکدا.

**تچپال- رۆزن**

**هەر ئەوەی کەسێکت بینی، وتوویژ دەست پێدەکەیت؟**

نایپۆل

سەرەتا ئەو کەسە دەبینم و قسەی لەگەڵ دەکەم، دواتر داوای یارمەتی دەکەم کە بچمە لای. دەتوانم لە ماوەی نەوەد خولەك دوو هەزار تا سێ هەرزا وشەی لێ دەربکێشم. ئەو دەبینێت من بە دەست دەنووسم و لەسەرخۆ و ئاسایی قسە دەکات، ئەم کارە، لە هەمان کات، وتوویژە و ڕەگەزی گوتاری تێدا دەبێت.

**تچپال- رۆزن**

**لە ناوچەی تاریکی، بڕێکی زۆر تورەیی دەخرێتەروو، هەروەها لە زۆربەی نووسینە رۆژنامەنووسیەکانی تۆ لەبارەی هیند. بەڕای تۆ، تورەیی لە هاودڵی کارسازترە بۆ نووسەر؟**

نایپۆل

حەزناکەم ئەوانە بە رۆژنامەنووسی بزانم. رۆژنامەنووسی هەواڵە، ڕوداوێکە کە ئەمڕۆ گرنگی هەیە. من لەو نووسینانە بەدوای ئەوەم بازدان بدۆزمەوە، ئامانجی کۆمەڵگەکان و کلتورەکان بدۆزمەوە، بە تایبەتی لە هیند. ئەوە جیاوازە لەگەڵ رۆژنامەنووسی. مۆڵەتم بدە قسەکەم ڕاست بکەمەوە، ئەوە کارێك نییە لەتوانای هەموو کەسێکدا بێت. شێواز و سروشتێکی ئاڵۆزتری پێویستە. من پێشبڕکی لەگەڵ رۆژنامەنووسان ناکەم.

**تچپال- رۆزن**

**بەڵام ئایا تورەیی لە هاودڵی پتر بە کەڵك دێت؟**

نایپۆل

پێموانییە تەنیا تورەیی بێت. هەستێکی قووڵە. بەبێ ئەو هەستە قووڵە دەکرێ بڵێم هیچ نووسینێك لەگۆڕێدا نییە، ئەوکاتە دەبێتە ژۆرنالیستی. کاتێ لە قوڵاییەوە کاری تێکردوی، دەزانیت ناتوانیت ئەو هەستە پوختە و ڕوتە دەربېڕیت، بۆ ئەو کارە دەبێ ڕێگایەك بدۆزیتەوە. ئەوە پاڵاوتنی هەستە، هەر ئەوەی کە تۆ ناوی دەنێیت هاودڵی، لەڕاستیدا نووسینەکە دروست دەکات. ئەو دوانە جیاواز نین لەگەڵ یەکتر، هاودڵی لە شتێکەوە سەرچاوەی گرتوە کە تۆ پێی دەڵێی تورەیی. ئەگەر من بووم، ناوم لێ دەنا هەست، هەستی قووڵ. هەست بۆ نووسین پێویستە.

**تجپال- رۆزن**

**دەمەوێت پرسیارێکت لێ بکەم کە لە کاتی خوێندنەوەی ناوچەی تاریکی کەوتە مێشکم. تۆ لەبارەی ئەو بەندە دەنووسیت کە لە بیرکردنەوەی هیندۆکەکان جیهان یەك تەوەهومە، ئەو بیرەی وادیارە زۆر بۆتان سەرنجڕاکێشە و زۆریش دەتانترسێنێت. دەمەوێت بزانم ڕاست تێگەیشتووم یان نا؟**

نایپۆل

پێموایە تەواو تێگەیشتویت. ئەم بیرە هەم سەرنجڕاکێشە و هەم ترسێنەر. خەڵك دەتوانن ئەوە بکەنە بیانوی هەڵچوون. کاتێ بارودۆخەکە بەڕاستی خراپە تەواو شێواوی، ڕەنگە بۆتان ئارامبەخش بێت، لە زەینی خۆت ژورێکت هەبێت و بچیتە ناوی، ژورێك کە جیهان تێیدا تەوەهومێکە. چوونە ناوەوە بۆ ئەو زەینیەتە بۆ من زۆر ئاسانە. پێش ئەوەی دەست بە نووسینی (پێچی روبار) بکەم، چەندین هەفتە لەم بارەدا بووم. بە ڕوونی هەستم دەکرد جیهان تەوەهومێکە، دەمبینی لە بۆشاییدا دەسوڕێتەوە، وەك بڵێ هەموو شتێك لە خەیاڵی من بوو.

**تجپال- رۆزن**

**تۆ چویتە زۆر شوێن- ئێران، هیند، خۆرئاوای ئەفریقا، باشورترین هەرێمەکانی ئەمریکا. هێشتاش حەزت لە سەفەرە؟**

نایپۆل

دەزانی، رۆژ لەدوای رۆژ سەفەر کردنم بۆ سەختتر دەبێت. گرفتەکە ئەوەیە ناتوانم بچمە شوێنێك و لەبارەیەوە نەنووسم. هەست دەکەم ئەو ئەزمونەم لەدەست چوە. جارێك دە رۆژ چومە بەرازیل و هیچم نەنووسی. هەڵبەت بابەتێکم نووسی لەبارەی ئەرژەنتین و دورگەکانی فالکلند، بەڵام ئەو ئەزمونە نەبوە کەڵکەڵەی سەرم، کارم لەسەری نەکرد. هەروا لەقەڵەم دەرچوو. تەمەنم بەخۆڕایی چوو. من حەزم لە پشوو نییە.

**تجپال- رۆزن**

**پێموایە، ئەم ڕستەیە هی (ڤالری)یە، جیهان بۆیە هەیە تا بێتە ناو کتێبێکەوە. تۆش لەگەڵ ئەو ڕایەدایت؟**

نایپۆل

یان لەبارەیەوە بیر بکەنەوە، لێی قوڵ ببنەوە. ئەوکاتەیە کە چێژی لێ وەردەگریت و مانا دەبەخشێت.

**تجپال- رۆزن**

**کتێبی نوێتان، (ئەوبەری ئیمان)، دیسان لەبارەی ئیسلامە کە لە کتێبی (لەگەڵ باوەڕداران) یش باست کردبوو. پێتوانییە وردبینی لایەنگرانی ئیسلام گرفت دروست ناکات بۆ بڵاوبونەوەی ئەم کتێبە؟**

نایپۆل

ڕەنگە خەڵك ڕەخنەم لێ بگرن، بەڵام من زۆر بە وردی هەوڵ دەدەم ڕەخنە لە مەزهەبێك یان ڕەگەزەکانی نەگرم. لەم کتێبەدا کە تەواوی لەبارەی کاریگەریی

مێژوویی و کۆمەڵایەتیەوە قسە دەکەم، هەڵبەت کە هەموو کتێبەکانی نووسەر دەکەوێتە بەر رەخنە، دەبێ هەر واش بێت. وەلێ بیریشت نەچێت ئەو کتێبە لەبارەی بنەماکانی باوەڕییەوە نییە. ئەم قسەیەم دەگەڕێتەوە بۆ ئاماژەی پێشترم ئەوەی کە هەموو نووسینەکانی نووسەرێك بەسەریەکەوە باوەڕپێکراوە: لە کتێبەکانی لێکۆڵینەوەییم، هەوڵم دەدا بۆ گەیشتن بە فۆرمێك کە تێیدا، لەباتی ئەوەی گەشتیار گرنگتر بێت لە خەڵکی خۆجێیی، ئەوە خەڵکە خۆجێییەکەیە گرنگی هەیە. من لەبارەی ئەو خەڵکەوە دەنووسم کە دەیانبینم، لەبارەی ئەزموونەکانیانەوە دەنووسم و ژیار لە رێگای ئەزموونەکانی ئەوانەوە واتا دەکەمەوە. ئەم کتێبە کتێبی ئەزموونەکانی کەسییە، هەربۆیە زۆر دوورە لەوەی کە بەو شێوەیە رەخنەی لێ بگرن کە تۆ باسی دەکەیت، چونکە ناکرێت بگوترێ کە باسی کەموکوڕیەکانی شتێك دەکات. من بەگوێرەی ئەزموونی خۆم شتێکم داڕشتوە. بە مانایەکی تر، دەکرێ زۆر بە سادەیی بڵێین، کتێب چیرۆکە. کتێب گێڕانەوەیە.

**تچپال- رۆزن**

**تا رادەیەکی زۆر وەکو (گەشتێك لە باش"٣٦) و (ئێستاش یەك ملیۆن شۆڕش)؟**

نایپۆل

بەڵێ، سەد لەسەد. ئەم کتێبە ململانێیەکی جیاواز بوو، چونکە من زۆر دیقەت دەکەم فۆرمێك دووبارە نەکەمەوە، لەم کتێبە سێ چیرۆکە هەوڵم داوە هەر یەکیان بە شێوازێکی جیاواز بگێڕمەوە- هەریەك بە شێوەی جیاواز تا خوێنەر هەست بە لێکچوونیان نەکات. حەزم نەدەکرد چیرۆکەکان وەکو یەك دەربچن.

**تچپال- رۆزن**

**کاتێ نووسینی کتێبێك تەواو دەکەیت، مێشکت بەتاڵ دەبێت؟**

نایپۆل

بەڵێ، مێشکم بەتاڵ دەبێت و سەرم سوك دەبێت. ئەو جۆرە کارانە زۆر بە هێواشی بەروپێش دەچن. من کتێبێك دەنووسم و لە کۆتایی کاردا بێتام ماندووم. چاوەکانم نارەحتن، هەست دەکەم خەریکە کوێر دەبم. ئەنگوستەکانم هێندە ئازاریان هەیە کە پلاستەریان لێ دەبەستم. هەموو ئەوانە نیشانەی فیزیکی کاری سەخت لە مندا بوونیان هەیە. دوای ئەوە بەرهەمی هیچ بوونە، بەتاڵیەکی تەواو. لەنۆ مانگی رابردوودا، لەڕاستیدا من بەتاڵ بووم.

**تچپال- رۆزن**

**پێوستە شتێك بتهەژێنێت تا دەست بە نووسین بکەیتەوە؟**

نایپۆل

راستیت بوێت، هەر ئێستا هەست دەکەم هەژاوم. حەزدەکەم کارەکەم دووبارە دەست پێ بکەمەوە.

**تچپال- رۆزن**

**بیرۆکەی تازەت لە مێشکدا هەیە؟**

نایپۆل

من لەو لایەنەوە نائاساییم کە ماوەی کارکردنم درێژ بوە، زۆربەی کەسەکان رابردوویەکی دیاریکراویان هەیە، لە کتێبێك پتر نانووسن. من پەخشان نووسم. یەك کتێبی پەخشان هەزار بیروباوەڕ و فکر لەخۆیدا جێ دەکاتەوە، کارێکی زۆری دەوێت. زۆربەی خەڵك دەیانەوێت کتێبێکی بچوك لەبارەی ژیانی خۆیانەوە بنووسن. کاری من شتێکی تر بووە. هەرچەند زۆرتر بابەتم دەدۆزیەوە بۆ نووسین. ئەگەر توانام هەبوایە، ڕەنگە زۆرتر لەوە دەمنووسی، بەردەوام شتی تریش هەیە بۆ نووسین. بەڵام ئیدی

توانام نییە، لەشم توانای نییە. دەزانی، لەم تەمەنەدا ڕەنگە چەندین ڕۆژ بگوزەرێت و لە ڕووی تەندروستیەوە نەتوانی. خەریکە خراپ پیر دەبم. زۆر درێژە دەکێشێت تا تەندروستیم باشتر ببێت، ژیان و نووسین و بیرکردنەوە مرۆڤ پەکدەخات.

هێندەی پێویست قسەمان نەکرد؟

**تچپال- رۆزن**

**با.**

نایپۆل

پێتوانییە لەم وتووێژەدا کەمێك لە تەمەنم بە خۆڕایی چوبێت؟

**تچپال- رۆزن**

**بە هیچ شێوەیەك، بەڕای من وا نییە.**

نایپۆل

ئەوت خۆشدەوێت؟

**تچپال- رۆزن**

**وەك بڵێی حەزتان لە چاوپێکەوتن نییە؟**

نایپۆل

نەخێر، حەزم لە چاوپێکەوتن نییە، چونکە بەڕای من بیرۆکەکان هێندە بەهادارن ڕەنگە بە قسەکردن بە خۆڕایی لەدەستیان بدەیت، ڕەنگە لەدەستت بچێت.

The Paris Review, 148, Fall 1998

## پەراوێزەکان

١ Tarun Tejpal.

٢ Jonathan Rosen.

٣ Sir Vidiadhar Surajprasad Naipaul.

٤ Chaguanas.

٥ Finding the Center.

٦ Port of Spain.

٧ Miguel Street.

٨ The mystic Masseur.

٩ John Llewelyn Rhys.

١٠ The Suffrge of Elvira.

١١ A Hause of Mr.Biswas.

١٢ Guerrilas.

١٣ A Bend in The River.

١٤ The Enigma of Arrival.

١٥ A way in the World.

١٦ The Middle Passage.

١٧ An Area Of Darkness.

١٨ India:A Wounded Civilization.

١٩ India A Million Mutinees Naw.

٢٠ The Return of Eva Peron.

٢١ The Killings in Trinidad.

[٢٢] Among the Believers:An Islamic Journy.

[٢٣] Beyond Belief.

[٢٤] Evelyn Waugh.

[٢٥] Anthony Pawell.

[٢٦]Sir Walter Raleigh-ئەدیب و شاعیر و دۆزەرەوەی بەریتانی (١٥٥٢-١٦١٨).

[٢٧] The Loss of El Doradoئێل دۆرادۆ هەرێمێکی ئەفسانەییی بوو لەئەمریکای باشوور کە بە هەبوونی کان و گەنجینەی زێڕ و بەردی بەهادار بەناوبانگ بوو، لەسەدەی شانزە و حەڤدە و سەرەتای هەژدەش ببوە ئامانجی گەشتیاران و دۆزەرەوانی ئیسپانی و ئەوروپی. ئێل دۆرادۆ کینایەیە بۆ هەلی زێڕین و هەر هەرێمێك کە بە زێڕ یان شتی تر دەوڵەمەند بێت.

[٢٨] Francisco de Mirandaنیشتیمانپەروەری فەنزوێلی،لە شۆڕشی ئەمریکای باشورکاریگەریەکی فرەی هەبوو بە ناڕاستەوخۆ،(١٧٥٠-١٨١٦)

[٢٩] Etruria.

[٣٠] Paradise Lost-کتێبی شیعری حەماسی مەسیحی، جان میلتن(١٦٠٨-١٦٧٤)شاعیر و پەخشاننوسی ناوداری بەریتانی.

[٣١] Shyam Bengal.

[٣٢] Picaresque novelڕۆمانی پیکارسك، یەکێك لە شێوازەکانی ڕۆمانە سەرەتاییەکانە بە گشتی باسی سەرەتای مرۆڤ و لەبارەی بەسەرهاتەکانی کەسێکی مرۆڤکوژ لە چینێکی ژێردەستە دەکات لە هەوڵی دابینکردنی ژیان

دەگەڕێت و لە کۆمەڵگەیەکەوە بەرەو کۆمەڵگەیەکی تر دەڕوات. زۆربەی لە لای چەندین ئاغا خزمەت دەکات، بەڵام لە کۆتاییدا هەست بە هەڵەکانی خۆی دەکات و تۆبە دەکات، یەکەمین ڕۆمانی پیکارسك بەناونیشانی لازاریللۆ ترۆمس(١٥٥٤) نووسراوە لە ئیسپانیا و نووسەرەکەشی نەناسراوە، تەنزە سەیرەکەی ئەو کتێبە وای کردوە کە ببێتە یەکێك لە خۆشەویسترین کتێبەکانی سەردەمی خۆی، لازاریللۆ ترۆمس لە کۆتایی سەدەی شانزەم وەرگێڕدراوەتە سەر چەندین زمانی ئەوروپایی .

٣٣ New Statesman.

٣٤ Calypso سەما، یان ئەو گۆرانیەی کە لە وڵاتانی هەرێمی دەریای کارائیبی باوە .

٣٥ Derek Walcott

٣٦ A Turn in the South.



خۆزێ ساراماگۆ

## ئەدەبیات ژمارەی دانیشتوانی جیهان زیاد دەکات!

### وتووێژ لەگەڵ خۆزێ ساراماگۆ
### دوونزلینا بارۆسو

له هەشتی ئۆکتۆبەری ١٩٩٨، خۆزێ ساراماگۆ، دوای چەندین ساڵ کە لە لیستی تایبەت و کورتی نۆبڵی ئەدەبیات بوو. ئەو خەڵاتەی بەدەست هێنا. ئەو یەکەمین پورتوگالییە براوەی نۆبڵی ئەدەبیات بێت، کاتێ بیروڕایان پرسی لەبارەی وەرگرتنی ئەو خەڵاتە، گوتی: (من ئەرکی نۆبڵ وەکو براوەی پێشبڕکێی شاجوانی بەئەستۆ ناگرم کە دەبێ ئەو لە هەموو شوێنێك نیشان بدەن... مەیلی شانازییەکی وام نییە، ناشتوانم ببم.)

خۆزێ ساراماگۆ لە ١٩٢٢ لە خێزانێکی هەژاری کرێکاری کشتوکاڵی لە پارێزگای ریباتێو١ لە دایك بووە کە لە ناوەڕاستی پەرتوگالدایە، تەمەنی دوو ساڵ بووە کە خێزانەکەی گواستیانەوە بۆ لیسبۆن و باوکی لەوێ بووە پۆلیس. لە ساڵەکانی نەوجەونیدا، بەهۆی گرفتی ئابوری وازی لە خوێندی دواناوەندی هێنا و ڕوی کردە خوێندنی پیشەسازی. دواتر پێش ئەوەی هەموو کاتەکەی خەریکی نووسین بێت، خەریکی کاری جۆراوجۆر بوو، لەوانە فیتەری.

ساراماگۆ لە ١٩٤٧، لە تەمەنی بیست و چوار ساڵێدا یەکەمین ڕۆمانی خۆی بەناونیشانی (وڵاتی گوناه)٢ بڵاوکردەوە، ناونیشانی یەکەمی ئەو کتێبە (بێوەژن)

بوو، دەزگای بڵاوکردنەوەکە ناوەکەی گۆڕی، بەهیوای ئەوەی کاریگەری هەبێت لەسەر فرۆشی کتێبەکە (ساراماگۆ پاشان خۆی دەڵێت، لەو تەمەنەدا نە لە بارەی بێوەژنەکان هیچی دەزانی و نە لە بارەی گوناه) تا نۆزدە ساڵ دوای ئەوە هیچ نووسینی تر بڵاونەبوەوە. لە ١٩٦٦ یەکەمین کۆمەڵە شیعری بەناونیشانی (شیعرە مومکینەکان)[٣] بڵاوکرایەوە. و لە ١٩٧٧ ڕۆمانێکی تری بەناوی بنەماکانی شێوەکاری و خۆشنووسی[٤] بڵاوکردەوە، لە ماوەی دوو دەیەی ١٩٦٠ و ١٩٧٠ خەریکی ڕۆژنامەنووسی بووە. و ماوەیەکی کورت جێگری سەرنووسەری بڵاوکراوەیەك بووە. لە سەردەمی زۆر هەژاریدا بە وەرگێڕان لە زمانی فەرەنسییەوە گوزەرانی ژیانی خۆی دابین کردووە. لە ساڵی ١٩٦٩، پەیوەندی کرد بە حزبی کۆمۆنیستی پورتوگال و تا ئێستاش ئەندامی وەفاداری ئەو حزبەیە. نووسینەکانی ئەو بە شێوەیەکی ئاڵۆز ئاوێتەی شیکردنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسیە.

بە بڵاوبوونەوەی (لە زەمین هەڵساو)[٨] لە ساڵی ١٩٨٠، کەلە دوای شۆڕشی ١٩٧٤ی پورتوگال نووسرابوو، لە ئاکامدا ساراماگۆ وەکو ڕۆماننووس شوێنی خۆی گرت. ئەو ڕۆمانە، چیرۆکی سێ نەوەی کرێکارانی کشتوکاڵی هەرێمی ئالنتێۆی[٩] پرتوگالە. پێشوازییەکی فراوانی لێکراو خەڵاتی شاری لیسبۆنیشی وەرگرت. بڵاوبوونەوەی بالتازار و بلیموندا[١٠] لە ١٩٨٢ ناوبانگی جیهانی بۆ ساراماگۆ هێنا. ئەوە یەکەمین ڕۆمانی ساراماگۆ بوو کە لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا چاپ کرا (١٩٨٧). ڕۆمانی دواتری ساراماگۆ ساڵی مردنی ریکاردۆ ریس[١١] خەڵاتی ئەنجومەنی قەڵەمی پورتوگال و خەڵاتی سەربەخۆی چیرۆکی بیانی بەریتانیای بەدەست هێنا. سەرکەوتنی ئەو لەگەڵ بڵاوکردنەوەی (بەلەمی بەردین)[١٢] بەردەوام بوو، ڕەخنەیەك تێکەڵ بە خەیاڵکردن لە هەوڵی ئەوروپا بۆ جەخت کردنەوە لەسەر

ئەوروپایی بوونی خۆی. لەم چیرۆکەدا نیوەدورگەی ئیبری لە ئەوروپا جیادەبێتەوە بەدوای ڕیشەی ئەمریکای لاتین و ئەفریقایی خۆیدا دەکەوێتە جوڵە و گەڕان لە ئۆقیانووسی ئەتڵەسیدا. لە ١٩٨٩، مێژووی گەمارۆی لیسبۆن[١٣] بڵاو بووەوە. ساراماگۆ بەم دواییە لە وتارێکدا ئاشکرای کرد کە قارەمانی ئەو چیرۆکە تارادەیەکی زۆر لە خۆی دەچێت، ڕیمۆندۆ سیلڤا نموونە خوێنێکی دورەپەرێز و کامڵە کە حەز لە سەرۆکەکەی دەکات، سەرنووسەرێکی جوان و سەرنجراکێشتر لە خۆی کە لە ژیانی ڕۆژانەی سۆزداری ڕزگاری دەکات، ئەو ڕۆمانەش (وەکو هەموو کتێبەکانی دواتری ساراماگۆ پێشکەش کراوە بە هاوسەرەکەی) واتا ڕۆژنامەنووسی ئیسپانی پیلادیل ڕیۆ[١٣]، کە ساراماگۆ لە ساڵی ١٩٨٨دا زەماوەندی لەگەڵ کردووە.

لە ساڵی ١٩٩١ ئینجیل بە ڕیوایەتی عیسا مەسیح[١٤] بڵاو بووەوە و خەڵاتی یەکێتی نووسەرانی پورتوگالی بردەوە، بوە پاڵێوراوی خەڵاتی ئارسیتۆ[١٥] (پێشبڕکێی ئەکادیمی یەکێتی ئەوروپا). بەڵام حکومەتی پورتوگال، لە ژێر گوشاری هەندێ کەسی خۆپارێز و کڵێسای کاسۆلیك، نەیانهێشت ئەو کتێبە بەشداری لەو پێشبڕکێیەدا بکات.

ساراماگۆ بە شکۆوە دەڵێت: (هەر ویژدان نەبوو شتێکی وا لە کاتێکدا ڕوبدات کە دیموکراسی ئیتر بەتەواوی لە پورتوگال بەرقەرار ببوو، مەگەر حکومەتێك هەیە بتوانێت ئەم کارە زاڵمانەیە ئەنجام بدات؟ بۆ من زۆر ئازاردەر بوو.)

ساراماگۆ و هاوسەرەکەی کەمێك دوای ئەو ڕوداوە لیسبۆنیان بەجێهێشت - هەرچەندە زۆربەی تەمەنی ئەو لەو شارەدا بەسەرچووبوو- چوونە دورگەی لانزاروتە[١٦] لە دوورگە کەناریەکانی ئیسپانیا، ئێستاش لەگەڵ سێ سەگیان {سەگێکی ڕاو دووسەگی ئاسایی (کاسۆس، پپە، گریتا)} لە ماڵیکدا دەژین کە لە تەنیشت ژنخوشکەکەی دروستیان کردەوە، ساراماگۆ دوای گواستنەوە بۆ لانزاروتە

دوو ڕۆمانی بڵاوکردۆتەوە: (کوێری[ی])١٧ چیرۆکێکی ترسناك لە بارەی گێلی مرۆڤی مۆدێرن و تواناکانی لە لەناوبردنی هاوجۆرەکەی (هەموو ناوەکا[ن])١٨ و هەروەها پێنج بەرگ لە (بیرەوەری لانزاروت[ه])١٩.

ئەم وتووێژە لە دوای نیوەڕۆیەکی گەرمی مارسی ١٩٩٧ لە ماڵەکەی ئەو لە لانزاروتە ئەنجامدرا (ئەوکاتە قۆناغی وەرگرتنی ناسنامەی شانازی ئەو دورگەیەی تێدەپەڕاند) هاوسەرەکەی، بەخێرایی ئەنجامدانی ئەم چاوپێکەوتنەی بۆڕێکخستین. ژووری کاری ساراماگۆ، ژوورێکی لاکێشە و ڕێکوپێك، بە ڕیز کتێب دانرابوو لەناو کتێبخانەکەدا. لە ناوەندی ژوورەکە مێزێکی گەورە بە کۆمپیوتەرێکەوە کە خۆی دەڵێ (ئامێرێکی بێ وێنەیە). لە قاتی دووەم خەریك بوون ژورێکی گەورەتر دروست بکەن- کە دیوارەکانی سەرتاسەر پەنجەرەبوو و دیمەنی پوێرتو دل کارم[نه]٢٠، دورگەی فوێر تاوینت[یر]٢١ لە هەمان نزیکی، کەنار و ئاسمانی شینی لانزاروتەی لێوە دیاربوو. وتووێژی ئێمە کە هەندێك جار بەدەنگەدەنگی کرێکارەکان دەوستاو دەنگی وەڕینی سەگەکان کە هاوسەرەکەی پیلار زنجیریانی لە دەست گرتبوو بەولاوبەملایدا دەیکێشا. تایبەتمەندی گرنگی ئەم وتووێژە قۆشمەچیەتی هۆشیارانەی ساراماگۆ بوو، هەروەها هەوڵەکانی بۆ ئەوەی میوانەکەی هەست بە ئیسراحەت بکات- لەکاتی وتووێژدا زۆربەی بە (ئازیزی من) بانگی دەکردم، بەم شێوەیە توانا و هێزی پێ دەبەخشیم.

**دونزلینا بارۆسۆ**

**غەریبیی لیسبۆنتان نەکردووە؟**

ساراماگۆ

مەسەلە تەنیا ئەوە نیە غەریبی لیسبۆن بکەم یا غەریبی نەکەم، ئەگەر غەریبی، شاعیر گوتەنی، هەستێك بێت- هەستێکی لەرزین کە لە پشتمدا هەست بکەم- بەو شێوەیە، ڕاستیت بوێت، من هەستم بەو لەرزینە نەکردووە.

بەیادی لیسبۆنم، ئێمە لە لیسبۆن هاوڕێی زۆرمان هەیە، هەندێ جار دەچینەوە ئەوێ، بەڵام ئێستا نازانم لە لیسبۆن بچمە کوێ، ئیدی نازانم چی بکەم، هەڵبەت کە چەند ڕۆژێك دەچمەوە ئەوێ، کاتێ یەك دوو هەفتەیەك لەوێ بمێنمەوە، دەگەڕێمەوە سەر سروشتی کۆنم، بەڵام بەردەوام لەو بیرە دام زوتر بگەڕێمەوە ئێرە، من ئێرە و خەڵکەکەیم خۆش دەوێت، لێرە دەژیم، پێموانییە هیچ کات لێرە بڕۆم، هەڵبەت دوودڵیش نیم لەوەی کە دەڕۆم، هەرچی بێت، هەمومان ڕۆژێك بەناچاری دەڕۆین، بەڵام من تەنیا بە پێچەوانەی حەزم لێرە دەڕۆم.

**دونزلینا بارۆسۆ**

**تۆ هاتیە لانزاروتە و لەو ژینگەیە دووركەوتیتەوە كە ئەو هەموو ساڵە تێیدا ژیایت و کتێبت لەبارەیەوە نووسیوە، یەکسەر لەگەڵ ئێرە ڕاهاتی یانیش غەریبی شوێنی کاری پێشترتان دەکرد؟**

ساراماگۆ

زۆر بە ئاسانی ڕاهاتم، پێموایە من لەو جۆرە کەسانەم کە ژیان ئاڵۆز ناکەن.

لە ژیاندا هیچ کات مەسەلەکانم گەورە نەکردووە، چ ئەو شتە باشانەی ڕوویداوە و چ شتی خراپ، ساتەکانم دەگوزەرێنم، هەڵبەت ئەگەر غەمگین بم، غەمگینم، بەڵام هەرگیز... با جۆرێکی تر بڵێم: بەدوای ئەو ڕێگایانەوە نیم سەرنجراکێشم بکەن.

ئێستا خەریکم کتێبێك دەنووسم، بۆ من زۆر خۆشترە لەگەڵ تۆ لە بارەی ئازارێك قسەبکەم کە بەرگەی دەگرم. لەبارەی زەحمەتی دروستکردنی کەسایەتیەکان جیاوازییە وردەکانی چیرۆکی ئاڵۆز. دەمەوێت بڵێم ئەو کارەی ناچارم ئەنجامی بدەم تا ئەوەی بتوانم بە شێوەی ئاسایی ئەنجامی دەدەم. نووسین بۆ من پیشەیەکە، ئەوکارە لە نووسین جیا ناکەمەوە، وەکو دوو شت هیچ پەیوەندیەکیان بەیەکەوە نەبێت، وشەکان بەدواییەکدا ڕیز دەکەم. یان لە بەرانبەر یەکتری، تا چیرۆکێك بنووسم، تاشتێك بنووسم کەبەڕای من گرنگ و سوود بەخشە. یان لانی کەم بۆ خۆم گرنگ و سوود بەخشە، من ئەو کارە بە پیشەی خۆم دەزانم.

**دونزلینا بارِوسۆ**

**چۆن کاردەکەیت؟ هەموو ڕۆژێك دەنووسی؟**

ساراماگۆ

کاتێ خەریکی کارێکم کە پێویستی بە بەردەوامی هەیە، وەکو نووسینی ڕۆمان، هەموو ڕۆژێك دەنووسم. هەڵبەتە ڕەنگە لە ماڵدا چەندین جار کارەکەم بوەستێت، یان بەهۆی سەفەرەوە، یان شتی لەم بابەتە، زۆر ڕێکوپێك کار دەکەم. زۆر دیسپیلنم هەیە، خۆم ناچار ناکەم چەند سەعاتێکی دیاریکراو لە ڕۆژدا کار بکەم، بەڵام دەبێ ڕۆژانە بەشێك بنووسم کە تێکڕا دوو لاپەڕە بێت، ئەمڕۆ بەیانی دوو لاپەڕەی ڕۆمانێکی نوێم نووسی سبەینێ دوو لاپەڕەی تر دەنووسم، ڕەنگە بەڕای تۆ دوو لاپەڕە لە ڕۆژدا هێندە زۆر نەبێت، بەڵام کارەکانی تریش هەن نووسینی شتی تر، وەڵام دانەوەی نامەکان،

له‌لایه‌كی تر دوولاپه‌ڕه‌ی ڕۆژانه‌، ده‌بێته‌ هه‌شت سه‌د لاپه‌ڕه‌ له‌ ساڵدا.

له‌ كۆتاییدا زۆر ئاساییم، ئه‌خلاقی سه‌یرو سه‌مه‌ره‌م نییه‌، مه‌سه‌له‌كان گه‌وره‌ ناكه‌م، له‌ هه‌مووی گرنگتر، كاری نووسین به‌ گه‌وره‌یی نیشان ناده‌م. قسه‌ ناكه‌م له‌باره‌ی دروستكردنی ئازار. له‌ كاغه‌زی سپی ناترسم، مه‌به‌ستم هه‌مان له‌مپه‌ر و وه‌ستانه‌ كه‌ نووسه‌ران له‌باره‌یه‌وه‌ قسه‌ ده‌كه‌ن، هه‌موو ئه‌و شتانه‌ی له‌باره‌ی نووسه‌ران ده‌یبیستین، له‌و جۆره‌ گرفتانه‌م نییه‌، به‌ڵام منیش وه‌كو هه‌ر كه‌سێكی تر كه‌ كارێك ده‌كات، گرفتم هه‌یه‌، هه‌ندێ جار نووسینه‌كه‌م وه‌ك ئه‌وه‌ نابێت خۆم ده‌مه‌وێت، یان هه‌ر ده‌رناچێت، كاتێ كه‌ ئه‌وه‌ی ده‌ینووسم وه‌كو حه‌زی خۆم ده‌رناچێت، ناچارم ڕازی ببم، به‌وه‌ی كه‌ هه‌یه‌.

## دونزلینا باروسۆ

### ڕاسته‌وخۆ به‌ كۆمپیوته‌ر ده‌نووسیت؟

سارا ماگۆ

به‌ڵێ، دوایین كتێب كه‌ به‌ ئامێری تایپی كۆن چاپم كرد (مێژووی گه‌مارۆی لیسبۆن)بوو. ڕاستیت بوێت، بێ هیچ گرفتێك له‌گه‌ڵ كیبۆردی كۆمپیوته‌ره‌كه‌ ڕاهاتم. به‌پێچه‌وانه‌ی ئه‌وه‌ی زۆرجار له‌باره‌ی كاریگه‌ری خراپی كۆمپیوته‌ر قسه‌ ده‌كرێت به‌سه‌ر شێوازی نووسه‌ردا، به‌ڕای من كاریگه‌ری خراپی نییه‌، ئه‌گه‌ر وه‌كو من سودی لێ وه‌ربگرن- واته‌ وه‌كو ئامێری تایپ كردن- ئه‌و كاریگه‌ره‌ خراپه‌ كه‌متره‌، ئه‌وكاره‌ی من به‌ كۆمپیوته‌ر ئه‌نجامی ده‌ده‌م، هه‌ر ئه‌و كاره‌یه‌ كه‌ ئه‌گه‌ر هێشتا ئامێری تایپم هه‌بوایه‌ ئه‌نجامم ده‌دا، ته‌نیا جیاوازی ئه‌وه‌یه‌ پاكتر و، ئاسانتر و خێراتره‌. له‌ هه‌موو لایه‌نێك باشتره‌، كۆمپیوته‌ر هیچ كاریگه‌ریه‌كی خراپی له‌سه‌ر نووسینی من نییه‌. وه‌ك ئه‌وه‌یه‌ بڵێم، گواستنه‌وه‌ له‌ نووسین به‌ده‌ست بۆ نووسین به‌

ئامێری چاپ کاریگەری خراپ دەکاتە سەر شێوازی نووسین، پێم وانیە مەسەلە ئەوەبێت. ئەگەر کەسێك بۆ خۆی شێواز و دەستەواژەی هەبێت، چۆن دەکرێ بە کۆمپیوتەر ئەوانە بگۆڕێت؟

بەهەرحاڵ، هێشتا پەیوەندییەکی توندم لەگەڵ کاغەزدا هەیە- و ئاساییشە- لەگەڵ کاغەز، کاغەزی چاپ کراو. دوای نووسینی هەر لاپەڕەیەك، بەردەوام چاپی دەکەم، بەبێ لاپەڕەی چاپکراو هەست دەکەم...

**دونزلینا باروسۆ**

**بەڵگەی بەرجەستەت پێویستە.**

ساراماگۆ

بەڵێ، وایە.

**دونزلینا باروسۆ**

**دوای ئەوەی ئەو دوو لاپەڕەیەت ڕۆژانە تەواوکرد هیچ گۆڕانکاریەك لە دەقەکەدا دەکەیت؟**

ساراماگۆ

که دەگەمە کۆتایی نووسینەکە، هەموو دەقەکە دەخوێنمەوە، بەگشتی لەم قۆناغەدا گۆڕانکاری تێدا دەکەم-گۆڕانکاری کەم، لەبارەی گۆڕانکاری تایبەت یان لە شێوازدا، یان گۆڕانکارییەك بۆ زیادکردنی دیقەتی دەق- بەڵام ئەو گۆڕانکاریە گشتی نییە، نزیکەی نەوەد لەسەدی دەقەکە هەر ئەوەیە کە دەستنووسی یەکەمە و خستومەتە سەرکاغەز و هەر وەکو خۆی دەمێنێتەوە، وەکو هەندێك نووسەر پوختەیەك نانووسم لە بیست لاپەڕەدا و دواتر بیکەم بە هەشتا و دواتر بە دووسەد و پەنجا لاپەڕە. کارێکی واناکەم. کتێبەکانی من بە شێوەی کتێب دەست پێدەکەن و بەهەمان شێوەش گەشە دەکەن، ئێستا سەد و سی و دوو لاپەڕەم نووسیوە لەو

ڕۆمانە نوێیەمدا، هەوڵ نادەم بیکەم بە سەدووهەشتا لاپەڕە، ئەو لاپەڕانە هەر ئەوەن کە هەیە، لەوانەیە گۆڕانکاریەك تێیدا ڕوبدات، بەڵام نەك گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی کە شێوەکەی تەواو بگۆڕێت، چ لەلایەن قەبارە و چ لەلایەن ناوەڕۆکەوە. ئەو گۆڕانکاریانە هەر ئەوانەن کە بۆ باشتربوونی نووسینەکە پێویستە، نەك زیاتر.

**دونزلینا باروسۆ**

**کەوایە نووسینەکە بە بیرۆکەیەکی دیاریکراوەوە دەست پێدەکەیت؟**

ساراماگۆ

بەڵێ، من وێناکردنێکی ڕوونم هەیە، لەوەی کە دەمەوێ بچمە کوێ و بۆ گەیشتن بەو خاڵە دەبێ لە کوێوە تێپەڕم، بەڵام هیچ کات بەرنامەی وشك و ڕەق لە گۆڕێدا نییە، لە کۆتاییدا، هەمان ئەو شتە دەڵێم کە دەمەوێت بیڵێم، بەڵام بۆ گەیشتن بەم ئامانجە نەرمی دەنوێنم. بۆ ڕوونکردنەوە بە زۆری لەم پێوانەیە سوود وەردەگرم: من دەزانم دەمەوێت لە لیسبۆن بچمە پورتۆ٢٢، بەڵام نازانم ڕێگای ئەو سەفەرەم ڕاستەوخۆ دەبێت یان نا، تەنانەت لەوانە لە کاستلو برانکۆ٢٣ تێپەڕم، کە وادیارە قسەی قۆڕە چونکە کاستلو برانکۆ لەناوخۆی وڵاتە-لەنزیك سنووری ئیسپانیا- و لسیبۆن و پۆرتو هەردووکیان لە کەناری ئۆقیانووسی ئەتڵەسین.

مەبەستم ئەوەیە کە لە سەفەر لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر، ڕێگاکەم بەردەوام پڕ پێچاوپێچە، چونکە دەبێت لەگەڵ تەکامولی چیرۆك هاوڕێ بێت، ڕەنگە لێرە یان لەوێ شتێکی پێویست بێت کە پێشتر پێویستی نەبووە. چیرۆك دەبێ ئاگاداری زەرورەتی ساتە تایبەتەکان بێت، بەواتایەکی تر، هیچ شتێك لە پێشدا دیاری نەکراوە، ئەگەر چیرۆکێك پێشتر دیاری کرابێت- تەنانەت ئەگەر کارێکی وا، تا بچوکترین بەشی کە دەبێ بنووسرێت، مومکین بێت- لەوکاتەدا، ئەو نووسینە بە تەواوی ناسەرکەوتوو دەبێت، کتێبێکی وا ناچارە پێش ئەوەی دروست ببێت، هەبێت، بەڵام کتێب کەم

کەم دروست دەبێت. ئەگەر بڕیار بێت کارێك بکەین، کتێبێك بەزۆر پێش ئەوەی خۆی دروست بێت، هەبێت، ئەوکاتە کارەکەم پێچەوانەی ماهیەتی دروستبوونی چیرۆکەکەیە کە دەگێڕدرێتەوە.

**دونزلینا باڕوسۆ**

**هەمیشە هەر بەو شێوەیە نووسیوتە؟**

ساراماگۆ

بەردەوام هیچ کات شێوەی ترم بۆ نووسین نەبووە، پێموایە ئەو شێوە نووسینە توانای ئەوەی پێ بەخشیوم- هەڵبەت ئەوە تەنیا ڕای خۆمە- کە نووسینێك دروست بکەم بە پێکهاتەی توندو بنەڕەتی.

لە کتێبەکانی من، هەر ساتێك کە ڕادەبوورێت، ئەوەی ڕویداوە دەژمێررێت، کاتێ کەسێك بینایەك دروست دەکات، ناچار لە نێوان مەتەریالەکانیدا هاوسەنگی دروست بکات، تا هەموو بیناکە دانەڕمێت، کتێبیش ڕێك هەر بەم شێوەیە تەواو دەبێت، بەدوای لۆژیکی خۆیدا دەگەڕێت، نەك ئەو دروستکردنەی کە پێشتر بۆی دیاریکراوە.

**دونزلینا باڕوسۆ**

**کەسایەتیەکان چی؟ تا ئێستا بووە سەرت سوڕ بمێنێت لەو کارانەی کە دەیکەن؟**

ساراماگۆ

من باوڕم وانییە هەندێ لە کەسایەتی چیرۆکەکان ژیانی خۆیانیان هەبێت و نووسەر بەدوایاندا بچێت، نووسەر دەبێ ئاگادار بێت و کەسایەتی چیرۆکەکە ناچار نەکات کارێك بکات دژی لۆژیکی کەسایەتی ئەو، بەڵام کەسایەتی چیرۆك سەربەخۆ نییە. ئەسیری دەستی نووسەرە، ئەسیری دەستی من، بەڵام بە شێوەیەك کە نازانێت

ئه‌سیره. که‌سایه‌تیه‌کان به داوێکه‌وه به‌ستراونه‌ته‌وه، به‌ڵام ئه‌و داوانه شلن! ئه‌م که‌سایه‌تیانه دووچاری ته‌وه‌هومی ئازادی و سه‌ربه‌خۆیین، به‌ڵام ناتوانن بچنه هیچ شوێنێك ئه‌گه‌ر من نه‌مه‌وێت، کاتێ ڕوداوێکی له‌م شێوه‌یه ڕووده‌دات، نووسه‌ر ده‌بێت داوه‌که ڕاکێشێت و بڵێت: (ئاگاداربن، لێره منم سه‌رۆك)

چیرۆك له‌و که‌سایه‌تیانه جیانابێته‌وه که تێیدا ده‌رده‌که‌ون، هۆی بوونی که‌سایه‌تیه‌کان خزمه‌تکردنی پێکهاته‌یه‌که که نووسه‌ر ده‌یه‌وێت خه‌ڵقی بکات، کاتێ که‌سایه‌تیه‌ك دێنمه ناو چیرۆکه‌وه، ده‌زانم پێویستمان به‌و که‌سایه‌تیه و ئه‌و شته هه‌یه که له‌ومان ده‌وێت، به‌ڵام ئه‌و که‌سایه‌تیه هێشتا کامڵ نه‌بوه. خه‌ریکه کامڵ ده‌بێت، منم ئه‌و که‌سایه‌تیه کامڵ ده‌که‌م، به‌مانایه‌کی چۆنایه‌تی خودسازی ئه‌و که‌سایه‌تیه‌شه که من له‌گه‌ڵیدا ده‌ڕۆم، واته من ناتوانم ئه‌و که‌سایه‌تیه به پێچه‌وانه‌ی خۆی کامڵ بکه‌م، ده‌بێ ئاگاداری ئه‌و که‌سایه‌تیه بم، ئه‌گینا کارگه‌لێك ده‌کات که له توانای ئه‌ودا نییه، بۆ نموونه من ناتوانم که‌سایه‌تی ناچار بکه‌م تاوانێك ئه‌نجام بدات که له‌گه‌ڵ لۆژیکی ئه‌و که‌سایه‌تیه‌دا یه‌ك ناگرێته‌وه- به‌بێ ئامانجی پێویست، بۆ ئاراسته‌کردنی ئه‌و کاره له‌لایه‌ن خوێنه‌ر زه‌رورییه، لۆژیکی نایه‌ته به‌رچاو. نموونه‌تان بۆ دێنمه‌وه، بالتازار و بلیمۆندا چیرۆکێکی عاشقانه‌یه، له ڕاستیدا ئه‌گه‌ر به خۆهه‌ڵکێشان نه‌زانرێت، چیرۆکێکی عاشقانه‌ی جوانیشه، به‌ڵام له کۆتایی کتێب بوو که تێگه‌یشتم چیرۆکێکی عاشقانه‌م نووسیوه به‌بێ ئه‌وه‌ی سودم له وشه‌ی عاشقانه وه‌رگرتبێت، نه بالتازار و نه بلێمۆندا ئه‌و قسانه ناکه‌ن که به‌ڕای ئێمه عاشقانه‌ن، ڕه‌نگه خوێنه‌ر وابزانێت ئه‌و کاره پێشتر به‌رنامه‌ڕێژی بۆ کراوه، به‌ڵام وا نه‌بوو، خودی خۆم پێش هه‌موو که‌سێك سه‌رم سوڕما، بیرم کرده‌وه چۆن شتێکی واده‌بێت؟ من چیرۆکێکی عاشقانه‌م نووسیوه به‌بێ یه‌ك دیالۆگی عاشقانه‌ش! گریمان له‌داهاتوو،

لەکاتی نوێکردنەوەی چاپ، هەوڵبدەین دیالۆگی ئەو دووکەسایەتیە بگۆڕین و لێرەو لەوێ وشەی عاشقانەی بۆ زیاد بکەین: بەو کارە، ئەو دووکەسایەتیە بە تەواوی دەڕوشێن. بەڕای من، خوێنەر تەنانەت بەبێ ئاشنایی لەگەڵ کتێبەکەش لەم شێوەیەدا هەست بەوە دەکات لە شوێنێکدا لەنگیی هەیە. چۆن دەبێت ئەو کەسایەتیانە، کە لە لاپەڕەی یەکەمەوە پێکەوە بوون لەنکاو لەلاپەڕەی دووسەدوپەنجا بەیەکتر بڵێن: (خۆشم دەوێیت)؟

مەبەستم لە ئاگاداربوونی توندی کەسایەتی هەر ئەوەیە: ناچارنەکردنی ئەو بە ئەنجامدانی چەند کارێك کە لە دەرەوەی کەسایەتی ئەودایە، بەدەر لە دەروونناسی ناخی ئەو، واتە هەمان کەسی کە هەیە، چونکە کەسایەتی ڕۆمان بۆ خۆی مرۆڤێکە: ناتاشا لە (شەڕ و ئاشتی)دا مرۆڤێکە، ڕاسکلنیف لە (تاوان و سزا)دا مرۆڤێکە، ژولین لە (سور و ڕەش)دا مرۆڤێکە، ئەدەبیات دانیشتوانی جیهان زیاد دەکات! لە زەینی ئێمەدا. ئەو سێ کەسایەتییە، شتێك نین بەدەست هەست پێبکرێن و بوونیان هەبێت، تەنیا پێکهاتەی وشەیی نین لە کۆمەڵە لاپەڕەیەك کە پێی دەگوترێت کتێب، لە زەینی ئێمەدا مرۆڤی ڕاستەقینەن، پێموایە ئەوە خەونی هەر ڕۆماننووسێکە کە یەکێك لە کەسایەتیەکانی بۆ خۆی ببێتە (مرۆڤێك).

دونزلینا باروسۆ

## حەز دەکەن کام لە کەسایەتیەکانت بۆ خۆیان ببنە (مرۆڤ) ێك؟

ساراماگۆ

ڕەنگە ئەو قسەیە جەسورانە بژمێردرێت، بەڵام ڕاستیت بوێت، هەست دەکەم کەسایەتیەکانم- لە شێوەکار(ئێچ) لە (بنەماکانی شێوەکاری و خۆشنووسیدا) تا سنیۆر ژوزە لە (هەموو ناوەکان) هەموویان بۆ خۆیان کەسێکن، پێموایە، هۆیەکەشی ئەوەیە کە هیچ کام لە کەسایەتیەکانی من، کۆپی یان چاولێکەری کەسێکی واقیعی

نین، تاك تاكی ئه‌وانه خۆیان زیاد ده‌كه‌ن بۆ ئه‌و جیهانه تا تێیدا بژین، ئه‌وان بوونه‌وه‌ری چیرۆكن كه ته‌نیا له‌شێكی مادیان كه‌مه، من ئه‌وانه واده‌بینم، به‌ڵام ده‌زانین كه نووسه‌ران تاوانبارن به‌لایه‌نگری...

**دونزلینا بارۆسۆ**

**كه‌سایه‌تی هاوسه‌ری دكتۆر له ڕۆمانی (كوێریی) بۆ من كه‌سێكی زۆر تایبه‌ته، وێنه‌یه‌كی تایبه‌تم له مێشكدایه بۆ ئه‌و، هه‌روه‌ها هه‌موو كه‌سایه‌تیه‌كانی (كوێریی) هه‌ر چه‌نده هیچ ده‌سپێكردنی ساده‌ش له باره‌یانه‌وه له چیرۆكه‌كه‌دا نییه.**

ساراماگۆ

خۆشحاڵم به‌وه‌ی كه تۆ وێنه‌یه‌كی وردت له‌باره‌ی ئه‌و له مێشكتدا هه‌یه، بێگومان ئه‌نجامی وه‌سپكردنی فیزیكی ئه‌و نییه، چونكه شتێكی وا له ڕۆماندا نیه، پێموانیه شێوه‌ی لووت یان چه‌ناگه‌ی كه‌سایه‌تیه‌ك به‌های وه‌سپكردنی هه‌بێت، به‌لای منه‌وه خوێنه‌ر ئه‌وه‌ی لا باشه كه كه‌سایه‌تییه‌كه ورده ورده له زه‌ینی خۆدا دروست بكات، هه‌ر ئه‌وه‌یه كه نووسه‌ر ئه‌و به‌شه‌ی كاره‌كه بۆ خوێنه‌ر به‌جێ دێڵێت.

**دونزلینا بارۆسۆ**

**بیرۆكه‌ی ڕۆمانی (كوێریی) چۆن پێكهات؟**

ساراماگۆ

وه‌كو هه‌موو ڕۆمانه‌كانم، كوێریی له بیرۆكه‌یه‌كه‌وه پێكهات كه له‌نكاو به مێشكمدا هات. (دڵنیا نیم ئه‌وه باشترین شێواز بێت، به‌ڵام شێوازی باشتریش نازانم) له خواردنگه چاوه‌ڕوان بووم خواردنم بۆ بێنن، له‌نكاو و ته‌واو بێ پێشه‌كی كه‌وتمه ئه‌و بیره، چ ده‌بوو ئه‌گه‌ر هه‌موومان كوێر بواین؟ دواتر وه‌كو بڵێی له وه‌ڵامدا خۆم وه‌ڵامی خۆمم دایه‌وه، ئێمه به‌ڕاستی كوێرین، ئه‌مه تۆوی ڕۆمانه‌كه بوو، دوای ئه‌وه

دەبوا تەنیا ڕوداوە سەرەتاییەکانم دابڕشتبایە و وازم لێ دەهێنا تا کۆتاییەکەشی دروست ببێت، ئەو کۆتاییانە ترسناکن، بەڵام لۆژیکێکی پۆڵایینیان هەیە، لە کوێرییدا، خەیاڵ هێندە بوونی نییە، تەنیا سودێکی شێوازانە لە پەیوەندی نێوان هۆکار و سەرەنجامدا.

دونزلینا باڕوسۆ

**من ڕۆمانی کوێرییم زۆر پێخۆش بوو، بەڵام خوێندنەوەی ئاسان نییە، کتێبێکی زەحمەتە، وەرگێڕانی زۆریشی هەیە.**

ساراماگۆ

دەزانی جوڤانی پورتی[٢٤]، کە ماوەیەکی زۆر وەرگێڕی کتێبەکانی من بوو بۆ ئینگلیزی، مرد؟

دونزلینا باڕوسۆ

**کێ؟**

ساراماگۆ

لە مانگی فێبرایەر، بەئایدز مرد. لە کۆتایی ژیانیدا کوێریی وەرگێڕا و تەواویشی کرد، لە کۆتاییدا لە ئەنجامی بەکارهێنانی داودەرمانی دکتۆرەکان خەریك بوو کوێر دەبوو، دەبوایە یەکێکی هەڵبژاردبایە لە نێوان خواردنی دەرمانەکان کە ژیانی زیاتری پێدەبەخشێ و نەخواردنیان کە لە مردن نزیکی دەکردەوە، وای پێ باشتر بوو چاوەکانی بپارێزێت، و خەریکی وەرگێڕانی ڕۆمانەکەی من بوو لەبارەی کوێریی، بارودۆخێکی غەمگین بوو.

دونزلینا باڕوسۆ

**بیرۆکەی (مێژووی گەمارۆی لیسبۆن)تان چۆن بەمێشکدا هات؟**

## ساراماگۆ

نزیکەی ساڵی ١٩٧٢ بیرۆکەیەکم لە مێشکدا هەبوو: بیرۆکەی گەمارۆدانێك، وەکو گەمارۆدانی شارێك، بەڵام دیار نەبوو کێ ئەو شارەی گەمارۆداوە، پاشان ئەو بیرۆکەیە دروست بوو، بوە گەمارۆیەکی ڕاستەقینە کە سەرەتا لە مێشکی خۆمدا بە گەمارۆی لیسبۆن بەدەستی کاستیلییەکان بەرجەستەم کرد، لە ساڵی ١٣٨٤ ڕویدابوو. گەمارۆیەکی تریشم تێکەڵ کرد لەسەدەی دوازدەهەم ڕوویدابوو، ئەو گەمارۆیە لە کۆتاییدا پێکهاتەیەك بوو لە دوو گەمارۆی مێژوویی، ئەو گەمارۆیەی من لە مێشکمدا پەروەردەم دەکرد، ماوەیەك درێژەی دەکێشا، چەندین نەوەی گەمارۆدراوی هەبوو و چەندین نەوەی گەمارۆدەریشی هەبوو، گەمارۆیەکی ناماقوڵ بەواتایەکی تر، هەندێ کەس ئەوانیان گەمارۆدابوو، هیچ کام لەو ڕوداوانە ماقوڵ نەبوون.

لە کۆتاییدا، هەموو ئەوشتانە پێکەوە بەسترانەوە و کتێبێکیان دروست کرد کە قوڵبوونەوەیی بوو. یان من دەمەویست بەوجۆرە بێت، لەبارەی بیرۆکەی ڕاستی مێژوو، ئایا مێژوو ڕاستەقینەیە؟ ئایا ئەوەی ئێمە دەیخوێنینەوە هەموو ڕوداوەکان دەگێڕێتەوە؟ مێژوو لەڕاستیدا چیرۆکێکە، نەك لەو لایەنەوەی شتی دروستکراوی تێدا بێت، چونکە ئەو شتانە ڕاستەقینەن، بەڵکو لەو لایەنەوەی کە لە نووسینەوەی ئەو شتە ژمارەیەکی زۆر ڕەگەزی چیرۆکی تێدایە، مێژوو لەگەڵ ڕووداوەکانی هەڵبژاردەی دیارەوە، بەیەکەوە دەبەسترێنەوە، کە ئاوێتەبوون و ئاڕاستە دەبەخشنە ئەو چیرۆکە، بۆ دروستکردنی ئەو ڕێڕەوە و ئاڕاستەکەی، دەبێ زۆر شت فەرامۆش بکەین، بەردەوام هەندێ شتی ڕاست هەیە کە نەچوونەتە ناو مێژوو، ئەگەر هاتبوانە ناو مێژوو ڕەنگە مانایەکی جیاوازی پێ دەبەخشی. نابێت مێژوو وەکو وانەیەکی وشك و سەلمێنراو پێشکەش بکرێت، هیچ کەس ناتوانێت بڵێت: (مەسەلەکە ئەوەیە، چونکە من دەڵێم

بەم شێوەیە ڕوویداوە.)

مێژووی گەمارۆی لیسبون، تەنیا نووسینەوەی مێژوویی نیە، قوڵبوونەوەیەکە لە مێژوو بەشێوەی ڕاستەقینە، یا مێژوو بەشێوەی سەپاندن، بەشێوەی ئەگەر، بەڵام نەك بە شێوەی درۆ، هەرچەندە زۆربەی ئاوێتەی ریایە، پێویستە بە وەڵامێکی (نا) ڕووبەرووی مێژووی ڕەسمی ببینەوە کە ئێمەش وا لێ دەکات بەدوای (بەڵێ)یەکی تردا بگەڕێین.

ئایا دەبێ ژیانی ئێمە لەگەڵ ژیانی چیرۆك بێت، لەگەڵ ژیانی ئایدولۆژیاکان، بۆ نموونە، شۆڕش نامەیەکە، ئەو (نا)یە دەگۆڕێت بۆ (بەڵێ)، یان بەخێرایی یان ماوەیەکی دەوێت، لە ئەنجامدا ئەو کاتە دەبێ ڕووبەڕووی (نا)یەکی تریش ببینەوە، هەندێ جار بیردەکەمەوە و پێموایە (نا) پێویستترین وشەی زەمانەیە، تەنانەت ئەگەر ئەو (نا)یە هەڵەیەکیش بێت، ئەو سوودەی کە لێیەوە دەگەڕێتەوە، هێندەی زیانەکەی نیە، بۆ نمونە، (نا) بۆ ئەو جیهانەی ئەمڕۆکە بەم شێوەیەیە.

لەبارەی ئەم کتێبەوە دەبێ بڵێم کە هێندەش بەرزەفرانە نییە- (نا) یەکی بچووکە، بە هەرحاڵ دەتوانێت ژیانی مرۆڤ بگۆڕێت، ڕیمۆندۆ بە نکوڵیکردنی ئەو ڕستەیە لە مێژووی ڕەسمی کە خەباتگێڕانی شەڕی خاچپەرستەکان یارمەتی پاشای پورتوگالیان دا، تا لە ساڵی ١١٤٧ جارێکی تر لیسبۆنیان ئازادکرد، نەك تەنیا هەنگاوی نا بۆ نووسینی مێژوویەکی تر، بەڵکو ڕێگایەکیشی کردەوە بۆ گۆڕینی ژیانی خۆی، نکوڵی ئەو ڕستەیە لەلایەن ئەو بەشێکە لە نکوڵی ژیانی خۆشی، بەو شێوەیەی کە دەژیا ئەو نکوڵییە ئەوی گەیاندە ئاستێکی تری بوون، لە ژیانی ڕۆژانەی جیاکردەوە، لە ناخۆشی هەموو ڕۆژەکانی، لە خەمۆکیەکەی، ڕیمۆندۆ دەچێتە ئاستێکی تر، و دەگاتە پەیوەندی بە ماریا سارا.

**دونزلینا باڕوسۆ**

**له مێژووی گەمارۆی لیسبۆن، ریمۆندۆ و ماریا ساراش لە دەستەی نامۆکان لە چیرۆکەکە باسکراون، نامۆکان لە شاری خۆیان تەنانەت بەیەکتری دەڵێن عەرەبی مەراکیشی.**

ساراماگۆ

بەڵێ ڕاستە، هەروایە، پێم وایە هەموومان لە کۆتاییدا هەروایین.

**دونزلینا باڕوسۆ**

**مەبەستت لە (ئێمە) پورتوگالیەکانە؟**

ساراماگۆ

بەڵێ پورتوگالیەکانیش بەشێکن لەو (ئێمە)یە، هەموومان ناچارین لە شار بژین- مەبەستم لە شار، شێوازی ژیانی بە کۆمەڵە- بەڵام، لە هەمان کات، دەبێ لەو شارە بێگانە بین، عەرەبی مەغریب بین، بەو چەمکەی عەرەبی مەغریبی، لە هەمان کات کە بەڕاستی ناوشارە، لە شاردا بێگانەیە، بەو هۆیەوە بێگانەیە دەتوانێت ببێتە هۆی گۆڕان، عەرەبی مەغریبی، کەسێکی تر، بێگانە، یان بەواتایەکی تر، ئەو کەسەی لەگەڵ ئەوەیشدا لەناو دیوارەکانی شاردایە، لەدەرەوەی شارە، ئەو هەر ئەو کەسەیە کە دەتوانێت ئەو شارە بگۆڕێت، گۆڕانکاریەك کە هیوادارم بەرەو باشی بێت.

**دونزلینا باڕوسۆ**

**ئێوە لە ڕابردوودا، نیگەرانیەکانی خۆتان بۆ پورتوگال دەربڕیوە، لە بارەی بارودۆخی ئێستای پورتوگال و بەرنامەکەی بۆ چوونە ناو یەکێتی ئەورووپا ڕاتان چییە؟**

ساراماگۆ

با نموونەیەکتان بۆ بڵێم، ڕۆژنامەنووسێکی پورتوگالی لە چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ژاویۆدیوس پینهی[ڕۆ] ٢٥ نوێنەری ئێمە لە یەکێتی ئەوروپا، پرسی: (پێتوانییە ئەو ترسە هەبێت کە پورتوگال خەریکە سەربەخۆیی خۆی تارادەیەکی زۆر لە دەست دەدات؟) ئەویش لە وەڵامدا گوتی: ( کام سەربەخۆیی؟ لە سەدەی نۆزدەم یەکێك لە حکومەتەکانی پورتوگال نەیتوانی کارەکان بگرێتە دەست، چونکە بنکە دەریاییەکانی ئینگلیز کە لە ڕووباری ناگوس جێگیر بوون، ڕێگای ئەوەیان نەدەدا.) ئەوەی گوت و پێکەنی، واتە دەبێ وڵات نوێنەرێکی وای لە یەکێتی ئەوروپا هەبێت کە لەو باوەڕەدایە ئەو ڕاستیە مێژووییە شایانی پێکەنینە، لەگەڵ ئەوەشدا، لەو باوەڕەدایە پورتوگال نابێ نیگەرانی لەدەستدانی سەربەخۆیی بێت، چونکە بەڕای ئەو، ئێمە لە ڕاستیدا هەرگیز سەربەخۆ نەبووین؟

ئەگەر یەکێتی ئەوروپا سەرکەوتوو بێت، ئەو کاتە بەرپرسیاریەتی سیاسەتمەدارانی ئێمەش، وەکو سیاسەتمەدارانی وڵاتانی تر، کەم دەبێتەوە، دوای ئەوە، دەبنەوە ئەو کەسانەی کە لە بنەڕەتەوە بوون: تەنیا نوێنەر. گوتاری دیموکراتی یەکێك لە گەورەترین هەڵەی سەردەمی ئێمەیە. دیموکراسی لەو جیهانە کارێك بەرەوپێش نابات، ئەوەی کە کاریگەرە، توانای بەڕێوەبردن و سەرمایەی جیهانییە، لە ڕاستیدا، خەڵکانێك خەریکی ئەو چالاکیانەن کە دونیا بەڕێوەدەبەن. سیاسەتمەدارەکان تەنیا نوێنەرن، لە نێوان دەستەڵاتی بەناو سیاسی و دەستەڵاتی دارایی، جۆرێك پەیوەندی ناشەرعی هەیە کە ڕەتکردنەوەی دیموکراسی ڕاستەقینەیە.

ڕەنگە خەڵك بپرسن: (لە بەرانبەردا چ پێشنیارێکت هەیە؟) هیچ پێشنیارێکم نییە. من تەنیا ڕۆمان دەنووسم، تەنیا لەبارەی ئەم دونیا، بەو شێوەیەی کە دەیبینم دەنووسم کارم ئەوەنییە دونیا بگۆڕم، ناتوانم بەتەنیایی دونیا بگۆڕم، تەنانەت ناشزانم

چۆن ئەو کارە بکەم، ئەوەندەم بەسە کە دەڵێم دونیا بەڕای من چۆنە.

جا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ، ئەگەر ناچاربووم پێشنیازێك بکەم، ئەو پێشنیازە چی بوو؟ شتێکم پێشنیاز دەکرد جارجار ناوم ناوە (کامڵ بوونی بەرەو دواوە)، وادیارە دژیەکیەکە، چونکە تەنیا بەرەوپێشەوە دەکرێت کامڵ بێت.

(کامڵ بوونی بەرەودواوە) زۆر سادە، بەو مانایەیە، ئێمە گەیشتوینەتە ئاستێکی ژیان-نەك پارەدارەکان، بەڵکو خەڵکانی بەرزی چینی ناوەڕاست- کە دەتوانین بە ئیسراحەت بژین. (کامڵبوونی بەرەودواوە) مانای ئەوەیە بڵێین: (مۆڵەت بدەن هەر لێرە بوەستین و بگەڕێنەوە بەرەو ئەو ملیارها کەسەی کە بەجێ ماون).

هەڵبەتە ئەو قسانە هەمووی بیرکردنەوەن. من لە لانزاروتە دەژیم، دورگەیەك کە دانیشتوانەکەی تەنیا پەنجا هەزارکەس دەبێت و ئەوەی لە شوێنەکانی تری جیهان ڕودەدات پەیوەندی بە ئێرەوە نییە، ئارەزووی من ئەوە نییە جیهان ڕزگار بکەم، بەڵام بەو باوەڕە سادەیە دەژیم کە جیهان دەیتوانی جێگایەکی باشتربێت، زۆر بەئاسانیش دەیتوانی بگۆڕێت بۆ شوێنێکی باشتر.

لەو باوەڕانەمدا دەگەمە ئەوەی بڵێم حەزم لەو جیهانە نییە کە تێیدا دەژیم، ئەو شۆڕشە جیهانیەی من بەرجەستەی دەکەم- تکا دەکەم ئەو دیدە ئامانجیە بە من ببەخشن- شۆڕشێکی باش و چاك دەبێت. ئەگەر دووکەس لە ئێمە بەیانی زوو کە لە خەو هەڵدەستین بڵێین: (من ئەمڕۆ زیان بەهیچ کەسێك ناگەینم). ڕۆژی دواتریش هەر ئەوەمان بگوتبوایە لە ڕاستیدا هەموو قسەکانمان دەکردە پراکتیك، جیهان لەماوەیەکی کورتدا دەگۆڕا هەڵبەتە هەموو ئەو قسانە قسەی قۆڕن، شتێکی وا هەرگیز ڕونادات. هەموو ئەو شتانە دەبێتە هۆی دڵەڕاوکێ لەبارەی بەکارهێنانی

عەقڵدا. هەربۆیە (کوێریی)م نووسی. هەربۆیە، بەو شێوازە ئەدەبیە حەزدەکەم باسی ئەو گرفتانە بکات.

**دونزلینا باروسۆ**

**گوتوتە (کوێریی) زەحمەتترین ڕۆمانێکە کە نووسیبێتت، لەگەڵ هەبوونی زوڵمێکی ئاشکرای مرۆڤ لە ئپیدمی کوێری سپی بەرانبەر هاوجۆرەکەی بە ڕەوا دەبینێت، لەگەڵ ماندووبونی نووسین لەبارەی ئەو ڕەفتارە، لە کۆتاییدا خۆشبینت؟**

ساراماگۆ

من مرۆڤێکی بەدبینم، بەڵام نەك تا ئەو ڕادەیەی کە گوللەیەك لە مێشکی خۆم بدەم. ئەو زوڵمەی کە تۆ ئاماژەی پێ دەکەیت هەمان زوڵمی ڕۆژانەیە کە لە هەموو شوێنێکی جیهاندا هەیە، نەك تەنیا لە ڕۆمان و ئێمەش ڕێك لەم ساتەدا لە تووشی ئپیدمی کوێریی سپین، کوێریی کینایەیە لە کوێریی ویژدانی مرۆڤ. جۆرێك کوێرییە کە وامان لێ دەکات بەبێ هیچ دژایەتیەك و بۆ تاقیکردنەوەیەکی توێژەکانی بەردی مەریخ، کەشتیەك بنێرینە سەر ئەو هەسارەیە، بەڵام بۆمان گرنگ نییە لە هەمان کاتدا ملیۆنەها کەس لەسەر ئەو هەسارەی خۆمان لەبرسان لەناودەچن، ئێمە یان کوێرین یانیش شێتین.

**دونزلینا باروسۆ**

**بەلەمی بەردینیش هەر باسی مەسەلەی کۆمەلایەتی دەکات؟**

ساراماگۆ

ئەم کتێبە، ڕێك وەکو ڕۆمانی کوێریی نەبوو، بەڵام خەڵك وایان پێ باش بوو ئەویش بەهەمان شێوە ببینن. وایان پێ باش بوو ئەوە بەشێوەیەکی جیایی نیمچە دوورگەی ئیبری لە ئەورووپا ببینن. هەڵبەتە ئەوە بەشێکی چیرۆکە. لە ڕاستیشدا

هەر ئەو شتە ڕوودەدات: نیمچە دوورگەی ئیبری خۆی لە ئەوروپا جیادەکاتەوە. لە ئۆقیانووسی ئەتڵەسیدا دەکەوێتە جووڵە، مەبەستی من جیایی لە ئەوروپا نەبوو، چونکە هیچ مەفهومێکی نیە، ئەوەی بەردەوام ویستومە بیڵێم هەمان ئەو شتەیە کە بەڕای من ڕاستییە: پورتوگال و ئیسپانیا ڕیشەگەلێکیان هەیە کە تەواو ئەوروپی نین. من لەو کتێبەدا بەخوێنەران دەڵێم: (سەیرکەن ئێمە هەمیشە ئەوروپایی بووین و هەمیشەش هەین- بۆ بوون ڕێگایەکمان نییە جگە لەوە، بەڵام ئەرکی تریشمان هەیە، ئەرکێکی وا بە ماهیەتی مێژوویی، کلتووری و زمانناسی. بەم هۆیەوە مۆڵەتمان بدەن با خۆمان لە هەموو دونیا جیا نەکەینەوە. با لە ئەمریکای باشوور جیا نەبینەوە، لە ئەفریقا جیا نەبینەوە). مەبەستم شێوازی حەزی ئیستعماری نوێ نەبوو، بەڵام نیمچە دوورگەی ئیبری، کە لە شێوەی (بەلەمی بەردینە) کەوتۆتە نێوان ئەمریکای باشور و ئەفریقا و ئەو ڕووداوەش هۆی هەیە، هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئێمە بەدرێژایی تەمەنمان لەبارەی باشورەوە قسە دەکەین، باشور، باشور، باشور، دەکرێ بڵێین باشور هەمیشە هەمان شوێنی وەبەرهێنان بووە، تەنانەت ئەگەر ئەو باشورە کەوتبێتە باکوریش.

## دونزلینا باڕوسۆ

**لە(بیرەوەریەکانی لانزاروتە) لەبارەی دوایین سەفەرت بۆ نیویۆرك دەنووسیت کە لەو شارەدا باشور کەوتۆتە منهنتنی باکور.**

ساراماگۆ

بەڵێ، لەوێ باشور کەوتۆتە باکور.

## دونزلینا باڕوسۆ

**پێویستە بڵێم، وەسپکردنی هۆتێلی چێلسی لەبیرەوەری لانزاروتە زۆرجوان بوو!**

سارا ماگۆ

ئای، ئەی کە ئەزمونێکی ناخۆش بوو! بلاوکەرەوەکەم لەوێ ژووری بۆ گرتبوم، بەلام ئێستاش تێنەگەیشتم کە لە ڕاستیدا بڕوای کێ بوو؟ وایانزانیبوو من حەزم دەکرد لەوێ بمێنمەوە- بەلام من هیچ کات شتێکی وام نەگوتبوو، ئەو هۆتێلەم لە دەرەوە دەناسی، بەڕای من بینایەکی زۆر جوان بوو، بەلام هیچ کات نەمگوتبوو: (تکایە لە هۆتێل چێلسی ژورم بۆ بگرن). پێموایە بەو هۆیەوە لەوێ ژووریان بۆ گرتبووم کە بینایەکی کۆنە، بەلام ئەگەر بڕیار بوایە لە نێوان هۆتێلێکی کۆنی ناخۆش و هۆتێلێکی خۆشی تازە یەکیان هەڵبژێرم ... بەردەوام بە خۆمم دەگوت: (ئێرە ئیتر کوێیە؟ من تائێستا شوێنێکی وام نەبینیوە.)

**دونزلینا باڕوسۆ**

**تۆ لە ئەوروپا و ئەمریکای لاتین خوێنەری زۆرت هەیە، بەلام خوێنەری نووسینەکانت لە ولاتە یەکگرتووەکان سنوردارن.**

سارا ماگۆ

مەسەلە زۆر جدییەکان هێندە بەدڵی خوێنەرانی ئەمریکی نیە، لەگەڵ ئەوەشدا پێم سەیرە لە ولاتە یەکگرتووەکان ڕەخنەی زۆر باش لەبارەی کتێبەکانم دەنووسن.

**دونزلینا باڕوسۆ**

**بیروڕای ڕەخنەگرانتان بۆ گرنگە؟**

سارا ماگۆ

بۆ من گرنگ ئەوەیە کە، بە لەبەرچاوگرتنی پێوەرەکانی خۆم لە کاری باش، کارەکەم باش ئەنجام دەدەم- واتە کتێب هەروا نووسراوە کە من دەمەوێت. دوای ئەوەی کتێب لە دەست من دەردەچێت، ڕێك وەکو هەمووشتێکی تری ژیانە، دایك

منداڵێك دروست دەكات و دەیهێنێتە سەر زەوی، ئارەزووی گەورەشی لە مێشكدا هەیە بۆی، بەڵام ژیانی ئەو منداڵە پەیوەستە بەخۆی، نەك دایك، ئەو منداڵە لە ژیانی شتێك دروست دەكات- یان خەڵكی تر بۆی دروست دەكەن- بەدڵنیاییەوە ئەوە نین كە دایكەكە خەونی پێوەدەبینی، هیچ سودێكی نییە من خەون بەوە ببینم كە خوێنەران بە كۆمەڵ و زۆر بە گەرمی پێشوازی لە كتێبەكانی من دەكەن، چونكە ئەو خوێنەرانە هەر چۆنێك خۆیان بیانەوێت ڕووبەڕووی كتێبەكان دەبنەوە.

ناڵێم كتێبەكانی من شایانی ئەوەن خوێنەر پێی خۆش بێت، چونكە ماناكەی تری ئەوەیە، بەهای كتێب لە ژمارەی خوێنەرەكانیەتی، دەزانین كە وانییە.

**دونزلینا باروسۆ**

**لەو سەفەرەت بۆ وڵاتە یەكگرتووەكان چویتە فال ریور[٢٦]، ئەو هەرێمە ماساچوە خەڵكی پورتوگالی زۆر لێیە.**

سارا ماگۆ

بەڵێ، پەیوەندیم لەگەڵ كۆچبەرەكان هەبوو، لەگەڵ ئەو كەسانەی كە بە هەر هۆیەك بێت حەزیان لەكارەكانی من بوو، سەیرە هەمیشە خوێنەری زۆرم هەبوون تەنانەت لەگەڵ ئەوەی كە ڕۆژبەڕۆژ كەمتر حەزدەكەم لەبارەی ئەدەبیاتەوە قسە بكەم، پێموایە ئەو مەسەلە لە ڕاستیدا جۆرە دژیەكیەك بێت، چونكە من نووسەرم كتێب دەنووسم، لەبارەی چ شتێكی ترەوە دەبێ قسە بكەم؟ ڕاستە، من نووسەرم، بەڵام پێش ئەوەی نووسەر بم، زیندووم و هەموو ئەو كەڵكەڵانەم هەیە كە هەر مرۆڤێكی تر هەیەتی لەو جیهانەدا.

بەم دواییە، بۆ بەشداریكردن لە كۆنفرانسێكی ئەدەبی لە بارەی نووسینەكانم چووبومە برا[٢٧]، بەڵام لە بارەی زۆر شتی تر قسەمان كرد- لەبارەی بارودۆخی پورتوگال و لەبارەی

ئەوەی چی بکەین لەولایەنەوە، مێژووی نەژادی مرۆ لە ڕواڵەتدا زۆر ئاڵۆزە، بەڵام لە پراکتیکدا زۆر سادەیە، ئێمە دەزانین لە جیهانێکی پڕ توندوتیژ دەژین.

توندوتیژی بۆ مانەوەی جۆری ئێمە زەرورویە: دەبێ ئاژەڵەکان بکوژین، یان کەسێك بۆمان بکوژێت، تابتوانین خواردن بخۆین، میوە دەچنین، تەنانەت بۆ ڕازاندنەوەی ماڵەکانمان گوڵ دەچنین. هەموو ئەو کارانە توندوتیژانەیە و لە دژی هەموو بونەوەرە زیندووەکان ئەنجام دەدرێت، ئاژەڵەکانیش بەهەمان شێوە ڕەفتار دەکەن: جاڵجاڵۆکە مێش دەخوات، مێشیش شتێك دەخوات کە خواردنی مێشەکانە، بەڵام جیاوازیەکی گەورە هەیە: ئاژەڵەکان بێبەزەیی نین، کاتێ کە جاڵجاڵۆکە داوەکەی خۆی بەدەوری مێشدا تەون دەکات. تەنیا بۆ نانی نیوەڕۆی سبەینێ ئامادەی دەکات و عەمباری دەکات، بێبەزەییبوون لە داهێنانی مرۆڤە، ئاژەڵەکان یەکتری ئەشکەنجە نادەن، بەڵام ئێمە دەیکەین، ئێمە تاکە بوونەوەری بێبەزەیی ئەم هەسارەیەین.

ئەو جۆرە سەرنجانە من بەرەو ئەو پرسیارانەی خوارەوە دەبەن، کە بەڕای من زۆریش ڕاستە: ئەگەر بێبەزەیین، چونکە دەکرێت بانگەشەی ئەوە بکەین کە بوونەوەرێکی عاقڵین؟ چونکە قسەدەکەین؟ چونکە بیردەکەینەوە؟ چونکە تونای داهێنانمان هەیە؟ هەبوونی هەموو ئەو توانایانەش نابێتە هۆی ئەنجام نەدانی کاری نێگەتیڤ و زاڵمانە کە خەریکین، ئەوە مەسەلەیەکی ئەخلاقیە، بەڕای من پێویستە باسی بکەین، هەربۆیە حەز ناکەم باسی ئەدەبیات بکەم.

هەندێ جار دەکەومە ناو بیرکردنەوە، ئارەزوو دەکەم هەرگیز نەتوانین ئەم هەسارەیە بەجێبهێڵین، چونکە ئەگەر کاتێك لە ئاسماندا پەرش و بڵاو بین، زۆر زەحمەتە ڕەفتارەکانمان لەوێدا بگۆڕێت، ئەگەر لە دونیای ڕاستەقینەدا دەمانتوانی لە ئاسماندا دابنیشین- بەڕای من هیچ کات ناتوانین- ئەویشمان پیس دەکرد، ڕەنگە

ئێمە جۆرێك ڤایرۆس بین كە خۆشبەختانە تەنیا لەم هەسارەیە كۆبوینەتەوە. بەم دواییانە بابەتێكم دەخوێندەوە لەبارەی تەقینەوەی ئەستێرەیەكی نوێ و جارێكی تریش خەیاڵم ئاسودەبوو، ڕووناكی ئەو تەقینەوە سێ یان چوار هەزار ساڵ لەمەوبەر گەیشتە زەوی، ١٦٦ هەزار ساڵ درێژەی كێشابوو تاگەیشتبوە ئێرە. بیرم كردەوە كە ترسێك نییە، هەرگیز ناتوانین بگەینە ئەوێ.

The Paris Review. 149, winter, 1998

**پەراوێزەكان:**

١. Ribatejo

٢ . Land of sin (Terra do pecado)

٣ . The possible poems (os poemas possiveis)

٤ . Manual of painting and calligraphy.

٨. raised up from the ground (levan tado do chao)

٩ . alentejo.

١٠ . baltasar and blimunda.

١١ . the year of the death of Ricardo reis.

١٢ . the stone raft.

١٣ . the history of the siege Lisbon.

١٣ .pilar del rio.

١٤ . the gospel according to jesus Christ.

١٥ . ariosto.

١٦ . Lanzarote.

١٧ . blind ness.
١٨ . all the names.
١٩ . lanzarote diaries (cadenos lanza rote)
٢٠ .puerto del carmen.
٢١ . fuert aven tura.
٢٢ . por to.
٢٣ . castelo branco.
٢٤ . giovonni porticro.
٢٥ . joao dues de pinheiro
٢٦ . fall river.
٢٧ . braga